ئەلکساندەر فادایێف

شکست

رۆمان

وەرگێرانی لە فارسییەوە:حەمە کەریم عارف

چاپی یەکەم ١٩٨٦/ یاخسەمەر

چاپی دووەم ٢٠٠٩/ سلێمانی

له جیاتی پێشەکی

رۆمان له نێوان
موغامەرەی نووسین و نووسینی موغامەرەدا

ن:حەمه کەریم عارف

(۱)

رۆمان وەکو بالاترین ئامرازی گوزارشت و دەربڕین له نیوەی سەدەی بیستەمەوە برەوی تەواوەتی سەند، له کاتێکدا که له رابردوودا هۆیەکی سەرگەرمی و پاراوکردنی خەیاڵ و سۆز بوو، ئەورۆکه گوزارشت لەو بەرپرسیارێتی و رازو نیگەرانییانه دەکات که جاران ئەرکی داستان (ملحمه)و مێژوو و باسی ئەخلاقی و تەسەوف و هەندێ جار شیعر بوو.

به هەرحاڵ له سەدەی بیستەمدا ئەرکی رۆمان بوو به شۆڕبوونەوە بۆ ناو قولاییه هەره قوڵەکانی ناخ و دەروون، هەروەها هەمان لەزەتی منداڵانه که چیرۆکی کاریگەری روح و حیکایەتان پێشکەشی دەکەن، پێشکەشی دەکات. رۆمان ئەمرۆ رۆڵی غەیبزانی دانا، سەرپەرشتیاری سیاسی، کارەکەرو پەرستاری منداڵان، رۆژنامەنووسی رووداوە رۆژانەکان، پێشڕەو و مامۆستای فەلسەفەی نهێنی دەبینێ، رۆمان ئەم هەموو دەورو رۆڵانه له میانەی هونەرێکی جیهانییەوە به جۆرێ دەبینێ وەك ئەوەی بیەوێ جێی هەموو هونەرەکانی دی بگرێتەوە.

هونەری رۆمان، له یەك کاتدا سەرنجڕاکێشی (حیکایەت) پێشکەش دەکات و تۆمارێکی دەوڵەمەندیشه بۆ دەنگ و دەنگدانەوە سایکۆلۆژی و کۆمەلایەتی و ئەنتولۆژی و ئەستاتیکی که دەشێت له حیکایەتدا هەبن. رۆمان هەر له سەرەتای سەدەی هەڤدەوە رووی کردۆته بواره هەر قووڵ و نادیارو نهێنی و پڕ جووڵەکانی ناخی مرۆڤ و بووه به هونەری کەشفکردنی رازو نهێنییان. جا رۆماننوسی کارامەو لێهاتوو یارمەتیمان دەدات ئەو بەشەی ژیانمان بناسین و گوزارشتی لێ بکەین و بیهونەرێنین، ئەو بەشەی له هەوەڵێرا وا دەنوێنێ که له کەشف کردن و کرانەوە نەیەت.

رۆمان هەر له سەرەتاکانی سەرهەڵدانیدا پتر زادەی پێداویستییەکی ئەدەبی بووە، بریتی بووە له گێڕانەوەی حیکایەتێك، بەلام به تێپەڕبوونی رۆژگارو پاش چەند سەدەیەك له گۆڕان و گۆڕانکاری بووە به وەلامدانەوەی پێداویستیانی گەلەك نهێنی دی قوڵترو قوڵتر.

کەواتە رۆمان کە وەکو هونەرو ژانرێکی ئەدەبی سەرڤە سەرڤە (لە ئەدەبیاتی کۆندا ژانرێکی بازاڕی بووەو تا سەدەی هەژدەش هەر قێزەوەرو ناپەسەند بووە) پەرەی سەندو بە ئامانج و مەرامی غەریب لە ماهیەتی خۆی موتوربەو دەوڵەمەند بوو... بە کورت و کرمانجی رۆمان لەگەڵ مرۆڤی تازەدا لە دایك بووەو پەرەی سەند...

(٢)

(دۆنکیشۆت) بریتییە لە تەوس و قەشمەری بە وەهم و خەیاڵاتی سوارچاکی، کە سرڤانتس گاڵتەی بە خەیاڵاتی دونکیشۆت دەکرد لە هەمان کاتدا بەشداری لە وەهم و خەیاڵاتی سەردەمی خۆی دەکرد.

رۆمان لە کۆتایی سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، پەرەی سەندو بە (حەقیقەت) ئاوس بوو. لەوە دەرچوو تەنیا بۆ سەرنجڕاکیشان بێ، وای لێهات خەڵکی بڕواننە ئامانجەکانی: ئامانجی بریتییە لە وێنەگرتنی مرۆڤ، یان قۆناغێکی مێژوو، یان کەشفکردنی میکانیزمی کۆمەڵگە، لە دواجاریشدا وردترین گیروگرفتی دەخاتەڕوو.

لە سەدەی حەڤدەدا هەموو شتێك هەر گێڕانەوە بوو، خەڵکی دیقەتی ئەوەیان نەدەدا کە (کار)ی مرۆڤ کەرەستەی بنەڕەتی داهێنان و ئەفراندنی رۆمانە.

لە سەدەی حەڤدەدا ئەوە بوو کە گەمەی زمان و زمانبازی و رێزمانبازی گۆڕا بە لێکدانەوەی حەقیقی سۆزەکان.. بە کورتی ریای ئەدەبی جوان و رازاوە چوار دەوری ئەم سەدەیەی تەنی.. جاران قارەمان بەدەستی گوتیار (نووسەر بوو) گوتیار (راوی) بە کەیف و ماشای خۆی هەڵیدەسوڕاند، لێی دەکۆڵییەوە. حەپسی دەکرد، تەجرەبەو تاقیکردەوەی لەسەر دەکرد: هەم زیندانەوان بوو هەم جەلاد، بەڵام رۆمانی تازە بوو بە قەرەوێڵەکەی برۆکۆست* (کەسایەتییەکی ئەفسانەییە گوایە هەر بەوە سوکنایی نەدەهات کە رێبوارانی رووت دەکردەوە، بەڵکو لەسەر قەرەوێڵە تایبەتییەکەی خۆی درێژی دەکرد، هەر کەسێك لاقی لە قەرەوێڵەکە درێژتر بوایە بۆی دەبڕییەوە، هەر کەسێك کورتتر بووایە بە کندڕ رایدەکێشا تا بە قەد قەرەوێڵەکەی لێدەهات.) یان بوو بە ژووری ئەشکەنجە"

نووسەری رۆمانی (گوڵە زەنبەقی دۆڵێ) بۆ وێنە خادوم ورتسوف-ی ئازار دەدا، بەڵام فلوبیر هات و بەجارێ مەسەلەکەی ژێرو ژوورکرد.

هەر خۆی ئازاری خۆی دەدا. رۆمانی (گوڵە زەنبەقی دۆڵێ)-ی بەلزاك شیتەڵکردنەوەیەکی سامناکە، بەتایبەتی لە وێنەگرتنی مەدام دومورتسوف\دا\" هەروەها رۆمانی (دومینیك)ی ئوجین فرومناف-ش ئازارو سۆزان روون دەکاتەوە.

بەمجۆرە رۆمان بە درێژایی سەدەی نۆزدە- جگە لە رۆمانەکانی نرفات و لوتدامون- پابەندو گیرۆدەی گرێیەکی سایکۆلۆژی و پابەندبوونی (قارەمانان) بە ئەشقێکی کاریگەرەوە بوو.

سەدەی بیست، لە هەندێ حاڵەتدا دەستبەرداری فەندوفێڵی گێڕانەوەو بابەتەکانی گێڕانەوە بوو، تا بایەخ بە (شذوذ)ی ویژدان و لق و پۆپەکانی ویژدان بدات. ئەو ویژدانەی گەڕێنرایەوە بۆ خودی خۆی و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکانی و رازو نهێنییەکانی.. هەنگێ رۆمان زیاتر لە قەسیدەیەك دەچێت لەمەڕ رازەکانی ویژدان تا (رۆمان) یان گێڕانەوە. بۆیە موحافەزەکاران کە هەستیان کرد ئەم (ژانرە) تازەیەی ئەدەب، واتە رۆمان لە مێژووی ئەدەبیاتدا، بەتاسەیەکی پڕ

نیگەرانیەوە روو لە ناخ دەکات، لە ناخی هەڵچوون، خەون، لایەنە پەنهانەکانی دەروونی مرۆڤ، ئەوەیان بڵاوکردەوە کە خوێندنەوەی رۆمان بۆ کیژان خەتەرو بڤەیە" چونکە چۆن بابایەکی غەواس ناتوانێ جگە لە بڕێکی دیاریکراوی ئۆکسجین پتر لەگەڵ خۆیدا بەرێتە بن ئاو، رۆمانووسی بوێرو سەرکێش و سادیش کە ئامادەیە گۆمی مەنگی دەروونی مرۆڤ بشڵەقێنێ، کە خۆی بە قوڵایی نهێنییەکانی دەروونی مرۆڤدا دەکات ناتوانێ تەنیا بڕێکی کەم لە ئەخلاق لەگەڵ خۆیدا ببات... تەنیا دواتر رێگە بۆ رۆمان رەخسا خۆی بە قوڵایی دەریایاندا، بە جیهانی دەروونی مرۆڤدا، بە هەموو جەنجاڵی و عاجباتییەکانیدا بکات.

رۆمان لە سەدەی نۆزدەدا دووچاری ئیغرایەکی دیکە بوو: ئیغرای بیری پتەو، کە دەیکات بە بەڵگەنامە، بە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، فێری وەسفی فۆتۆگرافی و شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی و بەڵگەنامەیی و ریپۆرتاژی دەکات. توێژەری زادەی کۆمەڵگەی خودان ژیارو شارستانیەتی بەرز، خودان بیری پڕوپووچ، کە رۆمانی وا لێکرد بە ناخی مرۆڤدا رۆ بچێ، ماوەیەکی یەجگار زۆر بە گوێرەی رێچکەی خۆی رۆیی، کۆمەڵگەی بۆرژوازی تازە داوا لە رۆمان دەکات و بە تەمایە زانیاری و بەڵگەی بداتێ، جا لێرەوە قوتابخانەی واقیعی پەیدا بوو..

(٣)

لێ رۆمان لە سەدەی نۆزدەدا وەرچەرخانێکی گەورەی بەسەردا هات، کە سەرهەڵدان و پەرەسەندن و سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر کردبوو بە (بەڵگەنامەیەکی) بە رۆمانکراو. ئەم وەرچەرخانە بەر لە هەر شتێك دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی بڵاوکردنەوە. ئێمە ناتوانین لە رۆمانی واقیعی سەدەی رابردوو بگەین ئەگەر ئەوە لەبەر چاو نەگرین کە بۆ ئەوە دەنووسرا (لە گۆڤارێکدا یان لە رۆژنامەیەکی رۆژانەدا بڵاوبکرێتەوە) گەورەترین رۆمانەکانی سەدەی نۆزدە هەوەڵجار بە (زنجیرە) بڵاوبوونەتەوە. دیکنز لە رێگەی رۆژنامەوە بوو بەو رۆمانووسەو ناوی پەیدا کرد. دوستوفسکی لەسەر داواو هاندانی سەرنووسەرێن رۆژنامەکان، بە زنجیرە رۆمانی بڵاودەکردەوە.. بەمجۆرە توێژینەوەو شیکردنەوەی کۆمەڵ و نهێنی و پشت پەردەکانی کۆمەڵ و دیمەنە شایستەکانی بە وێنەگرتن، بەسەر ئەواندا داسەپا کە پێیان دەڵێن (واقیعییەکان).

رۆمانی بە زنجیرە (بە گوێرەی تێگەیشتنی سەدەی نۆزدە) بوو بە سەرامەدو پێشەنگی رۆمان. بەرهەمێن بەلزاك و دیکنز و زۆلاو تەنانەت فلۆبیر لە گۆڤاراندا بڵاودەکرانەوە.. بەلزاك شێوازو شێوەو ئامانج و رێچکەیەکی تایبەتی جیهانبینی و شیکردنەوەی لە رۆژنامەوانییەوە وەرگرت، بەڵام هەموو ئەمانەی گۆڕی کردی بە رێچکەیەکی ئەدەبی بۆ دەرککردنی جیهان.. بەلزاك نەك هەر خۆی بە نووسەرێکی بچووك یان ئەدیبێکی ئاسایی نەدەزانی، بەڵکو خۆی لە ئاستی ناپلیۆن\دا دەبینی و لە بارەی خۆیەوە دەڵێت: (... من دەتوانم کۆمەڵگەیەك بە تەواوەتی لە زەینی خۆمدا هەڵبگرم.) هەڵبەتە ئەوەی مایەی سەرسامییە، ئەو هونەرکارییەی کە بەلزاك جێگەی رەخنەی سایکۆلۆژی و رەخنەی کۆمەڵایەتی تێدا کردۆتەوە. بەلزاك، حەیوان و قاوغەکەی وەسف دەکات.

مرۆڤ و ژینگەو بنج و بناوانی لێکدەداتەوە، بەڵام دەرفەتی ئەوەشی دەداتێ کە زاڵ بێت بەسەر ژینگەی خۆیداو چارەنووسێك بۆ خۆی دابنێ.

دیكنز، یەكەم كەس بوو لە بڕی وەسفی دووڕودرێژو تیۆرتەسەلی سایكۆلۆژییەوە روویكردە وەسفی ئەو كەشوهەوایەی كە سەدەیەك دواتر سینەما كەوتە كەشفكردنی بە هەرحاڵ وەسفی زیاد لە پێویست وردە وردە بایەخ و رەمزییەتی خۆی لە دەستدا، چونكە هونەری وەسف زۆرجار حەقیقەتی حیكایەتەكەی دەخستە بنەوە. ئێمە كە (مەدام بۆڤاری) یان چیرۆكێكی موپاسان دەخوێنینەوە لەگەڵیا تێكەڵ نابین، نابین بە هاوڕێی قارەمانەكانی: چونكە زۆر بەوردی و زیاد لە پێویست وەسف كراون و وا هەست دەكەین كە خۆیان خۆیان دەبینن، ئیدی نە لەگەڵیاندا هەڵدەچین و نە ئازار دەچێژین، وەكو چۆن لەگەڵ قارەمانانی دیكنز و بەلزاكدا دووچاری ئەمە دەبین و دەبین بە شەریكی ئەو مەینەتیانەی ژیان بەسەریاندا دێنێ..

(٤)

رۆمان هەرگیز ئەو رەواج و باوەی سەدەی بیستەمی بە خۆیەوە نەدی بوو. لە سەدەی بیستەمدا خەڵكی بە تەواوەتی روویان تێكردو برەوی سەند. رۆمان لەگەڵ پەرەسەندنی رۆژنامەوانی و رای گشتیدا گەورە بوو. رۆمان لە پاڵ لایەنی راگەیاندن و موناقەشەی رای گشتیدا، بوو بە ئامرازێك بۆ رامان و تێفكرین و سادەكردنی بابەتەكان و نیشاندانیان، لە سەردەمی بەلزاك یان دیكنزەوە بوو بە (ریپۆرتاژ)ێكی خەیاڵی، زۆلا زیاتر پێی لەسەر ئەم لایەنە داگرت. واتە ئەو ریپۆرتاژەی (فەلسەفەیەكی) كۆمەڵایەتی تێدا بەدی دەكەین.

دەبوایە رۆمان لە سەدەی بیستەمدا ئەم رۆڵە بپارێزێ: زۆربەی رۆمانەكان (گرفتێك) دەخەنەڕوو دەشێت ببێ بە بابەتێكی تەحقیقی رۆژنامەوانی، رۆمان لەگەڵ بەلزاك و فلۆبیر و زۆلاو موپاساندا واتە (كلاسیكییەكان) لە دایك بوو، پاشخانی مەلحەمی ئاڵۆزی پشتگوێ خست.. بەڵام جیهانبینییە واقیعییەكەی پاراست و بە شێوەیەكی بابەتیانە دیمەنە حەقیقییەكانی بەرجەستە دەكردو هەردوو نووسەرو خوێنەری لە دەرێ و لە سەروو حەقیقەتەكەوە دانا وەكو تەماشاڤان و شیكەرەوەو داوەر، هونەری رۆمان لەو سەردەمەدا لە وزەی شیكردنەوەو لێهاتوویی سیحر ئامێزو نیشاندانی ئەم حەقیقەتەدا خۆی دەنواند.

لە سەدەی بیستەمداو لەگەڵ پەیدابوونی جۆیس و پروستدا ئیدی ئەم شێوازە رۆمانە بەرە بەرە لە باوكەوت و برەوی نەما. ئیدی رۆمانی میتا واقیعی پەیدا بوو، كە رۆر بلیمەتانە مالیجەی رازە كۆمەڵایەتییە هەمە جۆرە بێ سنوورو بێ پایانەكانی دەكردو دیالۆگ هێندە خۆڕسك و خۆبەخۆ لە رۆماندا جێی خۆی كردەوە، لە تۆ وایە دیالۆگی ئاسایی پچڕپچڕی ناوخودی ژیانە. قارەمانانی رۆمان لە سەدەی نۆزدەدا یان لە سەرەتاكانی سەدەی ناوبراودا بەم شێوەیە قسەیان نەدەكرد...

بەلزاك لە سەردەمی واقیعیدا پێی دەگوتین كە (راستیناك) هەست بەچی دەكات، یان قارەمان قسەی نەدەكرد، بەڵكو بەلزاك قسەی دەكرد... بەڵام لە رۆمانی میتا واقیعیدا خوێنەر راستەوخۆ دەبێ بە شەریكی گیانی بە گیانی خۆشی و ناخۆشییەكانی قارەمان و دەبێت بە شەرێك شعور لەگەڵیدا.

رۆماننووسی میتا واقیعی لەسەر ئاستێن بێ شومار گەمان دەكات. هونەری (كورتكردنەوە)ی لەدەستدایە. جا بۆ ئەوەی (وێنەیەكی) قارەمانێكی بگرێت، هەر هەموو ئەوزارەكان بەكار دێنێ:

ئیدی هەر لە دەستپێکی راستەوخۆی رووداوەکەوەو ئەوجا تەفسیرێن تەواوکەر، روانینێك لە دەرێڕاو یەکێك لە ناوەوەڕا، یەکانگیر بوونەوە لەگەڵ روانین و جیهانبینی قارەمانەکانی دیکەدا.

جا بۆ ئەوەی مادەکەی بتەقێنێتەوە، مەبەستمان (ژیانی رۆژانەیە) ئیدی هەموو رێگەیەك دەگرێتەبەر: وەسفی بابەتی، یەکێتی دەگەڵ ویژدانی قارەماندا، پەنابرنەبەر وەسفێك کە (شاهیدێك) دەیکات... تاد. هەروەها بە ئاسانی ئەوەش دەبینین کە چۆن گەمە بە زەمان دەکات.

بەلاّم رۆمانی میتاواقیعی خەوشێکی هەبوو: ئەویش ئەوەیە کە رۆماننووس بە تەواوەتی بەسەر کەرەستەو بابەتی رۆمانەکەدا زاڵە.

(٥)

هەر لەو سەروبەندەدا کە حیکایەتی (بونیاد مەحکەم) گەییە لوتکەی گێڕانەوەو وەسف و شیتەڵکردنەوە، خرایە بەر لۆمەو گازاندەو تاوانبارکردن: رەمزییەکان پشتیان تێدەکرد، پاشینانی وان، کە بە زۆری رەمزییە کۆنەکان بوون وەکو (جید) لە شێوە قاڵبێکی پێچەوانەی رۆمان دەگەڕان ئەو مەنتیقە تێك بشکێنێ کە گوتیار بەسەر کەرەستەی رۆمانی دا دەسەپاند.

کاتێ ئەفراندن گیرۆدەی یەك ریتمی دەبێت و زۆر میکانیزمانە دەکەوێتە بەرچاو، ئیدی داهێنانێکی فرەدەنگ دێتە پێشی و خۆی دەسەپێنێ: ئیدی رۆمان بابەت و کەرەستەیەکی چڕتر دەگرێتە خۆو ژیانی هونەری پێ دەبەخشێت، ئیدی خوێنەر بەدوای گرێدا ناگەڕێت، بەڵکو تێکرژانی چارەنووسەکان یەخەی هزرو بیرو هەستی دەگرێت، ئیدی لەسەر هێڵی سەرەکی ئاوازو ریتمەکەدا هێڵی دیکە تێکەڵی دەبن، دەپچڕێن، دەوەستن، ئەوجا یەکدەگرن و لە یەکدیدا دەتوێنەوە.

جا ئەمەش حیکایەتێکی پەستاوتە نییە، بەڵکو رەنگێن هاوتەریب یان لێکدووری هەندێ بابەتێن سەرەکین.. ئەمەش خۆی لە خۆیدا فرەدەنگی بە گەڵ خۆی دەخات و ئەوەمان پێ دەڵێن ژیان ئەوەیە لەو دیوی هەراو زەناو کپی و خامۆشی ژیانەوە دەبیستریێ، ژیان مۆسیقایە..

رۆمانی شموولی بەشێوەیەکی گشتی، تەنانەت لە ئەوروپاو لە ئەمریکاش، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا برەوی سەندو رەواجی پەیداکرد.

رۆمانی شموولی گشتگیری سۆڤیەتی کە جیهانبینییەکی میتۆدی بۆ مێژوو ئاراستە دەکات، بە تەواوەتی گونجاو و کۆك و سازگارە. رۆماننووس کە پێشوەختە ئامانجەکانی دەزانێ و دیاریان دەکات، ئەمە وای لێدەکات ئازادانەتر خۆی بۆ دروستکردنی هاوسەنگی نێوان هەردوو رەگەزی تراجیدی و وێنەگری تەرخان بکات، هەر چەندە زۆربەی کات بایەخی کەمتر بە رەگەزی وێنەگری دەدات.

رۆمانی (دنی ئارام)ی میخائیل شولوخۆف داستانی ماڵباتی و مێژوویی خەڵکی قۆزاقی سەر رووباری (دن)ـە کە نیوە عەسکەرو نیوە شوانن، لە نێوان ساڵانی ١٩١٢- ١٩٢٠ لەو رۆمانەدا نەفەسێکی مێژوویی، کە بە ئاشکرا تولستوی-مان وەبیر دێنێتەوە، سەربوردەی دەشت و ژیانی رۆژانەو قەرقەشەی گوندو ناکۆکی خانەوادەیی، وەرزو رۆژان، خۆشی و شادی، هەڵەو توندوتیژی ئەشق-مان بۆ دەگێڕێتەوەو ئێمەش لە سادەیی گێڕانەوەکەوە هەست بە باری رۆژانەی ژیانی بە کۆمەڵ دەکەین، هەست بە ژیان دەکەین وەکو چۆن مرۆڤ راستەوخۆ تێیدا دەژی، بە چاوی خۆی دەیبینێ، بە گوێی خۆی دەیبیستێ.

ڕۆمانی گشتگیرو فرە ڕووداو ئەگەرچی لە باری شیعرییەت و کۆمەڵایەتییەوە لە سەرچاوەی مەلحەمییەوە هەڵدەقوڵێت، توانی پەیامی ڕۆمان وەکو چۆن سەدەی نۆزدەی دیاریکردو خوڵقاندنی بگەیەنێ، دیارە ئەمە پەیامێکە وشك ناکات و وەکو خۆشی و ناخۆشی و تیرەی بەشەر بەردەوامە، ئیدی بەمجۆرە لە سەدەی بیستەمدا شێوەیەکی دیکەی هونەر پەیدا بوو، بێ ئەوەی شێوەکانی دیکەی ڕۆمان بخاتە ژێرەوە یان بسڕێتەوە.

(٦)

ڕۆمان لە سەدەی بیستەمدا وای دەخواست گوزارشت لە ویژدان و ناخێك بکات، نەیەتە گێڕانەوە، چونکە هەموو شتێك لە گێڕانەوەدا پێشوەختە لێکدراوەتەو گوتیار (ڕاوی) ئاگای لە هەموو ڕووداوەکان و ئاکامی ڕووداوەکانە، بەڵام لەڕۆمانی تازەدا گوتیار هەموو شتەکان نازانێت و شتەکان ناکەونە ژێر ڕکێفی ئەوەوە. لێرەدا نووسەر بەرەبەرە جێی خۆی بۆ خوێنەر چۆڵ دەکات و خوێنەر دەبێ بە کەسێکی چالاك و ئیجابی ئەوتۆ کە دەوری یەکەمی لە پرۆسەی ئەفراندنی ئەدەبیدا هەبێت... واتە لە ڕۆمانی تازەدا بابەت نییە یان بابەتی پێشوەختە زانراو نییە، پاشان بابەتەکە لە ناو خودی پرۆسەی داهێنانەکەوە چەکەرە دەکات و بە شێوەیەکی خۆڕسك دروست دەبێ و پەرە دەستێنێ. کەواتە ڕۆمانی نا ئاسایی دەخوازێ وەرگر سەرسام و مەدهۆش بکات.

لەبری وەسف و شەرح و شرۆڤە، هەواڵ و زانیاری پێشکەش بکات.

واتە هەموو پاشماوەی میراتی سەدەی نۆزدە ڕەفز دەکاتەوە.. جا بۆیە ئەوانەی لە ڕۆمانی ئاسایی یاخی بوون، دەیانەوێ جیهانێکی ڕەمزی و هونەری بخوڵقێنن لە بری ئەوەی جیهانێکی ریوائی ئەوتۆ بخوڵقێنن کە دووبارە کردنەوەی جیهانی ڕاستەقینە بێ، ڕۆماننووسی ڕاستەقینە، هونەرمەندێکە زیاتر لە خەمی بونیاتی هونەری ڕۆمانە تا لە خەمی جیهانبینی فەلسەفەی سایکۆلۆژی تیرەی بەشەر بێ، بە هەرحاڵ ڕۆمان بە زۆر قۆناغدا هات تا لە دوا ئەنجامدا بوو بە هونەرو دەستبەرداری مێژوو و بارودۆخی مەدەنی و حیکایەت و گێڕانەوە بوو تا جیهانبینییەکی تایبەتی بۆ جیهان بەدەست بێنێ و جیهانبینییەك هاوتای جیهانبینی نیگارکێش و پەیکەرتاش بێ، واتە وەکو چۆن نیگارکێش بە ڕەنگ دەبینێ. پەیکەرتاش بە بارست دەبینێ، ڕۆماننووسیش دەتوانێ (سەرنجی تایبەتی خۆی) بدینێ واتە (ڕووداوەکان و هەست) بداتە بەر زەین و ژیان و کەماڵی حەقیقەت بخوڵقێنێتەوەو بهونەرێنێ و ڕۆمان ببێ بە مەتەڵێك و خوێنەر بۆ خۆی هەڵی بێنێ و لێکی بداتەوە.

سەدەی بیستەم لەگەڵ بروستدا ئەوەی کەشفکرد کە حەقیقەتی ڕۆمان، وەکو جیهانی ئاسایی یەك شێوەی نییەو لە هەموو شوێنێکدا پابەندی هەمان یاسا نییەو چونکە کەرەستەی ڕۆمان (حیکایەتێك) نییە پێشەکی و گرێ و ئەنجامی هەبێ و بە دەوری خۆیدا بخولێتەوەو هەنگڵەشەلی بکات. دەشێت ژیانی هەژاری بوونەوەرێك، هێندەی نیگەرانی و دوو دڵی و وەسوەسە لەخۆ گرتبێ، ببێ بە کەرەستەو بابەت و هەوێنی ڕۆمانی زۆر چڕوپڕو ئاڵۆزو هونەری، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ کرۆك و جەوهەری ڕۆمان پێکدێنێ (ڕەگەزی کاریگەری)یە.

بەپێی پێناسەی فەرەنسی، ڕۆمان هەر لە سەدەی چواردەوە بریتی بووە لە دانراوێکی بازاڕی، بە زمانێکی بازاڕی نووسراو، حیکایەتێکی ساکاری بە زنجیرە دەگێڕایەوە. کارە جدییەکانی سەرووی حیکایەت ئەرکی قەسیدەی مەلحەمی یان فێرکاری بوو... ڕۆمان تا ساڵی ١٦٠٠ بریتی بوو لە (گوێزانەوەی بەرهەمی کۆنی ڕەسەن بۆ پەخشانێکی سۆزداری و زنجیرە حیکایەتی میللی...)

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ژانرە ئەدەبییە کە لە سەرەتادا تەنیا بۆ کات بەسەر بردن و سەرگەرمی بوو، لە سەدەی هەژدەوە هاتە ریزی هەرە پێشەوە، زانستەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی دەوڵەمەندیان کرد، پاش ئەوەی وەکو ژانرێکی ئەدەبی هەوڵی دەدا خوێنەر سەرگەرم بکات و ئارەزووەکانی پاراو بکات بەرە بەرە ڕووی کردە ئەوەی پایەیەك لە ئەدەبیاتدا بگرێت کە گوزارشت لەکەڵکەڵەو ئارەزووەکان و داهێنان بکات. ئەوەبوو لە سەدەی بیستەمدا بوو بە بڵاوترین و باوترین شێوەی گوزارشت و هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەی ڕاماڵی و لە برەوی خستن. ئیدی لەم ماوەیەدا بە زەبری توانای خۆی و تەماحی ئەوەی کە لە بوارێن حەقیقەت و خەیاڵ و ڕەمزدا هەموو ئەو پێداویستی و توانایانە پڕ بکاتەوە کە لە ڕابردوودا ژانرە ئەدەبییەکانی دی گوزارشتیان لێدەکردن.

گوتمان ڕۆمان لە سەدەی بیستەمدا هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەی ڕاماڵی و لە خۆیدا تۆوی دان، بۆیە خەڵکانێك پێیان وایە (ئولیس)ی جیمس جویس قەسیدەیەکی مەلحەمییە لە جلکی ڕۆماندا یان بە پێچەوانەوە...

مەبەستی کۆنی مەلحەمە (داستان)و شیعر ئەوە بوو ژیان بگۆڕن بۆ ئەفسانە یان حیکایەتێکی خوازەیی، بەرهەمەکانی جیمس جویس، لە پشت ڕۆمانەوە، بۆنی ئەم پرۆسە ئەفسوناویانەی لێ دێ ئەگەر بەدیشی نەهێنابن، ڕۆمانی (هونەرمەند لە لاویدا) دیدالۆس و ڕۆمانی (ئولیس) گوزارشت لەم کێشە دژوارەی نێوان ڕۆمان و ئەو ڕۆمانەی دەیەوێ ریوایەت ببەزێنێ، دەکات. ڕۆمانی (ئولیس -١٩٢٢) پلان و نەخشەیەکی فەلسەفی نهێنی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کەرەستەو بابەتەکەی هیچە، بریتییە لە ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤ وەکو چۆن دەلاڵێکی بچووك لە (دبلن)دا بەسەری بردووە، دەلاڵەکەش لیوپولد بلوم-ە سەعاتەکانی ئەم ڕۆژە پڕن لە هەست و بۆنی جیاوازو زاوزێی بیروفکران و واقیعی سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسی. بریتییە لە ٢٤ سەعات لە ژیانی جولەکەیەکی ئیرلەندی. جا لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ڕۆمانی (داخراو) هەیەو ڕۆمانی (کراوە)ش هەیە. لە ڕۆمانی داخراودا حیکایەتەکە خۆی بەشی خۆی دەکات، هەموو شتێکی تێدا شەرح و شرۆڤە دەکرێت، مرۆڤ لە ئاوێنەیەکی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیدا تەماشای خۆی دەکات، بەڵام لە ڕۆمانی کراوەدا نووسەر پێشوەختە لەگەڵ فرجینا وولف و جویس و کافکادا دەزانێ کە بۆی نالوێ خۆی ڕاڤە بکات و بە هوشیارییەوە لەوە حاڵی ببێ کە خوڵقاندوویەتی، واتە نووسەر دەسەڵاتی بەسەر ڕەفتاری قارەمان و ڕەوتی ڕۆمانەکەدا نامێنێ، بۆیە ڕۆمان بەو حەساوەی کە ریسکێکی هونەرییە دەبێت پشت بە شێوازێکی ناباو، سەرسامکەر، لە زۆربەی کاتدا، ببەستێ تا بابەتێك گەمارۆ بدات یان دەورو خولی بابەتێك بدات

که به سروشتی خۆی پێناسه هەڵنەگرێت" چونکه هونەر دەقاودەق دەرفەت دانه به چۆنیەتی بینینی ئاساییمان.

به کورتی و کرمانجی هەمیشه -جگه له هەندێ سەردەمێن کۆن- ئاسایی بووه که خەڵکی هونەر به داهێنانێك بزانن که له سەرووی ژیانەوەیه، هەندێ به سامه، تا رادەیەك ئاڵۆزو به تەمومژەو خەڵکی دەتوانن هەوڵبدەن له ژیانی خۆیاندا لاسایی هونەر بکەنەوه، بەڵام که هونەر لاسایی ژیان بکاتەوه، ئەمەیان له هەموو سەردەمەکانی داهێنانی هونەریدا، بیرۆکەیەکی زۆر غەریب و نامۆ بووه.

(٨)

رۆمانی تەقلیدی له یەك روانگەو جیهانبینیدا کۆ دەبێتەوه ئەویش روانگەو جیهانبینی گوتیاره (راوی) بۆ دنیا... بەڵام له رۆمانی تازەدا، ئێمه پەیگیری ژیان، رووداو له دوای رووداو، له چوارچێوەی رەوتی دوا بەدوای یەکی زەماندا ناکەین، خوێنەر دەخرێته ناو (ئێستایەکی کاریگەر)ی ئەدەبی کورت، چڕو تیژ تێپەڕەوەو هەموو شتێك لەم ئێستایەداو له رێگەی فلاش باك و گەڕانەوەی خێرا بۆ پاشەوه رەنگدەداتەوه. له رۆمانی تازەدا -که ئاڵان روب گرییه دامەزرێنەرێتی- مرۆڤ دەچێته ناو قاوغی خۆیەوەو، له ماوەی چەند سەعاتێکدا، له چەند سەعاتێکی خەو زڕاندا، حیکایەتی خۆی بۆ خۆی دەگێڕێتەوه. ئیدی نووسەر یان گوتیار نایەت گوزارشت له خۆی بکات، بەڵکو تەنیا دیمەنەکان ئاراسته دەکات بەبێ ئەوەی دەنگی خۆی بەو دیمەنانه ببەخشێت، واته دەنگی گوتیارو شێوازی گوتیار له بەین دەچێت و رۆمان دەکاته کۆمەڵه رووداوێکی بابەتی یەك له دوای یەکی وەستایانەو بێلایەنانه هەڵبژێردراو.

رۆمانی تازه هەوڵ نادات ببێ به خودانی حەقیقەت، بەڵکو هەستکردن به حەقیقەت چێدەکات. هەستکردن به حەقیقەت له ناوەوه، واته رۆچوونه بەناو ناخی واقیعدا، که مرۆڤ دووچاری هەزارو یەك بنبەست و کوێرەڕێ و هەزار لۆغانەی تاریك دەبێت و رووبەڕووی دنیای کێوی بەدەر له هەر شەرح و شرۆڤەو لێکدانەوەیەك دەبێتەوه.

هەر رۆمانێکی هونەری سەرکەوتوو، له رووی ئەستاتیکییەوه قاڵبێك وەردەگرێت. بەڵام شێوەیەکی ئامادەو گشتی بۆ رۆمان نییه" واته هاوکێشەی ریتمی رۆمان و ئاوازی رۆمان لەگەڵ هەر رۆمانێکدا، لەگەڵ هەر بابەتێکدا، لەلای هەر نووسەرێك دەگۆڕێ و شێوازی تازه وەردەگرێت، ئەمەش له بنەڕەتدا دەگەڕێتەوه بۆ زۆری و هەمه جۆری فاکتەرەکانی بواری ئەفراندنی هونەری.

ریتم، رەگەزێکی دیاری هونەره، دیاره ئەم ریتمەش نا خوڵقێ و بەرجەسته نابێت تا هەموو جارێك بارودۆخی تایبەتی و دیاریکراوی بۆ نەڕەخسێت، بۆ وێنه ئێمه هەرگیز تووشی ریتمی هونەری رۆمانی (جەنگ و ئاشتی) نابین" بۆ ئەمه پێویست به حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەیه، پێویست به بوونەوەرێکی دیاریکراو، روسیای کۆیلان، ئەرستۆکرات و فیوداڵ، له ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا هەیه، هەروەها پێویست به لیون تولستوی یەکیش هەیه که له هەمان کاتدا سۆفی و مرۆڤدۆست و ئەرستۆکرات و دژه سوسیالیزم و رێبازی ناچرالیزم بوو.

بەمجۆره گیروگرفتی بابەت و نێوەڕۆك له رۆمان دوور دەکەوێتەوه، بایەخی رۆمان به بابەت و نێوەڕۆکەکەی دیاری ناکرێت، بەڵام بەبێ ئەم ناوەڕۆکەو بەبێ ئەم بابەتەش ناکاته رۆمان. هونەر له بابەتدا نییه، بەڵام پێوەیشی بەنده. هونەرمەند دەزانێت چۆن ناوەڕۆکی رۆمانەکەی

هەڵدەبـژێرێت. بۆیـه نـاتوانین هـەرگیز بابـەت لـه هونـەر دابـڕین، جـوانترین و راسـتگۆترین و پـڕ بـەهرەترین و پەیوەسـتترین رۆمـان بـه نووسـەرەکەیەوە، ئەگـەر نووسـەرەکەی مالیجـەی بابـەتێکی نەکردبێ، له خوێندنەوەی دووەمدا هەرەس دێنێ و لەبەر چاو دەکەوێت.

بۆیه رۆمان دەبێ بە زەبری (رەگـەزی کاریگـەری هونـەری) سـنووری بابەتەکـەی (ببـەزێنێ) هـەر چەنده ئەم بابەته زەروورییه.

رۆمان له هـەر هـەموو هونـەرەکان پتر لـه ژیـان دەچێت، تـەنیا بـەوە چێدەبێت کـه ئـەو وێنەیـەی پیشـانمانی دەدات زادەی یـاخی بـوون بـێ لـه فەرمانـەکانی رۆمـان" **رۆمـان بـه مانـا گشـتییەکەی بریتییه له باری سەرنجی شەخسی دەربارەی ژیان**، هەر ئەم باری سەرنجەشه کـه بەپلـەی یەکـەم بایەخەکـەی پێکـدێنێ، ئـەم بایەخـەش بـه گـوێرەی دەوڵەمەنـدی و چـڕی بـاری سـەرنجەکانی نووسـەرەکه دەگۆڕێت، بـه کـورتی رۆمـان داسـتانێکی خودییـه، نووسـەر بـه شـێوازێکی تایبـەتی خۆی ئازادانـه وێنـەی جیهـان دەگرێت. ئەوەی گرینگـه ئەوەیـه کـه بـزانین ئـاخۆ نووسـەر شـێوازو رێبازی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەوی دیکەی خۆبەخۆ دەڕسکێ. حەقیقەتی رۆمـان لـه بابەتەکەیـدا نییه، بەڵکو له شێوازەکەیدایه. مەبەست له شێواز، رێبازی نووسین نییه، چونکه لەم حاڵەدا ئێمـه گیرۆدەی زمانەوان و شێوازپەروەران دەبین نەك رۆمـاننووس، بـەڵکو مەبەسـت لـه شـێواز (رێبـازو رێچکەو نەفەسی) تایبەتی نووسەره که له باری هونەرییەوە قەناعەت بەخش بێ، بێ ئـەوەی پـەنا وەبەر سەلماندن و هێنانەوەی بەڵگە بیات.

سەرچاوە:

١- عالم الرواية، رولان بورنوف/ ريال اوئيلية- ترجمة نهاد التكريتي ط ١٩٩١ بغداد.

٢- قضايا الرواية الحديثة، جان ريكاردو/ ترجمة صباح الجهيم ط١ دمشق ١٩٧٧.

٣- تاريخ الرواية الحديثة، ر.م. البريس/ ترجمة جورج سالم- ط ١، ١٩٦٧.

کورتەیەك لەمەڕ نووسەر

ئەلکساندەر ئەلکساند روڤیچ فادایف ، نووسەری نێوداری شورەوی لە ساڵی ١٩٠١ دا لە خێزانێکی گوندنشین ، لە توڤەر لە دایك بووە، دەورانی منداڵیی لە رۆژهەڵاتی دوور گوزەراندووە، بابی مامۆستای شارو دایکی پەرستار بوو، لە پاڵ کاری خۆیاندا کاروباری کشتوکاڵیشیان کردووە، بۆیە ئەلکساندەر هەر لە منداڵییەوە ئاشنایەتی نزیکی لەگەڵ بارودۆخی ژیان و گوزەرانی جوتیاران و کرێکاران پەیداکردووە ئەم نووسەرە لەگەڵ پارتیزانەکاندا دژ بە هێزەکانی ئەدمیرال کلچاك و پەلاماردەرە ژاپۆنییەکان جەنگیوە، ئەم کتێبەشی بەرەنجامی ئەو ئەزموونە فرانەیە کە لەو جەنگەدا بە دەستی هێنان، فادایف لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبەدا شۆرەتی دەرکرد و وەکو نووسەرێکی پرۆلیتێری ناسرا. (گاردی لاو) کتێبێکی تری مەنشوریەتی کە بریتی یە لە شەرحی خەباتی قارەمانانەی پارتیزانەکان دژ بە داگیرکەرانی فاشیست. ئەم نووسەرە نێودارە لە ١٩٥٦/٥/١٣ دا ماڵئاوایی لە دنیاکرد .

کورتەیەك دەربارەی کتێبەکە

ئەم چیرۆکە شەرحی حاڵی دەستەیەك نیشتمانپەروەرە کە بەرانبەر بە هێزە بێگانەکان و کلچاك بەرگری لە ولاتی خۆیان دەکەن و لەم ڕێگایەدا گیان بەخت دەکەن، قارەمانەکانی فادایف لەگەڵ ئەوەدا کە خەڵکی نێو ژیانی ئاسایین و هەمان خوو و خەسڵەتی چاك و گەنی بەشەریان هەیە ، بەلاَم دەست دەدەنە کاری گەورە خەبات دەکەن و سەرەنجام سەر دەکەون، زۆربەیان خۆشەویستن جێگای متمانەو باوەڕن، تەنانەت ئەوانەیشیان کە لە ژیانی ئاسایی خەڵکا بەرەڵلاو بێ بار دێنە بەرچاو ، لە کاتی تەنگانەو ناسك دا لە کاتێکا کە بابەتی ئەرکی سەرشان دێتە پێشەوە وەکو ئینسانە واقیعی و لە خۆبوردووەکان کاردەکەن کە بۆ شوێنی خۆی شایانی ستایشن، لە ماوەی ئەم جەنگ و هەرایەدا ژمارەیەکی زۆریان گیانی خۆ لە دەست دەدەن و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان بەسەلامەتی دەردەچن و دەگەڕێنەوە خاك و زێدی خۆیان، گەرچی ئەم دەستەیە دەشکێن بەلاَم شکستەکەیان بەهیچ جۆرێ شکستی ئەو باوەڕو ئامانجە ناگەیەنێ کە ئەوان خەباتیان لە پێناودا کردووە، چونکە هاوزەمان لەگەڵ هەمان رووداو و لەگەڵ هەمان چەشنە گیانبازی دا گەورەترین رووداوی سەدەکە روودەدا .

-١-

ماروسکا

لڤنسون ، لە حاڵێکدا کەونە شمشێرە ژاپۆنیەکەی بە تەقەتەق لە پلەکانی قاڵدرمەکە دەخشا، خۆی بە حەوشەکەدا کرد، لە کێڵگەکانەوە بۆن و بەرامەی خۆشی گەنمی رەشگوڵ دەهات، هەتاوی تەموز لە نێو تەمێکی گەرم و سوورو سپی دا مەلەی دەکرد .

ماروسکا هەندێ گەنمی کێوی لەسەر لەتە سوالەتێك وشك دەکردەوە بە قامچی کۆمەڵێ چێرگی دەدا یە دوواوە .

لڤنسون زەرفێکی مورکراوو داخراوی بۆ درێژکردو گوتی :وەرە ،ئەمە بەرە بۆبەشی شالدیباوپێ ی بڵێ کە ... نا، پێویست ناکا هیچی بێ بڵێ یَ ، لە نامەکەدا هەموو شتێکم نووسیوە.

ماروسکا بە روو گرژییەوە رووی لێ وەرگێڕاو بە توندی قامچییەکەی لە حەوادا بادا. نەیدەویست بڕوا . لەم هاتوچۆ رەسمیانە، لەم نامە بێ ئەنجامانەو زیاد لە هەموو ئەمانەش لەو نیگا سەیرەی چاوانی لڤنسون بێزارو وەرز ببوو . جووتێ چاوی درشتو مەنگ کە وەکو دەریا سەراپای ماروسکایان دادەگرت و گەلێ شتیان لێ بەدی دەکرد کە رەنگە بە خۆی لێیان بێ ئاگا بووبێ .

تەتەرەکە کە بە خەمبارییەوە چاوی دەتروکاند بە هێوری خۆی دواند (ئەی حەرامزادە !)

لڤنسون پرسی : باشە ماتڵی چیت ؟

– باشە هاوڕێ فەرماندە ، بۆ دەبێ هەمیشە ماروسکا بەملاوبەولادا بنێرن ؟ کەسێکی دی بەدی پەیدا نابێ ؟

بە ئانقەست پێی گوت (هاوڕێ فەرماندە) تا لایەنی رەسمی بە نارەزاییەکەی بدات . چونکە زۆر ئاسایی لڤنسونی بە نێوی خۆیەوە گازدەکرد .

لڤنسون بەرەقی وتی : کەواتە دەبێ خۆم بڕۆم ، ها ؟

– جا بۆ خۆت ؟ ئەم هەموو خەڵکە لێرەن ...

لڤنسون بە چەشنی پیاوێکی جدی کە کاسەی سەبری لێوڕێژ بووبێ ، نامەکەی خستە گیرڤان و بە ساردییەکی کوشندەوە گوتی : بڕۆ ، بڕۆ تفەنەگەکەت بدە اموری چەکەکان من پێویستم بە هەر لات و بەرەڵا یەك نییە .

شنەیەکی سازگار لەسەر چۆمەکەوە دەهات و قژە ناڕێکەکەی ماروسکای دەشێواند. کولوکان لە نێو گیا وشەکەکانەوە و لە نزیکی عەمارەکەوە بە شێوەیەکی بێ ئامان هەوا گەرمەکەیان شەق دەکرد .

ماروسکا بە روو گرژییەوە ووتی : سەبرکە ، نامەکەم بەرێ .

لە کاتێکا نامەکەی دەخستە ژێر بلووزە سوپاییەکەیەوە ، شتێکی وت کە پتر لەبەرخاتری خۆی بوو تا لڤنسون (لقەکەم جێ بهێڵم ، چەك دابنێم ؟ مەحاڵە !) کلاوەتوزاوییەکەی خستە پشت سەری و بە دەنگێگی دڵسۆزانە کە نیشانەی شادییەکەی چاوەڕوان نەکراو بوو ، گوتی : هاورێ لڤنسون ، ئێمە لەبەرچاوی کاڵی سەرکار نەبوو دەستمان بە خەبات کرد !من بە زمانی بابایەکی مەعدەنچی سادە ئەمەت پێ دەڵێم .

فەرماندە بە پێکەنینەوە گوتی : هێشتا قسان دەکەی ئەوەندە کەللە رەق مەبە گەوجە .

ماروسکا دوگمەی چاکەتە سوپاییەکەی فەرماندەی گرت و بەرەو لای خۆی رایکێشاو بە جۆرێکی تایبەتی بە گوێی دا چپاند : بزانە برادەر من خۆم ئامادە دەکرد کە بچم بۆ نەخۆشخانە تا ڤاریا ببینم ، کەچی رێك لەو کاتەدا تۆ بەم نامە نەحلەتیەت هەموو شتێکت لێتێك دام ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ گەوجیت .

بەچاوە قاوەیی یە مەیلەو سەوزەکانی ، چاوێکی لێ داگرت و قاقا پێکەنی ، لەپێکەنینەکەی دا – بە ئێستاشەوە وەختێ دەربارەی ژنەکەی قسانی دەکرد – خاڵێکی تاریك بەدی دەکرا کە دەمێ ساڵ بوو وەکو ژەنگ ناخی دەخوارد .

لڤنسون ئەو پیاوەی گازکرد کە لەبەر هەیوانەکەدا وەنەوزی دەداو چاوەکانی دەتروکاند تا خەوەکەی بتارێنێ : تیموشا ، وەرە ئاگات لەم گەنمە بێ، ماروسکا بە ئیش دەڕوات .

کونچارنکوی مینەر لەسەر تەشتێکی دەمەوقلب لە نزیکی تەویلەکانەوە دانیشتبوو ، کۆڵەپشتە چەرمیەکانی دەدورییەوە ، کلاوی لەسەرنەبوو ، دەموچاوی تاوە سووت ببوو، ردێنێ چڕوسوور بوو . دەموچاوە زبرەکەی بەسەر کۆڵە پشتەکانەوە شۆڕکردبۆوەوە . دەرزیەکەی بەجۆرێ بەکاردەهێنا دەتگوت چنگاڵی بەدەستەوە بوو . شانە بێ هێزەکانی لە ژێرکراسە زبرەکەیەوە وەکوو بەرداش دەجولآن .

مینەرەکە پرسی: چییە، هەمدیس دەڕۆی؟

مینەرەکە قیت راوەستاو تەمەنایەکی سوپایی کردو گوتی : بەڵێ ، سەرکار ، جەنابی مینەر !

گونچارنکو لە کاتێکا بەسەلاری و هێمنی وشەکانی خۆی هەڵدەبژارد وتی : ئازاد بە ! منیش سەرزەمانێ لەم تەشقەڵەبازیانەم دەکرد، بۆچ کارێ دەچێ ؟

– هەروا ، فەرماندە دەیەوێ بە تۆبزی مژوولم بکات ، دەترسێ ئەگەر بێ کاربم دەست بە هەندێ کاران بکەم ، بڕۆم زۆڵ فڕێ بدەم .

مینەرەکە بۆڵاندی : گەوجە ! ساچانی کەروچەناباز !

ماروسکا ئەسپەکەی لە تەویلە دەرهێنا . ئەسپە یاڵ بڕەکە بەڕقەوە

گۆێچکەکانی قوت کردەوە ، میشکا ئەسپێکی بەهێز ، کوڵکن وقەڵەو بوو. زۆر زۆر لەخاوەنەی دەچوو؟ بەچاوە ڕۆشنە قاوەیی یە مەیلەوسەوزەکانی بەلاقە ئەستورو قەوسەکانیا، بەچاوە زیت وبزۆزەکانیا. ماروسکا بەدەم تەنگك وپاڵوو دانی ئەسپەکەوە، بەئەسپایی وبە خۆشەویستی یەوە دەیلاواندەوە: میشکا!شەیتان!میشکا! نەحلەتی توولە سەگ!.گونجارنکو سەلارانەو بەم جۆرە لەسەری رۆیی: بەخوا ئەگەر ئەسپەکە ئەقڵی بەسواریدا دەشکا، ئەو سواری تۆدەبوو نەك تۆسواری ئەوبی. ماروسکا بەنەرمە غارێك لە حەسارەکە دەرچوو. جادەکە،کە گیا هەمووڵایەکی داپوشی بوو،ڕێك بەکەناری چۆمەکەدا دەرۆیی. تەبارە گەنم وجۆلەو بەر چۆمەکەوەو لەژێر تیشکی هەتاودا کەرۆیشکەی دەکرد. قوتە شین باوەکانی زنجیرە چیای (سیخوتە ئالین) لەدەریای تەم دا مەلەی دەکرد.

ماروسکا رۆڵەی کرێکارێکی مەعدەنچی بوو، بەخۆیش هەر مەعدەنچی بوو.باپیری کە خەلك وخوا دەستیان لێ شۆردبوو،لەمەزراکانی ساچاندا کێلگەی دەکێڵا، بابیشی لەم دواییانەدا زەوی رەشی مەعدەنی تەرك کردبوو. ماروسکا لەیەکێك لە کوختە کرێکارنشینەکاندا ،نزیکی تونێلی ژمارە((٢)) ڕێك لەودەمەدا کەدەنگی تیژی شاورێك نۆرەکاری سەرلەبەیانی رادەگەیاند، لەدایك بوو.کەپزیشکی مەعدەن لەکوختەکە هاتبووە دەرێو هاوخەمی خۆی بەبۆنەی کوربوونی نەوزادەکەوە راگەیاندبوو،بابی پرسی بووی:هەمدیس کوڕ؟ئەمە چوارەمە. لەحاڵێکدا خۆی بە قەزاوقەدەردەسپارد، بەمجۆرە قەسەکەی کورت کردەوە:ژیانێکی چەند خۆشە!.ئەوجا قەمسەڵەکەی کەلەگەردوتۆزی مەعدەندارەش هەڵگەرا بوو،لەبەرکردو بەخشەخش چوو بۆسەر ئیشەکەی. ماروسکا لە((٢))ساڵیدا، تایە لیخورین، قسەی قوڕو٩ بێ سەروبەرو بادەنوشی بەچاکی فێربوو- لەکانەکانی ساچاندا بە ئەندازەی خەلکە مودمینەکەی بارهەبوودۆڵەکە ٢٠٠ هەنگاوێك لەولای تونێلەکەوە کۆتایی دەهات وگردولکە بورکانیەکان دەستی پێدەکرد.دار سنوبەری زەلام لەداوێنی ئەم گردولکانەوە بەخەمباریەوە دەیانڕوانی یە ماڵەکانی خوارەوە. لەبەیانیانی تەماویو سپیواژدا کەڵە کێوی یەکان بەدەنگی بەرز یەکدیان گاز دەکرد.ترێلەکان گشت رۆژێ بەنێو شەقی سپیواژی گردۆڵکەکانداو بەسەر رێبازە نشێوەکاندا بەدرێژایی جادە بێ کوتاییەکان بەرەو وێستگای کانگاوز دەچوون. لەسەر گردۆڵکەکان، مەکینەی نەوتاوی چاڵ هەڵکەندن کەبەردەوام لە جووڵەدا بوون، سیمی خزیان بەدەوری خۆیاندا دەپێچا.لەخوار ڕێبازگەکەوە،لەو شوێنەدا کەتەلاری بەردین لێرەولەوێ لەنێو سنۆبەرە بۆن خۆشەکاندا گیرسابوونەوە، خەڵکانێ لەهەوڵ کوشش دابوون بێ ئەوەی بزانن ئەم هەوڵ وتەقەللایەیان لەپێناوی چ کەسێکدایە. مەکینەی قیتارەکان بەجۆرێکی نارێك شوتیان لێدەدا ،بالأڕۆکارەباییەکاکان دەنگیان دەهات. ژیانێکی خۆش بوو.ماروسکا لەو ژیانەدا لەهەولی شێوەگەلی تازەدا نەبوو،تەنیا کەوتبووە شوێن هەمان کاروانی سەقامگیرو کۆن. لەکاتی خۆیدا کراسی ئاوریشم وپوتی چەرمینی بۆ خۆی دەکڕی ،رۆژانی پشوو لەدۆڵەکەوە بەرەو گوند دەڕۆیی،لەوێ لەگەڵ لاوانی گوند دا ئوکوردیۆنی لێ دەدا ، بەدەنگی بەرز گۆرانی دەچڕی و کیژانی گوندی لەڕێ دەر دەردکرد. لەڕێی گەرانەوەدا(دۆستانی مەعدەنچی)گوندۆرەو ئارووی

سیسەوە بوویان دەدزی ، لەچۆمە قوڵەکانی داوێنی کێوەکاندا مەلەیان دەکرد. بەغەلبەغەڵب ودەنگی پڕخرۆشیان هێوری لێرو بێشەکەیان دەشلەقاند، مانگ لەپشت ئاسۆکەوە و لەبەرزیەوە تەماشای دەکردن و بەخیلی پییان دەبرد. تەمێکی گەرم وشێدار بەسەر چۆمەکەوە وێستابوو. زەمانێکیش لەمەخفەرێکی پۆلیس دا کە بۆنی بۆگەنی گەنەسوورکەو ئەرەقی پێی لێ دەهات ، توندیان کرد. ئەمە دەقاودەق لەهەرەتی مانگرتنەکەی نیسان دا رووی دا .رێك لەکاتێکا بوو کەئاوی لێڵی ژێر زەوی وەکوو ئاوی چاوی ئەو ئەسپەکوێرانەی لە مەعدەنا کاریان دەکرد، شەو ورۆژ دەچکایە نێو تونێڵەکانەوەو هیچ کەسێکیش نەی دەرشتە دەرێ حەپسیان کرد ، هەڵبەتە نەك لەبەرئەوەی کارێکی گەورەی ئەنجام دابوو ، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەی پیاوێکی چەقاوەسوو وزۆربڵێ بوو: پۆلیس بیری لەوە دەکردەوە دەتوانێ بەهەرەشە ناچاری بکات نێوی رێبەرانی مانگرتنەکە بڵێ. **ماروسکا** لەکاتێکدا لەو ژووره بۆگەنەدابوو لەگەڵ قاچاخچیانی مەی ناوچەی (مایخە)دا رۆژی بەسەر دەبرد ، گەلێك حەکایەتی بێ سەرو بەری کردبوو ،بەڵام هەرگیز وشەیەکی دەربارەی کارگێران و بەرێوەبەرانی مانگرتنەکە نەهاتبووە سەرزار . سەردەمێکیش چووە جەبهەو پەیوەندی بەسنفی سوارەوە کرد.لەوێدا وەکو هەموو سەربازێکی سوارە فێر بوو کە(سەربازانی پیادە) ببوفزێنێ و بەسووکی تەماشایان بکات .شەش جار برینداربوو،دوو جار پارچە توپ ئازاری پێ گەیاند ، ئەنجام لەدەوروبەری شۆڕش گەورەدا لە خزمەتی سەربازی مەرەخەس بوو . وەختێ گەڕایەوە نیشتیمان پاش دوو هەفتە بادەنۆشی لەڕادەبەدەر لەگەڵ ژنێکی میهرەبان وسووك دا کە ماموری عارەبانە دەستیەکانی تونێڵی ژمارە((١)) بوو، زەماوەندی کرد.ماروسکا کابرایەکی بێ موبالات بوو، ژینی بەلاوە وەکوو ئارووی نێو بێستانەکانی ساجان ،سادەو رۆشن بوو. رەنگە هاندەرێکی وەختی وای لێ کرد بێ لەساڵی١٩١٨ لەگەڵ ژنەکەی دا راپەڕێ وبەرگری لەشوراکان بکات . بەهەرحاڵ لەوساڵە بەد وواوە ئیدی رێگای گەڕانەوە بۆ مەعدەنی لێ گیرا: ئەوان نەیانتوانی شوراکان بپارێزن .رژێمی تازەش بەگومان و دوودڵی یەوە دەڕوانی یە ئەو بابەتە خەڵکانە. میشکا کە ناڵەکانی بەجورێکی ترسناك تەقەتەقی دەکرد ،بەچوارناڵە جادەکەی دەبڕی .خەرەنگێزە زەرد باوەکان شێت ئاسا بەدەوری گوێچکە یدا ویزە ویزیان دەکرد وخۆیان بەنێو تووکە زبرەکەیدا دەکرد وئەوەندە یان دەگەزی تاخوێنی لێ دەهات .ماروسکا گەییە بەشی سوپایی سڤیاگینو .گوندی کریلوفکا کە مەقەڕی دەستەکەی شالدیبای تێدا بوو ،کەوتبووە پشت گردێکی سەراپا بەدرەختی سەوزی فندق ،پۆشراو. ویزە ویزی بێزارکەری مێشە لاسارەکان دەگەییە کوێ . دەنگی تەقینەوەیەك وناڵەیەکی سەیر لەپشت گردەکەوە هەستاودنیای هێنایە لەرزە .دووا بەدووای ئەوە ،ناڵەی دووەم وسێیەم هەستا ،دەتووت گیانلەبەرێکی دڕندە زنجیری پچڕاندووەو خۆی هەڵدا شتووەتە نێو دەوەنەکانەوە .ماروسکا کە بەتوندی جڵەوەکەی رادەکێشا لەژێرلیوەوە گوتی:سەبرکە!میشکا کە هەیکەلی خورتی خۆی بەتەندی دەبردە پێشێ ،لەڕووی گوێ رایەڵی یەوە وەکو بەرد لەجێی خۆی چەقی .ماروسکا لەکاتێکا کەخۆی لەسەر زەویەکە خپ دەکرد ،بەهێوری گوتی:گوێت لێیە...گوللەی تۆپە! تۆپە،ها؟ دەنگی دەستڕێژی گڕداری رەشاشێك کەدەنگی کەرکەری تفەنگە راویەکانی

بـەدەنگی تیـژی کارابینـە ژاپۆنی‌یەکانـەوە گـریٚ دەدا ،لـە پشـت گردەکـەوە دەنگـی دەدایـەوە .ماروسـکا بـەدەنگی هەڵچـۆوەوە هـاواری کـرد: چوارناڵەـ بۆپێشـەوە پەنجـەی پـیٚ یـەکانی لەئاوزەنگییەکـە تونـد کـرد، بەدەسـتی لـەرزۆك کیفـی دەمانچـەکەی کـردەوە، میشـکا بـەنێو دەوەنەکانـدا کـەوتبووە خشـەخش و بـەرەو سـەرکێوکە تـاوی دەدا . پـاش ماوەیـەکی کـەم گەییـە لووتکەکـەو ماروسـکا بەتونـدی لـە غاوەکـەی راکێشـا. لەئەسـپەکە دابـەزی .جڵەوەکـەی خسـتە سەرزینەکەو وتی :لێرە بوەستە!میشکا خولاٚ مێکی ئەمەکداری ئەوتۆ بوو کەهەرگیز پێویستی بە شووره نەبوو .

ماروسکا بە سکەخشکیٚ خۆی گەیاندە لووتکەکە .بەدەستەراستا شـەپۆلە پەیکـەرێکی چکۆلەی چون یەك کە کلاوی تیلماسك سەوزو زەردیان لەسەر بوو،لەداوێنی کریلوفکاوە بەشێوەیەکی رێك وپێك لەحەرەکەتدا بوون ، دەتووت لەنمایشێکی سوپاییدا دەرۆن. بەدەستەچەپا ، لـەنێو تـەبارە جۆیـەکی گوڵزێرِینـدا تاقمـە خـەڵکێکی بـیٚ سـەرو بـەرو پەشـۆکاو ، بـەدەم هەلاٚتنـەوە خـەریکی تەقەکردن بوون. شـادیبا (کـە ماروسـکا بە ئەسپە رەشـەکەی و بـەکڵاوە قوچەکەی‌دا ناسی‌یەوە) بەتورِەیی قەمچییەکەی بە چەپ وراِست دابادەداو جڵـەوی ئـەم تاقمـە هـەلاٚتووەی بۆنـەدەگێرا . ماروسـکا بەچـاوی خـۆی دەی بینـی هەنـدێکیان تیلماسـکە سـوورەکانیان هەڵدەتەقانـد وتورِیـان دەدا.ماروسکا پەیتا پەیتا بەم دیمەنە گەشکەی دەکرد: ئەم بەرازە نەحلەتیانە مەبەستیان چیە،چ دەکەن؟دەیانەویٚ چ بکەن ؟لـەپاش دووا دەسـتەی ئـەم پیاوە ترساوانەوە ،گـەنجێکی باریکەلـە کە دەستەسـرِێکی سـپی لەسـەرو چـاکەتێکی کـوڵی شـاری لەبـەر بـوو، بەزەحمـەت تفەنگەکـەی هەڵدەگرت ،بەلۆقەلۆق خـۆی بـەکێش دەکرد .دەتـووت ئەندامانی دەستەکە هێواشتر رادەکـەن تـا ئەوبـەجیٚ نـەهێڵن .بـەلاٚم زوو بـەزوو لـە چـاو وون بـوون و گـەنجـە دەستەسـرِ بەسـەرەکەش بەسـەر عەردەکـەدا خـل بـووەوە. هێشـتا زینـدوو بـوو. هـەوڵی دەدا هەسـتێتەوەو دووی ئـەوان بکـەویٚ .باسـکەکانی بلاٚودەکـردەوەو بـەدەم هـاوارەوە شـتێکی دەگـووت .دەسـتەکە بـیٚ ئاورِدانـەوەو بەخێرایی دوور کەوتنـەوە.کورِە گەنجەکـەیان بـەتاقی تـەنیا بـەجیٚ هێشـت. ماروسـکا کـە پەنجـە لەرزۆك وعارەق کرووەکانی بەتفەنگەکەیەوە دەگوشی هـاواری کرد:زۆڵینـەی نامـەرد ینـە!ئەوە چ دەکـەن. بـەدەنگیٚ کـەدەتووت دەنگـی ئـەونی یـە،گـازی کـرد: میشـکا !وەرە بـۆ ئێـرە. میشـکا لەکاتێکاکە پەرِەی لووتی ئاوسا بوو، حیلەیەکی هێدی بۆکردو بەلەشی رووشاوو خوێناوی‌یـەوە بەرەو سەرگردەکە غاری دا. پاش کـەمێك ،وەك چۆن باڵندەیـەك بـەدەم فرِینـەوە بـاڵی کردبێتـەوە، ماروسـکا بـەنێو تـەبارە جۆیەکـدا تێـی دەتەقانـد. گیزەگیـزی بـاڵی خـەرەنگیزە بۆرەکـان رقـی هەڵدەستاند . پاشەڵی ئەسپەکە قورس بوو بوودەتووت کەوتووەتە گێژەنگەوە. گوڵە جۆیەکان لـە ژێرپێیدا خشەخشی دەکرد.ماروسکا لەودەمەدا کەلایەکی هەوسارەکەی شل دەکردو بەقاچێکی دەی ژەنیـە قەبرغـەی میشـکاوە، هـاواری کـرد یخ بـە!میشـکا کـەئامادە نـەبوو لـەژێر دەسـت رِێـژی گوللەدا یخ بیٚ ،بـەدەوری جەسـتەی پرِناڵـەی ئـەو گەنجـەدا کـە دەستەسـرِێکی سـپی خوێنـاوی بـە سەرەوە بوو، چەپۆکانی دەکرد. ماروسکا بـەدەم راتەکانـدنی هەوسـارەکەوە لالغـاوەی ئەسـپەکەی بریـندار کـردو بەتورِەیی‌یـەوە هـاواری کـرد:یـخ بـە!میشـکا چـۆکە لەرزۆکـەکانی دادایـە سـەر زەوی

.لەکاتێکا ماروسکا گەنجە بریندارەکەی بەسەر عاردیدا بکێش دەکرد، گەنجەکە نالاندی:سوتام سوتام ....گەرچی جۆگەلەی خوێن لەسەر روومەتی ڕێچکەی بەستبوو ، بەلاّم دەموچاوی ساف ، بیّ موو، پاك و سپی بوو .
ماروسکا بە ئاسپایی گوتی : کرپە لەش بە دۆشاوی بەناز ! پاش تۆزێك ، لە کاتێکا جلەوەکەی مێشکای بەرەڵلا کردبوو، هەردوو دەستی کردبوو بە چەپەر بۆ بارەکەی ، رووی کردە ئەو گردەی کە بارەگای لقەکەی لفنسونی لیّ بوو، بەچوار ناڵە لە گردەکە دوور کەوتەوە .

-٢-

متچێك

بەراستی ماروسکا خۆشی بەو گەنجەدا نەدەهات کە رزگاری کردبوو. ماروسکا پیاوی بەنازو ناسکی خۆش نەدەویست. بە پیاوی بیّ کەڵك و بیّ نرخ و بیّ باری دەزانین . وێڕای ئەمانەش گەنجە بریندارەکە هەر لە یەکەم ساتەوە بیّ ورەیی وکەم زاتییەکی زۆری نیشان دابوو . وەختیّ کە گەنجە بیّ هۆشەکەیان لە کۆختەکەی ریاپیتسر دا لەسەرتەختێك رادەکێشا ماروسکا لە ژێر لێوەوە بۆلاّندی : حیزەڵەی ژن سیفەت ! بەو برینە سوکە بورایەوە ، دەیویست تانەوتوانجی چرزوداریّ لیّ بدا ، بەلاّم نەیدەتوانی، بەپەستی یەوە کەوتە بۆڵەبۆڵ : چلمن ، وەکوو هەموو ئەوانەی دیکە ...
لڤنسون بەرەقی قسەکەی بڕی و وتی : دە بەسە ئیتر ، چەنەبازی مەکە ! باکلانوف خێراکە ئەم کوڕە بەرە بۆ نەخۆشخانە ، زووکە دنیا خەریکە تاریك دەبیّ .
زامەکانی بریندارەکە دەرمان کران ، لە گیرفانی تەنیشتی چاکەتەکەیدا هەندیّ پارە ، ناسنامەیەك بە نێوی (پاڤل متچیك) ، دەستەیەك نامە و وێنەی کێژێکی جاحێلیان دۆزییەوە .
نزیکەی "٢٠" کەسێك بە روخساری لێل، توکن، رەش و تا وەسووتەوە ، بە ریز وێنەکەیان وەرگرت و بە وردی کەوتنە سەرنجدانی روخساری نەجیب و پەرچەمی جوان و زولفی کیژەکە پاشان بە بێدەنگی یەکی سامناکەوە وێنەکەیان گەڕاندەوە شوێنی خۆی . کوڕە گەنجەکە بورابووەوە . لێوەکانی بیّ جوڵەو بیّ رەنگ بوو . دەستەکانی بەسستی و بە خاوی کەوتبوونە سەر پەتۆکە .
گەنجەکە هەستی بەوە نەکرد کە بەو بولێلی ئێوارە گەرمە بەگالیسکەیە کی شەق و شرِ لە گوندەکە برد یانە دەریّ. کەخستیانە دەستە بەرەوەئەمجا بەهۆش هاتەوە.لەئەنجامی هەڵ تەك وداتەکی بیّ وچانوئارامی دەستەبەرەکەوە ولەژێر ئاسمانی پرئەستێرەی بەر دیدەکانیدا ،شەپۆلە هەستیکی ئالۆزو تاریکی چەشنی هەستەکانی خۆ لادروست بوو،تێکرا تێکەڵ بەیەکدی بوون .تاریکی چەشنی باڵندەیەکی رەش لە هەموو لایەکەوە بەرەو زەوی دادەکشا.بۆنی

کەسکوون و ناخۆشی گەڵای دەرزی ئاسای درەختی کاژ وپەلکی رزیو کە دەتووت لەنێومەیدا خوسێنراوە ،کەپووی پڕ دەکرد .
هەستی پێ زانین بەرانبەر بەوپیاوانەی کە بەو جۆرە هێواش وهێدی هەڵیان دەگرت لەدەروونیا جۆشی سەند .پڕبەدڵ حەزی دەکرد لەگەڵیاندا بدوێ. لێوەکانی جوڵاند. بەڵام هەمدیس لەخۆی چوو و فریا نەکەوت تاقە وشەیەك بدرکێنێ.
کەئەمجارە هاتەوەهۆش رۆژ بوو بووەوە .هەتاوی شادی بەخش بەسەر لق وپۆپی دار سەروودا پەخش دەبووەوە. متچیك لەسەر تەختێك، لەژێر ساباتەکەدا راکشابوو. پیاوێکی باڵا بەرز بە بەروانکەی خەستەخانەوە لەلای راستی یەوە وەستا بوو. سیمایەکی ژنانەی کپ وئارام لەلای چەپی یەوە بەسەریا دانەوی بووەوە.سەرنجی لەسەر قەفی پرچە هۆنراوە زێرینەکەی کە بەسەر شان وملیا هاتبووە خوارێ، گیرسایەوە. هەستێکی خۆشەویستی ئامێزو دڵسوزانەی بێ پایان ودوور لەهەر مەبەستێکی دیار،متچیکی بزواند- واتە هەستێك کە سەرچاوەکەی سیمای ئارام، چاوانی درشت وخۆمار ،قەفی پرچی نەرم ودەستی گەرم وگەنم رەنگی ژنەکە بوو-
متچیك بە ئاسپایی پرسی :ئێرە کوێیە؟
پیاوە بالا بەرزەکە بەئەسپایی دەستە لاوازەکەی گرت ونەبزی گرت. بە ئاسپایی وتی:بەسە ،ڤاریا هەموو کەرەستەکانی تیمارکردن ئامادە بکە ،خارنچکوش گازبکە ...ماوەیەك بێدەنگ بوو، دیسان وتی:...هەروا..متچیك بەزەحمت چاوی هەڵیناو لەخاوەن قسەکە راما.دەموچاوی درێژکۆلەو زەرد بوو. چاوەکانی جوان وبەقووڵا چوو بوون .ئەم چاوانە راستەوخۆ دەیانڕوانییە متچیك . چاوێکیان بەشێوەیەکی پێکەنین هێنەرو چاوەڕوان نەکراو دەتروکا .
کەپارچە سارغی یە زبرەکانیان دەخستە نێو زامە برژێنراوەکانیەوە ،هەستی بەئازارێکی زۆرکرد . بەلام چ ئاخ و ئوفێکی نەکرد .سوکنایی دڵی خۆی بە نەوازشی ئارامی دەستی ژنەکە دەدایەوە
.
وەختێ پیاوە کەڵەگەتەکە خەریك بوو لەتیمارکردنی دەبووەوە ،بەدەم کارکردنەوە وتی :زۆر چاکە ،سێ شەبەقی گەورە وسووکە زامێك بەسەرییەوەیە .دەبێ هەر هەمووی لەماوەی مانگێکدا چاك ببنەوەو، دەنا نێوم ستاشینسکی نییە .کەمێ گورج تر بوو، پەنجەکانی خێراتر کەوتنە جوڵە .بەڵام هێشتا هەمان تیشکی خەمناك بەچاوەکانی یەوە دیاربوو. چاوی راستی هەر لەخوڕا دەتروکا.
دەست ودەموچاوی متچیك))یان شۆرد. کەکارەکەیان تەواو بوو، متچیك خۆی خستە سەر ئانیشکەکانی وروانییە دەورەبەر.تاقمێك لەدەوروبەری کەپرەکان هەراوهوریایان بوو. تۆپەڵە دووکەڵی چڕو شین باو لەدووکەڵ کێشەکانەوە دەهاتە دەرێ. دارە شۆکە کرتووەکانی کەپرەکان خۆری بەرەو خۆرادەکێشا .دارکون کەرەیەکی گەورە لەخوار دارستانەکەوە پەیتا پەیتا تەقەتەقی دەکرد.پیرەمێردێکی مەند،بەردێنێکی جوانەوە،بەبەرهەڵبێنەی خەستەخانەوە،قورسایی خۆی دابوو بەسەر دارعاسایەکاو بەچاوانی پڕ لەخۆشەویستی یەوە دەیڕانییە ئەو دەوروبەرە.

کپـی وبێـدەنگی دارسـتانەکە بـاڵی بەسـەرپێرەمێردەکەو کـەپرەکان و جێگاکـەی متچـیك داکێشابوو.نزیکـەی سـێ هەفتـە بەر لەئێستا، وەختـێ متچیك کارتی ماموریـەتی لـە پێڵاوەکـەی داشـاردبووەوە،دەمانچـەکەی لـەگیرفانیا بـوو، لەشـاردەهاتە دەرێ وتـەنیا وێنەیـەکی ئـاڵۆزی دەربارەی هەموو ئەو رووداوانە لە زەینی خۆی دا دروست کرد بوو، بەسادەیی یەوە ئاوازێکی گەرمی شاری بەفیکە لێدەداو خوێن لەدەمارەکانیا دەجۆشا، شەیدای کارو کوشش بوو.

هەرچەندە متچیك ئەو خەڵکەی کە لەگردۆولکە بورکانیەکاندا دەژیان، تەنیا لەرێگای چاپەمەنی یەوە دەناسی،بەڵام وەك خـەڵکانێکی قارەمـان و لـە دووکـەڵ وبارووتداغـەرق بـوو، لەبەرچـاوی بەرجەستە دەبوون.

تێکرای رامان و ورد بوونەوەو بەرزەفڕیو بیرەوەریو یادی شیرین وسازگاری ئەو کیژە مەکتەبلی یە پەرچەم جووانەی لەبەرچاوزیندوو بوو بووەوە کەبەیانی قاوەو پسکیتەکەی دەخوارد و پاشان کتێبە شین باوەکانی دەخستە بن هەنگڵی وبە پەلە بۆ قوتابخانە دەچوو.

وەختـێ لـەکریلوفکا نزیـك دەبـووەوە ،پیـاوانی چـەکدار کـە تفەنگـە (بـرادن)ەکانیـان ئامـادە بەدەسـتەوە بـوو،لـەنێو دەوەنەکانـەوە هاتنـە دەرێ. یـەکێکیان دەموچـاوی سـێ گوشـەیی بوو،کلاوێکی سوپایی لەسەر بوو،پرسی:کێی؟

ـ منم...لەشارەوە ناردوومیان...

ـ وەرەقەت پییە؟

میتچیك دەبووایە بۆ دەرهێنانی وەرەقەکەی پێڵاوەکەی دابکەنێ.

((کۆمیتەی ناوچە ی ...دەریا ـ یی ...شۆڕ ـ ش ـ گێڕانی ...سوسیالیست.))

دەریاوانەکـە بەحونجـە نامەکـەی خوێنـدەوەو مۆڕەیـەکی لەمتچـیك کـرد.لـە کاتێکـا وشـەکانی بەنامەفهومی دەدرکاند وتی:بـ ـ لـ ـ یـ ـ ئاو ـ ها.

کوت وبڕ خوێن زایی یە دەموچاویو یەخەی چاکەتەکەی متچیکی گرت و نەڕاندی: چۆن،قەحپە ـ داك !...

متچیك شڵەژاو کەوتە منجەمنج: چی؟ چی؟ خۆ نامەکە هی ماگزیمالیستە. بیخوێنەوە هاوڕێ

– بی پشکتن!

پاش کەمێك ،هیلاك وماندوو بەچەك کراوی بەرەو لای پیاوێکی کلاوقووچ دەڵـەکیان دا .نیگای چاوە رەشـەکانی ئـەم پیـاوە سـەراپای متچیکی گـەرم راهێنـا. متچیك بـەدەم هەنسـك هەڵـدان و گریانـەوە کەوتـە دەمـەلاڵکێ: ئەمانـە حـاڵی نـەبوون...لەنامەکـەدا نووسـرا بـوو ـــ هـی ماگزیمالیستەکانە...

ــ کوا وەرەقەکەیم بدەنێ!

کـابرای کلاوقـووچ چـاوی بڕیـە کاغەزەکـە.کاغـەزە لـۆچ بووەکـە بەراسـتی لـەژێرنیگا ئـاگراوی یەکەیدا دووکەڵی دەکرد.ئەوجا رووی کردە دەریاوانەکەو بەگرژییەوە وتی :ئەحمەق !نابینی هـی ماگزیمالیسـتەکانە! متچیك هەناسـەی خۆشـحاڵی هەڵکێشـاو گـوتی: ئـەها، فـەرموو! بـەخۆم پـێم گوتیت هی ماگزیمالیستەکانە! ئەمجار مەسەلەکە دەگۆڕێ، نا؟

دەریاوانەکە بە نائومێدییەوە گوتی: گاڵتە بازاڕەکە، کەواتە ئەو هەموو زەحمەتەمان بەخۆڕایی چوو.
ئیدی متچیك لەو روژەوە مافی تەواوی هەر ئەندامێکی دیکەی لقەکەی درایێ. دەورووبەرەکەی بەهیچ کلۆجێ لەو خەڵکانە نەدەچوون کەلە خەیاڵی گەرم وپڕ جۆشی خۆیدا دروستی کردبوو.ئەمانە خەڵقەندەی چەپەڵتر نەگریستر، سادەترن بوو. فیشەکی یەکدیان دەدزی.لەسەر بچوکترین شت بەشەڕ دەهاتن .لەسەرپلە گۆشتێ بەگژ یەکد یدا دەچون لەسەر بچوکترین شت بیانوویان بەم دەگرت وجنێویان پێ دەدا:لەسەر چاکەتە شارییەکەی، لەسەر ئەوەی بەدروستی قسەی دەکرد ،لەسەر ئەوەی نەیدەزانی چۆن تفەنگەکەی پاك بکاتەوە. تەنانەت لەسەر کەم خۆریش گاڵتەیان پێ دەکرد. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گەرچی ئەمانە ئەو خەڵکە نەبوون کە متچیك لەکتێبان دا شتی لەسەر خوێندبونەوە، بەڵام خەڵکانێکی راستەقینەو زیند ووبوون.
ئەوەتا هەرکە لەم شوێنە سەوزو هێمنەی دارستانەکەدا ئیسراحەتی کرد، دووبارە کەوتەوە نێو کتێبان. ئێستا داخی بۆئەوە دەخواردکە بەو هەستە سادەو لەهەمان کاتدا راستگۆیەوە پێوەندی بەلقەکەوە کردبوو. متچیك داخ وکەسەرێکی تایبەتی بەرانبەر بەتەنگەوەهاتن وخۆشەویستی ئەوان وبەرانبەر بەبێدەنگی دارستانەکە نیشان دەدا.
خەستەخانەکە کەوتبووە سەرخاڵی یەکانگیربوونی دوو چۆمەوە. دارکۆنکەرەیەك بەردەوام لەخوار دارستانەکەوە تەقەتەقی بوو ، رەشە درەختی ئەفرا کە ئەرخەوانی دەینواند، سەریان کردبوو بەیەکاو رازو نیازیان دەکرد ، لەخوارترەوەو لەپاڵ شیوەکەدا ، چۆمەکان بەئاوازی خوڕەی بێ کۆتایی گیاکانی دەوروبەری خۆیان دەلاواندەوە، نەخۆش و برینداری کەم لە نەخۆشخانەکەدا بوون تەنیا برینی دوانیان خەتەر بوو یەکێکیان پارتیزانێکی ساچانی بوو بە نێوی فرولف کە گوللەیەك لەسکیا مابووەوە . ئەوی تریان متچیك بوو .
هەموو رۆژی کەبەیانیان ئەوانیان لەکۆختە تەنگەبەرەکە دەبردە دەرێ، پیکای پیرەمێرد بەرێنە جوانەکەیەوە دەچووە کن متچیك . سیمای پیکا ، بیرەوەری وێنەیەکی لەبیرکراوو کۆنی لەمێشکیا زیندو دەکردەوە:
لە سوچی خەڵوەتگایەکی کۆنی قەوزە گرتوو و لە دنیایەکی کپ و بێدەنگدا ، پیرەمێردێکی مەندو نورانی کلاو لەسەر، لە کەنار دەریاچەیەکی سەوزی زمڕودی دا دادەنیشت و ماسی دەگرت، ئاسمانی ساف بەسەر سەرییەوە بوو، چوار دەوری بەدرەختی ئارام بەخشی کاژ داپۆشرابوو .
زەل و قامیش سەر دەریاچەکەی داپۆشی بوو، هەموو لایەك کپ و بێدەنگ و خەون و خامۆشی فەرمان رەوا بوو .
ئایا روحی متچیك تاسەو ئەڵهای ئەو چەشنە خەونەی دەکرد؟ پیکا وەکو شەماسە بە زمانێکی سادەو ڕەوان باسی کورەکەی خۆی بۆ متچیك دەکرد، کوڕەکەی یەکێك بوو لە ئەندامانی کۆنی گاردی سوور: بەڵێ، من لە نێو باخی هەنگەکەمدا نیشتەجێ بووم، ئەوسا دەهاتە کنم... ئاخر ئیدی لەکوێ دانیشم؟ ... لە مێژە یەکدیمان نەبینیوە هەڵبەتە یەکدیمان ماچ دەکرد، بەڵام سەیرم

دەكرد بیرێكی لەسەردایەو دەڵێ : (بابەمن دەبێ بچم بۆ شار ، بۆچیتا.) من پـێ ی دەڵێم بۆچی ئەو دەڵێ (ئیدی باوكە ژمارەیەك چیكوسلوفاكی مەلعوون لەوێ پەیدا بوون .) من پێ ی دەلێم كە چیكوسلوفاكی چی پێوەندیـەكیان بـەتۆوە هەیـە؟ پێی دەڵێم تـۆ لێـرە وەمێنـەو بزانـە چ ژیـانێكی بـاش چـاوەڕێتە. بەڕاسـتی بـاخی مێشـەكەم وەكـو بەهەشـتی سـەرزووی زەمینـە . درەختـە زەلامەكانی تێ دەگەی درەختی لیمو ترشە پڕ شكۆفەكانی و ئەو مێشە چكولانانەم كە بێ وچان خەریكی ویزەویزن .

پیكا بـە خۆشـحاڵییەوە كـڵاوە رەشـە نەرمەكـەی دەحـولێنێ (لات وایـە چ بـوو؟ ئـەو نەمایـەوە ! رۆیی و ئیدی چ هـەواڵێكی نـەبوو، كلچاكەكان باخەكـەمیان داغـان كـرد. كوڕەكەشم بۆنـەما ئـاخر ئەمە چ ژیانێكە !)

متچیك بەتاسـەوە گـوێی بـۆ پیكـا رادەدێـرا . حەرەكـەی هـێمن و دەنگـی سـاف و زولاڵـی پیكـای خۆش دەویست و وای هەست دەكرد لە ناخی روحییەوە هەڵدەقوڵێ .

پیكا هێشتا حـەزی دەكـرد پەرستارەكە روو بداتـە ئـەو. ڤاریـا بـە خـۆی پینـەو بـەڕۆو جل شتنی نەخۆشەكانی ئـەنجام دەدا ، كـە مرۆڤ ڤاریای دەدیت هەستی بەعەشق و خۆشەویستییەكی بێ سـنوور دەكـرد، ڤاریـا زیـاد لـە پێویسـت بەتـەنگی متچـێكەوە دەهـات و خـۆی لێ هەڵدەسـوو متچـیكیش كـە وردە وردە بـەرەو چـاك بوونـەوە دەچـوو لـە لای خۆیـەوە بـە چـاوی نەوسـنەوە دەیڕوانـی یـە پەرسـتارەكە . پشـتی ڤاریـا بـە ئاسـتەم چـەمی بـووەوە نـەختێك بـێ رەنـگ بـوو، دەسـتەكانی بـۆ ئـافرەت كـەمێ گـەورە بـوون، ڤاریـا بـەغرور و هـەنگاوی پتـەوەوە ڕێ ی دەكـرد، لەپشـت پـەردەی ئـاوازی قسـەكانیەوە شـتێ خـۆی مـەلاس دابـوو ، وات هەسـت دەكـرد هەمیشـە وادەی شتێكی دەدا .

كە لەسەرتەختەكەو لەتەنیشت متچێكەوە دادەنیشت متچیك بەجارێ ئۆقرەی لێ دەبڕا ، متچیك هیچ كاتێ ئەم چەشنە هەستەی دەرهەق بە كچە پەرچەم جوانەكە نەكردبوو .

جارێك پیكا گوتی : نێوی ڤاریایە ، ئافرەتێكی سووكە ، مێردەكـەی نێـوی ماروسـكایەو لـەهێزە . ئەمیش لێرە دەژی، ژنێكی زۆر بێ حەیایە .

متچیك سەیری ئەو شوێنەی كرد كە پیكا بەچاو ئیشارەتی بۆ دەكرد . پەرستارەكە لە شـوێنێكی رووتەنی دارستاكەدا جلی دەشت. خارچنكوی پزیشكیار لە دەورویشتیا پیاسـەی دەكـرد، ناوبـە نـاو بـەرەو رووی دادەنەوییـەوەو ئیشـارەتێكی بـۆ دەكـرد. ڤاریـاش كـە كارەكـەی خـۆی فـەرامۆش كردبوو بە چاوانی تەماوییەوە سەیری دەكرد، وشـەی (سـووك) متچێكـی بـە تـەواوی خسـتە سـەر سیك و سـەودا. لـە كاتێكـا هـەوڵی دەدا هەڵچونەكەی وەشێری ، لـە پیكـای پرسـی : ئـاخر بۆچی ..... وایە ..... وایە ؟

خوا دەزانێ بۆ ئەوەندە بـە ئاڵۆشـە . ماڵوێرانـە وشـەی "نـە" ی لای نیـە. متچیك یەكـەم بیرەوەری خۆی دەربارەی پەرستارەكە وە بیرهێنایەوەو ڤینێكی سەیر لە دەروونیا جۆشی سەند، لـەو سـاتە بە دواوە بە ووردی ولە نزیكەوە كەوتە تاقیب كردنی، دەیبینـی زۆربـەی كـات لەگـەڵ پیاواندایـە ،

جا هەر پیاوێ بێ کە لە پیاوەتی نەکەوتبێ ، بەهەرحاڵ ڤاریا تاقە ژن بوو کە لە نەخۆشخانەکەدا کاری دەکرد .
ڤاریا بەرەبەیانێك پاش تیمارکردنی متچیك کەوتە ڕێکخستنی تەختەکەی. متچیك سوور هەڵگەراو بەشەرمەوە پێی گوت : تۆزێ لام دانیشە .
ڤاریا بەنیگایەکی قووڵی پرسیار ئامێزەوەلێی ڕاما. هەمان نیگای ڕۆژی جل شتنەکە بوو کە دەی بڕیە خارچنکۆ . ڤاریا بەسەرسامی و بێ ئیختیار پرسی : تۆش ....
بەهەرحاڵ پاش ئەوەی جیگاکەی ڕێکخست، لە پاڵیا دانیشت . متچیك لێی پرسی : خارچنکوت خۆش دەوێ ؟
ڤاریا وەکو ئەوەی قسەکانی ئەوی هەر نەژنەوتبێ لەکاتێکا گرفتاری چاوە درشت و خومارەکانی خۆی کردبوو وەڵامی حەزەکانی ناو مێشکی خۆی دایەوە : زۆر گەنجە ، زۆر. پاشان هاتەوە سەرخۆ ووتی : خارچنکۆ ؟ پیاوێکی چاکە ئێوەی پیاو هەمووتان هەروەکوو یەکن .
متچیك دەستی بردو بەستەیەکی بچوکی لە ژێر سەرینەکە دەرهێنا . سیمای ئاشنای کیژێك لە ناخی وێنە ڕەنگ کاڵ بووەکەوە تەماشای ئەوی دەکرد. ئەمجارە وەکو جاران بەلایەوە دڵڕفێن نەبوو. سیمای سەیرو پڕ جۆش و خرۆش دەستکردو ساختە دەینواند ، گەرچی متچیك لە دڵی خۆیدا نیگەرانی ئەوەبووکە جاران نەیدەزانی بۆ ئەوەندە بیری لەو کردووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە نەی دەزانی بۆ بەو چەشنە گیرۆدەی بووبوو ، ئاخۆ ئەو کارەی دروست بووە یان نا ، وێنەکەی دایە دەستی ڤاریا .
پەرستارەکە وێنەکەی وەرگرت و یەکەم جار لە نزیکەوە و پاشان لە دوورەوە تەماشای کرد ، لە پڕ هاواری کردو وێنەکەی دا بە زەویا . لەسەر تەختەکە ڕاپەڕی و مۆڕەیەکی لە متچیك کرد .
دەنگێکی گرو پێکەنیناوی لە پشت دار ئەفراکانەوە بەر گوێ کەوت: قەحپەیەکی خشکۆکە .
متچیك دەست بەجێ ئاوڕی دایەوە و ڕووانی یە سەنتی دەنگەکە. نیگای لەسەر سیمایەکی یەکجار ئاشنا گیرسایەوە کە قژە خورماییەکەی لە ژێر کڵاوەکەیەوە هاتبووە دەرێ . چاوە ڕەشەکانی مایەی پێکەنین بوون. حاڵەتی دەموچاوی گەڵێك لەوە جیاوازتر بوو کە لە هزری متچیك دا بوو. دەنگە گڕەکە بە هێمنی لەسەری ڕۆیی : باشە بۆ ترسایت ؟ خۆ بە تۆم نەبوو. بەم وێنەیەم بوو. لەگەڵ ژنانی زۆردا ڕامبواردووە بەڵام هیچیان هەرگیز وێنەیەکیان نەداوەمەتێ ، ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان وێنەیەکم بدەیتێ .
ڤاریا هاتەوە سەرخۆ و لە قاقای پێکەنینی دا : ترساندمت ! بە دەنگێك ئەمەی گوت کە هەرگیز لە دەنگی خۆی نەدەچوو. بە شێوەی ئافرەتێك کە ڕازو نیاز لەگەڵ مێردی خۆی دا بکات لەسەری ڕۆیی : مەیموونی توکن ئەوە لە کوێوە وا لە پڕ هەڵتۆقیت ؟ پاشان ڕووی کردە متچیك ووتی : ئەمە ماروسکایە. مێردمە. زۆر قۆشمەیە. زۆر.... ماروسکا بەخاوییەوە گوتی : ئا ، بڕێ یەکدی دەناسین ، تاکیدێکی تایبەتی لەسەر وشەی (بڕێ) کرد.
متچیك کە نەی دەتوانی تاقە وشەیەك بڵێ خەمبارو شەرمەزار وەکو مرۆڤێکی گیژوکاس لە جێگاکەی دا ڕاکشا .

ڤاریا کە ئیدی وێنەکەی فەرامۆش کردبوو ، بەدەم قسەکردنەوە لەگەڵ ماروسکادا پێی خستە سەر وێنەکە و متچیك لەشەرمەزاری دا نەیتوانی تکای لێ بکات کە بیداتەوە .

وەختێ ژن و مێرد کە بەدووقۆڵی بەرەو دارستانەکە چوون متچیك بەلەقە لەق و لە کاتێکا لەتاو ئازاری پێی لێوی دەکرۆشت، وێنە پێشێلکراوەکەی لە عاردەکە هەڵگرتەوەو پارچە پارچەی کرد .

هەستی شەشەم

ماروسکا و ڤاریا دەمەو خۆرئاوا ، شەکەست و ماندوو بەدەم دزەنیگاوە لە دارستانەکە گەڕانەوە ، ماروسکا خۆی بە شوێنێکی بەر بەتاك و رووتەنی دارستانەکەدا کرد ، دوو قامکانی خستە دەمی و سێ فیکەی قایمی کێشا. کەئەسپە کوڵکنەکە – بەچەشنی ئەفسانە کۆنەکان – بەتەقەتەقی سمەکانیەوە لە دارستانەکە هاتە دەرێ، متچیك بیری کەوتەوە کە ئەم ئەسپ و ئەسپسوارەی لە کوێ بینیبوو .تەتەرەکە بەسۆزەوە کەوتە لاواندنەوەی ئەسپەکەی: میشکای ئازیز هەی قەحپەداك زۆر ماتڵ بوویت ماتڵ نەبوویت ؟

کە ئەسپ سوارەکە بەتەنیشت متچیك دا رەت بوو، بزەیەکی تاڵی بە روویا دا. پاشان لەو دەمەدا کە بە لاپاڵی دۆڵە سەوزو نزارەکاندا دادەگەڕاو هەڵدەگەڕا ، پتر لەچەن جارێك بیری لە متچیك کردەوە : بۆئەم جۆرە خەڵکانە پەیوەندی بە ئێمەوە دەکەن ؟ بەرقەوە بیری کردەوە : کە ئێمە دەستمان پێکرد کەس دیارنەبوو ، ئێستاش کە کارەکانمان هەموارکردووە هەموو دێن و خۆمان پێوە هەڵدەواسن دەتگوت گوایە متچیك بەراستی چاوەڕێی ئەوە بووە ئەوان (کارەکان هەموار بکەن) ئەوجا پەیوەندیان پێوە بکات . خۆ هەنووکەش هێشتا ڕێگایەکی درێژو دژواریان لەبەرە .

ماروسکا لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: بابایەکی حیزەڵەی ژن سیفەتی وەکو ئەو کابرایە دەێتە ئێرەو بەسووکە برینێك دەبورێتەوەو ئەوجاش دەبێ ئێمە باجەکەی بدەین . ئاخر ئەم ژنە گەوجەی من خۆشی بەچی ئەودا دێ ؟

ماروسکا وای دەهێنایە بەرچاوی خۆی کە ژیان بەردەوام دەئالۆسکێ، ژیانی کۆنی ساچان بەرەو بڕانەوە دەچوو، ئەویش ناچاربوو ڕێگایەکی تازە بۆ ژیان و گوزەران پەیدابکات. هێندە غەرقی بیری پەریشانی خۆی بوو، ئاگای لێ نەبوو کە گەییوەتە شیوەکە، جووتیاران لە گەرمەی کاری سەختی رۆژانەیان دا بوون، داسەکانیان لە نێو چەودەری چڕو گیای بۆن خۆشدا دەنگی دەدایەوە، ردێنیان بە ئەندازەی چەودەرەکان چڕبوو ، کراسە کوڵەکانیان لە ئارەقدا هەڵکشا بوو، بە ئەژنۆی چەماوو هەنگاوی پتەوەوە دەچوونە پێشێ و گیای تورت و بۆنخۆش بەخشەخش لەبەرپێیاندا دەڕژایە سەر زەوی .

هەرکە ئەسپ سوارێکی چەکداریان بینی، بەکاوەخۆ دەستیان لەکار هەڵگرت، دەستە زبرەکانیان کردە سێبەری چاوەکانیان. قەدەرێ لە دوواوە تەماشایان کرد. سوارییەکەیان بەدڵ بوو، کە ماروسکایان بینی لەسەر ئاوزەنگی یەکە وەستا بوو، لەسەر زینەکەوە کەمۆیەك باڵای بۆ پێشەوە بردبوو، چەشنی شو لەی مۆم بێ جوڵە وەستا بوو گوتیان: ئەڵێی چنارە !

ماروسکا لە پشت پێچی چەمەکەوەو لە نزیکی بێستانێکدا کە بێستانی ریابیتسی کوێخای گوند بوو جلەوی ئەسپەکەی گرت ، بێستانەکە لە بێستانی کەوتبوو. کاتێ جوتیار دەچووە کاری هەرەوەزی ئیدی مەزراکەی لە پوش و گیادا وێران دەبوو، زنجی باووباپیرانی دادەڕوخا، گوندۆرەی گەورە و بۆنخۆش لە نێو گیاو پۆنگەی بۆنخۆشدا بەکاوەخۆ دەگەیین. داهۆلی نێو کێڵگەو مەزراکان لە باڵندەی مردارەوە بوو دەچوون .

ماروسکا دز ئاسا کەوتە سەرنج دان و تاقیب کردنی دەروبەری خۆی . ئەوجا ئەسپەکەی بەرەو زنجێکی وێران ئاژووت، بۆدڵنیایی سەرێکی کێشایە نێو زنجەکە، کەویلەکە چۆڵ بوو. کۆنە داسێکی ژەنگاوی و هەندێ توێکڵی سیسەوەبووی کاڵەك و ئاروو لە نێو کەوێلەکەدا کەوتبوون.

ماروسکا خورجەکەی لە پاشکۆی ئەسپەکە داگرت ، خۆی هەڵدایە خوارێ و بەسکەخشکێ خۆی خزاندە نێو بێستانەکەوە، بەپەلەپەل کاڵەکی لە برگەکان دەکردەوەو دەیتەپاندە نێو خورجەکەوە. هەندێ جار بەپەلە کاڵەکێکی بە ئەژنۆی دا دەکێشاو بەتاسووقەوە قووتی دەدا .

میشگا بەدەم کلك بادانەوەو بە نیگای وریاکردنەوەوە سەیری خاوەنەکەی دەکرد، لە پڕدەنگێکی غەریبی ژنەوت، گوێچکە کوڵکنەکانی قوت کردەوە، بەپەلە کەللە کولکنەکەی بەرەو چۆمەکە وەرگێڕا . پیرەمێردێکی ردێن درێژی دەموچاو رەقەلەکە پانتۆلێکی میلداری لە پێ بوو ، سەرکلاوێکی لبادی قاوەیی لەسەربوو ، لەنێو دارستانە چڕەکەوە هات و گەیشتە قەراغ چۆمەکە. تۆڕێکی بەدەستەوە بوو. ماسیەکی گەورە لە نێو تۆرەکەدا گیانەلای بوو. خوێنێکی ساردو گەش لە پانتۆڵە موقەلەمەکەیەوە دەچۆڕاو جوگەلەیەکی سووری لەسەر دەبەست .

میشکا هەیکەلی زەلامی ریابیستی ناسییەوە ، چونکە ریابیتس خاوەنی ماینێکی کەحێلی کەفەڵ پڕبوو ، ماینێك کە رۆژگارێ لە نزیکی میشکاوەو لە نێو یەك تەویلەدا کە تەنیا چەپەرێکیان لە نێوان بوو، ژیابوو. ماینێ کە بەعەزرەتی میشکاوە بوو. میشکا سەری هەڵبڕی . وەك یەکێك سەلام بکا گوێچکەکانی قوت کردەوە. بە کەیفەکەرانەوە حیلاندی .

ماروسکا خورجەکەی بەهەردوو دەست گرتبوو . بە ترسەوە لە جێی خۆی راپەڕی .

ریابیتس بەدەنگێکی نیگەران و لەرزۆکەوە پرسی : ئەوەچ دەکەی لەوێ ؟ چاوە رقن و سەرزەنشت ئامێزەکانی بڕی یە ماروسکا. ریابیتس هێشتا تۆرەکەی بە دەستەوە بوو، تۆرەکە بەجۆرێکی سامناك دەجولا . ماسییەکە لەناو تۆرەکەداو لەپاڵ قاچی ریابیتسەوە هەڵدەپلا . دەتووت دڵە پڕ ئاشووبەکەی خۆیەتی و لە ئەنجامی وشە رقگرتووەکانیەو هاتبووە گوڵ و جۆش ماروسکا ملی لە نێو شانەکانیا خوس کرد. خۆرجەکەی بەجێ هێشت و بەرەو ئەسپەکەی غاری دا . کە سوار بوو ئەمجا بیری کەوتەوە دەبووا گوندۆرەکان هەڵرێژێ و خورجەکە لەگەڵ خۆیدا بینێ ، تا چ بەڵگەیەکی لە شوێن بەجێ نەمینێ . بەڵام کەزانی تازە درەنگە و کار لە کارترازاوە پاژنەکانی بەقەبرغەی ئەسپەکەدا ژەند و وەکو باوبۆران بۆی دەرچوو، بێستانەکەی بەجێهێشت .

ریابیتس لە دوواوە هاواری دەکرد: سەبرکە ! دەبێ وەڵام بدەیتەوە ! دەبێ وەڵام بدەیتەوە !

له کاتێکا تاکیدی لەسەر دوو وشە دەکرد، هێشتا باوەری نەدەکرد کە ئەو پیاوە پیاوێکە وەکو کوری خۆی بەمانگ نانی دا بوویێ و جلی بۆ کردبوو، بێت کاڵەکیان لێ بدزێ ، ئەویش لە کاتێکا کەجووتیاران سەرگەرمی کاری هەرەوزین و مەزراو بێستانەکانیان لەگیاوپۆشدا وێران بووە .

لڤنسون لە سێبەری باخە چکۆلەکەی ریابیتس دا کەونە نەخشەیەکی لەسەر مێزێك والاّ کردبووەوە و هەواڵ و دەنگوباسی لە دەوریەك دەپرسی کە تازە لەماموریەت گەرابووەوە . دەورێیەکە پاڵتۆیەکی لۆکەی دێهاتی لەبەربوو جووتێ پێلاّوی کەتان ئاسای لە پێدا بوو. دزەی کردبووە ناوهێزی ژاپۆنەکانەوە. دەموچاوی خرو تاوەسووت بوو گۆناکانی وەکوو یەکێك کە لە مەترسیەکی گەورە رزگاری بووبێ لە خۆشیاندا سوورهەڵگەرا بوو. بەپێی قسەی دەروێیەکە ئۆردوگای سەرەکی هێزەکانی ژاپۆن لە یاکوفلنکادا جێگیربوو . دوو لق لە سپاسك ـ پریمور سکەوە بەرەو – ساندا گوا حەرەکەتیان کردبوو .قوتە بەرزەکەی سوپاگینو چۆك کرابوو. بۆیە دەورێ یەکە لەگەڵ دوو پارتیزانی چەکداری لقەکەی شالدیبادا بە قیتار خۆیان گەیاند بووە سەرچاوەکانی شابونوفسکی .

– شالدیبا بۆ کوێ پاشەکشێ ی کردووە ؟

– بەرەو مەزرای کۆریایی یەکان .

دەوری یەکە هەوڵی دەدا جێی مەزراکان لەسەرنەخشەکە دیاری بکا. بەلاّم دیاری کردنی شوێنی مەزراکان بۆ ئەو ئاسان نەبوو، چونکە نەشی دەویست خۆی بشکێنێتەوەو بە زەلامێکی بێ توانا بناسرێ ، هەر لە خۆوە پەنجەی بەسەرخاڵی جیاوازی نەخشەکەدا دەگێرا. بەبێ تاقەتییەوە کەوتە منجەمنج: لە کریلوفکادا پیس شکان. تائێستا نیوەی زەلامەکانی گەراونەتەوە بۆ دێهاتەکانی خۆیان. شالدیباش هەموو زستانەکەی لە مەزرایەکی کۆرياييیەکاندا گوزەراندووە. خواردنیشی "چامی زای "رووت بووە، ئەڵێن یەکجار زۆر دەخواتەوە. بەتەواوی ئەقڵی لە دەست داوە.

لڤنسون رۆژی پێشوو هەندێ مەعلوماتی لەلایەن ستیرك شای قاچاغچی مەشروب و چەند زەلامێکی دییەوە کە خۆی بۆ ئەو مەبەستە ناردبونی بۆ شار، بۆ هاتبوو. کە هەواڵە تازەکانی لەگەڵ ئەو معلوماتە بەراوورد دەکرد، هەندێ لە هەواڵە تازەکان لە درۆ دەچوون، لڤنسون لەم رووەوە کابرایەکی زۆر بەهەست بوو، دەتوانرێ بگوترێ وەك چۆن شەمشەمەکوێرە لە تاریکی دا بەهەستە ئەویش هەمان هەستی شەشەمی هەبوو .

چەند خاڵێك هەبوون کە مایەی گومان بوون، هاوکاری ئەو کوێخایەی کە نەی توانی بوو لەماوەی ئەم یەکدوو هەفتەیەدا لە سپاسکویەوە بگەرێتەوە . دانیشتنی هەندێ لە جووتیارانی ساندا گوکە کوت و پرو دوو سێ رۆژ لەمەوپێش کەوتبوونە بیری ماڵ و ژیانی خۆیان ،لیڤۆ شەلی قاچاغچی کە قەراربوو رێ نوینی لقەکە بکات و بیگەینێتە ئابوورکا، کەچی لەبەرهۆیەکی نادیاربەرەو جۆگەکانی سەرووی چۆمی (نیودزین) گەرابووەوە .

لڤنسون چەند جارێك پرسیارەکانی دووبارە کردنەوەو بە دەم پرسیارکردنەوە سەیری نەخشەکەی دەکرد، کابرایەکی یەکجار بەسەبرو کۆڵنەدەر بوو، لەو پیرە گورگەی جەنگەلاّن

دەچوو کە سەرەڕای لە دەست دانی زۆربەی ددانەکانی هێشتا هەر بە زەبری هێزو جلەوکیشی ئەقڵی پێشینانی خۆیەوە دارو دەستەکەی وا لێ دەکرد پەیرەوی بکەن .

– باشە هەستت بە هیچ بۆنێکی تایبەتی نەکرد؟

دەورێیەکە بێ ئەوەی لەمەبەستەکەی تێ بگات، گەوجانە تەماشای کرد، لڤنسون وەك بیەوێ بەسەری پەنجە تۆزێ نمەك هەڵگرێ پەنجە کەڵەو پەنجەی شادەی لێك خشاندو لە کەلەپووی دەورێیەکەی نزیك کردەوەو وتی : بەکەپووت !

دەورێیەکە وەك یەکێك خەتابار بێ تەماشایەکی کردو وەڵامی دایەوە : نە راستیت دەوێ ، ناتوانم بڵێم هەستم بە هیچ نەکرد، لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە: چما من سەگم ، چیم؟ کاس و پەشێو لە پڕ گۆناکانی سوور هەڵگەران، سیمای هێندە گەوجانە دەینواند دەتووت سیمای ژنە ماسی فرۆشەکەی بازاری سانداگویە .

لڤنسون بەدەم دەست جولاندنەوە گوتی : زۆر چاکە ، برۆ.

چاوانی دەورێیەکە چەشنی دەریاچەیەکی قووڵ شین بوون، بە شێوەیەکی پێکەنین هێنەر نەختێ تیل دەینواند .

کە لڤنسون بەتەنیا مایەوە، بەدەم بیرکردنەوەوە کەوتە پیاسەکردن بە دەوری باخەکەدا، لە پاڵ دارسێوێکدا وەستا ، کەوتە سەرنج دانی قاڵۆچەیەکی کەللە زل کە تۆێکڵی دارەکەی کون دەکرد، پاش بیرکردنەوە گەییە ئەم سەرەنجامەی کە ئەگەر زوو فریانەکەوێ و چارەیەك نەدۆزێتەوە ئەوا ژاپۆنییەکان هەموو هێزەکەی داغان دەکەن، لەبەر دەرگای باخەکەدا توشی ریابیتس و باکلانف ی سەر لق بوو . بکلانوف گەنجێکی "١٩" ساڵەی رەقەڵە بوو قەمسەڵەیەکی خاکی لەبەربوو. دەمانچەیەکی سمسی بەلاقەدەوە بوو .

باکلانوف چارەی دا بەیەکاو لە کاتێکا گڕی قین لە چاوییەوە دەردەپەڕی لە پڕ لڤنسونی گازکرد : ئاخر ئێمە چی لەم ماروسکایە بکەین، چووتە بێستانەکەی ریابیتسەوەو کاڵەکی دزیوە، تۆ ئەمە نێو دەنێ ی چی ؟ کەمێك دانەوییەوە، دەستی لەلای لڤنسونەوە بەرەو لای ریابیتس درێژکرد وەك ئەوەی بەیەکدیان بناسێنێ، لڤنسون لە مێژ بوو بکالانوفی بەو جۆرە هەڵچوونەوە نەبینی بوو .

لڤنسون بەکاوەخۆ وەڵامی دایەوە: هاوار مەکە ،چ هاوارێکی پێ ناوێ ، ئێستا پێم بڵێ بزانم چی رووی داوە؟ ریابیتس بەدەستی لەرزۆکەوەخورجەکەی ماروسکای خستە بەردەستی لڤنسون: هاوڕێ فەرماندە باوەڕ بکە نیوەی بێستانەکەمی داوە بەیەکا. ئا ئەمەی کردووە! خۆ دەی بینی، وەختێ چووم سەیری تۆڕەکە بکەم هەرکاتێ دەرفەتم ببێ بەیانیان زوو سەر لە تورەکەم دەدەم ....

کاتێ لە نێو داربیەکانەوە هاتمە دەرێ ....

هەر لەسەری رۆیی و لەسەری رۆیی ، تاکیدی لەسەر ئەو حەقیقەتە دەکرد کە کرێکارێکی وەکو ئەو چویتەکاری هەرەوەزی و بەناچاری وازی لە سەردانی بێستانەکەی هێناوە، دەزانی

ژنەکانمان لە بری ئەوەی بڕۆن گیای نێو مەزراکانمان بژاربکەن، وەك چۆن لە هەموو شوێنێکی دی عادەتە کەچی کاری هەرەوەزی مەزرا پشتی هەموویانی شکاندووە .
لڤنسون پاش ئەوەی بە ووردی و هێمنی گوێی لە کەتنەکەی ماروسکا گرت، دەستوری دا بیهێنن.
ماروسکا وەکو هەرزەکارێك کڵاوەکەی لار کردبووەوەو هێدی هێدی هات، خۆی لووت بەرزو لاسار دەنواند. هەر کاتێ کەتنێکی بکردایە ئەو حاڵەتەی لەخۆ دەهێنا . دەیکرد بە هەراو هۆریا و درۆ دەلەسەیەك هەر مەپرسە . فەرماندە چاوە تیژەکانی بەسەراپای‌دا گێڕاو پرسی ئەم خورجە هی تۆیە ؟
– بەڵێ .
– باکلانوف دەمانچەکەی لێ وەرگرە .
– چی ؟ بۆ چەکم دەکەن ؟
ماروسکا خۆی دایە پەنایەك و دەمانچەکەی نەکردەوە .
باکلانوف رووی گرژ کرد و بە توندی هاواری کرد: دەمانچەکەت بکەوە! هەرکە دەمانچەکەیان لە ماروسکا وەرگرت ئێدی کەف و کوڵی لاساریەکەی بەتەواوی نیشتەوە .
– باشە ریابیتس من چەند گوندۆرەم لە بێستانەکەی تۆکردووەتەوە؟ بۆ بە خۆرایی ئەم هەموو هەرایەت ناوەتەوە.؟ بەخوای ئەم شتە نەحلەتیانە ئەوە ناهێنن باس بکرێن ....
ریابیتس بە دەم سەر داخستنەوە پەنجە توزاویەکانی پێ ی دەجولاند. لڤنسون هەرئەو شەوە دەستووری دا شورای گوند پێك پهێندرێ، تا پێکەوە لە کارەکەی ماروسکا بکۆڵنەوەو وتی : با هەموو بزانن و بژنەون کە ماروسکا چی کردووە !
ماروسکا کەوتە پاڕانەوە: (ئوزیب ئابرامیچ) با مەسەلەکە هەر لە نێو هێزەکەدا بمێنێتەوە ، ئێدی بۆ جووتیاران کۆدەکەیتەوە ؟
لڤنسون قسەکانی ماروسکای پشت گوێ خست و رووی کردە ریابیتس و وتی: گوێ بگرە هاورێ، دەمویست هەندێ قسەی تایبەتیت لەگەڵدا بکەم ....
قۆڵی کرد بە قۆڵی کوێخادا و بردییە لایەکەوەو داوای لێ کرد لەماوەی دوو رۆژدا نزیکەی "١٠" پووت نانی وشك ئامادە بکات، هەروەها پێی وت : نابێ کەس بزانێ ئەو نانە بۆچی و بۆ کێ ئامادە دەکرێ...
ماروسکا کە زانی بوونی لەوێدا زیادەیە بەشەرمەزارییەوە بەرەو ئاسایشگاکەی خۆی رۆیی.
کە لڤنسون و باکلانوف بە دوو قۆڵی مانەوە لڤنسون پێی گوت لە سبەینێوە جۆی ئەسپەکان زیاد بکا. هەروەها وتی: بەسەرمەیتەر بڵێ بۆ هەر ئەسپێك سەتلێکی پڕی جۆ دابین بکات .

-٤-

تەنیایی

متچیك هەركە ماروسكای بینی ئیدی ئەو ئاسودەیی یەی نێو خەستەخانەكەی لەدەستدا ، كە ماروسكا بەتەنیشتیا تێ پەری بە سەرسامی بەخۆی گوت : بۆچی وا بەقێزەوە تەماشام دەكات ؟ راستە لەمەرگ رزگاری كردم بەلاَم ئایا ئەو كارە مافی ئەوەی دەداتێ كە تەوسم پێ بكات؟ خۆ ئەوانی دیش هەمان رەفتارم لەگەڵدا دەكەن ...

لە كاتێكا دەیڕوانییە قامكە بارێك و لاوازبووەكانی و سەیری قاچەكانی دەكرد كە لەژێر پەتۆكەوە بەتەتە هەڵبەسترا بوون هەمان سكالاَی جاران كە هەمیشە لە هەوڵی دامركاندنەوەی دابوو، بەهێزو گوڕێكی تازەوە لە دەرونیا گڕی سەندەوەو لەتاو ئێش و ئازار دڵی تەنگ بوو .

لەو ساوە كە ئەو دەریاوانە دەموچاو سێ گۆشەیی یە بەڕەقی و بێ نەزاكەتیەوە یەخەی گرتبوو، هەموو ئەوانەی توشی دەبوون لە بری دڵدانەوەو دەست بەسەرا هێنان ، هەمان رەفتاری تەوس ئامێزیان لەگەڵ دا دەكرد كەسیان نەیان دەویست لە خەمەكانی تێ بگەن، تەنانەت كارگێڕانی خەستەخانەكەش كە كپی و بێدەنگی دارستانەكە گیانی شادی بە بەردا دەكرد، تەنیا لە رووی ئەركەوە لەگەڵیا میهرەبان بوون، لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا پاش ئەو هەموو خوێن لەبەر رۆیشتنەی هەستی بەتەنیایی یەكی كوشندە دەكرد.

حەزی دەكرد لەگەڵ پیكادا بدوێ ، كەچی پیكاش چەرچەفەكەی لەژێر درەختێكی كەنار دارستانەكەدا راخستبوو و كلاَوە نەرمەكەی نابووە ژێرسەری و بەبێ خەمی لێی نوستبوو، هەندێ مووی زیوینی بریقەدار وەكو خەرمانە دەوری سەرە رووتاوەكەیان دابوو. دوو كوریژگە ـ یەكێكیان باسكی پێچرا بوو، ئەوی تریان دەلەنگی ـ لە دارستانەكەوە هاتنە دەرێ. لەتەنیشت پیرەمێردەكەدا وێستان . چاویان لێكدی داگرت، كوڕێژگە شەلەكە پوشێكی هەڵگرت و برۆكانی هەڵبڕی و لووتی خۆی گرژ كردەوەو پوشەكەی بە كوونی لووتی پیكادا كرد، پیكا بەدەم خەوەوە منگەمنگێكی كرد، لووتی گرژكردەوە ، دەستی راتەكاند و بەقایمی پژمی. كوریژگەكان بە پێكەنینەوە و بەماتەمات وەكو هەر منالێكی بزێو بەدەم تەماشاكردنی پیكاوە بەرەو زنجەكە رایان كرد، : یەكێكیان لەبەر باسكی بە وریایی یەوە دەرۆیشت ، ئەوی

تریشیان وەکو خەتابارێك دەلەنگی، یەکەمیان کە گەییە بەرزنجەکەو خارچنکوی لەسەر تەختەکەو لەپاڵ ڤاریادا بینی هاواری کرد: ئەهای گۆڕهەڵکەنە ! لەتەنیشت پەرستارە کەوە دانیشت و بەدەستە ساغەکەی ڤاریای راکێشایە نێو باوەشی خۆیو بەم چەشنە لەسەری رۆیی : ئێستا نۆرەی منە ، با بزانم چ بە دەنێکی نەرم و شلت هەیە ، خۆشمان دەوێ ی، ئێمە هەر تۆمان هەیە، ئەو گۆڕهەڵکەنەیە ترۆ بکە با بەو دەمو فلقە وشك و چەپەلەیەوە بچێتە ناو ....

دایکی هەر بەو دەستەی کە ڤاریای پێ لەباوەش گرتبوو هەوڵی دەدا خارچنکو دووربخاتەوە . خارچنکوش لەولاوە خۆی بە ڤاریاوە قەرساند بووو رکەبەری لەگەڵ کوڕیژگەکەدا دەکرد و بەدەم پێکەنینەوە ددانە بەجگەرە رەش و پیسەکانی بەدیارکەوت .

کوڕیژگەشەلەکە منگە منگێکی کرد: ئەدی تەگبیری منی چکۆڵەی بەستەزمان چیە؟ لەم دنیایەدا نە ڕاستی ماوە نەعەداڵەت . کێ مشوری بابایەکی زامداری وەکوو من دەخوا ، ئاخر چ بە هاوڕێ ئازیزەکانی شار دەڵێ ی ؟ بەدەم ئەو قسانەوە بە جۆرێکی سەیر دەستەکانی رادەتەکاند و برژانگە خوساوەکانی پێکا دەدا . هاوەڵەکەی شاپێکی لێ داو دووری خستەوە . خارچنکۆ قاقا پێکەنی و دەستی کرد بە ژێر بلووزەکەی ڤاریادا . ڤاریا بێ هیچ کاردانەوەیەك بە نیگای شەکەت و بێ قەرارەوە دەیڕوانی یە هەرسێکیان . ڤاریا هەرکە لە پر چاوی بە نیگای حەپەساوی متچیك کەوت ، لە جێ ی خۆی راپەڕی و جلەکانی رێك خستەوەو چەشنی گوڵاڵە سوورە سوور هەڵگەرا. ڤاریا وەکو شێت هاواری کرد: خەڵکانی هەوەسباز دەڵێ ی مێشن و بە دەوروخولی هەنگوینا دەسوورێنەوە ! سەری داخست و بەرەو زنجەکە دایکێشا . داوێنی کراسەکەی لە دەرگاکە گیربوو ، بە توندی و بەرقەوە بە دووای خۆیدا رایکێشا . ئەوجا دەرگاکەی هێندە بە توندی پێوەدا کە تەپ و تۆزی درزی دیوارەکان وەری یە سەر زەوی .

کورە شەلەکە هاواری کرد: چما پەرستارەکە هی ئەنگۆیە! ئەمجا وەکو یەکێك بڕنوتی هەڵمژێ ، چارەی خۆی گرژ کرد و بەشێوەیەکی بێ لەزەت پێکەنی .

فرولوفی پارتیزانی بریندار لە ژێردار ئەفرایەکدا ، لەسەر جوڵانەیەك لەسەر پشت راکشابوو، لەتاو ئازارو سوێ رەنگی زەرد هەڵگەرابوو، بە درێژایی ئەو ماوەیە بە بێ هیچ مەبەستێك تەماشای دەکردن ، نیگای چەشنی نیگای مردووان ئاڵۆزو بێ رۆشنایی بوو . برینەکانی کاریگەر و کوشندە بوو . کاتێ هەستی بەوە کرد، کە بەدەم ئازاری گەدەوە گینگڵی دەداو بۆ یەکەم جار ئاسمانی بەشێوەیەکی ئاوەژوو هاتە بەرچاو .

متچیك وای دەزای فرولوف سەیری ئەو دەکات ، بۆیە بە بێزاری و نارەحەتییەوە رووی لێ وەرگێڕا .

فرولوف وەك بڵێ ی بیەوێ بۆ هەموو دنیای بسەلمێنێ کە هێشتا زیندووە ، پەنجەیەکی بزواند و بە دەنگێکی کەرخ گوتی : دیسان دەستیان پێ کردووە ....

گەرچی فرولوف کەم و زۆر مەبەستی متچیك نەبوو، بەڵام متچیك تا ماوەیەك خۆی لە نیگای ئەو دەدزییەوەو وای دەزانی فرولوف بەو دەمو دانە ژەنگاوییەوەی چاوی بڕیوەتە ئەو .
دکتۆر ستاشینسکی ، بە جۆرێکی ناڕێك خۆی دانەواند بووەوە تا لە دەرگاکەوە تێ پەڕی . لە زنجەکە هاتە دەرێ ، پشتی راست کردەوە ، قرچەیەکی ناخۆش لە پشتیەوە هات، بە هەنگاوی هەڕاوەوە بەرەو لای ئەوان چوو. چاوێکی بەردەوام دەتروکا . بیری چوبووەوە کە بۆچی بۆ ئەوێ چووە ، بەسەرسامی یەوە وەستا ، دەستێکی بەسەرسەرەتاشراوەکەیا هێناو ئەمجا لەبەرخۆیەوە وتی : دنیا گەرمە... دکتۆر بەو نیازەوە هاتبووە دەرێ تا پێیان بڵێ ئازاری ڤاریا نەدەن، چونکە ڤاریا ناتوانێ لەیەك کاتدا هەم دەوری دایك و هەم دەوری ژنیان ببینێ. چووە لای متچیك دەستە وشك و گەرمەکەی خستە سەر تەوێڵی و لێ ی پرسی : شوێنەکەت نارەحەتە ؟
متچیك کە کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەم خۆشەویستی یە چاوەڕوان نەکراوەوە لە وەڵاما وتی : هیچ نیە ، گوێ ی نادەمێ ... هەرکاتێ چاك بوومەوە لێرە دەڕۆم . ئەمجا بەپەلە وتی : بەڵام ئێوە ... هەمیشە لە دارستاندان.
ئەی ئەگەر بە دەست خۆمان نەبێ ؟
متچیك بەسەرسامییەوە هاواری کرد: چۆن، چۆن؟
– مەبەستم مانەوەمانە لە دارستاندا . ئەمجا دەستی لەسەر تەوێڵی متچیك لابرد و بۆ یەکەمین جار بەتاسەی راستەقینەی مرۆڤێکەوە لێ ی راما . دکتۆر چاوە رەش و گەشەکانی بڕی یە چاوانی متچیك . چاوانی متچیك غەمگین بوون، دەتووت لێوان لێوی خەمێکی خامۆشی ئەوتۆن کە روحی تەنیای ئەویان لە چیاکانی سیخوتەئالین و لە شەوانی درێژی نێو دارستاندا، لە پاڵ ئاگری دووکەڵاویدا بەتاڵان بردووە . متچیك بەدەم پێکەنینێکی دۆستانە و غەمگینەوە ، بە دەنگێکی پڕ لە ژارو ژەنگەوە گوتی : حاڵی دەبم ، بەڵام ناکرێ لە گوندێکدا ... جێگیربین !!.. یانی ... هەرتۆ ناڵێم ... متچیك بە دەم پرسیارە سەرسام ئامێزەکەیەوە لەسەری رۆیی و وتی : مەبەستم هەموو خەستەخانەکەیە .
– ئێرە سەلامەت ترە . تۆ لە کوێوە هاتی ؟
– لە شارەوە .
– دەمێکە ؟
– بەڵێ ، مانگێ پترە .
ستاشینسکی بە خۆشحاڵیەوە پرسی : باشە کریزلمین دەناسی؟
– بەڵێ ..... بەڵام زۆر نا .
ستاشینسکی بەدەم چاوتروکاندنەوە ، وەکو یەکێك لە پاشەوە ئەژنۆی دەلەکدا بێ بەپەلە لەسەرکۆتەرە دارێك دانیشت و لەسەری رۆیی : لەوێ چی دەکا / وەزعی چۆنە ؟ کێ ی دی دەناسی؟

متچیك وتی : ڤنسیك ، یفرموف، گوریوف، فرانكل – بەڵام عەینك لە چاوەكەیان نا . من هەر كورتە باڵاكەیان دەناسم ...
شتاشینسكی بەسەرسامییەوە پرسی : خۆ ئەمانە هەموویان ماگزیمالیستن! تۆ چۆنە دەیان ناسیت ؟
متچیك بە ترسەوە وتی ، لەگەڵیاندا بووم...
ستاشینسكی لەژێر لێوەوەو بە دوو دڵی یەوە كەوتە منگە منگ، بڵێ ، ئاو ـ ها ـ ها نازانم ....
ئەمجا بە دەنگێكی وشك و رەسمیانە كە دیسان غەریب دەینواند وتی : باشە ئیشەڵڵا كە چاك بوویتەوە .... ئەمجا بێ ئەوەی تەماشای متچیك بكا لە جێ ی خۆی هەستا . بەپەلە و بە هەنگاوی هەڕاو هەڕاوەوە رووی كردە زنجەكە، دەترسا نەوەك متچیك بانگی بكاتەوە .
متچیك لە دوواوە بانگی كردەوە ، قاسیوتیناش دەناسم ! دەتگوت چنگ لەشتێك گیردەكات و لە دەستی دەخزێ . دكتۆر لە كاتێكا سەیری متچیكی دەكرد و خێراتر دەرۆیی وتی : بەڵێ ، بەڵێ ...
متچیك كە زانی نەی توانیوە قەناعەت بە دكتۆر بكا ، سوور هەڵگەڕا و لە داخا كەوتە گینگڵ دان . دەمودەست یادو بیرەوەری تێكڕای رووداوەكانی مانگی رابردووی بە میشكا تێ پەڕی . جارێكی دی هەوڵیدا چنگ لە شتێك گیربكات كە دەتووت لە خزاندایە . لێوەكانی هەڵقورتاند بۆ ئەوەی جڵەوی گریان بگرێتەوە لە یەكبینە چاوی دەتروكاند ئاقیبەت چاوەكانی پڕبوون لە فرمێسك و بەسەر گوناكانیا هاتنە خوارەوە . سەری خستە ژێر پەتۆكەوەو جڵەوی دەسەڵاتی لە دەست بەربوو. بۆ ئەوەی بێ دەسەڵاتی خۆی بشارێتەوە ، بە هێمنی گریاو هەوڵی دا دەنگی هەنسك هەڵدان و هەڵ لەرزینی لەشی بشارێتەوە . ماوەیەكی زۆر بەسۆزەوە فرمێسكی هەڵڕشت ، بیرەكانیشی وەكو فرمێسكەكانی تاڵ و سوێر بوون، پاشان وردە وردە هێور بووەوە جوڵەی لێ بڕاو سەری لە ژێر بەتۆكەوە دەرنەهێنا .
ڤاریا چەند جارێك هاتە دیاری . متچیك بە ئاسانی دەنگی هەنگاوە قورس و پتەوەكانی ڤاریای دەناسییەوە ، چونكە ڤاریا بە شێوەیەكی ئەوتۆ ڕێ ی دەكرد دەتووت عەهدی لەگەڵ خۆی كردووە كە سەرانسەری ژیانی فارگونێكی پڕبار دەڵەك بدات .
ڤاریا بە دوو دڵییەوە تۆزێك بە دیار متچیكەوە دەمایەوەو پاشان بەجێ ی دەهێشت .
پیكا بەخشەخش هاتە دیاری و بەدەنگێكی ساف و هێمن پرسی: خەوتووی ؟
متچیك كە گیزەگیزی میشوولەكانی دەژنەوت خۆی كردە خەوتوو . پیكا بەدەم چاوەڕوانییەوە وەستا: دەبەسە ئیتر خەوبەسە ... دنیا تاریك بوو . ڤاریا و یەكێكی دی هاتنە دیار متچیك ، بە ئاسپایی لەسەر ئەرزەكە هەڵیان گرت و بردیان بۆ كەوێڵەكە . ناو كەوێڵەكە گەرم و تاریك بوو . ڤاریا بە یاریدەدەرەكەی خۆی وت : تۆ بڕۆ ... بڕۆ بەلای فرولوفەوە ، منیش هەنووكە دێم .
ڤاریا هەڵوەستەیەكی كرد ، دیقەتی تەختەكەی دا بە ئاسپایی پەتۆكەی لەسەر متچیك لادا: پاڤل ئەزیزم چیتە ؟ نارەحەتی ؟

ئەمە یەکەمجار بوو کە ڤاریا متچیك بەنازناوەکەی خۆیەوە گازبکا . گەرچی متچیك لە تاریکی یەکەدا سیمای ڤاریای نەدەبینی، بەڵام هەستی بە بوونی دەکرد، دەیشیزانی کە هەر هەردووکیان لە نێو کەوێڵەکەدان، متچیك بە ئاسپایی ناڵاندی : ئاه ، نارەحەتم .

– لاقت دێشێ ؟

– نە، مەسەلەکە ئەوە نیە .

ڤاریا بەپەلە نوشتایەوەوە مەمکە نەرم و گەورەکانی بە سینگی یەوە گوشی، ئەمجا ماچێکی گەرمی لێوەکانی کرد .

-٥-

جووتياران و كرێكارانی
مەعدەنی زوخاڵی بەرد

لڤنسون بە مەبەستی گەیشتنە بنج و بناوانی مەزندەکانی خۆی، ماوەیەك بەر لە کۆبوونەوەی شورا، چووە شوێنی کۆبوونەوەکە، دەیویست لەگەڵ جووتیارەکاندا تێکەڵ بیّ و گویّ لە رایەکانیان بگریّ.
شورا لە قوتابخانەکەدا پێکهات، هێشتا خەڵکێکی کەم ئامادە بوو بوون. لڤنسون کە گەیشتە ئەوێ سەیری کرد بەو دەمەو ئێوارەیە خەڵکێکی کەم لەسەر پلیکانەکانەکان دانیشتبوون، ئەوانیش زۆربەیان لەوانە بوون کە لە رۆژانی زووتر لە مەزرا گەڕابوونەوە.
ریابیتس لە نێو دەرگایەکی وازدا دانیشتبوو، خەریکی چرایەکی نەوتی بوو، دەیویست شووشە دوکەڵاوییەکەی بخاتە سەر.
جووتیارەکان بەدەم سەردانەواندنەوە دەستە رەش و زبرەکانی بەرەو لڤنسون درێژ دەکرد: سەلامولێك ئۆزیب ئابرامیچ! لڤنسون یەك یەك تەوقەی لەگەڵ کردن و ئەوجا لەسەر یەکێك لە پلەکان دانیشت.
کیژانی گوند لەوبەری چۆمەکەوە بەشێوەیەکی ناڕێك دەسترین. بۆنی زبڵ و خاکی شێدارو دوکەڵی ئاگر ئاسمانی پڕ کردبوو. قەیاغێکی باربەر لەوبەری چۆمەکەوە بوو. دەنگی سمکۆڵانی ئەسپی شەکەت دەهات. لەو دەمەو رۆژئاوا گەرمەدا، لە نێو تەقەتەقی گالیسکەی پڕ بارو قوڕە قوڕی دوورو درێژی مانگای تێرو نەدۆشراودا، رۆژی پڕ تەقەللای جووتیاران بەرەو کۆتایی دەچوو.
ریابیتس هاتە بەر هەیوانەکەو وتی: زۆر کەس نەهاتووە، هەڵبەتە سەیریش نییە، پیاو ناتوانیّ لەم رۆژەدا لەیەك شوێندا خڕیان بکاتەوە، زۆربەیان لە خەرمان جاڕەکان دەنوون.
- بۆ لەم هەفتەیەدا کۆبوونەوەی شوراتان کرد؟ ئایا زۆر پێویستە؟
کوێخا بە دوو دڵییەوە وتی: بەڵیّ، هەندیّ شت هەیە دەبیّ بە ئاشکرا باس بکرێن. یەکێك لە ئەندامەکانیان –ئەو پیاوەی کە خۆم خەرجیم دەکێشا– کەتنی کردووە. هەڵبەتە زۆر گرنگ نییە، بەڵام کارێکی زۆر خراپی کردووە. ئەوجا بە شەرمەوە سەیرێکی لڤنسونی کردو بێدەنگ بوو.

جووتیارەکان تێکڕا هاواریان کرد: ئەگەر گرنگ نییە، ئەدی بۆ شوراتان پێك هێنا؟ بە تایبەتی لەم کاتەدا کە ئێمە نامان پەرژێ تەنانەت سەری خۆمان بخورێنین.

لڤنسون شتێکی بۆ روون کردنەوە. پاشان جووتیارەکان بەدەم غەڵبە غەڵب و بڕینی قسەی یەکدییەوە سکاڵای خۆیان بۆ لڤنسون کرد. هەموو سکاڵایان دەربارەی کۆکردنەوەی خەلەو خەرمان و کەمی شتومەکی پێویست بوو.

- ئوزیب ئارامیچ تۆ دەبێ بزانی کە خەڵکی بەچی درەو دەکەن، کەس داسێکی رێکوپێکی نییە، هەموو داسەکان کۆن و پنچ کراون، ئاخر ئەمە نەبوو بەکار، گیاندەرچوونێکی تەواوە بۆ خۆی!
- سیمون ئەو رۆژە چتۆ داسێکی سەقەت کرد! بێ بەلا بێ هەروا بزێوە، ئیبلیسێکە بۆ خۆی. عەینی مەکینە لەلایەکی مەزراکەوە پێ دادێ و لە پڕ داسەکەی بە بەردێکا دەدا.... وای دەشکێنێ کە هەر چاك نەبێتەوە...
- ئەرێ وەلا داسێکی گەلێ چاك بوو، ئوبال بە گەردنم....

ریابیتس کەمیچ تێ فکری، منگەمنگێکی کرد: ئەمن نازانم ئەو خەڵکە ئێمە دەیانەوێ چ بکەن، داخۆ دەرەقەتی ئەو هەموو درەوە دێن؟

حاسلاتی ئەوساڵ گەلێ بە برشتە .... وای ئەگەر تا رۆژی یەك شەممە مەزرا گەورەکەیان تەواو کردبا! ... ئەرێ وەللا بابم ئەم جەنگە هەروا بەئاسانی نابڕێتەوە .

سیماو قەلافاتی تازە لە نێو تاریکییەکەوە وردە وردە دەهاتنە بەر رووناکی لەرزوکی چراکە ... هەندێکیان تازە لە کێڵگەکان گەڕابوونەوەو کۆڵەکانیان هێشتا پێ بوو . بلووزی درێژو سپی چوونەیەکیان لەبەر بوو. چەقەچەقی دێهاتی و بۆنی قیرئارەق و گیای تازە درەو کراویان لەگەڵ خۆیانا هێنا : سلاموڵێك جەماعەت ....؟

– ئەهای ئەهای کوڕە ئیڤان ! بێرە پێشەوە ، بێرە پێشەوە ، با لەبەررۆشنایی یەکە سەروفەساڵت ببینم . سەیر سەیر خزمینە زەردەواڵە چ گاڵەیەکی پێ کردووە . خۆ خزمە من بینیم کە هەڵدەهاتی و زەردەواڵەکان تێت دەئالان ....

– ئاڵچاخ بۆ گیایەکەی منت رنیوە ؟

– گیای تۆ! ئەوە بەڕاستتە! من بەبست لە ئاقاری خۆم دەرنەچووم ، ئێمە پێویستمان بە ماڵی خەڵکی نییە ، شوکر بە زیادیشەوە بەشی خۆمان هەیە .

– کوڕە ئەمن ئەنگۆ چاك دەناسم ... ئەتۆ چاو چاو ، دەڵێ بەزیادەوە بەشی خۆمان هەیە ! ساڵی ئەو ساڵ بەرازەکانتان لە باخەکەی ئێمەدا بوون، هێشتاش جەنابی بەزیادە بەشی ... !

پیاوێکی کەلەگەتی چوارشانەی یەك چاو کە چاوی لە تاریکی یەکەدا دەبریسکایەوە ، لە پشت خەڵکەکەوە هات و وتی : هاوڕێیانی چاگویفکا دەڵێن ژاپۆنی یەکان پێری گەیشتوونەتە ساندوگا ، قوتابخانەکەیان داگیرکردووەو کەوتوونەتە ئازاردانی ژنەکان . ژنانی روس ... ئای زۆڵینە ! کابرا بە نەفرەتەوە تفێکی رۆکردە سەرزەوی و بە جۆرێ دەستی راوەشاند ، دەتووت داران دەشکێنێ .

– دڵنیابن دەگەنە ئێرەش !.....
– ئەمە چ نسیبەتێ بوو یەخەی گرتین !....
– ئێمەی جوتیار چ رێ یەکی نەجاتمان نیە ...
– زیان و زەرەری کوشندە هەر بەشی ئێمەیە ، بریا ئەم جەنگە زوو دەبڕایەوە .
– مەسەلەکە ئەوەیە کە چ دەرەتانێکمان نیە، جا بۆیە ئێرە یا دەبێ بە گۆرمان یا تابووتمان .
ڤنسون بە بێدەنگییەوە گوێی بۆ قسەکان رادەدێرا . کلاوێك و ردێنێکی سوورو پووتێکی تا ئەژنۆ درێژ کالای بالای ڤنسونی پێك دەهێنا . جوتیارەکان ڤنسونیان تەواو فەرامۆش کردبوو ، بەلام ڤنسون کە ئەم ئاوازە ناسازانەی دەبیست پێشبینی مەترسیەکی مسۆگەری دەکرد ، مەترسییەك کە هەر خۆی هەستی پێ دەکرد ڤنسون لە دلی خۆیا وتی : وەزعێکی خراپە ... زۆر خراپ . پێویستە سبەی بەیانی زوو نامەیەك بۆ ستاشنسکی بنووسم ... پێ ی بلێم لەهەر شوێنێ بووە بریندارەکان بشارێتەوە . پێویستە پاسدارەکانمان بەهێز بکەین .... ئەمجا سەرلقەکەی گازکرد : باکلانوف ! دەقەیەك . بزانە ... وەرە پێشترەوە پێم وایە دەبێ مشورێکی عەمارەکە بخۆین و حەرەسێکی بۆ دابنێین . هەروەها دەوریەکی سوارە تا دەوروبەی گریلوفکا بنێرین ... بەتایبەتی شەوان ، ئێمە تا ئێستا زۆر خەم ساردبووین .
باکلانوف سەرەتاشراوەکەی بەلای ڤنسون دا وەرگێڕا . شلەژان و زرینگی لە چاوە پڕ گومان و بچوکە تاتاریەکانییەوە شەپۆلی دەدا . بە ترسەوە پرسی : مەسەلە چی یە ؟ خەتەرێ لە گۆڕێ دا هەیە ؟ یا مەسەلەیەکی دی یە ؟ ڤنسون بە شۆخی و خۆشەویستی یەوە وتی : برادەری ئازیز شەڕە شەڕ لە کاتی شەڕیش دا خەتەر هەمیشە لە گۆڕێ دایە . ڤنسون بە جۆرێکی چاوەڕوان نەکراو پێکەنی و سیخورمەیەکی بە قەبرغەی باکلانوفدا کێشا : جەنگ زۆر جیاوازترە لەوەی ماروسیا ببەیتە نێو خەرمانی پوش و لەگەلیا رابوێری ، هاوڕێ ی عەزیز .
باکلانوف وەکو یەکێك ختوکەی بدەی لە پڕ کەوتە سەرکەیف و دەستی ڤنسونی گرت و وتی : ئەی فێلباز ، بەڕاستی زۆر زانی . ئەمجا دەستەکەی تری ڤنسونی بەپشتا باداو بەسەر پلەکاندا پالی پێوەناو بە شۆخی یەوە بولاندی: خۆت گیل مەکە – ناتوانی لە دەستم دەرچی . ڤنسون کە خەریك بوو بە ئاسپایی دەکەتە سەر زەوی گوتی: بڕۆ، بڕۆ ماروسیا گازت دەکا ، واز لەمن بێنە ئیبلیس! نابێ لەنێو شورادا بەم جۆرە رەفتارم لەگەل بکەی .
– شانست هەبوو، دەنا تێم دەگەیاندی .
– بڕۆ بەلای ماروسیاوە ، چاوەڕێتە .
باکلانوف هەستایە سەرپێ وپرسی : وتت یەك حەرە س؟
ڤنسون بە نیگای پڕ لە پێکەنینەوە لە دوواوە سەیری دەکرد . جوتیارێك وتی : بەڕاستی سەرلقەکەت پیاوێکی تەواوە ، نەجگەرەکێشە نە مەشروب خۆرە ، لەمانەش گرنگتر گەنجە . پێرێ بۆ بەرۆکی ئەسپ هاتە مالی ئێمە ، هەرچیم لەگەل کرد کە پێکێ ڤودگا بخواتەوە ، ملی نەدایە خەت و وتی : نەخێر ، مەشروب خۆرنیم ، گەر دەتەوێ میوان داریم بکەی ئەوا

هەندێشیرم بدەرێ ، حەزم لە شیرە وەکو منداڵ نانەکەی گوشەیە کاسەیەکەوە و شیرەکەی بەسەرا کردو خواردی ، بەراستی پیاوێکی زۆر چاکە . کۆمەڵە پارتیزانێك لەنێو خەڵکەکەوە پەیدابوون، لوولەی تفەنگەکانیان دەبریسکایەوە. پارتیزانەکان پێکەوەو لە کاتی خۆیدا گەینە جێ . پاشان مەعدەنچی یەکان بەرێبەری تیمون دیبوف ی کۆنە مەعدەنچی هەرێمی ساچان و سەرد دەستەی ئێستا هاتنە ژوورەوە .

ئەوانیش چوونە نێو حەشاماتەکەوە ، حەشاماتەکە وەکو پورەی هەنگ تێکەڵ بووبوون . تەنیا ماروسکا نەبێ بەتاقی تەنێ و بەخەمبارییەوە لەسەر کورسیەکی پاڵ دیوارەکە دانیشتبوو .

دویوف کە لڤنسونی بینی، وەکو یەکێك لە مێژ بێ هاوڕێ یەکی خۆشەویستی خۆی نەدیێ، بەخۆشحاڵییەوە هاواری کرد: ئاھ ئەوە تۆیش لێرەی؟

دوبوف بە دەستە لیرو زبرەکەی دەستی لڤنسونی گوشی و بە ئەسپایی پرسی ئەرێ ئەو هاوڕێ مەعدەنچی یە چ خەتایەکی کردووە؟ کە لڤنسون مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە ، دوبوف بە حەماسەوەوتی : تەمێ ی بکە دەرسێکی وای بدەرێ کە ببێ بەپەند بۆ ئەوانی تریش .

پیاوێکی گەنج بە نێوی سیسکین کە کڵاوی قوتابی لەسەر بوو، جووتێ پوتی بریقەداری لە پێ بوو، بەسەدایەکی دڵفرێنەوە وتی : دەبووایە زۆر زوو تر تەمێمان بکردایە، هێزەکەمانی بەدناوکردووە .

دوبوف بێ ئەوەی تەماشای سیسکین بکات، قسەکەی پێ بڕی : کەس داوای رای تۆی نەکردبوو . سیسکین لێوی هەڵقورتاند و بەرەنجاوییەوەو بەرقەوە سەیری دوبوفی کرد. بەڵام کە بینی لڤنسون مۆرەی لێ دەکات ، پێچێکی کردەوە و خۆی لەنێو حەشاماتەکەدا ون کرد.

دوبوف بە توندی پرسی : ئەو حەشەرەیەت بینی ؟ بۆ لە هێزەکەی خۆت دا جێت کردووەتەوە ، دەڵێن لەسەر دزی لە قوتابخانە دەریان کردووە .

لڤنسون وتی : نابێ باوەڕ بە هەموو پرۆپاگەندەیەك بکرێ . ریابیتس بە شڵەژاوی یەوە دەستەکانی دەجوڵاند ، باوەڕی نەدەکرد ئەم هەموو خەڵکە لەبەرخاتری بێستانە پوش گرتووەکەی ئەو لێرە خڕ ببنەوە، لەبەر هەیوانەکەوە گازی کرد، هاوڕێ فەرماندە با بچینە ژوورەوە ناکرێ تا بەیانی دانیشین ....

ژوورەکە گەرم بوو، دووکەڵی سەوز باوی سیغار قانگی دابوو . کورسی کەم تێدابوو، جووتیارو پارتیزانەکان لەنێو رارەوو ژوورەکەدا پێکەوە نووسابوون. ئەوەندە قەرەباڵخ بوو کە لڤنسون لە پشتەوە هەستی بە هەناسەی هەندێکیان دەکرد .

ریابیتس بە خەمبارییەوە گوتی : ئوزیب ئابرامچ دەست پێ بکە . ریابیتس هەم لەبەر خۆی و هەم لەبەرکاکی فەرماندە نیگەران بوو: هەموو ئەم بەزم و رەزمەی بەهەراو هوریایەکی نا پێویست و بێ ئەنجام دەهاتە بەرچاو .

ماروسکا بەچاوی مۆن و رووی گرژەوە جێ ی خۆی لەنێو دەرگا وازەکەدا کردەوە و لە تەنیشت دوبوفەوە وەستا . لڤنسون تاکیدی لەسەرئەوە دەکرد کە هیچ کاتێ لە پێناوی کاری

تایبەتی دا کەسی لەکارنەکردووە. خۆ ئەگەر کارێکیش پێوەندی بەهەموو لایەکەوە بووبێ ، واتە بە جووتیاران و پارتیزانانەوە ئەوا ئەنجامدانی کارێکی پێویستە و کەس گلەیی ناکات .
لڤنسون بە زمانی سادەی جوتیاران قسەی دەکرد و لەسەر وشەکانی رادەوەستا ، ئەنجام وتارەکەی خۆی بەم رستەیە کۆتایی پێ هێنا: بریارەکانی دی لەلای خۆتانە لڤنسون بە ئاسپایی لەسەر کورسیەکەی دانیشتەوە ، ئیدی بوو بە جەستەیەکی لەبیرچوو و چەشنی گڕی مۆمێك دامرکایەوە . وازی لە شوورا هێنا تا بەخۆیان مەسەلەکە بڕێننەوە . زۆربەی ئامادەبووان لەیەك کاتدا دەستیان بە قسان کرد، زۆربەیان بە دوو دڵی یەوە کەوتنە باس و خواسی کاروباری لاوەکی و لە گفتوگۆکە دوورکەوتنەوە. کە حەشاماتەکە کەوتنە باس و خواس، قسەکانیان گەلێ نامەفهوم بوو . زۆربەی قسەکەران جوتیاربوون . بۆیە پارتیزانەکان داوایان کرد رێ ی قسەکردن بەوانیش بدەن .
پیرەمێردێك بەناوی یفستافی . سیما ژاکاو ردێن بۆز، بەجۆرێ پەنجە لاوازەکانی رادەوەشاند دەتووت یەکێك ئامۆژگاری دەکات . زۆر جدیانە کەوتە منگ منگ: نا ئەمە ڕاست نیە .ئێستا دەوروزەمان گۆڕاوە. لە زەمانی تزار نیکولای دا خەڵکیان لەسەر ئەم جۆرەشتانە بە بازاڕو کۆلاناندا دەگێڕا . شتە دزراوەکەیان بە ئەستۆی دزەکەوە دەبەست و بەتەنەکە لێدان دووی دەکەوتن و شەقام بە شەقام دەیان گێڕا . پیاوە چوارشانەیەك چاوەکە هاواری کرد زەمانی تزار زیندو مەکەنەوە ! کابرا دەیویست دەست راوەشێنێ ، بەڵام قەرەبالغی یەکە دەرفەتی نەدا بۆیە پتر رقی هەستا : تزار مردوو بڕایەوە ، مێملێکمان لە کوڵ بووەوە ! بەڵام مەخابن عەقڵ و هەستی هەر یەکێکتان تزارێکە بۆ خۆی .
پیرەمێرەکە بە لاساری یەوەدووبارەی کردەوە : زەمانی تزار بێ یا غەیری تزار ، ئێمە دەبێ نان بە هەموو دەستەکانیان بدەین . بەڵام خۆ بۆ دز بەخێوکردن لێرە دانەنیشتوین .
پیاوەیەك چاوەکە بە دەم ئیشارەت کردنەوە بۆ کوڕی پیرەمێردەکە کە لەم دەساڵەی دوایی یەدا خۆی گوم کردبوو ، وتی : بێگومان تۆ خۆت یەکێکی لەو دزپەروەرانە، دەناکێ وتویەتی دز پەروەردە بکەین ، کەسێش دز ناحەوێنێتەوە. ئەم بەستەزمانە شەش سالی رەبەقە دەجەنگێ ، خۆ دنیا کاول نەبوو کە ئیشتیای چووە سەرکاڵەك و چەن کاڵەکێکی کردووە !
.پێویستە یاسایەکی نوێ دابنێین . جوتیارێکی دی کە دەیویست لەچەند وچوونی مەسەلەکە تێ بگا پرسی: باشە لۆ ئەو کارەی بە دزی یەوە کردووە ؟ جا بۆچیش! بۆ کاڵەکی بێ ئەهمیەت . خۆ بهاتبایە کن من ، یەك سەتڵێ کاڵەکم دادەیێ و هەر بە خەیاڵیشمدا نەدەهات .
ئێمە کاڵەك دەدەینە بەرازەکانمان ئێدی چۆن لە پیاوێکی باشی مەنع بکەین !
قسەی جوتیارەکان چ شەقڵێکی تورەیی پێوە دیارنەبوو ، زۆربەیان رازی بوون بەوەی مەسەلەکە بەپێ ی یاسای نوێ بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە، چونکە قەناعەتی تەواویان هەبوو کە یاسا کۆنەکان بێ کەڵکن .
جوتیارێکی دی هاواری کرد: با ئێمە خۆمانی تێ هەڵنەقورتێنین، لێ گەڕێن با ریابیتس مەسەلەکە لەگەڵ خۆیاندا چارەسەر بکات . لڤنسون لە جێ ی خۆی هەستا ، چەند جارێك

پەنجەی بە مێزەکەدا کێشا، ئەوجا بەکاوەخۆ بەجۆرێ کە دەنگی بگاتە هەمووان وتی هاوڕێیان بێ زەحمەت یەك یەك قسان بکەن، ئەگەر هەموو پێکەوە قسان بکەین شیرازەی کارەکەمان دەپچڕێ و هیچ بە هیچ ناکەین، ئەوە کوا ماروسکا ؟ وەرە ئێرە ! بە جۆرێ ماروسکای گازکرد کە هەموو حەشاماتەکە ئاوڕیان بۆ لای ماروسکا دایەوە ، ماروسکا بە دەنگی بەرز وەلامی دایەوە ، شوێنەکەم باشە .

دوبوف سیخورمەیەکی لە ماروسکا داو گوتی : هەستە بڕۆ !

ماروسکا دوو دڵ بوو . لڤنسون کەمێك بە پێشا دانەوی یەوە ، نیگای چاوەکانی ماروسکای بەنج کرد، وەك چۆن گازێك مێخ لە دیوار دەرێنێ بەو جۆرە نیگای لڤنسون ماروسکای لەنێو قەرەباڵغی یەکە هێنایە دەرێ. ماروسکا بە ئانیشك دڕی بە حەشاماتەکەداو بەمل کەچی و چاوشۆڕی بەرەو مێزەکە چوو ، ئازای گیانی لە ئارەق هەڵکشابوو، دەستەکانی دەلەرزین، هەرچەند سەدان چاوی پرسیار ئامێزی تێ برابوو بەلام هەرسەری هەڵبڕی ، چاوی لەسەر سیمای گرژو توکنی گونچارینگو گیرسایەوە . سیمای گونچارینکو جدی و دڵسۆزانە بوو، ماروسکا نەیتوانی تەماشای بکا ، سەری بەلای پەنجەرەکەدا وەرگێڕا ، چاوی بڕییە ئاسمانی خاڵی و لێڵ ، بەبێ جوڵە لەجێ ی خۆی وەستا لڤنسون بەدەنگێك کە دەگەیشتە ئەوانەی بەرهەیوانەکەش وتی : بەیارمەتیتان با ئەم مەسەلەیە چارەسەربکەین ، کێ قسەی هەیە ؟ تۆ بابە ؟

یفستافی بە شڵەژاوی وەلامی دایەوە : نەخێر هەروا لە بەینی خۆماندا قسەمان دەکرد.

جوتیارەکان هاواریان کرد: ئێمە چ قسەیەکمان نیە ، بەخۆتان مەسەلەکە چارەسەربکەن .

دوبوف کەهەوڵی دەدا رقەکەی دامرکێنێتەوە، لە پڕ هاواری کرد : سەبرکە بابە . بەیارمەتیت با من قسان بکەم! دوبوف لەو دەمەدا کە تەماشای یفستافی دەکرد، لە بری بابە یفستافی بە بێ ئیختیار بە بابە لڤنسون گازی کرد. ئاوازی دەنگی دوبوف سەرنج راکێش بوو ، بۆیە حەشاماتەکە خڕ روویان بەلای ئەودا وەرگێڕا .

دوبوف بە پاڵەپەستۆ دڕی بە حەشاماتەکەداو بەرەو مێزەکە چوو، لە تەنیشت ماروسکاوە وەستا. هەیکەلی زەلامی دوبوف بەردەم لڤنسونی گرت. دوبوف کەمێ دانەوییەوە ، بەڕقەوە هاواری کرد: ئێوە واتان پێ چاکە کە خۆمان مەسەلەکە چارەسەربکەین ! بەپەلە ئاوڕی لە ماروسکا دایەوەو چاوە ئەبڵەق و ئاگراویەکانی تێ بڕی : تۆ دەڵێ ی یەکێکی لە ئێمە – یانی بابایەکی مەعدەنچی ؟ بەگازندەو تورەییەوە پرسی: ئەهای دووڕە، کوڕە بێ وەفاو نمەك حەرامەکەی ساچان ! لەخۆت ناگری یەکێك بێ لە ئێمە ؟ دەتەوێ دزبی ؟ تۆسەری هەموو مەعدەنچیەکانت شۆڕکردووە! زۆر باشە ئێمەش ئێستا کارەکە یەك لایێ دەکەوینەوە ! قسەکانی دوبوف وەکو هاڕەی داروخانی کانە زوخاڵ بێدەنگی یەکەی شڵەقاند . ماروسکا رەنگی بوو بوو بە جاوی سپی ، جڵەوی فرمێسکەکانی بۆ نەدەگیرا بە دڵی خەمگین و رەنجاوەوە سەیری دوبوفی دەکرد. دوبوف دووپاتی کردەوە، زۆر چاکە ، دزی خۆت بکە ئێمە

دەرت دەكەین بابزانین بەبێ ئێمە چ كارێك دەكەی ! دوبوف لەپڕ قسەكەی بڕی و بەرەو لای لڤنسون كشایەوە، یەكێك لە پارتیزانەكان هاواری كرد: كێ دەردەكەن؟
دولوف هەنگاوێك چووە پێشەوەو بۆڵەیەكی كرد: چی ؟
دەنگێكی منگن و كز لە گۆشەیەكی ژوورەكەوە گەییە كوێ: كوڕینە مەحز بۆ رەزای خوائەوەندە بەتوندی مەی گرن . لڤنسون لە دوواوە قۆڵی كراسەكەی دوبوفی راكێشاو گوتی : دوبوف كەمێ لەولاترەوە بوەستە بەچاوت گرتووم ....
دوبوف لە پڕ هێور بووەوە ، شەرمەزارانە چاوی دەتروكاند .
گونچارینكو بە قژەتاوەسووتەكەیەوە سەری هەڵبڕی و بەدەنگی بەرز هاواری كرد : چۆن كابرایەكی گەوج لە خۆمان دووربخەینەوە هەڵبەتە نامەوێ بەرگری لێ بكەم ، چونكە كارەكەی هی ئەوە نیە بەرگری لێ بگرێ، بەهەرحاڵ كارێكی ناجۆر و ناشیرینی كردووە ، من من بەشی خۆم سەرزەنشتم كردووە ، بەڵام ئێوە بیبەخشن – لە شەڕدا پارتیزانیكی چاكە، پێكەوە لە بەرەی ئاسووریدا شەڕمان كردووە ، كابرا یەكێكە لە خۆمان و قەت خیانەتمان لێ ناكات .
دوبوف بەتاڵی یەوە گوتی: یەكێكە لە ئێوە ! بەڵام لە ئێمە نیە ؟ ئێمەش پێكەوە لە تونێلێكی دوزەخ ئاسادا كارمان كردووە . سێ مانگی رەبەق لەژێر یەك پاڵتۆدا خەوتووین .
دوبوف لەپڕ قسە حەقەكەی سیسكینی بیركەوتەوەو بەبۆڵەبۆڵەوە وتی : هەر هەرچی و پەرچیەك راست دەبێتەوە دەیەوێ لێمان ببێ بە مامۆستا !
گونجارینكو ئەم توانجەی دووایی دوبوفی بردە سەرخۆی ، ئەمجا مۆریەكی لێ كردو وتی : من واتێ دەگەم نەدەتوانین چاوپۆشی لە هیچ شتێ بكەین و نەدەتوانین هیچ كەسێكیش دەربكەین !ئێمە مافی ترۆكردنی ئەندامانی خۆمان نیە. بەڕای من پێویستە ئەو شتە لەخۆی بپرسین! دەستە زل و زبرەكانی بەجۆرێ رادەوەشاند وەك بیەوێ لایەنی دروستو نا دروستی رایەكەی خۆی لێكتر هەڵاوێرێ دروستە با لە خۆی بپرسین ، لێگەڕێن با خۆی پێمان بڵێ ئەوساكە هەموومان حاڵی دەبین كە ئاخۆ یەكێكە لە ئێمە یان نا .
دوبوف كە دڕی بەخەڵكەكە دەداو خەریكی گەڕانەوە بوو، لە رارەوەكەدا هەڵوەستەیەكی كردو سەراپای ماروسكای دایە بەر نیگای پشكێنەر.
ماروسكا كە قامكە ئارەق كردووەكانی بەسەر بلووزەكەی دا دەهێنا ، بە شلەژاوی لە نیگای دوبوف ورد بووەوە.
– بزانم دەتەوێ چ بڵێ ی !
ماروسكا بە تیلەی چاو سەیرێكی لڤنسونی كرد و دەمی هەڵێنا ، تۆ بەراستی لات وایە كەمن .... دەستبەجێ زمانی چووە كلیلە نەیتوانی مەبەستەكەی بە وشە بسپێرێ و بیدركێنێ .
خەڵكەكە هانیان دەدا كە درێژە بەقسەكەی بدات : بڵێ، بڵێ !
– تۆ لات وایە كەمن دەتوانم .... شتێكی ئاوها ... هەمدیس وەستا، ئیشارەتێكی بۆلای ریابیتس كرد و لەسەری رۆیی : زۆر چاكە ، ئەو گوندۆرانە... تۆ لات وایە ئەگەر تۆزقاڵێ بیرم بكردایەوە ... ئەو كارەم دەكرد .... بێت وایە ئەو كارە لە رووی نەگریسیمەوە بووبێ ؟ كە

منداڵ بووین درزیمان دەکرد – تۆ خۆت چاك دەزانی ... هەڵبەتە منیش دەزانم ... دوبوف گوتەنی من سەری هەمووتانم شۆڕکردووە بەڵام ئاخۆ من دەتوانم، برایان ... دووا وشەکان لە قوڵایی دڵیەوە دەردەچوون. کەمێك سەری داخست و دەستی خستە سەرسنگی خۆی و تیشکێکی گەرم و هێدی لە چاوییەوە بریقایەوە .... منێك کە ئامادەم هەموو دڵۆپە خوێنێکم فیدای یەك بە یەکی ئێوە بکەم، چۆن ناتوانم نەبمە مایەی شەرمەزاریتان !

هەندێ دەنگی بێگانە لە دەرێ را ڕژایە ژوورەکەوە: سەگێك لە دوورەوە دەوەڕی ، کیژانی ئاوایی دەسترین ، لە ماڵی کەشیشەکەوە دەنگێکی بەڕیتم و ئاهەنگ و توند و قایم دەگەیشتە گوێ . لەبەری قەباغەکەوە دەنگی ناڵەیەکی دوورو درێژ بیسترا ...

دەنگی ماروسکا هێشتا هەمان هەڵچوون و شڵەژانی پێوە دیاربوو. ماروسکا مەحکەم تر بەڵام ریاکارانە تر قسەی دەکرد: باشە چۆن خۆم تامێ خواردووبکەم ؟ من تەنیا گفتی کرێکارانەتان دەدەمێ کە چیدی ئەو جۆرە کارانە نەکەمەوە ...

لڤنسون پرسی : ئەدی ئەگەر گفتەکەت نەبردە سەر ؟

ماروسکا لەبەردەم حەشاماتەکەدا تەریق بووەوە ، بەروویەکی گرژەوە وتی: من قسەی خۆم ناشکێنم .

– ئەدی ئەگەر شکاندت ؟

– ئەگەر شکاندم ، چیتان پێ خۆشە وام لێ بکەن .... حەز دەکەم تیربارانم بکەن ...

دوبوف رقەکەی نیشتبووەوە ، تروسکەی شادی لە چاوانی دەباری ، بە پێکەنینەوە وتی : بەڵێ ئەوجا تیربارانت دەکەین !

خەڵکەکە لە جێ ی خۆیانەوە هاواریان کرد. باشە ئیدی تەواو. جوتیارەکان بە کۆتایی هاتنی ئەم کۆبوونەوەیە دوورودرێژە خۆشحاڵ بوون ، کەوتنە دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵب : باوکم قسە هەزارەوە دووانی بەکارە .

– کەواتە ئەمە بڕیارەکەمان بوو ،، چ پێشنیازێکی دیتان نیە ؟.

پارتیزانەکان کە تەواو وەڕس ببوون تێکرا هاواریان کرد: دەبەسە تەواوی کەن ، تاقەتمان چوو برسیمانە –ئاگاتان لە قۆڕەقۆڕی سکمان نیە !؟

لڤنسون دەستی هەڵبڕی، چاوێکی بەسەر حەشاماتەکەدا گێڕا وتی : کەمێ سەبرکەن ، ئەوە مەسەلەیەکمان چارەسەرکرد ، بەڵام یەکێکی دی ماوە

– ئەویان چی یە ؟

لڤنسون سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و بەرووخۆشییەوە وتی : پێم وایە پێویستە بەیانێك دەربکەین ، بەڵام حەیفێ سکرتێرمان نیە ، ئادەی سیسکین بنووسە : (بەیانەکە : کە چالاکی عەسکەری دەوەستێت ، دەبێ پارتیزانەکان لە بری پیاسەکردن بچنە کێڵگەکان و یارمەتی جوتیاران بدەن، با ئەو یارمەتییە کەمیش بێت ....)

لڤنسون بە جۆرێ قسەی دەکرد وەك بڵێ ی بەڕاستی باوەڕی وایە دەبێ پێشمەرگەکانی یارمەتی جوتیاران بدەن . یەکێ لە جوتیارەکان وتی : بەڵام خۆ ئێمە ئەم چەشنە داواکاریا –

نەمان نیە . لڤنسون لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە : ئەوانی دی رازین . جوتیارەکانی دی قسەی جوتیاری یەکەمیان بڕی‌و بە ناڕەزایی یەوە بە رووبا هەڵشاخان : تۆ قسان مەکە بۆ خۆت گوێ بگرە ، واز بێنە با کۆمەکمان بکەن — دەستی کەرەم ناگێڕدرێتەوە .

لڤنسون دووا بە دووای بەیانەکە وتی : هەوڵ دەدەین یارمەتیەکی تایبەتی ریابیتس بدەین .....

جوتیارەکان بە ناڕەزایی و هەڵچوونەوە هاواریان کرد: جا بۆ تایبەتی بابم ؟ خۆ هەموو کەسێ دەتوانێ کوێخایەتی بکا، کارێکی گەلێك زەحمەت نیە ....

– بەسە بەسە رازین .. بنووسە .

پارتیزانەکان بێ ئەوەی گوێ بە فەرماندەکانیان بدەن هەستان ولە ژوورەکە چوونە دەرێ ... پیاوێکی توکنی لووت باریك بەپەلە بەرەو پیری ماروسکا چوو لەگەڵ خۆیدا بەرەو دەرگا رای کێشا . بەدەم خشەخشی سۆڵەکانی یەوە وتی : ئەهای ڤانیا کوڕە باشەکەم . رۆڵەکەم چڵمن !...

پیاوە توکنەکە کڵاوەکەی لارکردەوەو دەستێکی لەناوقەدی ماروسکا ئاڵاند و بەنیمچە سەماوە بەرەو هەیوانەکە دای کێشا .

ماروسکا کابرای لەخۆی دوورخستەوە وتی : بڕۆ بۆ خۆت بڕەقسە. لڤنسون و باکولانوف بە هەشتاو بەتەنیشت ئەواندا تێپەڕین . باکلانوف بە دەم دەست جولاندنەوە وتی : ئەم دوبوفە بەقەد گایەك بەکارە ! هەقە نیە بەرامبەر لە گونچارینکو بگرێ . بەڕای تۆ کامیان براوە ئەبن ؟

لڤنسون لە دەریای بیری خۆی دا بوو، ئاگای لە قسەکانی باکلانوف نەبوو، بەدەم ڕێ کردنەوە پێیان بە خاکی نمداری جادەکەدا رۆدەچوو. ماروسکا لەوانی دی دوواکەوت . دووا دەستەی جوتیارەکانی پێ گەیشتەوە . جوتیارەکان ئەوەندە بە نەرمی گفتوگۆیان دەکرد دەتووت لەسەر ئیش دەگەڕێنەوە نەك لە شوورا . پەنجەرەی رووناکی کەوێڵەکان بە شێوەیەکی دڵڕفێن و جوان چاوشار — کێیان لەگەڵ گردۆڵکەکاندا دەکرد و خەڵکەکەیان بۆ شێوکردن بانگ دەکرد . چۆمەکە لەتەما دیارنەبوو ، هاو ئاواز لەگەڵ دەنگی سەدان قوڵێنگ دا گۆرانی دەچڕی .

ماروسکا وردە وردە دەچووەوە دۆخی ئاسایی جارانی . کتوپڕبیری کەوتەوە کە میشکا هێشتا ئاونەدراوە .میشکا هەرکە بۆنی خاوەنەکەی کرد ، بەڕقەوە کوڕماندی، دەتگوت دەڵێ : ئەوە بەئەستۆی وردت تا ئێستا لە کوێ بووی ؟ ماروسکا لەنێو تاریکی یەکەوە بە لەپەکوتێ دەستی گەیاندە یاڵی بژی ئەسپەکەو لە تەویلەکە بردی بە دەرێ .

کە میشکا لمۆزی تەڕی لە ئەستۆی ماروسکا هەڵسوو، ماروسکا سەری دایە دوواوە وتی : دیارە تۆش خۆشحاڵی ، هەی حیلەباز ، تەنیا حیلەبازی چاك دەزانی ، ئەوجاش هەردەبێ من لە بڕی هەردووکمان وەڵام بدەمەوە ....

-٦-

لڤنسون

هێزەکەی لڤنسون مانگێك پتر بوو کە لە ئیسراحەت دابوون ئەم ماوەیە هەندێ گالیسکەو ئامانی ئاشخانەو چەند ئەسپێکی ئامادە کردبوو کە فیرارە شڕپۆشەکانی لقەکانی دی چاویان تێ بڕی بوو، ئەو فیرارانەی کە گوێ رایەڵ ترین خەڵك بوون. پارتیزانەکان لە رادەبەدەر پشوویان دابوو، ئەوەندە تەمەڵ بوو بوون تەنانەت لە ئێشك گرتنیشدا دەخەوتن، لڤنسون لەبەر ئەوەی هەندێ هەواڵی سەیری پێ گەیشتبوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی تا زووە ئەم هێزە ئەستوورە بجولێنێ. حەقیقەتە تازەکان بۆنی خەتەریان لێ دەهاتو بیرە سامناکەکانی مێشکی لڤنسونیان دەچەسپاند. لڤنسون چەند جارێ گلەیی ئەوەی لە خۆ کرد کە پیاوێکی کەمتەرخەمو لیبراڵە — بەتایبەتی ئەو دەمەی کە ئاشکرا بوو ژاپۆنییەکان لەکریلوفکا دەرچوونو دەورییەکانی ئەم"لڤنسون" نەیانتوانی بوو لەدووری چەند میلی کریلوفکاوە پێوەندی بە هێزەکەیەوە بکەن.
بە هەر حاڵ جگە لە ستاشینسکی کەس کەس ئاگای لە بێ ورەیی لڤنسون نەبوو. هیچ پێشمەرگەیەکی هێزەکە رێی بە خۆی نەدەدا وا بیر بکاتەوە کە رەنگە لڤنسونیش دوو دڵ بێ، چونکە لڤنسون بیرو هەستو رازی خۆی بۆ کەس دەرنەدەبڕی. وەڵامەکانی هەمیشە بریتی بوون لە (بەڵێ)، (نەخێر). لڤنسون بەلای هەموویانەوە —جگە لە پیاوانی وەك دوبوف، ستاشینسکیو گونچارینکو کە نرخی راستەقینەی ئەویان دەزانی— کابرایەکی زۆر بە جەوهەرو بێ وێنە بوو. هەموو پارتیزانەکان بە تایبەتی باکلانوف لاو هەوڵیاندەدا لە رەفتارو هەڵسو کەوتیاندا لاسایی لڤنسون بکەنەوە. پارتیزانەکان وا بیریان دەکردەوە: هەڵبەتە من لاوازی زۆرم هەیە، خەتابارم، گەلێ شت نازانم، زۆر جار خوم پێ کۆنترۆڵ ناکرێ، ژنێکی خۆشەویست و دڵسۆز یا نەوبووکێکم لە ماڵیدایەو ئارەزووی دیداری دەکەم، من حەزم لە گوندۆرەی شیرین و نانو شیرە، حەز دەکەم قۆندەرەی بریقەدار لەپێ بکەم، تا نیوەشەو سەما بکەمو دڵی کیژانی گوند بفڕێنم. بەڵام لڤنسون —مرۆڤیکی سەیرە! چ پیاوێکە! پیاوێکە بنیادەم ناتوانێ ئەم چەشنە گومانانەی لێ بکات. لڤنسون کارامەیەو هەموو شتێ دەزانێ،هەموو کارێك بە دروستی ئەنجام دەدات، وەکو باکلانوف دوای کیژان ناکەوێ، وەکو ماروسکا گوندۆران نادزێ، تەنیا یەك شتی لە خەیاڵ دایە

ئەویش کارەکەیەتی. مرۆڤ ناتوانیٚ باوەڕی پیٚ نەکات، ناتوانیٚ گویٚ رایەڵی نەبیٚ، بۆ؟ چونکە پیاوێکی پیاوانەو راستو بیٚ غەلو غەشو کەموکوڕییە!
لەو رۆژەوە کە بە فەرماندە هەڵبژێردرا، هیچ پارتیزانێك نەی توانیبوو جگە لەو شێوەیە بیهێنێتە بەرچاوی خۆی: بەڕای پارتیزانەکان هەر بۆ فەرماندەیی خوڵقابوو. خۆ ئەگەر لڤنسون بۆی بگێڕانایەوە کە چۆن باوکی کۆنەفرۆش بووەو ئەم بە منداڵی یارمەتی داوە، چۆن باوکی هەموو خەمێکی ژیانی دەوڵەمەند بوون بووە، چۆن لڤنسون خۆی لە مشك ترساوە چۆن کەمانچەی خراپ لێداوە، ئەوە هیچ یەکێکیان باوەڕیان نەدەکردو بە شۆخییان دەزانی. بەڵام لڤنسون هەرگیز باسی ئەم شتانەی ناکرد، کە باس دەهاتە سەر ئەم شتانە بێدەنگ دەبوو، هەڵبەتە نەك بۆ شاردنەوەیان بەڵکو لەبەر ئەوەی کە دەیزانی هەموویان وەکو (کابرایەکی بە جەوهەرو بیٚ وێنە رێزیان دەگرت) لڤنسون کەمو کوڕیو بیٚ توانییەکانی خۆیو خەڵکانی دی چاك دەزانی. لڤنسون باوەڕی وابوو تەنیا ئەو کەسە دەتوانیٚ رێبەری کۆمەڵێك لە ئەستۆ بگریٚ کە بە چاکی بتوانیٚ کەمو کوڕیو خەوشەکانی خۆیان پیٚ بناسێنیٚ، هەروەها بە دڵو بە گیان هەولٚ بدات کەمو کوڕیو خەوشەکانی خۆی نەهێڵیٚ. بۆیە قەت ریٚی لە باکلانۆف نەدەگرت کە لاسایی ئەو بکاتەوە. چونکە سەردەمانیٚ ئەویش کە لە تەمەنی باکلانۆفدا بوو، بە هەمان شێوەی ئێستای باکلانۆف پەیڕەوی مامۆستاکانی خۆی دەکردو بەلایەوە خەڵکانێکی گەلێك پایەبەرزو بەرجەستە بوون. پاشان کە گەورەتر بوو بۆی دەرکەوت کە مامۆستاکانی بەو رادەیەش کە ئەو بیری لیٚ کردونەتەوە پایە بەرزو نموونەیی نەبوون. بەڵام لەگەلٚ ئەوەشدا زۆریان لیٚ رازی بوو. باکلانۆف تەنیا لاسایی هەڵسوکەوتو رواڵەتی لڤنسونی نەدەکردەوە. بەڵکو پەندو دەرسی لە سەرجەم ئەزموونەکانی، رەفتاری، شێوەی جەنگینو بەرنامەی کارکردنی وەردەگرت لڤنسون دەیزانی لەگەلٚ تێپەڕبوونی رۆژگاردا ئەو شێوازانە دەگۆڕێتو دەپۆکێتەوە. بەڵام ئەزموونەکانی باکلانۆفو هینەکانی ئەوی تێکەلٚ دەبنو دەوڵەمەند دەبنو بەیەك گرتنەوەی هەردوو شێوازەکە لڤنسونو باکلانۆڤ نویٚ دینە مەیدانەوە. ئەمە ئەو شتە بوو کە بەلای لڤنسونەوە بوونی هەم گرنگو هەم پێویست بوو.
لە سەرەتای مانگی هەشتو لە ئاخرۆ ئۆخری شەوێکی بارانیدا تەتەرێکی سوارە لە رێوە گەیشتەجیٚ، نامەیەکی لەلای سوخوڤ- کوڤتانی پیرەمێردەوە (سەرۆکی گشتی گروپی پارتیزانەکان) هێنابوو. سوخوڤ کوفتان لە نامەکەی دا نووسیبووی: ژاپۆنییەکان هەڵمەتیان بردۆتە سەر ئونوچینو، (شوێنی سەرەکی هێزی پارتیزانەکان)، شەڕێکی خوێناوی لە دەوروبەری ئیزڤستکوڤایا کراوەو سەدان پارتیزان تا دوواین هەناسە شەڕی قارەمانانەیان کردو بە خۆشی نۆ گوللەی بەرکەوتووەو لە یەکێك لە حەشارگە زستانیەکاندا -راودا- خۆی پەنا داوەو مەترسی مردنی لیٚ دەکریٚ.
گەرچی کابرای تەتەر یەکەم هەڵگری نامەکە بوو، کەچی هەواڵی شکستەکە زۆر بەخێرایی لەسەرانسەری ناوچەکاندا بڵاوبووەوە. هەر یەکێك لەو تەتەرانەی کە نامەکەی دەگەیاندە دەستی تەتەرێکی دی، وەکو ترسناك ترین هەواڵی سەرانسەری بزوتنەوە پارتیزانەکە باسی دەکرد.

ترس تەنانەت ئەسپە توکنەکانیشیانی داگرتبوو. ئەم حەیوانانە بەدەمی داچەقاوو چوار ناڵەی شێتانەوە، لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دی دەچوون و لە دوورەوە گەردەلوولی گڵ و خاك لە ژێر سمیاندا بەئاسمانا پەرت دەبوو، بە توندی جادە گڵەکانیان دەبڕی.
وەختێ لڤنسون نامەکەی وەرگرت، نیو سەعات لە نیوە شەو تێپەڕیبوو. نیو سەعات پاشتر دەستەیەك سوارە بە فەرماندەیی متلیستای شوان، کریلوفکایان بەجێ هێشت و یەکسەر بە پەلە کەوتنە سەر تولە ڕێگای پڕ پێچ و پەناکان و بە سیخوتەئالیندا هەڵەگەڕان تا هەواڵی خەتەرەکە بە بەشە سوپاییەکانی تری سوییاگینو رابگەیەنن.
پاش چوار ڕۆژی تەواو ئەوجار مەعلومات لە بەشە جۆراوجۆرەکانەوە کۆ کرایەوەو بۆ لڤنسون هات. هەر چەندە لڤنسون وڕو کاس بوو، پێ دەچوو پێشبینی شتی خراپ بکات، بەڵام لە ڕووا بە هەمان شێوەی هێمنی هەمیشەیی خۆی لەگەڵ پارتیزانەکاندا دەدوا. گاڵتەی بە باکلانۆف دەکرد، چونکە خۆی لە ماروسیای بێ سەروبەر هەڵدەسوو. کاتێ سیسکین لە ترسا دەلەرزی و لە پەنایەکەوە داوای لە لڤنسون کرد کە بۆ تەگبیرێك ناکا، لڤنسون بە ئەدەبەوە پەلەپیتکەیەکی بە نێوچاوانیدا کێشاو گوتی: خۆ ئەمە موشێن نییە.
رواڵەتی کارەکانی لڤنسون وای دەسەلماند کە لڤنسون ئاگای لە چۆنیەتی هەموو ڕووداوەکانەو دەزانێ چۆن کۆتاییان دێ، بۆیە هەموو پارتیزانەکان شتەکەیان بەلاوە خەتەرو نا ئاسایی نەبوو. چونکە بە خەیاڵی ئەوان لڤنسون دەمێکە نەخشەی دروست و بێ کەموکوڕی بۆ رزگارکردنیان کێشاوە. بەڵام راستیەکەی ئەمجۆرە پلانە لە مێشکی لڤنسوندا دروست نەببوو، بەڵکو وەکو قوتابیەك کە کوتوپڕ خۆی لەبەردەم هاوکێشەیەکی ئاڵۆزدا ببینێتەوە بە تەواوی پەشۆکابوو. چاوەڕێ بوو لە شارەوە هەواڵی بۆ بێ. کانی کوڤ پارتیزان هەفتەیەك پێش ئەم هەواڵە ترسناکە چوو بوو بۆ شار.
کانیکۆف (٥) ڕۆژ پاش هەواڵی شکستەکە، برسی و ماندوو لە شار گەڕایەوە، ردێنی زبرو تۆزاوی هەموو دەموچاوی داپۆشی بوو. وەك چۆن قژە سوورەکەی هیچ ئومێدێکی لێ نەدەکرا، بەو جۆرەش بێ موبالاتیەکەی هیچ موژدەیەکی خۆشی لێ بەدی نەدەکرا. بەدەم زەردەخەنەو بە لێهاتوویی وەرەق بازێکەوە دوو نامەی لەنێو جزمەکانییەوە دەرهێنا –گەرچی بە هیچ جۆرێ هەستی شادی لەلا نەبوو، کەچی نەیدەتوانی بێ پێکەنین قسان بکات– بەمجۆرە دەستی بە قسان کرد: لە شارا هەرا بوو، کریزلمان گیرا. ژاپۆنییەکان لە فلادیمێرا ئەلکساندەر فسکویەو لە ئولگادا هەڵیان داوە. هەموو خەڵکی ناوچەی ساچان ئاوارە بوون. شیرازەی کارەکان پچڕاوە! جگەرەت دەوێ؟ جگەرەیەکی قون سۆری دایە.
لڤنسون پشتی زەرفەکانی خوێندەوە، یەکێکیان خستە گیرفانییەوەو ئەوی تریانی هەڵپچڕی. ئەم نامەیە ئەو هەواڵانەی دەسەلماند کە کانینیکوف هێنابوونی. لڤنسون هەر چەندە بە رواڵەت شاد دیار بوو بەڵام بە ئاشکرا نا ئومێدی لە پشت پەردەی قسە رەسمیەکانییەوە بەدی دەکرا.
کانینیکوف بە هاوخەمییەوە پرسی: هەواڵێکی ناخۆش و خراپە، ها؟
–زۆریش نا. کێ ئەمەی نووسی– سیرخ؟

کانینیکوف سەری ئەرێی لەقاند.
لڤنسـون وتـی: پیـاو شـێوازەکەی دەناسـێتەوە، لـە نووسـیندا قسـەکانی بـەش بـەش دەکـات. بەشێوەیەکی تانە ئامێزو بە نینۆك خەتێکی بەژێر (بەشی چوارەمدا: ئەرکەکانی ئێستا) کێشاو بەدەم بۆن کردنی جگەرەکەوە وتی: توتنێکی خراپە، وانییە؟ شخارتە.
متلیستای شوان قسەکەی پێ بڕی و وتی: ئیدی وەختی مردنتە. متلیستا وەکو هەمیشە هەڵچوو و بە مشت کێشای بەسەر مێزەکەدا، دەموچاوە مەیلەو کونجەکەی لە ئارەقدا بریقایەوەو لەسەری رۆیی: هاپۆ کوبراك! ئیدی دەبێ بەرۆکی ژنەکانت بەردەی. لە کاتێکدا پێڵاوە قایمەکانی بەسەر عەردیدا بکێش دەکردو بە قامچی کەوتبووە وێزەی چرپایەکان، کەوتە هات‌وچۆ بە ژوورەکەداو لەسەری رۆیی: ئالێرەدا وەکو جوجەڵە سەرمان دەبڕن، تێ دەگەن. ئیدی وەختی مردنمانە.
لڤنسون گەرچی لە ناخەوە ئەم هەڵس‌و کەوت‌و رەفتارەی متلیستای بەدڵ بوو، چونکە متلیستا لەسەر پێ بوو، وەکو سەری قامچییەکەی سەخت‌و ئامادەی هەڵسوڕان بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی گوت: زۆر سەختیش مەیگرە، هەندێك هێدی بە، متلیستا گەرم داهاتبوو، ئوقرەی نەبوو چاوە وریاکانی لە تینویەتیەکی لە دامرکاندنەوە نەهاتوودا دەسووتان.
متلیستا نەخشەیێ پاشەکشێکەی خستەڕوو، نەخشەکە بە ئاشکرا ئەوەی نیشاندەدا کە مێشکی پڕ خرۆشی متلیستا باکی لە درێژی رێگاوبان نییە. هەروەها نەخشەکەشی لە تاکتیکی سوپایی بەدەر نییە.
باکلانۆف لـە کاتێکـا ستایشـی متلیسـتای دەکـردو کـەمێك بـەغیلی بـە بـەرزە فـڕی لاسـارانەو سەربەخۆیی خەیاڵی ئەو دەبرد، وتی: دروستە سەری لەگەڵ لەشیدا دەگونجێ. ئەمە هێشتا هەر شوانە سادەکەی دوێنێیە، وایە. بەم جۆرە بڕوا دەبینین لە ماوەی یەکدو ساڵی تردا دەبێ بە فەرماندەی گشتمان.
لڤنسون قسەکانی باکلانۆڤ سەلماندو وتی: متلیستا؟ ئا، بەڵێ... بە قورسایی خۆی ئاڵتون دێنێ. ئەم جار رووی کردە متلیستاو گوتی: بەڵام دەبێ لە خۆی بایی نەبێ‌و وریا بێ!
بە هەر حاڵ باسەکە گەرم بوو. لەم باسەدا هەر کەس خۆی لەوی دی بە زیرەکتر دەزانی‌و گوێی بۆ راوبۆچوونی ئەوانی دی نەدەگرت. لڤنسون کەڵکی لەم باسە وەرگرت‌و ئەم هەڵەی قۆستەوەو نەخشەکەی خۆی کە سادەتر بوو، بە نێوی متلیستاوە خستەڕوو. ئەوەندە بە لێهاتوویی‌و وردبینییەوە ئەم کارەی ئەنجامدا، بە تێکڕای دەنگ ئەو نەخشە تازەیەی کە بەنێوی متلیستاوە خرابووە روو، پەسەند کرا.
لڤنسون لە وەڵامی نامەکانی شارو ستاشینیسکیدا نووسی کە لە ماوەی چەن رۆژێکدا هێزەکە بەرەو گوندی شیبیشی‌و سەرچاوەی "ئیروهدزا" دەبا هەروەها دەستووری دا کە خەستەخانەکە با جارێ لە شوێنی خۆی بمێنێ. لڤنسون شەوێ یەکجار درەنگ لە کار بووەوە، چراکەی روو لە کزی بوو. دەنگی سیسرك لە پشت سۆپاکەوەو پرخەپرخی ریابیتس لە زنجەکەی تەنیشتەوە دەهاتنە گوێ. لڤنسـون نامـەی ژنەکـەی بیرکەوتـەوە. تـۆزێ نـەوتی کـردە چـراکەوەو کەوتـە خوێندنـەوەی نامەکە. چ شتێکی تـازەو خۆشـی تێدا نـەبوو. ژنەکـەی هێشـتا هـەر بێکـار بـوو،

هەرچی هەبوو فرۆشتبوونی، پەنای بردبووە بەر خاچی سووری کرێکارانو لەوێ دەژیا. منداڵەکانی تووشی لاوازیو کەم خوێنی ببوون. هەر دێڕێکی نامەکە داستانێ بوو باسی خۆشەویستی بێ پایانی ئەوی دەگێڕایەوە. لڤنسون بە دەم بیرکردنەوەوە دەستی خستە سەر ردێنەکەیو کەوتە نووسینی وەڵامی نامەکە. لە هەوەڵەوە بێزار بوو لەوەی کە بیری خۆی بە ژیانی تایبەتی خۆیەوە خەریك بکات. بەڵام وردە وردە جڵەوی بۆ هەستەکانی شل کرد. بە خەتە وردو لە خوێندنەوە نەهاتووەکەی دوو لاپەڕەی بە جۆرێ پڕ کردەوە کە کەس باوەڕی نەدەکرد ئەمە نامەی لڤنسون بێ. ئەمجا کەمێك کێشمانی خۆیداو چووە نێو حەوشەکە. ئەسپەکانی بە پرمە پرم لە نێو تەویلەکەدا دەلەوەڕانو سمکۆڵیان دەکرد. نۆبەچی تەویلەکە تفەنگەکەی لە شوێنێکدا هەڵواسی بوو و لە سوچێکا خەوی لێ کەوتبوو. لڤنسون لەبەر خۆیەوە وتی: ئەگەر هەموو نۆبەچییەکانمان بەمجۆرە خەویان لێ کەوتبێ چی روودەدا؟ پاش سووکە هەڵوەستەیەك، لە کاتێکدا بە زەحمەت خەوی لە چاوی خۆی دەتاراند، ئەسپەکەی خۆی لە تەویلەکە بردە دەرێو زینی کرد. نۆبەچییەکە هێشتا لە خرپەی خەودابوو. لڤنسون لە ژێر لێوەوە وتی: هەی قەحپەداك! ئەمجا بە وریاییەوە کڵاوی نۆبەچییەکەی هەڵگرتو لە ژێر کڵاوەکاندا شاردییەوە. پاشان سواری ئەسپەکەی بوو و کەوتە رێ تا پۆستەی نۆبەچییانی شەو بەسەر بکاتەوە. کە لە دارستانەکە نزیك بووەوە بە دزە بەرەو تەویلەکان چووە پێشێ. لەگەڵ سەدای میل هێنانەوەی تفەنگێکدا، دەنگی نێری تێ خوڕینی نۆبەچییەك بەرز بووەوە: زەلام کێی؟

- خۆمانین،
- لڤنسون؟ بەم شەوە چ دەکەی لێرە؟
- ئەرێ شەو گەڕەکان لەم ناوە بوون؟
- چارەکێ لەمەوپێش یەکێکیان بە سواری لێرەوە رەت بوو.
- چ هەواڵێکی تازە نیە، وەعز هێدییە؟
- خراپ نییە، ئەرێ جگەرەت پێیە؟

لڤنسون کەمێ توتنی دایێو ئەوجا لە بواری چۆمەکەوە بەرەو مەزراکان پەڕییەوە.

هەیقۆك بەڵێڵی لە نێو پەڵە هەورێکەوە دەرکەوت، تاریکی سەر بنچكو دەوەنە زەردباوەکانی رەواندەوە. لقو گەڵای دەوەنەکان لە ژێر قورسایی ئاونگدا داهاتبوونەوە. چۆمەکە بەشێوێکی بەردەڵانیو پەلدا دەڕۆیی. چەوو زیخی ئاوەڕۆی چۆمەکە هاژەی پتری بە شەپۆلەکان دەدا. لڤنسون کە تەماشای کرد (٤) سواری بینی لەسەر گردێکی گەورەوە دادەگەڕان. لڤنسون گەڕایەوە نێو دەوەنەکانو بەبێ خشپە لەجێی خۆی وێستا. دەنگی سوارەکان بە تەواوی نزیك بووەوە. لڤنسون دەنگی دوانیانی ناسییەوە، دوو کەس لە شەوگەڕەکانی خۆی بوون. لڤنسون بەرەو جادەکە دایکێشاو دەنگیدان: ئەهای زەلامینە نەجوڵێن! ئەسپەکان حیلاندیانو رەوینەوە. یەکێ لە ئەسپەکان ئەسپەکەی لڤنسونی ناسییەوەو کورماندی. سوارەکەی بەرایی بە دەنگێکی نیمچە توڕە دەنگیدا: هێی، ترساندمانت، هەی نامەرد!

لڤنسون لێیان نزیك بووەوەو پرسی: ئەوانە کێن لەگەڵتان؟

– شەوگەڕەکانی "ئوسکین"نن، ژاپۆنییەکان وان لە ماریانوفکا.

لڤنسون کەمێ خۆی لەسەر زینەکە بەرز کردەوەو وتی: ماریانۆفکا؟ ئەی ئوسکینو هێزەکانی لە کوێن؟

یەکێك لە شەوگەڕەکان وتی: لە کریلوفکان. لڤنسون کە ئەمەی ژنەوت، وەك بڵێی سەختی وشەکان باڵایان تێکشکاند، کەمێ بە پێشا هات، ئەوجا شەوگەڕەکە لەسەری رۆیی: ناچار بووین پاشەکشێ بکەین، جەنگێکی یەکجار تووش بوو، سەنگەرەکانی خۆمان بۆ نەپارێزرا، ئێستاش هاتووین ئێوە ئاگادار بکەینەوە. بە تەماین سبەینێ بەرەو مەزرای کۆرییاییەکان دایکێشین. هەموو ئەم هاوینە شتێکیان سووتاند، "٤" کوژراومان هەیە، بریندار ئەوەندە زۆرە بە درێژایی هەموو ئەوەندە بریندارمان نەبووە.

لڤنسون پرسی: دەمێکە لە کریلۆفگاوە بەڕێ کەوتوون؟ بگەڕێنەوە منیش دەگەڵتان دێم.

لڤنسون کە گەڕایەوە لای هێزەکەی، دنیا تەواو رووناك بوو بووەوە، شەکەتو ماندوو سەری قورسو چاوانی خەواڵوو بوو.

لڤنسون دوای ئەوەی ئوسکینی بینی بوو، قەناعەتی کردبوو کە بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکە، بڕیارێکی بەجێ بووە، چونکە رواڵەتی هێزەکە دروستی بۆچوونەکانی ئوسکینی دەسەلماند: هێزەکە وەکو لیژنە دارێك کە کەوتبێتە ژێر جەزرەبەی تەورەوە، لە پاڵ یەك ترازابوون، هەندێ کەس سەرپێچیان لە دەستووری فەرماندەکان دەکرد، دەستەیەکی مەستو سەرگەردانو بێ هیواش لە حەسارەکەدا هاتوچۆیان دەکرد. لڤنسون چاکی لە بیرە کە یەکێك لەوانە پیاوێکی قژ بژی ئاڵۆزکاوی رەقەڵەو لاوازبوو، لە نزیکی جادەکەدا لە مەیدانێك دانیشتبوو، چاوی بڕی بووە ئەرزەکەو لە نائومێدی دا تەقەی بە ئاسمانی تاریكو روونی بەیانیدا دەکرد.

لڤنسون هەرکە گەڕایەوە نامەکانی رەوانە کرد. بەڵام لەو کاتەدا هیچ قسەیەکی دەربارەی رەوو مەنزڵی هێزەکە لەگەڵ کەسدا نەکرد.

-٧-

دژمنان

لڤنسـون پـاش شـورا لـه بیرچـوونەوە نەهاتووەکـە، یەکـەم نامـەی بـۆ ستاشینسـکی نـاردبوو. لـە نامەکـەدا بـە پەنامەیـەکی نیگـەرانی خـۆی سـەبارەت بـە بارودۆخەکـە دەربـڕی بـوو. داوای لـە ستاشینسـکی کردبـوو کـە وردە وردە خەسـتەخانەکە بپێچێتەوەو خۆیـان لـە بـارو بنـەی قـورس بپـارێزن. ستاشینسـکی چـەن جـارێ نامەکـەی خوێنـدەوە، کـە چـاوەکانی خێراتـر دەتروکـان، دەوروبەرەکەی ترسیان لێ دەنیشتو دەشڵەژان. دەتووت دڵە خورپەو ترسی لڤنسون دەرهەق بە ئاینده لە نێو زەرفە بۆرە چکۆلەکەی دەستی ستاشینسکییەوە هەڵدەچێو ئەو هەستە ئارامەی کـە لـە قـولایی هـەر لاسکە گیایـەکو لـە گۆشـەی روحـی هـەر ئینسـانێکدا هەڵنیشـتبوو دەتـارێنێ وەرزی خۆش بە خێرایی تێدەپەڕی، هەتاو کەمتر دەردەکەوت. باران دەباریو درەختی ئەفرا بەر لـە هـەموو شـتێك هەسـتی بـە هەناسـەی پـایز دەکـردو هێـدی هێـدی خـۆی دەلاوانـدەوە. پـیرە دارکونکەرەیـەك بـە ئارەزوویـەکی تـازەوە دەنـووکی بـە قـەدی دارەکـان تـاقی دەکـردەوە. پیکـا شڵەژابوو و دەتگوت لەسەر ئاگر دانیشتووە، تووڕەو کەمدوو ببوو، هـەر لـە گـەردی بەیانـەوە تـا بـانگی شـێوان بـە نێـو دارسـتانەکەدا دەسـووڕایەوەو شـەوانە شـەکەتو مانـدوو بـۆ زنجەکـە دەگەڕایەوە. هەر شتێکی دەکرد بۆی نەدەهات: کە جلەکانی دەدوورییەوە، دەزووەکەی گرێی تـێ دەکەوتو دەپچڕا، کە (زارێن)ی دەکـرد یـەك لـە دوای یـەك دەدۆڕا. وەك ئـاوێکی سـوێر بە گـەرویا بکـەن، وای هەسـت دەکـرد. لـەم کاتـەدا هەنـدێ لـە هـاوڕێ نەخۆشـەکان. لـە خەسـتەخانە دەردەچـوونو دەگەڕانـەوە بـۆ شـوێنی خۆیـان. شـتومەکو وردەوالـە سـوپاییەکانی خۆیـان کـۆدەکردەوەو بـە دڵتـەنگی لـە یـەکتر جـودا دەبوونـەوە. پەرسـتارەکە بـۆ دوایـن جـار تەماشـای برینەکانیانی دەکردو بەناوی دواماڵئاواییەوە یەك یەك ماچیانی دەکـردو بەڕێی دەکردن. بـەدەم رێ کردنەوە پێڵاوە کەتانە نوێیەکانیان رۆ دەچووە پوشو پەڵاش، بەرە بەرە لە نـاخی پـڕ رەمـزو شێدارو ساردی دارستانەکەدا ون دەبوون. کوڕە شـەلەکە دوا کـەس بـوو کـە پەرسـتارەکە بەڕێـی کرد. پەرستارەکە ماچێکی لە لێوەکانی کردو پێی وت: بە دوعا برادەر بزانـە خـوا چەندی خـۆش دەوێـی، چ رۆژێکـی خۆشـی بـۆت رەخسـاندووە، ئێمـەی فـەقیر لێـرە فـەرامۆش مەکـە.... گەنجـە شەلەکە بە پێکەنینێکی تەوس ئامێزەوە پرسی: کوا ئەو خوایەی تۆ لە کوێیـە؟ خـوای چـی، کـەی خوا هەیە! بەسەری هەردووکمان نە خوا هەیەو نە تەڕەماش!....

کوڕە شەلەکە دەیویست بە هەمان شێوە شتێکی دی بڵێ، بەڵام هیچی بۆ نەهات‌و ماسولکەکانی دەموچاوی گرژ بوون، بە خەمبارییەوە ئاوڕی دایەوەو دەستی هەڵبڕی، بەشەلەشەل خۆی گەیاندە جادەکەو ملی ڕێی گرت‌و، تەقوهۆڕی لەگەنە سوپاییەکەی لە دواییەوە بە شوومی دەنگی دەدایەوە.

هەموو برینندارەکان لە نەخۆشخانەکە مەرەخەس کران، تەنیا فرولف‌و متچیك مانەوە. پیکاش لەوێ بوو، بەڵام بیکا نەخۆش نەبوو، حەزیشی نەدەکرد ئەوێ بەجێ بێڵێ. متچیك لەسەر تەختەکە شانی دادابووە سەر سەرینەکەی خۆی‌و چەرچەفەکەی پێکا، ئەو بلووزەی لەبەرا بوو کە ڤاریا بۆی چنیبوو، ماوەیەك بوو سارغییەکەی سەری لێ کردبووە، قژی هاتبووەوە، قژەکەی زەرد وەکو کارەبا بوو. جێ زامی سەر لاجانگەکانی سیمای بە تەمەن تر دەنواند.

پەرستارەکە بە خەمبارییەوە پێی وت: تۆش چاك دەبیەوەو بەم زوانە لێرە دەڕۆیی.

متچیك بە دوو دڵییەوە گوتی: بۆ کوێ دەڕۆم؟ متچیك لە قسەکەی خۆی سەرسام بوو. یەکەمجاری بوو کە بیری لەم مەسەلەیە دەکردوە، مەسەلەیەك کە هەستی پەرێشانی‌و ناڕەحەتی‌و نیگەرانی دەوروژاند. بە رووگرژییەوە گوتی: چ شوێنێك شك نابەم کە رووی تێ بکەم. ڤاریا بەسەرسامییەوە هاواری کرد: مەبەستت چیە؟ ئا هەڵبەتە دەچیتە کن لڤنسون، دەچیتە هێزەکەی ئەو! سواری دەزانی؟ هێزەکەی ئێمە، یانی بەشی سوارە زۆر باشە، تۆش بۆ خۆت فێری سواری دەبی. ئەمجا لە تەنیشتییەوەو لەسەر تەختەکە دانیشت‌و دەستی متچیکی خستە نێو دەستی خۆیەوە. متچیك چاوی داخست. ئیدی بیری ئەوەی کە درەنگ یا زوو دەبێ ئێرە بەجێ بهێڵێ نەك هەر نەفرەت ئەنگێز بوو، بەڵکو ژەهر ئاسا تاڵیش بوو.

ڤاریا وەك ئەوەی بیرەکانی نێو مێشکی متچیکی خوێندبێتەوە، وتی: خەم مەخۆ، گەنجێکی وەکو تۆ ئەوەندە قۆزو ئەم هەموو شەرمنییە... تۆ پیاوێکی زۆر شەرمنی. ڤاریا چاوێکی بە دەوروبەری خۆیا گێڕاو نێو چاوانی متچیکی ماچ کرد. ماچەکە تام‌و بۆنی سۆزی خۆشەویستی دایکی لێ دەهات. ئەوجا ڤاریا بە دڵسۆزییەوە لەسەری ڕۆیی: هێزەکەی شالدیبا زۆر جیاواز ترە لە هێزەکەی ئێمە. بەڵام هێزی لڤنسون... ڤاریا بەردەوام ورتە ورتی لێوە دەهات‌و قسەکانی نەدەبڕایەوە: هێزەکەی شالدیبا زۆربەیان جووتیارن، بەڵام هێزەکەی ئێمە هەموو کرێکاری مەعدەنی زوخاڵن، هەموو مرۆڤی چاکن. دڵنیام کە دەتوانی لەگەڵیاندا هەڵ بکەی. هەر کاتێکیش دەرفەتت بۆ رەخسا وەرە سەرم لێ بدە.

متچیك وتی:" ئەی ماروسکا چی لێ دەکەی؟

ڤاریا بە ئاسپایی پێکەنی‌و وتی: ماروسکا چی لێ بکەم؟ بە دوایدا وتی: ئەی تۆچی لەو کیژە دەکەی، ئەو کچەی لە وێنەکەدا بوو؟

فرولوف لەو کاتەدا سەری وەرچەرخاند، ڤاریاش بە پەلە خۆی لە متچیك دوور خستەوە.

متچیك وتی: ئەو کچە دەڵێی؟ هەر لە بیرم بردووەتەوە، تەنانەت وێنەکەشیم دڕاند، ئەمجا بەپەلە وتی: ئەدی پارچەکانیت لە نێو ژوورەکەدا نەبینی؟

- زۆر چاکە، تۆش خەمی ماروسکات نەبێ، ئەو لەگەڵ ئەم شتانەدا راهاتووەو خووی پێ گرتووە. بە خۆیشی ئەم بابەتە کارانە دەکات. هەر وەختێ ئارەزووت لێ بوو وەرە کنم، هەمیشە پشت بە خۆت ببەستە مەچۆ ژێر باری هیچ کەسێکەوە، نابێ لە هاوڕێیانی ئێمە بترسیت، چونکە تەنیا رواڵەتیان ترسناکە- هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم ئەگەر لە بەریان دابێنی دەتخۆن. راستت دەوێ کەسیان لەو زەلامە ترسناکانە نین. هەر بە رواڵەت وا نیشان دەدەن. تەنیا کارێ کە دەبێ تۆ بیکەی ئەوەیە کە تۆش چاوێکیان لێ سوور بکەیتەوەو تەواو.
- باشە تۆ چاویان لێ سوور دەکەیتەوە؟

ڤاریا کەمێك تێ فکری و وتی: ئاخر من ژنم، بەبێ ئەوەش دەتوانم ژیان بگوەزرێنم- عەشقبازی شێوازی منە. بەڵام بۆ پیاوێك هەر ئەو رێگەیە هەیە کە من وتم. من تەنیا خەمی ئەوەمە کە تۆ هێشتا زۆر سادەی.

ڤاریا دیسان بەسەر متچیکدا دانەوییەوەو بە گوێدا چرپاند: رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە خاتری تۆم دەوێ -دەنا کێ دەزانێ...

متچیك هەردوو دەستی خستبووە ژێر سەری‌و چاوی بڕی بووە ئاسمان‌و تێ دەفکری: راست دەکا، من چ شەهامەت‌و زاتێکم نیە، بەڵام ئاخۆ ناتوانم بەهەر جۆرێ بووە پەیدای بکەم؟ دەتوانم.. بە هەر جۆرێ بووە. وەك چۆن هەر کەسێك دەتوانێ... متچیك ئێستا هەستی بە هیچ جۆرە پەشێوی‌و تەنیاییەك نەدەکرد. هەموو شتێکی بەرێکی‌و دروستی دەبینی. برینەکانی بە خێرایی سارێژ دەبوونەوە، گوڕو هێزی تێ دەگەڕایەوە دەیویست باوەڕ بەخۆی بێنێ کە سەرچاوەی ئەم لەش سووکی‌و هێز تێ گەرانەوەیەی، ڤاریای چاو بە خومارە، ڤاریای رووخۆش و بە دەموودوو لەبز شیرینە. متچیك وەك چۆن منداڵێك دایکی خۆی خۆش دەوێ بەو جۆرە هەستی بە قەرزارباری سۆزو خۆشەویستی ڤاریا دەکرد.

بە ورەیەکی ئەوتۆوە کە تا ئێستا بە خۆیەوە نەبینی بوو بڕیاری دا: وێڕای ئەمانەش بۆ دەبێ نائومێد بم، بەڕاستی وای هاتە بەر چاو کە چ هۆیەك بۆ پەرێشانی و پەشێوی نیە، پێویستە خۆم بە هاوشانی ئەوان بزانم، نابێ مل کەچیان بم: بەڕاستی ڤاریا حەقیەتی، پیاوان لە ژنان جیاوازن، پێویستە خۆم دروست بکەم و هەر دەشی کەم. کە بگەڕێمەوە بۆ شار ئیدی هەموو شتی گۆڕاوەو کەس نامناسێتەوە دەبم بە زەلامێکی دی. بیر بەرەو شوێنی دووری دەبرد، - بۆ ئەو رۆژە گەش‌و بە شکۆیانەی کە وەکو پەڵە هەوری جۆراوجۆر بەسەر ئاسمانی دارستانە سەوزەکەوە وردە وردە دەڕەوییەوەو لە چاو گوم دەبوو. خۆی‌و ڤاریای لە نێو قیتارێکی پڕ سەروسەودادا دەبینی کە لە پاڵ پەنجەرەیەکا دانیشتوون‌و بەرەو شار دەگەڕێنەوە.

هەوری سووباو وەکو ئەو هەورەی سەر زنجیرە شاخێکی سەر بە تەمی ئەو ناوە، بەسەر سەریانەوە دەکشا، متچیك بە چاوی خەیاڵ دەیبینی کە بە ڤاریاوە قەرساوەو بە دڵسۆزی لە پاڵ یەکدیدا دانیشتوون‌و ڤاریا ئاوازی عاشقانەی بۆ دەچڕی‌و ئەم دەست بەسەریان دێنێ‌و

قەڤ پرچە ئاڵتوونیەکەی دەلاوێنێ. چونکە هەموو خەیاڵەکانی زیندەخەو بوون، بۆیە ڤاریای خەیاڵی پتر لە پیاوێکی کەتەی چوارشانە دەچوو کە لە تونێلی ژمارەیەکدا عارەبانەی داژۆت. مارۆزکا پاش چەند رۆژێك دووەم نامەی لڤنسونی گەیاندە خەستەخانە، دەتووت رەشەبایەو ترسی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بەراکردن و هات و هاوارەوە لە بێشەکەوە دەرچوو، ئەسپەکەی هێنابووە گیرو گاز، ئەسپەکە هەستا بووە سەر پاشوو، ماروسکا شێت ئاسا هاواری دەکرد، ئەو هەموو هاتو هاوارەی بۆ دامرکاندنەوەی وزەی هەڵچوی خۆی و... لە پێناوی عەیش و نۆشدا دەکرد.

پێکا لە ترسا دەلەرزی، بە هێمنی و سادەیی پرسی: ئاخر ئیبلیس، ئەوە شێت بوویت؟ "ئیشارەتی بۆ لای فرولوف کردو لەسەری رۆیی: ئەو پیاوە لەسەرە مەرگایەو تۆش بەم جۆرە هاوار دەکەی..." ماروسکا سڵاوی لێکرد: ئەهای باوکە سرافیم! ئەو بچکوڵە شلکە قژ لوولەم چوونە؟

پیکا بە پەستیەوە وەڵامی دایەوە: یەکەم من باوکی تۆ نیم، دووەم نێوم فیودورە نەك سرافیم! پیکا لەم رۆژانەدا بە تەواوی دڵی ناسك بوو بوو، زوو توورە دەبوو، وەختێ کە کوت و پڕ لە ترساندا راپەڕی، دیمەنێکی سەیرو گوناحی هەبوو.

- راستە فدوسی، نازمان بەسەرا مەکە... سڵاو، سڵاوی گەرم لە هاوسەرەکەم بە شێوەیەکی رەسمیانە کڕنۆشی بۆ ڤاریا بردو کڵاوەکەی خۆی داکەندو کردیە سەری پیکا!
- زۆر چاکە فیدوسی، زۆرت لێ دێ، بەڵام تۆزێ پانتۆڵەکەت هەڵکێشە، ئەڵێی هی داهۆڵەکانەو هاتۆتە خوارەوە- لەوانەیە بنیادەم لێی تێکچێ و وا بزانێ مرۆڤ نیت!.

ستاشینسکی بەدەم هەڵپچڕینی نامەکەوە پرسی: کەواتە دەبێ خێرا ئێرە چۆڵ بکەین؟ کارچنکو بێ ئەوەی گوێ بە توورە بوونی ستاشینسکی بدات، هەر سەرەتاتکێی بوو کە لە پشتەوە نامەکە بخوێنێتەوە، ستاشینسکی نامەکەی دوور خستەوەو بە ماروسکای وت: پاشان وەرە بۆ وەڵامەکەی.

ڤاریا لەبەر دەم ماروسکادا وێستاو بە ڤامکەکانی کەوتە یاری کردن بە بەرهەڵبێنەکەی بۆ یەکەم جار بە جۆرێکی سەیر لە هاتنەوەی شووەکەی نارەحەت بوو، بە ساردییەوە پرسی: ئەم چەند وەختە تەشریفت لە کوێ بووی؟ ماروسکا کە هەستی دەکرد ڤاریا زۆر لەوەوە دوورە بە تەوسەوە وەڵامی دایەوە: بیرت دەکردم، نا؟ زۆر چاکە، قەیدی نییە دەتوانیت تۆڵەی هەمووی بکەیتەوە هەر ئێستا پێکەوە دەچینە نێو دارستانەکە، ماروسکا سووکە هەڵوەستەیەکی کردو قسەیەکی بە توێکڵی کرد... دەچین خاکی دنیا بەسەری خۆدا دەکەین.

ڤاریا کە هەموو هزرو هۆشی لای متچیك بوو، بێ ئەوەی سەیری ماروسکا بکات، بە وشکی و مەیلەو توورەییەوە وەڵامی دایەوە: تینوو هەر ئاوی لە بیرە. ماروسکا کە هێشتا چاوەڕێی وەڵامی ڤاریا بوو، بە دەم ڤامچی بادانەوە پرسی: ئەدی تۆ؟

- بۆ من شتێكی تازە نییە، نەخێر شتێكی تازە نییە، دەڵێی یەكدی ناناسین! ماروسكا بە دوو دڵییەوەو بێ ئەوەی لە جێی خۆی بجوڵێ گوتی!، هەنووكە دێی یان نا؟

ڤاریا داوێنی بەرهەڵبێنەكەی بەردا، پرچە هۆنراوەكەی هەڵدایە پشتەوەو بە قەراخ جادەكەدا كەوتە رێ. ڤاریا وا خۆی دەنواند كە بێ خەمە، بەڵام لە جەنگێكی سەختدا بوو دژ بەو هێزە نادیارەی ناچاری دەكرد ئاوڕ بداتەوەو سەیری متچیك بكات، ڤاریا دەیزانی متچیك بە چاوانی خەمبارو پەشێوەوە بەڕێی دەكات و هەرگیز پەی بەوە نابات كە ناچارە ئەم ئەركە قورس و تاقەت بەرە ئەنجام بدات.

ڤاریا لەوە دەترسا كە ماروسكا لە پشتەوە پەلاماری بدات، بەڵام مارۆزكا لێی نزیك نەكەوتەوەو ماوەیەك بەو چەشنە دوور لە یەكدی رێیان كرد. كەسیان ورتەیان نەكرد، ڤاریا سەبری سوا، وێستاو بەسەرسامی بەرەو لای گەڕایەوە. ماروسكا نزیكتر بووەوە، بەڵام چ بایەخێكی بە ڤاریا نەدا. ماروسكا لە پڕو بە دوو دڵی و تووڕەییەوە گوتی: تۆ بە كەڵكی چی دێی قەحپەی بەڕەڵڵا! عاشق بوویت؟

ڤاریا سەری هەڵبڕی، بێ حەیایانە چاوانی بڕیە چاوی ماروسكاو وەڵامی دایەوە: ئەوە پێوەندی بە تۆوە نییە، چ پێوەندیەكی بە تۆوەیە؟

ماروسكا بە تەواوی ئاگادار بوو كە ڤاریا بە دزییەوە دەست لەگەڵ پیاوانی دیكەدا تێكەڵ دەكات. وەكو چۆن پێش ئەوەی زەماوەندیش بكەن هەروا بوو. راستت گەرەكە ماروسكا لە یەكەم شەوی زەماوەندەكەیانەوە بەمەی زانی بوو. ئەوە شەوە لە ژوورێكا بوون كە كۆمەڵێك لە پاڵ ئەوانەوە خەوتبوون، كە بەیانی چاوی كردەوە سەیری كرد ژنە شەرعیەكەی لە باخەڵی براسیمی مێ بازدایە، براسیم كرێكاری تونێلی ژمارە چوار، بەڵام ماروسكا ئەو زەمانە هێشتا شارەزای ژیانی خێزانداری نەبوو، تەنانەت ماوەیەك لەوە پاشیش هەر وابوو، زۆر لە ئێستای جیاواز بوو. ماروسكا هەرگیز خۆی بە مێردێك حسێب نەدەكرد، بەڵام هەنووكە ئیدی بەلایەوە ئەستەم بوو كە ژنەكەی گەنجێكی لە بابەتی متچیكی خۆش بوێو لەگەڵیا بخەفێ.

ماروسكا لە كاتێكا بە پێكەنینێكی ژەهراوی تانە ئامێزەوە خۆی لەبەر نیگاكانی ڤاریادا رادەگرت و هەوڵی دەدا نیگەرانی و ناڕەحەتی خۆی وەشێرێ، بە ئەدەبەوە پرسی: ئاخر منیش دەمەوێ بزانم ئەمە كێیە؟ هەمان ناسكە كوڕ نییە!

- گریمان ئەوە؟ ماروسكا وەكو ئەوەی تەئیدی قسەكەی ڤاریا بكا لەسەری رۆیی: پیرۆزە، رێك و پێك و قۆزیشە، بەڵام دەبێ دەستەسڕێكی بۆ دروست بكەیت تا دفنە چڵمنەكەی بسڕێ.

ڤاریا كە خەریك بوو لە رقا شەقی دەبرد، رووی تێكردو لەسەر رۆیی: چ قەیدیە، دەستەسڕیشی بۆ دروست دەكەم، گوێت لێیە؟ بە خۆم لووتی دەسڕم، پێویست ناكا پیاوەتی خۆت بەسەرمندا بنوێنی! پیاوێ نەتوانێ بە سێ ساڵان منداڵێك دروست بكات

فایدەی چییە؟ هەر دەمیت، بە راستی قارەمانیت! ماروسکا قسەکەی بڕی و گوتی: جا چاڵە کۆنێ بە هەموو هێزەکە هەر خەریکی بن چۆن بە من پڕ دەکرێتەوە! هاوار مەکە... ئەگینا....
ڤاریا بە گڕیا چووەو گوتی: ئەگینا چی؟ رەنگە بتەوێ لێم بدەی، فەرموو! زۆر حەز دەکەم بزانم کە ....!
ماروسکا وەك بڵێی ئیلهامێکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ هات، بە سەرسامی کەوتە قامچی بادان، لەکاتێکا هێشتا دوو دڵ بوو لەوەی کە لێدانی کارێکی دروست نییە، گوتی: نا، هەر چەند موستەحەقی لێدانی، بەڵام لێت نادەم ، خەیاڵت خاوە کە کارێکی وا بکەی دەست لە ژنێك هەڵبێنمەوە. چەشنە ئاوازێکی پەنهان لە پشت پەردەی دەنگی ماروسکاوە هەست پێ دەکرا، کە ڤاریا هەرگیز لەمەوبەر هەستی پێ نەکرد بوو: زۆرچاکە تۆش بڕۆ بە دووی بەختی خۆتا، بەڵکو رۆژێ لە رۆژان ببی بە ژنێکی بەختەوەر، ئەوجا لەسەر پاژنەکانی وەرچەرخاو لە حاڵێکا گوڵو دەوەنی دارستانەکەی بەر قامچیان دەدا، بەرەو زنجەکە رۆیی.
ڤاریا سۆزی هاتە کوڵو بە بەزەییەوە هاواری کرد: هێی ڤانیا، بوەستە.
ماروسکا بە تەوسەوە، وەڵامی دایەوە: من پاشماوەی نەجیب زادان ناخۆم، ئەمە هەر لە شان و شەوکەتی ئەوان دێ.
ڤاریا دوو دڵ بوو لەوەی بە دووی ماروسکادا غار بدات یان نا، بەڵام ئەنجام بڕیاری نەڕۆیشتنیداو ماوەیەك چاوەڕێی کرد تا ماروسکا لە پێچی جادەکە رەت بوو، پاشان لێوە وشکەکانی بە زمان تەڕکردو هێدی هێدی کەوتە رێ.
متچیك کە بینی ماروسکا بە دەست راوەشان و هەنگاوی قورسەوە لە دارستانەکە گەڕایەوە، بۆی دەرکەوت کە لەگەڵ ڤاریادا رێك نەکەوتووە چونکە متچیك مایەی ئەمە بوو، جۆش و خرۆشێکی ترسێنەرو هەستی خەتابارییەکی لە وەسف نەهاتوو لە دەروونیا جۆشی سەندو تەواو ترسی لەوە پەیدا کرد کە روو بە رووی سیمای پیا کوژانەی ماروسکا ببێتەوە.
میشکای توکن لە دەوروبەری تەختەکەی متچیکدا دەلەوەڕی. گەرچی هەستێکی ئاڵۆزو نادیار مارۆزکای بەرەو لای متچیك بکێش دەکرد، بەڵام پێ دەچوو بۆ لای ئەسپەکەی بڕوات نەك متچیك. چونکە ئەو ماروسکایەی کە سەراپای غرووری بێ ئەندازە بوو، پێی نەنگ بوو تەنانەت لە دڵی خۆیشیا دان بەم بەزینەدا بنێ. تا ماروسکا نزیکتر دەبۆوە، هەستی تاوانباری لەلای متچیك قووڵ و قوڵترو گیانی خاوو خاوتر دەبووەوە، بە جۆرێ چاوە بچووك و ترساوەکانی بڕیە چاوانی ماروسکا، کە توانای گواستنەوەیانی نەبوو.
ماروسکا هەوساری ئەسپەکەی گرت، ئەسپەکە دەتگوت بە هەموو شتێکی زانیوە، بۆیە بەسەر، ماروسکای بۆ لای متچیك وەرچەرخاند، تا سیمای تووڕەو رەش و زەبری ماروسکا بە جارێ متچیکی نەخۆش لە پەل و پۆ بخات. متچیك لەم ساتە کورتەدا ئەوەندە ترسابوو تەنانەت نەیتوانی تاقە وشەیەك لەوهەموو قسەیەی هاتبووە سەر زاری بدرکێنێ.
ماروسکا بە تووڕەییەوە تفێکی کردە سەر زەوی بۆ خۆت رابوێرە لە پشتی جەبهەوە! متچیك چ ئیعتیرازێکی نەکرد، ماروسکا لەسەری رۆیی: جەنابی بلوزی چەرمینی لەبەر کردووە.

ئەگەر چی ماروسکا بە خۆیشی هۆی راستەقینەی تووڕییەکەی نەدەزانی و دەترسا کە متچیك وا بزانێ حەسوودی پێ دەبات، ویڕای ئەمەش ئاگری قین لە دەروونیا هەر کڵپەی سەندو زۆر بێ حەیایانە تێر جنێوی کرد.
متچیك دەهری بوو، و پرسی: بۆ جنێو دەدەی! و هەر کە ماروسکا لە جنێودان کەوت، متچیك بە شێوەیەکی لە وەسف نەهاتوو هێدی بۆوەو گوتی: لاقیشم لە پشتی جەبهەوە شکا! بەدەم لەرزینەوە ئەو وشانەی بە غرورو شانازی سەربازێکی زامدارەوە درکاند. لەو ساتەدا دەتگوت هەر بە راستی باوەڕی وایە کە لاقەکانی لە شەڕدا لە دەست داوەو ئەوەی هەنووکە بلوزی چەرمی لە بەرەو لەسەر تەختەکە دانیشتووە، ماروسکایە نەك ئەو، ئەمجا بە رەنگی پەڕیوەوە لەسەری رۆیی: ئێمە زۆر شتمان دەربارەی ئەو قارەمانانەی ریزی پێشەوەی جەبهە بیستووە، بە رەنگی پەڕیوەوە گوتی: ئەگەر قەرزار بارت نەبوایەم، حاڵیم دەکردیت... هەر چەند بە داخەوەم کە....
ماروسکا لە هەژمەتدا سمکۆڵی دەکردو دەیوست وا بنوێنێ کە گوێی لە قسەکانی متچیك نییە، تێی خوڕی: ئەهای، لە بیرت چۆوە! لە بیرت چوو کە چۆن لە نێو ئاگرا دەرم هێنایت... رزگارکردنی کەسانی وەکو تۆ هەمیشە مایەی هەندێ گرفتاری و سەریەشەیە بۆ ئێمە! ئەمەی بە جۆرێ دەوت، وەك بڵێی کارو پیشەی هەر ئەوە بووە خەڵکی چەشنی شا بەڕوو لە نێو ئاگردا دەربێنێ، دووپاتی کردەوە: بەڵێ مایەی هەندێ سەریەشە! ئەوجا بە پەستییەوە کێشای بە پشتی ملی خۆیداو لە سەری رۆیی: تۆ بوویتە مایەی ئەوەی کە ئەستۆم بداتە ژان!
ستاشینسکی و کارچنکو بەغار لە زنجەکە هاتنە دەرێ و فرولوف بە سەرسامی و نارەزاییەوە سەری بۆ لایان وەرگێڕا.
ستاشینسکی بە دەم چاو تروکاندنەوە پرسی: ئەوە چیە بۆ هاوار دەکەن؟ ماروسکا لەوەڵامی ئەم پرسیارەی متچیکدا: ئەوە عەقڵت لە کوێیە؟ لە حاڵێکا بە سەرو بە دەست حەرەکەی لاسارانەو ئیشارەتی ناشیرین و کرێتی دەکرد، شێت ئاسا هاواری کرد: ئەقڵم لە کوێیە لێرەیە، لێرەیە!.
وەختێ ڤاریاو پیکا لەدارستانەکەوە بە دادو فریاددەوە بۆ لای ئەمان غاریان دەدا، ماروسکا خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەو بە قامچی تێی بەربوو -کارێ کە تەنیا لە رۆژانی توندترین رقا ئەنجامی دەدا- میشکا هەستایە سەر هەردوو پاشوو بە جۆرێ دەرپەڕی، دەتگوت ئاوی کوڵە کوڵیان پێدا رشتووە.
ستاشینسکی بە هەڵچوونەوە هاواری کرد: ماروسکا، سەبرکە، وەڵامی نامەکە بەرەوە بەڵام ئیدی ماروسکا لە چاو ون بوو، تەنیا دەنگی چوار ناڵەی شێت ئاسای میشکا لە نێو دارستانەکەوە دەبیسترا ئەویش هێندە درێژەی نەکێشاو بڕایەوە.

-٨-

یەکەمین پاشەکشێ

جادە دوورو درێژو بێ کۆتاییەکە بە خێرایی لە دوایەوە جێ دەما، لقی شۆڕەو بووی درەختانی ئەم بەرو ئەو بەری جادەکە کە سەریان هێنابووە ناوەندی جادەکە،دەمووچاویان ئازار دەدا، ماروسکا کە لە نێو گڕی رق و کینەو رەنجاویدا دەسووتا، بەردەوام دەی ژەنییە ئەسپە شێت ئاساکەیەوە، هەندێ لەو قسە ساردو ناشیرینانەی کە لەگەڵ متچیکدا بە یەکیان گوتبوو، و هەر یەکەیان لەوی تریان تاڵترو بە سوێ تر بوو، میشکی گڕ گرتوویان دەهەژاند. هێشتاش هەستی دەکرد رق و نەفرەتی خۆی وەکو پێویست نەڕشتووە. بۆ وێنە دەیتوانی ئەوە بە چاوی متچیکدا بداتەوە کە چۆن بەترسێکی شێتانەوە دەستە رەق بووەکانی لەم ئالاند بوو و، چۆن لە پێناوی ئەم ژیانە نزمو سووکەیدا ترسێکی تەواو نیشتبووە سەر چاوانی. دەیتوانی زۆر بە توندی لەسەر عەشقبازی سەرزەنشتی بکا، عەشقبازی لەگەڵ ئەو کیژە پرچ جوانەدا کە رەنگە هەنووکەش وێنەکەی لە گیرفانی چاکەتەکەیدا بێ و لەسەر دڵی هەڵی گرتبێ. دەیتوانی نزمترین سیفەت بداتە پاڵ ئەو کیژە خنە. لەم کاتەدا هەمدیس بیری کەوتەوە کە متچیك هەنووکە دەست لەگەڵ ژنەکەی ئەمەدا تێکەڵ دەکات و گوێ بە رەنجانی ئەو کیژە نادات. سەرەڕای هەستی پڕ کینەی دیسان هەستی دەکرد سووکایەتیەکی ئەوتۆی پێکراوە کە تۆڵەی ناکرێتەوە.

میشکا لە بێ ئینسافی خاوەنەکەی تەنگەتاو بوو بوو، تەنیا ئەو کاتە ریتمی خێراییەکەی دەپاراست کە لغاوەکە پتر لا لغاوە بریندارەکەی زامدار دەکرد، وەختێ هەوسارەکە شل دەبوو، هەنگاوەکانی خاو دەکردەوەو هەستی دەکرد کە ئیدی خاوەنەکەی فشاری لێ ناکات. میشکا وەکو مرۆڤێك چۆن ئازارێکی توندی پێ گەیی بێ و بە تەنگ حەیای خۆیەوە بێ، هەوڵی دەدا بە پەلە هەنگاو بنێ، تەنانەت ئاگای لەو قەلە رەشانەش بوو کە زۆرترو بێ هۆتر لە جاران بەم دەمەو ئێوارەیە دەیان قراند.

دارستانەکە لە بێشەیەکدا دەبڕایەوە کە درەختی غان لە دەوروبەریا رووا بوو، تیشکی کزەتاو لە نێو لق وپۆپی درەختەکانەوە سیمای ماروسکای روناك دەکردەوە، لەم بێشەیەدا

هەموو شتێك ناسكو جوانو مایەی گورج و گۆڵی بوو، لێرەدا چ هەواڵێك لە هەراو هوریای گەوجانەی ئینسان نەبوو، ماروسكا ئارامی گرت ئێستا ئەو جنێوانەی لە مێشكی خۆیدا ئامادەی كردبوو كە بە متچیكی بدات، ئەو توندیو گیانی تۆڵە ئەستێنییەی جارانی نەمابوو و، بەلایەوە بوو بوو بە شتی بیٰ تامو بیٰ مانا. ئێستا ژێوان بوو لەو گێرمە وكێشەو دەنگە دەنگەی لەگەڵ متچیكدا نایەوە. ئەو متچیكەی كە نەیتوانی تا كۆتایی بەرگری لە خۆی بكات، ئێستا هەستی دەكرد كە زیاد لە پێویست بیری لە ڤاریا كردۆتەوە، دڵنیا بوو كە ئیدی هەرگیز ناگەڕێتەوە لای. تا ئێستا ڤاریا لە هەموو كەس پتر لێوەی نزیك بوو، رۆژگاریٰ ئەویش وەكو هەر ئینسانێك دەژیاو هەموو شتێكی بەلاوە سافو سادە بوو، لەبەر ئەو هۆیانە ئیدی لێكدی دابڕان، وەك بڵێی ئەم ژیانە نەمرو لە پچڕان نەهاتووە لە پڕ كۆتایی هات. ئەوجا نۆرەی ئەوەیە دەست بە ژیانێكی نویٰ بكات.

هەتاو لە ژێر قەراخی كڵاوەكەیەوە لە چاوی دەدا، هەتاو چەشنی چاوێكی ساردو ئەبڵەق رووی كردبووە كێو، بەڵام مەزراكان خەمبارو سست بوون، ماروسكا چاوێكی بەو مەڵۆ جۆیانەدا گێڕا كە هێشتا لە نێو كێڵگە نیوە دوراوەكاندا مابووە، پاشان تەماشایەكی ئەو بەر هەڵبێنە ژنانەیەی كرد كە بەسەر گیاكانەوە مابۆوە، ئەمجا چاوێكی بەو كەردووەدا گێڕا كە بەسەر جۆگەلەكەی كەناری كێڵگەكەدا هەڵواسرابوو، قەلەڕەشێك لەسەر شارا جۆیەك كە لەلایەكەوە سكی دابوو، وەكو هەتیو بە تەنیٰو بە خەمبارییەوە هەڵنشتبوو، چ شتێك لەمانە شوێنەوارو نیشانەیەكیان لە مێشكی ماروسكادا بەجیٰ نەهێشت. بیرەوەریو یادگاری كۆن باڵیان بەسەر مێشكیا كێشایەوە، ئەوانەش شتێكی تازەو كەیف بەخشیان تێدا نەبوو، بەڵكو بارێكی گرانو بێزاركەر بوونو باری شانیان قورس دەكرد. هەستی بێكەسیو تەنیایی ئازاری دەدا، دەتگووت بەسەر دەشتێكی بەرینو بێدەنگو خەمبارا دەفریٰ.

لە پڕ دەنگی هێواشی سمی ئەسپێك لە پشتی گردەكانەوە هاتو ماروسكای هێنایەوە سەرخۆ، سەری هەڵبریو چاوی بە هەیكەلی وردیلەی دەورێیەكی سوارە كەوت كە پشتێنێكی توندی لە پشت بەستبوو. پێك گەیشتنەكەیان هێندە كوتو پڕو چاوەڕوان نەكراو بوو، كە ئەسپی دەورێكە هەستایە سەر هەردوو پاشوو.

دەورێكە لە كاتێكا خەریك بوو، كڵاوە پەڕیوەكەی خۆی دەگرتەوە گوتی: ئەوە تۆی نەحلەتی! تۆی ماروسكا، خێرا بگەڕێوە، ماتەڵ مەبە، بە پەلە بگەڕێوە بۆ ماڵیٰ، تۆ نازانیت لەویٰ چ حەشرێكە! وەڵڵا من سەرم لە كارەكەیان دەرنەكرد!

- چۆن، چما چی بووە؟
- هەندیٰ لەوانەی كە لە دەست ژاپۆنییەكان هەڵاتبوون، شتی سەیریان دەگێڕایەوە. بە كورتی لەوانەیە هەر وەختیٰ بیانەویٰ، بگەنە ئێرە. هەموو جوتیاران كێڵگەكانیان بەجیٰ هێشتووەو هەڵاتوون، ژنان دەگریان گالیسكەكانیان كە پڕ بە شاریٰ بوون، بە بارەوە بەرەو قەیاغەكە دەچوون، چ وەزع و حاڵیٰ! چ دیمەنێك! شتێكی نەمابوو كە قەیاغەوانەكە بكوژن، دڵنیام هێشتا نەیتوانیوە هەموویان بپەڕێنێتەوە ئەوبەر. نا دڵنیام هێشتا نەیپەڕاندو

نەتـەوە. گریشـکا بـە درێـژایی دە فەرسـەخ ئـەو دەوروبـەرە گـەڕا. بـەڵام چ شـوێنەوارێکی ئەوانی بەدی نەکرد —هیچ شوێنەوارێك. هەموو ئەمانە قسـەی بێ سـەروبەرە، حەرامزادانـە درۆ دەکەن! پێویستە لەسەر ئەم درۆیانەیان بکوژرێن، بـەڵام حەیفـە فیشـەکیان لـێ خەسـار بکرێ— بەڵێ بە راستی حەیفە فیشەك...

دەورێکە بە شپرزەییەوە تفێکی رۆ کردە سەر عاردی. قامچییەکەی بادا، کڵاوەکەی لەسـەری داکەنـدو هەمـدیس کردیـەوە سـەری و پاشـان بـە شـانازی و خـۆ نواندنـەوە، بـە جـۆرێ میلـی تفەنگەکەی هێنـاو برد وەك ئەوەی بیەوێ بڵـێ وێڕای هـەموو ئەمانـە هـاوڕێ سـەیری مـن بکـە! چۆن هەموو کیژان بۆم دەمرن.

ماروسکا بیری کەوتەوە کە هەمان زەلا م، دوو مانگان لەوە پێش پـەرداخێکی فافۆنی لـێ دزی و پاشان سوێندی بۆ خوارد کە لە رۆژانی جەبهەی ئەڵمانیاوە هەی بووە.

گەرچی ئەمـەی بـەلاوە نـاخۆش نـەبوو، بـەڵام کوتـوپڕ بـیری گەڕانـدەوە بـۆ رابـردوو، "تەنانـەت ئاگای لـە قسـەکانی دەورێکـە نـەبوو و، لـە دەریـای بیری خۆیدا مەلـەی دەکـرد" گەڕاندیـەوە بـۆ شـێوەی ژیـانی ئاشـنای نـاو هێزەکـە... گەڕانـەوە لـە کـانونیکف.پاشەکشـەی ئوسـوکین! ئـەو پڕوپاگەندانـەی دەربـارەی —ئـەو هێـزە دەکـران کـە ئـەو تێیـدا ژیـا بـوو— لـەپڕ تـەوژمی شـوتی خەتەر، سەراپای داگیرکردو تاڵی رۆژگاری رابردووی رامالّی و لەگەڵ خۆیدا بردی.

قسەی دەورێکەی بڕی و پرسی: فیرارەکان؟ ئەوە چ دەڵێی؟

دەورێکە بەسەرسامی برۆکانی بەرز کردەوەو راوەستا، کڵاوەکەی کە تازە لەسەری داکەنـدبوو، و دەیویست بیکاتەوە سەری، لە حەوادا مایەوە.

ماروسـکا بـەدەم گازانـدەوە گـوتی جاشـەکەر، هـەموو هـۆش و بـیرت لای ئەمەیـە کـە خـۆت قـۆز بنوێنی، بە رقەوە لغاوی ئەسپەکەی راکێشاو پاش کەمێك گەییە لای قەیاغەکە.

قەیاغەوانەکـە پیـاوێکی تـوکن بـوو، لنگێکـی پانتۆڵەکـەی هـەڵکرد بـوو، دومـەڵێکی گـەورە لـە ئـەژنۆی هـاتبوو، راسـتت دەوێ توانـای لێخـوڕینی قەیاغەکـەی نـەبوو، هێشـتا یـەك دنیا شـت و مـەك لـەم بـەری چـۆمەکەوە مـابوو، هـەر کـە قەیاغەوانەکـە پێـی دەخسـتە قـەراخ چـۆمەکە، حەشـاماتێکی زۆر، جانتـا، عەرەبانـە، منـداڵی چـاو بـە گریـان و بێشـکەی منـداڵان بـە هـات و هاوارەوە بە سەریا دەڕژان. هەر کەسەو دەیوست پێشتر لـەوانی دی بگاتـە سـەر قەیاغەکە. هـەر هـەموویان هاواریـان دەکرد. دادو بێدادیان بوو، یـەکتریان دەڵـەك دەداو بە عاردیدا دەکـەوتن. قەیاغەوانەکـە بـە تـەواوی دەنگـی گیرابـوو. فشـاری لـە گـەرووی خـۆی دەکـردو بـە هـەوڵی بـێ فایدەوە، دەستوورەکانی دووبارە دەکردەوە. ژنێکـی لـووت پـان کـە پـێ دەچوو هەندێ قسـەی لەگـەڵ فیرارەکانـدا کردبـێ و بـۆی تـەواو نـەکرد بـن، بۆیـە دوو دڵ بـوو لـەوەی کـە ئایـا بـە پەلـە بگەڕێتەوە بۆ ماڵێ یان پاشماوەی قسەکانیان بـۆ تـەواو بکـات، لەبـەر خۆشحەکایەتی خـۆی بـۆ سێیەم جار لە قەیاغەکە بەجێ ما. جانتاکەی لـە خـۆی زلتر بـوو، سیخناخی کردبوو لە پەلکـە چەوەندەر بۆ بەرازەکانی، جانتاکەی دایە عەرداو لە ژێر لێوەوە کەوتە دوعاکردن: خوایـە، ئـەی

پەروەدگار! ئەمجا سەر لە نویٚ هاتەوە سەر قسەکردن، بە چەشنیٚ دەستی پیٚکردەوە پیٚ دەچوو بۆ جاری چوارەم لە قەیاغەکە بەجیٚ بمیٚنیٚ.
ماروسکا هاتبوو بە سەریا... "هەر بۆ خۆشی و پیٚکەنین" کاریٚ بکات کە ناچاریان بکات رابکەن. بەلاّم لەبەر هەندیٚ هۆ ژیٚوان بۆوەو خۆی بە نیٚو حەشامەتەکەدا کرد. لە ئەسپەکە دابەزی و کەوتە گفتوگۆ لەگەلّیانداو دلّنیای کردن کە ئەم پرپاگەندانە درۆیە.
ژنیٚکی دیٚهاتی بە شپرزەییەوە قسەی دەکرد. ماروسکا قسەکەی پیٚ بڕی و گوتی: بەسە، بی بڕەوە واز لە قسەی پڕوپوچ بیٚنە. کوا ژاپۆنی، چ خەبەرو هەوالّیٚك لە ژاپۆنیان نیە! گازی ژەهراوی گازی ژەهراوی بیٚگومان گوندنشینە کورياييەکان ئاگریان کردۆتەوەو ئەمیش باسی گازی ژەهراوی دەکات!.
جووتیارەکان ژنەکەو حەکایەتەکەیان پشت گویٚ خست و لە دەوری ماروسکا ئەلّقەیان بەست. ماروسکا کت و پڕ هەستی کرد کە بووە بە پیاویٚکی گرنگ و پڕ مەسئولیەت، بەم دەورە نا ئاساییەی خۆی دلّشاد بوو، زۆری کەیف بەوە هات کە بەسەر خۆیدا زالّ بوو و کاریٚکی وای نەکرد کە "هەلّیٚن" ماروسکا گالّتەی بە قسەو باسی هەلاّتووەکان دەکردو بەدرۆی خستەوەو سەرەنجام هەموویانی هیٚور کردەوە. کە قەیاغەکە گەڕایەوە ئیدی ئەو غەلّبەغەلّب و هەراو هوریایە نەمابوو، ماروسکا بە خۆی سەرپەرشتی پەڕینەوەو هاموشۆی گالیسکەکانی دەکرد، جووتیارەکان کە لە ترساندا زوو مەزراکانیان جیٚ هیٚشتبوو و، دەستیان لە کار هەلّگرتبوو، هەنووکە لەو کردەوەیەی خۆیان ژیٚوان و بیٚزار بوون و جویٚنیان بە ئەسپەکانیان دەدا، ژنە دیٚهاتیە دفن پانەکەش لە ئەنجاما خۆی و جانتاکەی تەپاندە نیٚو گالیسکەی پیاویٚکەوە، لە دوورەوە لە بەینی سەری ئەسپەکانەوەو لە پشت سمتی قەبەی کابرای دیٚهاتیەوە دەبینرا.
ماروسکا بەسەر تەیمانی قەیاغەکەدا دانەوییەوەو کەوتە سەیر کردنی ئەو بلّقە سپییە کەف ئاسایانەی کە بە دەوروپشتی قەیاغەکەدا دەخولانەوە. کەس نۆبەبڕی لە کەس نەدەکرد، ریٚك و پیٚکی حەشاماتەکە ئەم بیرەی بە میٚشکیا گوزەراند کە ئەو –ماروسکا– دروستکەری ئەم ریٚکوپیٚکییە بووە، ئەمەی بەلاوە شتیٚکی پەسندو لەبەر دلاّن بوو.
لە نزیکی عەمارەکەوە تووشی هەندیٚ حەرەس بوو کە لە ئیسراحەتا بوون، (٥) کەسی هیٚزەکەی دوبوف بوون، بە سلاّوو پیٚکەنین و روو خۆشی و شۆخی بازییەوە پیٚشوازییان لیٚکرد، هەمیشە بە دیداری ماروسکا خۆشحالّ بوون، ئەوان جگە لەم قسە سووکانە چ شتیٚکی تریان نەبوو کە خەلاّتی یەکدی بکەن. حەرەسەکان هەموو گەنجی تەندروست و بە خۆوە بوون.
دنیا خەریك بوو تاریك دادەهات، هەوا ساردو لەزەت بەخش بوو ماڕۆسکا بەغیلی بە حەرەسەکان دەبرد، لە دواوە هاواری کرد: بڕۆن بۆ دۆزەخ!، ماروسکا پڕ بە دلّ خۆزیای بەوە دەخواست کە لەگەلّیاندا بووایەو بەم شەوە ساردو خۆشە هاوبەشی پیٚکەنین و شۆخی و سواری سەختیان بووایە. کە ئەوانی بینی، ئەوجا بیری کەوتەوە کە وەلاّمی نامەکەی ستاشنیسکی لەگەلّ خۆیدا نەهیٚناوەو کاریٚکی نابەجیٚی کردوە، شوراکەی بیرکەوتەوە، ئەو شورایەی خەریك بوو بڕیاری تڕۆکردنی بدات کوت وپڕ دلّی داخورپا. لەبەر خۆیەوە بیری

کردەوە کە ئەم کارەی نابەجێترین کاریٚ بووە کە لە مانگی رابردوودا کردوویەتی بەڕاستی لەوکارەش نابەجیٚ تر بووە کە لە خەستەخانەکە کردبووی.

چنگی لەیاڵی مێشکیا گیرکردو کەوتە دەردە دڵ بۆ میشکا: میشکا، دۆستی ئازیزم، من ئیدی لە گشت شتیٚ تێر بووم، بەڵیٚ برام، لە گشت ئەم کارە تاقەت بەرانە بێزارم.

میشکا سەری هەڵبڕیو پرمەیەکی کرد. هەر بەو دەقەوە کە بەرەو ئوردوگا دەچوو، لە دڵی خۆیدا بڕیاریدا: کە ئیدی واز لە هەموو شتیٚ بێنیٚو، داوا بکات بینێرن بۆ هێزی عەسکەریو لەگەڵ هاوڕێکانیا بیٚ، تا لەم کارە تاقەت بەرانەی تەتەری رزگار بیٚ.

لەبەر هەیوانەکەدا وێستا، باکلانۆف تەحقیقی لە چەند هەڵاتوویەك دەکرد، هەڵاتووەکان چەك کرابوون، دەست بەسەر بوون، باکلانوف لەسەر یەکێك لە پلیکانەکان دانیشت بوو، و ناونووسی دەکردن.

یەکێکیان تەواو ملی کێشابووە دەریٚ، بە دەنگی لەرزۆك و نەرمەوە وەڵامی دایەوەو گوتی: ئیڤان فلیمونف.

باکلانۆف بە توندی پرسی: چی؟ هەموو لەشی بە چەشنی لڤنسون بەلای هەڵاتووەکەدا وەرچەرخاند –(باکلانۆف وای دەزانی لڤنسون بۆیە ئەم حەرەکەیە دەکات تا بایەخێکی تایبەتی بە قسەکانی بدریٚ، هەنوکەش کە ئەم لە مێژ بوو ملی پێکرا بوو، بە هۆی نوقوستانی بەدەنییەوە ناچار بوو لە کاتی پێویستدا لە بری ئەستۆی هەموو لەشی پێکەوە– وەرچەرخێنیٚ).

– فلیمونف؟ نێوی شۆرەتی بابت چییە؟

ماروسکا پرسی: لڤنسون لە کوێیە؟ پیاوێك بەسەر ئاماژەی بۆ لای دەرگاکە کرد، ماروسکا دەستێکی بە قژی خۆیدا هێناو چووە کوختەکەوە.

لڤنسون لە سوچێکی ژوورەکەدا، لە پشت مێزێکەوە دانیشتبوو، سەرگەرمی کار بوو، ماروسکا بە دوو دڵییەوە کەمێك یاری بە قامچییەکەی کرد. ماروسکاش وەکو هەموو ئەندامەکانی تری هێزەکە بەچاوی رێزو گەورەیییەوە دەیڕوانییە فەرماندە. بەڵام چونکە کۆمەڵێك ئەزموونی ژیان وای فێرکرد بوو کە ئەو چەشنە پیاوە خەیاڵییە لە دنیادا نییە، بە پێچەوانەوە هەوڵی دەدا قەناعەت بە خۆی بکات کە ئەگەر لە سەرانسەری دنیادا تاقە حیلەبازێکی زرنگ هەبیٚ ئەوا ئەم "لڤنسون"ـەیە هەر بۆیەش دانی بەوەدا دەنا کە لڤنسون ئاگای لە هەموو شتێکەو مەیلەو مەحاڵ دەهاتە بەرچاو کە کەسێك بتوانیٚ هەڵی خەڵەتێنیٚ.

وەختیٚ تووشی لڤنسون دەبوو و، قسانی لەگەڵ دەکرد، هەستی دەکرد کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدا ئەنجام بەم چەشنە دەستی پێکرد: تۆ کە هەمیشە وەکو مشکان دەچیتە نێو کاغەزەکانتەوە! کاغەزەکەتم بەساغ و سەلامەتی گەیاندە جیٚ.

– چ وەڵامێکی نەبوو؟

– نـ . . . ـە...

لڤنسون نەخشەکەی خستە لایەکەوەو لە جێی خۆی هەستا:

- زۆر چاکە.

ماروسکا دەستی بە قسان کرد: سەیرکە لڤنسون، مەجبورم داوات لێبکەم، ئەگەر قەبوڵی بکەیت سوێند دەخۆم کە تا دوا هەناسە هاوڕێت بم!

لڤنسون بە پێکەنینەوە دووبارەی کردەوە: هاوڕێم، تا دووا هەناسە؟ باشە وەرە پێشەوە بزانم چیت دەوێ؟

- بمنێرەوە شوێنەکەی خۆم.
- شوێنەکەی خۆت؟ بۆ؟

ماروسکا گرژ بوو بوو، دەستەکانی دەجوڵاند، دەترسا شتێ بڵێ کە هەموو ریسەکەی ببێتەوە بە خوری، لەسەری ڕۆیی: بە کورتی و کرمانجی

- لەم کارە بێزار بووم، هەست ناکەم پارتیزان بم، تەنیا یەك....
- ئەدی کێ ببێ بە تەتەر؟

ماروسکا بە پەرۆشەوە گوتی: ئەها، ئا ئفمیکا: سوارێکی بەتەجرەبەیە، من دەزانم —ئەوسا لە سوپای کۆندا خەلاتی وەردەگرت!

لڤنسون جارێکی دی دووبارەی کردەوە: گوتت هاوڕێیەکی هەمیشەیی؟ لڤنسون ئەو رستەیەی بە جۆرێ درکاند کە ماروسکای پێ پەست بکات و تێی بگەیەنێ کە لە جیاتی نەقڵەکەی بەرتیلی هاوڕێیەتی دەداتێ!

ماروسکا رقی هەستا: واز لە گاڵتە بێنە توخمە شەیتان، من هاتم مەبەستێکت لەگەڵدا باس بکەم کەچی تۆ قا قا قا....

- زۆر چاکە، ناڕەحەت مەبە— شەرمە بۆ تۆ، بە دوبوف بڵێ یفیمکا بنێرێ. تۆش... دەتوانی بڕۆی...

ماروسکا گەلەك خۆشحاڵ بوو. هاواری کرد: تۆ دۆستی راستەقینەی منی... پیاوەتیەکی چاکت دەرحەقم کرد! بەڕاستی فەرماندەیی هەر لە خۆت دێ لڤنسون! کلاوەکەی داکەندو بە ژوورەکەدا توڕیدا..

لڤنسون کلاوەکەی ماروسکای هەڵگرتەوەو گوتی: گەوجە.

ماروسکا کە گەیشتە بەشەکەی خۆی دنیا تاریك بوو. کە چووە زنجەکەوە ژمارەیەك لە هاوڕێکانی دانیشتبوون.

دوبوف وەکو یەکێك سواری ئەسپ بوبێ، هەردوو لاقی بەملاو بەولای تەختێکدا شۆڕ کرد بووەوە دەمانچەکەی لەبەر روناکی چراکەدا دەکردەوە.

دوبوف لە ژێر لێوەوە مرەیەکی کرد: ئەهای توخمە شەیتان! کە بوخچەکەی بە دەستییەوە بینی، بە سەرسامی پرسی: بەو بەرو بوخچەیەوە چ دەکەی لەم ناوە؟ گەڕایتەوە لای خۆمان، مەسەلە چییە!

ماروسکا هاواری کرد: هاوڕێ تەواو! رزگارم بوو! وەکو باڵندە پەڕم دەرکردو ئازاد بووم، ئیدی لە قەفەزا نیم! یفیمکا بنێرە با بڕوات— فەرمانی فەرماندەیە!

یفیمکا بە تەوسەوە گوتی: گوایە بە حسێب دەبێ مەمنونت بم ها؟

یفیمکا پیاوێکی وشك‌و تووڕەو هەڵچوو بوو.

– بڕۆ، بڕۆو هیچ مەڵێ، کاکە یفیم سیمیونیویچ بە کورتی پیرۆزبایت لێ دەکەم، تازە قەرزارم بوویت.

لە خۆشی ئەوەی جارێکی دی خۆی لە نێو هاوڕێکانیا بینییەوە. هەمیشە شۆخی لەگەڵ دەکردن، عەزێتی دەدان‌و نوقورچی لە کەیبانۆی ماڵەکە دەگرت، بە دەوری ژوورەکەدا غاری دەداو سەمای دەکردو ئاخری کەوت بە سەر فەرماندەیاو زەیتەکەی بەردەستی رشت.

دوبوف بۆڵاندی: گەوجە، تۆش هەموو بورغوو بزمارەکانت ژەنگیان گرتووە. دوبوف مشتێکی ئەوەندە قایمی بە پشتیا کێشا دەتگوت سەری لە بەدەنی جیاکردەوە. گەرچی مشتەکەی دوبوف ئازاری دا، بەڵام لە دڵی نەگرت‌و نەتۆرا، ماروسکا تەنانەت لەزەتی لە قسە رەق‌و وشە قرتاوو نا مەفهومەکانی دوبوف –کە کەس لێیان حاڵی نەدەبوو– وەردەگرت. هەموو ئەو شتانەی لێرەدا روویان دەدا بەلای ئەوەوە ئاسایی و خۆش بوون.

دوبوف گوتی: زۆر باش بوو، لە کاتی خۆیدا هاتیتەوە. تۆزێ دەرنگیش بووە. لەوێدا بوو بووی بەشتێکی هیچ‌و پووچ، عەینی برغویەکی کۆن‌و ژەنگ گرتوو، مایەی سەر شۆڕی هەموومان بووی.

هەموو پارتیزانەکانی دوبوف بە گەڕانەوەی ماروسکا خۆش حاڵ بوون، بەڵام هەر یەکەیان لەبەر هۆیەك خۆشحاڵ بوو، زۆربەیان ماروسکایان لەبەر هەندێ خاسیەت خۆش دەویست کە دوبوف لێیان بێزار بوو.

ماروسکا هەوڵی دەدا یادگاری دیدارەکەی خەستەخانە لە مێشکی خۆی دەربکات، بۆیە بەم پرسیارە: ژنەکەت چ دەکات؟ قەڵس دەبوو.

دوای تۆزێك لەگەڵ هاوڕێکانیا بۆ ئەسپ ئاودان چوون بۆ چەم، پەپوەکان بەسەر درەختەکانەوە دەیان خوێند، دەنگیان هێواش بوو، بەڵام شووم نەبوو، چونکە ئاوەکە هەڵمی لێ هەڵدەستا، بۆیە سەری ئەسپەکان بە سەر ئاوەکەوە تەواو نەدەبینرا، دەوەنە چڕەکانی ئەم بەرو ئەو بەری چۆمەکە هەر چەند شەونم بەسەر پەلکەکانیانەوە بوو، بەڵام لەو سەرمایەدا سیس‌و ژاکاو دەیان نواند.

ماروسکا لەبەر خۆیەوە گوتی: بەمەش دەڵێن ژیان، بە خۆشەویستییەوە کەوتە فیکە کێشان بۆ ئەسپەکەی.

مەعدەنچیەکان لە پشت زنجەکەوە خەریکی چاك کردنەوەی زینەکان‌و پاك کردنەوەی چەکەکانیان بوون.

دوبوف بە دەنگی بەرز ئەو نامەیەی دەخوێندەوە کە لە مەعدەنەوە هاتبوو، کە شەوێ گەڕایەوە زنجەکە، ماروسکای بە بۆنەی گەڕانەوەیەوە بۆ لای ئەمان– کرد بە ئێشکچی شەو.

ماروسکا بە درێژایی ئەو شەوە وای هەست دەکرد کە هەنووکە بووە بە سەربازێکی راستەقینەو مرۆڤێکی بەسوود. لە نیوە شەوا ئازارێکی توند دایە پەراسووەکانی دوبوف‌و خەوی لێ زڕاند.. لە جێی خۆی هەستا، بە ترسەوە هاواری کرد: چی؟ چی؟ هێشتا چاوە

خـەواڵووەکانی تـەواو هەڵنـەهێنا بـوو کـە سـەیری شـولەی چـراکە بکـات، لـە دوورەوە دەنگـی گوللەیـەکی ژنـەوت، یـا وای هەسـت کـرد. پاشـان تەقـەی گوللەیـەکی دی لـە ئاسمانـدا دەنگـی دایەوە.

ماروسـکا لـە پـاڵ تەختەکەیـدا وێسـتاو بـە دەنگـی بـەرز هـاواری کـرد: رابـن، لـەزێ بکـەن، لـە دەوروپشتی چۆمەکە تەقەیە!

لەمەودایەکی دیارەوە دەنگی چەند گوللەیەك دوا بە دوای یەك هاتە گوێ.

دوبوف دەستووری دایە ماروسکا کە: هاوڕێیان هەستێنە! خێرا هـەڕو سـەر بە زنجەکاندا بکە! راکە، بلەزینە!

ماروسکا پاش چەند دەقیقەیەك تەدارەکی تەواوی لە خۆداو بە غاردان لـە کوخەکـەوە دەرچوو، دنیـا سـاردو کـپ، لـە روونـاك بوونـەوەدا بـوو، ئەسـتێرەکان لـەنێو رێگـای دەسـت لـێ نـەدراوو تەمومژاوی کاکێشاندا، کە پێی چ زی روحێکی تێ نەکەوتبوو، بە ترسەوە هەڵدەهاتن.

پارتیزانـەکان یـەك یـەك لـە کادێنـە پڕەکـەوە دەردەکـەوتن، بـە خوتـەو بۆڵـەوە فیشـەکدانەکانیان دەبەستو ئەسپەکانیان دەهێنایە دەرێ.

مریشکەکان بە فڕەفڕو قیڕە قیڕی تـرس ئـامێزەوە لـە کۆڵانـەکان دەردەپەڕینـە دەرێ. ئەسپەکان هەڵدەبەزینەوەو دەیان حیلاند.

دوبوف فەرمانیـدا: بـەغار بچنـە دەرێ. سـواربن. دمیـتری سـیمیون خێـرا هـەموو برادەرانـی نێـو زنجەکان بێدار بکەوە!

راکێتێك بـەدەم دووکـەڵ کردنـەوە بـە ئاسمـانی مەیدانەکـەی بەرانبـەر ئوردوگاکـەدا گڤـەی کـرد، ژنێکـی دێهـاتی بـە چـاوی خـەواڵوەوە سـەری لـە پەنجـەرە هێنایـە دەرێو بەپەلـە سـەری بـردەوە ژوورێ.

دەنگێکی پەشێوو لەرزۆك بەرز بۆوە: پەنجەرەکە داخـە! یفیمکا بـە پەلـە لـە ئۆرودوگاکە چووە دەرێو لەبـەر دەرگـای هـەر زنجێکـدا هـاواری دەکـرد: چـەكو تـاقم ببەسـتەو راکـە دەرێ. بگـە شوێنی کۆبوونەوە!

سەری ئەسپەکەی لە دەرگای زنجـەکان بـەرزتر بـوو. یفیمکـا لەگـەڵ هـاوار کردنـدا هەنـدێ شـتی دی دەتگوت کە مەفهوم نەبوون، بۆیە بە فیڕۆ دەچوون.

وەختێ مامورانی بێدارکردنەوەی پارتیزانەکان گەڕانەوە، دەرکەوت کە پتر لە نیوەی ئەندامانی دەستەکەی دوبوف شەوێ لە ئۆردوگادا نەبوو بوون، تومەز چووبوونە شـەوانە کـۆڕو لەوانەشـە شـەوێیان لەگـەڵ کیژانـدا گوزەرانـدبێ. دوبـوف پەشـێو بـوو، نەیـدەزانی کـە ئـاخۆ بەوەنـدە پارتیزانەوە بکەوێتە کـار یـان بـە خـۆی سـوار بـێو بـڕوا بـۆ ئوردوگـا تـا بزانـێ وەعـز لـە چ دایـە.

دوبوف بە دەم کفرکردنەوە، هەندێ سواری نارد کـە یـەك یـەك زەلامـەکان کۆبکەنـەوە. بـۆ دووەم جار هەندێ سوار بـە چـوار نالـە گەیینـە جـێو فـەرمانی لڤنسـونیان هێنـابوو کـە دەسـت بـە جـێ هەموو زەلامەکان ئامادەبن، بەڵام هێشتا چ هەواڵێك لە زەلامە غایبەکانەوە نەبوو، دوبـوف وەکـو گیانلەبەرێك کەوتبێتە داوەوە، هەر پەلە قاژەی بـوو، لێـرە بـۆ ئـەوێ، لـەوێ بـۆ ئێـرە غـاری دەدا،

هێند نائومێد بوو بەو بوایە بە گوللەیەك تەپڵی سەری خۆی هەڵگرێ، ئەگەر بە تەواوی هەستی بەو ئەرکە سەختەی سەر شانی نەکردبا بە گوللەیەك خۆی تەواو دەکرد، ئەو شەوە کۆمەڵێك پارتیزانی بێ بەخت مستە کوڵەی باوە پیاڕانەی دوبوف یان بەرکەوت.

دەستەکەی دوبوف، ئەنجام لە کاتێکا سامی جادەکان لەگەڵ دەنگی سمی تێکەڵ و پێکەڵی ئەسپ و جرینگە جرینگی سازو بەرگ و چەکی پۆڵاییندا تێکەڵ دەبوو، بە دەم حەپەی شێتانەی سەگەلەوە گوندەکەیان بەرەو شوێنی خڕبوونەوە بە جێ هیشت.

دوبوف کە دیتی زەلامی دەستەکانی دی لەمەیدانەکەدا ئامادە بوون، سەرسام بوو، زەلامەکان بەسەر شا ڕێی عەماری قیتارەکەدا بلاوەیان کردبوو، کۆمەڵێکیان لە ئەسپەکانیان دابەزی بوون و لە کەنار شارێیەکەداو، لە سەر عاردی دانیشتبوون و سەبیلیان دەکێشا. دوبوف چاوی بە هەیکەلی وردیلەی لڤنسون کەوت کە لە نزیکی کۆمەڵە لەوحێکەوە لەبەر روناکی مەشخەڵێك، لەگەڵ میلیتسادا قسانی دەکرد.

باکلانۆف بە رەقی گوتی: بۆ ئەوەندە دوا کەوتی؟

ئێستاش هەر لاف لێ بدە کە –مەعدەنچییەکان! لە رقا بێ تاقەت بوو، خۆ ئەگەر لەم هەلومەرجەدا نەبووایە هەرگیز زاتی نەدەکرد بەو رەقییە لەگەڵ دوبوفدا بدوێ.

دوبوف سەری شۆڕ کرد. ئەوەی لە هەموو شتێ پتر دەیرەنجاند ئەوەبوو: هەستی دەکرد حەق بە باکلانۆفەو هەقی خۆیەتی تا دەتوانێ تەوسی پێ بکات و تانەی لێ بدات. بەلای خۆیەوە هیچ سەرزەنشت و گازاندەیەك بارتەقای درێغی کردنەکەی نەدەکردەوە. جگە لەمانەش، باکلانۆف ئەوی لە قافا گرتبوو: دوبوف بە هەموو بوونییەوەو بە راستیش باوەڕی وابوو کە نێوی مەعدەنچی لەم سەر زەمینەدا گەورەترین و پڕ شانازیترین نازناوێکە کە یەکێك بتوانێ لە خۆی بنێ. ئێستاش باوەڕی وا بوو کە دەستەکەی ئەو نەك هەر حورمەتی خۆی نەپاراستووە، بەڵکو پەڵەیەکی ئەو تۆیان ناوە بە نێو چاوانی حەیاو ئابڕوی مەعدەنچییانی ساچان و گشت مەعدەنچییەکی ترەوە کە بەلای کەمەوە تاوەکو حەوت پشتان دەمێنێتەوە.

باکلانۆف پاش سەرزەنشت کردنی دوبوف –دوبوف کە بە خۆی لە ناخی دڵەوە بەو سەرزەنشتە رازی بوو– سواری ئەسپەکەی بوو، و چوو زەلامەکانی خڕ بکاتەوە. دوبوف لەلایەن (٥) زەلام لە سوارەکانی خۆییەوە، کە تازە لەو بەر چۆمەکە گەڕابوونەوە، ئاگادار کرایەوە کە چ دژمنێك لە گۆڕێدا نییەو تەقەکانیش بە فرمانی لڤنسون کراون، دوبوف تێگەیی کە لڤنسون ویستوویەتی رادەی ئامادەیی هێزەکە تاقی بکاتەوە: کە بیری لەوە دەکردەوە کە فەرماندەکەی لە خۆی رەنجاندووەو نەیتوانیوە ببێ بە سەر مەشق بۆ ئەوانی دی، گڕی رقی پتر بڵێسەی دەستاند.

وەختێ هەموو بەشەکان ریز بوون و سەرژمێری حازرو غایب دوایی هات، دەرکەوت کە ژمارەیەکی زۆر لە پارتیزانەکان لەوێ نین، زۆربەی غایبەکان لەدەستەکەی کوبراك بوون، کوبراك بەخۆیشی کە چوو بووە بەرێ کردنی خزمێکی خۆی، هێشتا بە تەواوی نەهاتبووە

سەرخۆ، بەردەوام قسەی بۆ زەلامەکان دەکردو دەیپرسی. چۆن دەتوانن حورمەتی بەرازێکی بێ فەڕی وەکو من بگرن.
بەردەوام دەگریا. زەلامی گشت دەستەکان هەستیان دەکرد کە مەستە، تەنیا لڤنسون نەبێ وا خۆی دەنواند کەچ شتێك نابینێ، لە لایەکی تریشەوە ناچار بوو لای بدات. بەڵام زەلامێکی دی نەبوو لە شوێنی ئەو دایبنێ.
لڤنسون سوارانی هێزەکەی تەفتیش کردو رۆیی بۆ مەرکەزی مەیدانەکە، بەرانبەر زەلامەکان وێستا، بەووشکی و جدی دەستێکی رووەو زەلامەکان هەڵبڕی و کەوتە قسان. هەندێ دەنگی نامەفهوم لە ژێر پەردەی تاریکی شەوەوە دەگەییەگوێ.
لڤنسون بە دەنگێکی ڕەوان و هێدی، بە دەنگێ کە بەلای هەر یەکێك لە زەلامەکانەوە لە لێدانی دڵی خۆی ئاشناتر بوو، دەستی بە قسان کرد: هاوڕێیان! ئێمە دەبێ لێرە بڕۆین. بۆ کوێ؟ جارێ شوێنێکی تایبەتیمان دیاری نەکردووە.
هێزی ژاپۆنییەکان گەرچی پێویستی بە موبالەغە نییە، بە ئەندازەی کاڤ زۆرو بە هێزن، قازانجی ئێمە لەوەدایە بۆ ماوەیەك خۆ ون بکەین، هەڵبەتە ئەنجامدانی ئەم کارەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئیدی بە تەواوی لە خەتەر خەلەساوین، نا، ئێمە هەمیشە خەتەرمان لە پێشەوئەم خەتەرەش بۆیەکە بە یەکەمان روون و ئاشکرایە. ئایا ئێمە بەڕاستی شایستەی نێوی پارتیزانین؟ ئەوڕۆ پێچەوانەی ئەوەمان سەلماند، ئێمە بە قەت کیژە مەکتەبلییەکان زەبت و رەبتمان نییە، ئەگەر ئەم تەقانە بەڕاستی لەلایەن ژاپۆنییەکانەوە بوایە ئەو حەلە تەگبیرمان چ دەبوو؟ بێگومان بێ سێ و دوو گەروویان هەڵدەدڕین و ئەمەش شوورەیی و نەنگە!
لڤنسون بە پەلە بە پێشا دانەوییەوە، دوا وشەی چون سپرنگێك کە لە حاڵەتی کردنەوەدا بێ لە دەمی دەرپەڕی، دەتگوت دەستێکی بێ رەحم گەرووی گوشی.
کوبراك کە تاقە وشەیەك لە وشەکانی حاڵی نەبوو بوو بە دەنگێك کە تەواو قەناعەت بەخش دەهاتە بەرچاو هاواری کرد: بە تەواوی دروستە... هەر وشەیەکی!.... ئەوجا بەدەم سەر لەقاندنەوەو بە دنگی بەرز نزگرەیەکی کرد.
دوبوف هەموو ساتێ بە تەمای ئەوە بوو. لڤنسون رووی تێ بکات و بڵێ بۆ نموونە دوبۆف دەڵێم —ئەم پیاوە لە رابواردن گەڕابۆوە، یەکێك بوو لەوانەی کە پتر لە هەمووان حسێبم بۆ دەکر. ئەمەش مایەی شەرمەزارییە. بەڵام لڤنسون نێوی چ کەسێکی نەبرد. لە راستیا زۆر کەم قسەی کرد. تاکیدی بنەڕەتیشی لەسەر یەك خاڵ بوو، دەتگوت مێخێکی مەزن بە چەکوش دادەکوتێ تا وەکو هەتا هەتایە لە جێی خۆی بمێنێ. وەختێ کە قەناعەتی کرد مەبەستی خۆی پێکاوە ئەوجا ئاوڕی لە دوبوف دایەوەو گوتی: دەستەکەی دوبوف دەبێ بە ماموری بنکە... تۆزێ زەلامەکانت هێدی بکەوە— ئەوان زوو مەبەستەکان حاڵی دەبن.
لڤنسون لەسەر ئاوزەنگییەکەوە هەستا، قامچییەکەی بادا، بە دەنگی بەرز هاواری کرد: سێ سێ لە جێی خۆتان ریز بن، بە دەستە راستیی درەختەکانا، بڕۆن! جرینگە جرینگی زنجیری هەوسارو جیڕە جیڕی زین ئاسمانی پڕ کرد. ریزی سفتی پیاوان لە نێو جەرگەی شەوا،

چەشنی ماسییەکی گەورەی نێو ئەستێلێکی راوەستاو، لە جوڵانا بوو. دەتگوت بەرەو قوتەو لوتکەکانی سیخوتە ئالین دەکشێن، ئەو کێوە بە تەمەن و جوان و زیندووەی کە سپێدەی گرتبووە باوەش و دەتگووت هەر ئێستا نا ئێستا ئازادی دەکات.

-٩-

متچیك لە ناو هێزدا

ستاشینسکی لەلایەن یاریدەدری مەسئول تەداروکاتەوە کە بۆ پشکنینی ئازووقە چووبووە خەستەخانە، لە حەرەکەتی هێزەکە ئاگادار کرایەوە.
یاریدەدەری مەسئولی تەداروکات بلوزێکی کاڵەوە بووی لە بەردا بوو. پشتە چەماوەکەی کردە هەتاو و گوتی: ئەم لڤنسون"ە گەلێك زرینگە. ئەگەر ئەو نەبوایە هەموو تیادەچووین. تۆ بیری لێ بکەوە، کەسمان رێگای خەستەخانەمان نەدەزانی. ئەگەر ژاپۆنییەکان دوامان بکەوتنایە، هەموومان دەرژاینە ئێرەوەو لە دەستیان هەڵدەهاتین خۆ، ئەوساش ئەم هەموو ئازووقەیەمان لێرەدا هەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا لڤنسون پیاوێکی ناموافق نییە؟ ئەمجا سەری ئافەرین و ستایشی لەقاند.
ستاشینسکی چاك دەیزانی کە ستایش و ئافەرینی ئەم کابرایە تەنیا لەبەر زیرەکی لڤنسون نەبوو، بەڵکو حەزی لەوە بوو ئەو سیفەتانەی کە لە خۆیدا نەبوون، بیانداتە پاڵ خەڵکانی دی.
متچیك ئەو رۆژە بۆ یەکەمجار کەوتەوە سەر پێ. لە کاتێکا ژێر باڵیان گرتبوو، و بەسەر سەوزە گیاکەدا هەنگاوی دەنا، سەری لە هەڵگەڕانەوەی سپرینگ ئاسای گیاکانی ژێر پێی سور دەما، لە خۆشیاندا سەری لێ شێوابوو، بەردەوام و بێ ئیختیار پێدەکەنی، پاشان لەسەر تەختەکە راکشاو کەوتە گوێ گرتن لە لێدانی توندی دڵی خۆی، نەیدەزانی ئەم لێدانە توندەی دڵی، ئەنجامی شەکەتی بوو، یا ئەنجامی ئەو هەستی شادییە بوو کە دیتنی گیایەکانی ژێر پێی پێی بەخشیبوو، هەر چەندە هێشتا لاقەکانی سست و بێ هێز بوون، بەڵام ئازای گیانی لە خۆشی و شادیدا هاتبووە سەما. کە متچیك بە پێی خۆی دەڕۆیی، فرولوف بەغیلی پێ دەبرد. متچیك کە دەچووە کن فرولوف هەستی بە شەرمێکی سەیر دەکرد، بۆیە هەنوکەش نەیدەتوانی ئەو هەستە لە خۆی بتارێنێ.. نەخۆشییەکەی فرولوف هێندە درێژەی کێشابوو کە گشت کارگوزەرانی خەستەخانەکەی بێزار کردبوو، هەر چەند بە تەنگییەوە دەهاتن وغافلیان نەدەکرد، بەڵام چەندین جار بە خۆی گوێی لێ بوو بوو کە پێیان دەگوت: ئەرێ تۆ کەنگێ دەمری؟.بەڵام ئەو دەیویست بژی.
چونکە بەخۆرایی چاوەڕێی ژیانی دەکرد، بۆیە بوو بوو بە بار بە سەرشانی ئەوانەوە.

ئەو پیوەندییە سەیرەی نیوان متچیك ڤاریا تا دوا رۆژی مانەوەی متچیك لە خەستەخانەکە هەر بەردەوام بوو، وەزعو حاڵیان لە گەمەیەك دەچوو کە هەر یەکێکیان دەستی ئەوی تری خوێندبێتەوە. متچیك دەیزانی ڤاریا چی دەوێ. ڤاریاش دەیزانی متچیك دەترسێت. کەسیان نەیاندەتوانی دوا هەنگاوی یاخیانەوە بنج بڕ بنێ.

ڤاریا لە رۆژانی سەختو دژواری خەستەخانەدا، لەو رۆژانەدا کە نەخۆشێکی یەکجار زۆر لە خەستەخانەکە کەوتبوون و ناسینەوەیان بەسیماو رەنگی چاوو قژا، تەنانەت بەناویشیاندا زەحمەت بوو، هەرگیز نەیدەپەرژا موغازەلەی کەس بکاتو بە چ کەسێك بڵێ: دڵدارەکەم، خۆشەویستەکەم. متچیکی هەر لە بیر بوو و لە خۆشاوی ئەو وشانەی بێبەش نەدەکردو بە کردەوەش بۆی دەسەلماند. ڤاریا وای هەست دەکرد تەنیا ئەوە پیاوە قۆزو خۆشەویست و میهرەبانە دەتوانێ تامەزرۆی ئەو بشکێنێ و غەریزەی دایکایەتی لا بسەلمێنێ، هەر ئەو تاسەیەش ڤاریای خستە داوی عەشقی متچیك-ەوە، شەوانە خەیاڵی بە متچیکەوە لێ دەداو بەبێ دەنگی و کپی بۆی دەسوتا، بە رۆژیش ئەڵهاو ئارەزوو تینی بۆ دەهێناو حەزی دەکرد متچیك بەرێتە پەناییکەوەو عەشقی درەنگ وەختی خۆی پێ رابگەیێنێ، بەڵام لەبەر چەند هۆیەك هەرگیز بە ئاشکرا ئەم عەشقەی خۆی پێ رانەگەیاند، متچیکش هەر چەند بە هەموو شەوقو خەیاڵاتی لاویەوە هەمان خۆزگەو ئارەزووی ڤاریای لە دڵدا بوو، کەچی تا پێی دەکرا خۆی لە ڤاریا دەپاراستو هەوڵی دەدا بە تەنیا لەگەڵیا کۆنەبێتەوە: لە کاتی تەنیاییدا یا پیکای گاز دەکردە نك خۆی یا نەخۆشی دەکردە بیانوو، متچیك شەرمی لە ڤاریا دەکرد، چونکە لە ژیانیا ئاشنایەتی لەگەڵ چ ژنێکا پەیدا نەکرد بوو، وای هەست دەکرد ئەو کارەی خەڵکانی دی لەگەڵ ڤاریادا دەیانکرد ئەم ناتوانێ بیکات. جگە لەمەش مەسەلەی ئابڕوو چوون لەئارادا بوو. هەر کاتێکیش بەسەر شەرمەکەیدا زاڵ دەبوو. سیمای گڕ گرتووی ماروسکا لە دارستانەکەوەو بە دەم قامچی بادانەوە دەر دەکەوت. متچیك- دادەمرکایەوەو جۆرە ترسێکی لێدەنیشت، هەستی دەکرد قەرز و پیاوەتی ماروسکای پێ نادرێتەوە. متچیك بە درێژایی ئەو ماوەیە لاوازترو باریکتر بوو، تا دواساتی مانەوەی لە خەستەخانەکەدا نەیتوانی بەسەر ترسەکەیدا زاڵ بێ. متچیك و پیکا پێکەوە لە خەستەخانە دەرچوون، کە خەستەخانەکەیان بەجێهێشت دەتگوت لە خەڵکانێ جیادەبنەوە. کە هەرگیز نەیانناسیون. ڤایار بەهانکە هانك لە رێگاکەوە خۆی پێ گەیاندن، گۆناکانی لە شەرم و شپرزەیی دا سۆر هە ڵگەڕا بوون، گوتی: سەیرکە با بە لای کەمەوە خوا حافیزییەکی تێرو تەسەل لە یەکدی بکەین، نازانم بۆ لەوێ شەرمم کرد، قەت وا نەبووم کەچی ئەمجارە شەرمم کرد. بە چەشنی کچۆڵانی مەعدەن، بە ئەسپایی و دزییەوە کیسەیەك توتنی خستە دەستی متچیکەوە.

شپرزەیی و دیارییەکەی ڤاریا ئەوەندە چاوەڕوان نەکراو بوو کە متچیك لە ناخی خۆیدا هەستی بە ئازارێکی سەخت کرد. لەبەر پیکا بە شپرزەیی و هەڵچوونەوە لێوەکانی بە گۆنایەوە چەسپاند. ڤاریا چاوی بڕییە متچیك، لێوەکانی کەوتنە تەتەڵەو بە چاوە خومارەکانی دوا نیگای خوا حافیزی بڕییە متچیك.

لە کاتێکا متچیك و پیکا لە نێو درەختە چڕەکانا ون دەبوون، ڤاریا هاواری کرد: سەرم لێ بدەوە! بەڵام ئیدی چ وەڵامێك نەبوو. ڤاریا خۆی بە عاردیداداو هۆن هۆن کەوتە گریان.
متچیك بەدەم ڕێگاوە بیرەوەرییە خەمناکەکانی لە خۆی دوور خستەوە. ئیدی بەلای خۆیەوە پارتیزانێکی راستەقینەبوو. تەنانەت قۆڵەکانی هەلکرد تا هەتاو بیانسوتێنێ. وەك بڵێی ئەم کارە لە ژیانی تازەیداو پاش ئەو گفتو گۆ لە بیرچوونەوە نەهاتووەی لە گەڵ ڤاریادا کرد بووی، کارێکی گرینگ و گەلەك بە بایەخ بوو.
هێزی ژاپۆنی و کلچاکەکان گەلی "ئیرو خدزا"یان داگیر کردبوو. پیکا بە درێژایی ڕێگا، پەشێوو نیگەران سکالای لە دەست دەردێکی خەیاڵی دەکرد. متچیك نەیتوانی قەناعەتی پێ بکات کە لە دۆڵەکەوە گوند بەجێ بهێڵن، بۆیە بە هەورازی شاخەکاندا و لە ڕێگای نادیاری بزنە ڕێوە درێژەیان بەڕێی خۆدا، بۆ دووەمین شەو، لە کاتێکا ترسی مەرگیان هەبوو، بە چوار چنگۆڵە بەسەر تاوێرە سەختەکاندا بەرەو چۆمەکە داگەڕان: متچیك هێشتا متمانەی بەلاقەکانی خۆی نەبوو، نزیکی بەیانی گەیشتنە یەکێك لە مەزرا کورییاییەکان و، بە تاسوقەوە کەوتنە خواردنی "چامیزای" بێ تام و خوێ.
متچیك کە تەماشای سیمای ژاکاوو بەزەیی وروژێنی پیکای کرد، ئیدی نەیتوانی سیمای شیفتەی ئەو پیرەمێردە بێ دەنگ و نورانییە بیر خۆی بەرێتەوە کە لە قەراخ دەریاچەیەکی مەنگ و بە زەل داپۆشراو دادەنیشت. رواڵەتی بەزیوی پیکا نیشانەیەکی ئەکیدی شڵەقانی گومێ ئارامییەکەی بوو، پاشان ڕێگەیان کەوتە هەندێ کێڵگەی لێك دابڕاو کە چ کەسێك لەو ناوەدا نێوی ژاپۆنییەکانی نەژنەوتبوو، وەختێ پرسیاری پەڕینەوەی هێزەکانی لە وەرزێرەکان کرد، وەرزێرەکان ئامارەیان بۆ سەرووی چۆمەکە کردو دەنگوباسیان لێپرسین و خولکیان کردن کە "کواس"ی شیرین بخۆنەوە. کیژانی دێهاتی بە عەزرەتەوە سەیری متچیك-یان دەکرد. رۆژی کارو سەرگەرمی ژنان هاتبوو. جادەکە پڕ بوو لە گوڵە گەنمی درشت، داوی هێلانەی چۆلی جالجالۆکە لەو گزنگی بەیاندا لە ئاونگا دەبریسکایەوە. دنیای پاییز پڕ بوو لەوزە وزی خەم وروژێنی زەردەواڵان، دەوروبەری رۆژئاوا گەیشتنە گوندی "ش بی شی" دێیەکی بچکۆلە بوو. لەبەر تیشکی زەردەپەڕی ئێوارەو لە داوێنی شاخێکی پڕ درەخت دا ئارامی گرتبوو، دەستەیەك زەلامی شاد کە هەر یەکەیان تلیماسکێکی سووری بەکڵاوەکەیەوە کردبوو، بە دەنگە دەنگی شادی وروژێنەوە لە نزیکی مزگەوتێکی پەرپوت و وێراندا کە پەڵەی تەرەشوع دیوارەکانی داڕزاند بوو، مژۆلی وازی اسکیتل بوون. کابرایەکی کورتە بالا بە جوتێ پوتی درێژەوە، بە ردێنێکی سووری پایین باریکەوە کە پتر سیمای کورتە بالاکانی ئەفسانەی پەریانی نێو کتێبی مندالانی پێدا بوو، گوێیەکانی دەهاویشت و زۆر لە دووری دارەکان دەکەوتەوەو ئەوانی دی پێدەکەنین، کابرای کورتە بالا بە شەرمەوە پێدەکەنی. بەڵام هەموو دەیانزانی کە بە هیچ کلۆجێ مەیدان خاڵی ناکات، لەوانی دیش کەمتر کەیف ناکات. پیکا گوتی: ئەوانن، ئەوە ڤنسونە.
- کامە؟

- ئەوە، ئەو ردێن سوورە.

پیکا متچیکی بە سەرسامی بەجێ هێشت. بە پەلە و بە شێوەیەکی سەیر بەرەو کابرا کورتە بالآکە کشا.

- ئەهای کوڕینە وەرن، پیکا هات!
- بەڵێ خۆیەتی، بەخێر هاتی!
- شەیتانی سەر حەوێس "اصلع" کارەکەی بە جۆرێ ساز داوە کە بە دوای ئێمەدا بێت. وازیان لە گەمەکە هێناو هەموو لە دەوری پیرەمێردەکە خڕبوونەوە. متچیك لە دووریان وێستاو دوو دڵ بوو کە ئاخۆ بچێتە نێویانەوە یا سەبرکات تا گازی بکەن.

ئەنجام لڤنسون پرسی: ئەدی ئەوە کێیە لەگەڵ خۆتت هێناوە؟

- ئەها، هاوڕێیەکە لەخەستەخانەوە هاتووە، کوڕێکی باشە! یەکێکیان کە متچیکی ناسییەوە هەڵیدایێ: ئەو گەنجە بریندارەیە، کە ماروسکا هێنای.

متچیك کە گوێی لێ بوو دەربارەی ئەو قسان دەکەن، چووە نزیکترەوە، پیاوە کورتە بالآکە، ئەوەی یاری "اسکتیل"ی خراپ دەکرد دوو چاوی درشت و کاریگەری پێوەبوو، ماوەیەك لە متچیك راما، چووە ناخییەوە دەروونی پشکنی، دەتگوت دیوی ناوەوەی متچیکی هەڵدەسەنگاند.

متچیك کە بیری چوو بوو قۆڵەکانی داداتەوە، لە شەرماندا سوور بۆوەو گوتی: هاتووم پێوەندی بەهێزەکەی ئێوەوە بکەم، ئەمجا بۆ ئەوەی سەنگێك بە قسەکەی بدات هەڵیدایێ: بەر لە بریندار بوونم، لە لقەکەی شالدیبا بووم.

- چەندێك لە لقەکەی شالدیبا مایتەوە؟
- لە مانگێ شەشەوە... لە نیوەیەوە... لڤنسون نیگایەکی توندو پرس ئامێزی کرد: تەقە دەزانی؟ متچیك دەمودەست وەڵامی دایەوە بەڵێ...
- یفیمکا بڕۆ تفەنگەکە بێنە.

وەختێ یفیمکا چوو بۆ تفەنگ، متچیك هەستی کرد گەلێك چاوی پرس ئامێز سەیری دەکەن. وای دەهاتە بەرچاو کە ورد بوونەوەو نیگا ساردەکانیان هەڵقولآوی دژمنایەتییە.

لڤنسون تەماشایەکی دەوروپشتی کردو گوتی: زۆر چاکە فەرموو. حەز دەکەیت بە چی تەقان بکەی؟

یەکێکیان بە خۆشحاڵییەوە پێشنیازی کرد: بەو سەڵبییە!

- نا.. ئەوە باش نییە. یفیمکا ئەم داراسکیتلە بخە سەر ئەو عامودە.

متچیك تفەنگەکەی بە دەستەوە گرت و بۆ سێرە گرتن تەقریبەن چاوی نوقاند. ترسێکی کوت و پڕ سەراپای داگرت، هەڵبەتە ترسی لە تەقەکردنەکە نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو وای بیردەکردەوە کە هەر هەموویان حەز دەکەن نیشانەکە نەپێکێ.

یەکێکیان ئامۆژگاری کرد: دەستی چەپت توندترکە، وا خۆشترە لەوەی کە تۆ گرتوتە. کابرا ئەو قسانەی وەکو جۆرە هاوخەمی و بە تەنگەوە هاتنێك کردو کارێکی زۆری لە متچیك کرد.

متچیك غیرەتی دایە خۆ، میلی تفەنگەکەی هێنایەوە. لەگەڵ تەقەی فیشەکەکەدا –چەند جارێك چاوی تروکاند– و پاشان "اسکتیل"ەکەی بینی کە لەسەر عامودەکەوە دەکەوتە خوارێ.

لڤنسون پێکەنی: تەقان دەزانی. ئەدی سواری بەڵەدی؟

متچیك هێندە سەرمەستی سەرکەتنی تەقەکردنەکەی بوو، ئامادە بوو گوناحی هەموو مرۆڤایەتی لە ئەستۆ بگرێ، بۆیە ئیعتراف کرد کە: نا، لڤنسون گوتی: ئەمەیان گەلەك خراپ بوو. شتێکی بەڵگە نەویستە کە وای بیر دەکردەوە بە راستی خراپ بوو: باکلانوف، زیوچیخا بدەنە ئەو ئەمجا بە زۆڵێتییەوە چاوەکانی بچووك کردنەوەو: وریابە ئەسپێکی بێ وەیە، فەرماندەکەت پێت دەڵێ کە چی لێ بکەیت، لە کام لق دای بنەین؟

باکلانوف وەڵامی دایەوە: من دەڵێم لە لقەکەی کوبراك... ئەو زەلامی کەمە، یانی هەم ئەمو هەم پیکاش. لڤنسون گوتی: بۆ نا؟ منیش رازیم!

تاقە تەماشا کردنێکی زیوچیخا کافی بوو بۆ ئەوەی متچیك هەموو نەشئەی دوای سەرکەوتنەکەی کە بە ئومێدێکی مندالانەو غرور ئامێزەوە لەناخیا دەجۆشا، فەرامۆش بکات. زیوچیخا ماینێکی چروساوەی چاو ریپۆقاوی سپی چڵکنو کەفەڵ زلو ورگن بوو، ماینێکی رام، کە چەندین هێکتار زەوی کێڵاو بوو، وێڕای هەموو ئەم چاکیانەشی ئاوس بوو، ناوە سەیرەکەی پڕ بە پێستی بوو.

متچیك بە ئەسپایی پرسی: بە تەمان ئەمەم بدەنێ؟

کوبراك بە دەست کێشای بە کەفەڵی ماینەکەداو گوتی: هەڵبەت بە رواڵەت باش نییە، سمەکانی لاوازە، من وا تێ دەگەم یان لەبەر کار نەکردنە یان لەبەر لاوازی خۆیەتی. سەرەڕای ئەمانەش بە کەڵکی سواری دێت. سەرە لوولە بۆزەکەی وەرگێڕاو بە دڵنیاییەوە دووپاتی کردەوە: بەڵێ بە کەڵکی سواری دێت. متچیك هەندێ لە زیوچیخا راماو بە رەنجاوییەوە پرسی: باشە ئەسپێکی ترتان نییە بمدەنێ؟ کوبراك هەر وەڵامیشی نەدایەوە. ئەمجا وەکو بەڕووی بڕژاو لە دەمیا بتەقێتەوە کەوتە باسکردنی ئەو کارانەی کە پێویستە متچیك بەیانیانو ئێوارانو شەوان ئەنجامیان بدات تا ئەو ماینە پیرو لاوازە نەتۆپێ، کە لە سەفەری دوور گەڕایتەوە، یەکسەری زینەکەی لێ مەکەوە، تاوێك بیگێڕە تا بەدەنی فێنك دەبێتەوە. هەموو جارێ قەشاویشی بکەو جوان پاکی بکەوەو ئەوجا زینی بکەو سواری بە. متچیك لێوی هەڵقورتاند، لەسەرو کەللەی ماینەکە راما، بە هیچ جۆرێ هۆشی لەلای قسەکانی کوبراك نەبوو، هەستی دەکرد بۆیە ئەو ماینە کرێتو ترسناکەیان داوەتێ تا هەر لە سەرەتاوە بیبوغزێنن، کە ژیانی تازەی لە مێشکی خۆیدا تاوتوێ دەکرد، زۆری لا زەحمەت بوو بەو ماینە نەفرەت ورۆژێنەوە بتوانێ دەرەقەتی ئەو ژیانە بێ. چ کەسێك ئاگای لەوەزعی متچیك نەبوو کە هەنووکە پیاوێکی دییە، پیاوێکی سەربەخۆو پشت بە خۆ بەستووەو زۆری فەرقە لەگەڵ پیاوەکەی پێشوودا، هەموو وا خەیاڵ دەکەن ئەوەندە پیرو بێ توانایە کە ئەسپێکی چاپۆكو گەنجی پێ رەوا نەبینرێ.

کوبراك، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدا کە متچیك ناڕەحەتە یان نا! یا بێ ئەوەی بزانێ گوێ لە قسەکانی دەگرێ یانا! ئەمەشی گوت: ئەمماینە سەرەڕای ئەو عەیبانە گڕوشە. دەرمانەکەشی سولفاتە، بەڵام ئێمە سولفات-مان نییەو ناچار بە ریقنە مریشکان دەرمانی دەکەین. شتێکی زۆر چاکە. تۆ دەبێ کەمێ ریقنە بخەیتە سەر پارچە پەڕۆیەك و بەر لەوەی رەشمەی بکەی، لەسەر لمۆزەکەی بئاڵێنی و توند گرێی بدەیت. ئیدی بزانە چتۆ ماینێکە!

متچیك بێ ئەوەی تاقە وشەیەك لە قسەکانی سەر دەستەکەی تێ بگات، لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە چما من منداڵم، نەخێر... دەچمە لای لڤنسون و پێی دەڵێم سواری ئەمە نابم، مەجبور نیم باجی خەڵکانی دی بدەم، هەموو حەزێکی ئەوە بوو کە هەست بکات باجی خەڵکانی دی دەدات: نا، خەتاکە لەوەوەیە ئەو ناتوانێ بەم جۆرە رەفتارم لەگەڵدا بکات.

وەختێ دەستوورەکانی فەرماندە تەواو بوون و ماینەکەیان بە متچیك سپارد، ترسی لێ نیشت و خۆزیای دەخواست کە بەلای کەمەوە گوێی لە قسەکانی دەگرت، زیوچیخا سەری داخست بوو، لچەکانی کۆکردبۆوە، متچیك دەیزانی کە ژیانی ئەم ئاژەڵە لە دەستی ئەودایە، بەڵام متچیك تەنانەت جۆری بەستنەوەی ئەم حەیوانە رامەشی نەدەزانی هەر بۆیەش لە نێو تەویلەکەدا بەرەڵڵای کرد. ماینەکە سەرگەردان لە نێو تەویلەکەو لە ناو جەرگەی تاریکییەکەدا هاتوچۆی دەکرد، سەری بە ئاخوڕی ئەسپەکانی دیدا دەکرد، ئەسپەکان و پاسەوانەکانی تووڕە دەکرد.

شریخەیەکی سامناکی قامچی بەرز بووەوە. دەنگێك لە نێو تەویلەکەوە هاتە گوێ: ئەرێ ئەو کوڕە تازەیە بە ئەستۆی وردی کێو چووە؟ بۆ ماینەکەی نەبەستۆتەوە؟ دەبڕۆ قەحپەی بەرەڵلا، ئەهای کێ نۆبەچی تەویلەیە، ئەم دەعبایە رەوانەکە باپرواتەوە....

متچیك لە پەشێوی و پەلەپەل دا عەرەقی کردبۆوە. درکەزییەکان دەچزان بە لەشیاو بە پەستییەوە جنێوی بە خۆی دەدا، کەوتبووە نێو کۆڵانە تاریك و چۆڵەکان کە بچێ بۆ ئۆردوگاکە، لە پڕ تووشی کۆمەڵە گەنجێك بوو، ئوکوردوێنێك بە دەنگێکی گڕو توند شیعرەکانی ساراتفی لێ دەدا، ئاگری جگەرەکانیان لە تاریکییەکەدا دەبریسکایەوە. سەدای ئاوزەنگی و شمشێر لە ئاسمانا دەنگی دەدایەوەو کیژان بە شادییەوە دەیانقریواند، هەموو شتێك لە سەماو جولانا بوو. متچیك بە تەنیشتیانا تێپەڕی و زاتی نەکرد پرسیاری رێگەکەیان لێ بکات. خۆ ئەگەر لە پێچی کۆڵانەکەدا تووشی تارماییەکی تەنیا نەبوایە ئەوا دەبوو تاکو بەیانی لە نێو کۆڵانەکاندا وێڵ بێ.

متچیك کە گەییە ئاستی تارماییەکە پرسی: هاوڕێ ئوردوگا لە کوێیە؟ ئەمجا ماروسکای ناسییەوە، بە شپرزەییەکی تەواوەوە گوتی: مەرحەبا!

ماروسکا بە سەرسامی وێستا، پاشان بە دەنگێکی لەرزۆك وەڵامی دایەوەو گوتی: دەستی راست، دەرگای دووەم. چاوەکانی متچیك بە جۆرێکی سەیر بریقانەوەو بێ ئەوەی چ شتێکی دی بڵێ یا سەیری دواوە بکات ملی رێگاکەی گرت.

متچیك لەبەر خۆیەوە تێفکری! چۆن، ماروسکا! بێگومان ئەویش لێرەیە. ڕێك و ڕاست وەکو ڕۆژانی هەوەڵ هەستی بە تەنیایی کرد. چەندین یادگار لە شێوەی ماروسکا، تاریکی کۆڵانە نەناسراوەکان، ئەو پیرە ماینەی کەوتبووە ئەستۆی و نەیدەزانی چی لێ بکات، ئابلۆقەیان دابوو.

وەختێ گەییە ئۆردوگا بیری ئەوەندە ئاڵۆز بوو، نەیدەزانی بۆچی هاتووە بۆ ئێرەو دەبێ چ شتێ بڵێ و هەنووکە چ بکات.

کومەڵە پارتیزانێك لە ناوەندی حەسارێکی خاڵی و گەورەدا، لە دەوری ئاگرێکی گەورە ڕاکشابوون. لڤنسون لە پاڵ ئەوان و لەسەر هەردوو چۆکان، کۆریایی ئاساکان بە جۆرێ دانیشتبوو دەتگووت ئەفسونی بڵێسەی پڕ دووکەڵ و قرچە قرچی دارگرتویەتی، بەلای متچیکەوە لە جاران پتر لە کورتە بالآیانی چیرۆکی پەریان دەچوو، متچیك چووە پێشەوەو لە پشتییەوە وێستا. چ کەسێك گوێی نەدایێ. پارتیزانەکان هەموویان بە نۆرە حەکایەتی بێ سەرو بەریان دەکرد. لە هەموو حەکایەتەکاندا قەشەیەکی گەوج هەبوو، و ژنێکی هەوەس بازی هەبوو. ئەنجام گەنجێکی بە تەجرەبە قەشەکەی فریو دەداو سەرنجی ژنەکەی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. بەلای متچیك-ەوە گێڕانەوەی ئەم حەکایەتانە بۆ سەرگەرمی نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە جگە لەم بابەتە حەکایەتانە چ شتێکی تریان نەدەزانی، بۆ خۆیان بێ خەم و خەیاڵ پێدەکەنین، بەڵگەش ئەمە بوو کە لڤنسون تەواوی ئەو ماوەیە بەوردی گوێی دەگرت و بە قاقا و نیاز پاکییەوە پێدەکەنی، وەختێ پێشنیازیان کرد کە هەنووکە نۆرەی لڤنسون-ە، ئەویش حەکایەتێکی خۆشی گێڕایەوە. چونکە خوێندەوارترین ئەندامی گروپەکە بوو حەکایەتەکەشی لەگشت حەکایەتەکان مامۆستایانەتر بوو، بەڵام لڤنسون بێ خۆ شێلوکردن، بە هێورییەکی تەوس ئامێزەوە حەکایەتە دەستکردەکانی دەگێڕایەوە. بێ هیچ جۆرە نیگەرانییەك وشەی ناشیرین و کرێت لە زاری دەڕژاو دەتگوت ئەم وشانە هەرگیز لە زاری ئەوەوە دەرنەچوون.

متچیك کە لڤنسونی بینی، حەزی دەکرد ئەمیش حەکایەتێك بڵێ، بەڵام دەترسا هەموویان چاوی تێ ببڕن و ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی ترسناك بوو، متچیك لە کاتێکدا بە دڵ و بە گیان گوێی بۆ ئەو حەکایەتانە ڕادەدێرا، لای وابوو دەبێ پارتیزانەکان لە گێڕانەوەی ئەم جۆرە حەکایەتانە شەرمەزار بن، وا خۆی دەنواند کە ئەم لە ئاستی ئەوان بالآترە.

متچیك خۆی لە خۆیدا بێزارو پەست بوو، کە ئەوانی بەو جۆرە بینی، بە تایبەتی لڤنسون، توڕە بوو و کەوتە ڕێ. بە جۆرێکی خەمبار لێوەکانی هەڵقورتاندو لەبەر خۆیەوە گوتی: هەر بیرشی لێ ناکەمەوە. بە هەر حاڵ من حەقم بەسەر ئەو ماینەوە نییە، با بتۆپێ بزانم ئەوسا چم لێدەکەن، هەر غەمیشم نییە.

ڕۆژانی دواییش خۆی لە ماینەکەی تێنەگەیاند. تەنیا بۆ مەشق سواری دەیبردە دەرێ. هەندێ جاریش ئاوی دەدا ئەگەر فەرماندەکەی جار جارێ بە ڕێکەوت پێی داگرتبا کە ئاگاداری ئەسپەکە بکات، ئەوا کوبراك هەرگیز خۆی لە کاروباری نێو لقەکە تێنەدەگەیاند. کارەکان بە ڕۆتینی ئەنجام دەدران. زیوچیخا هەمیشە برسی و تینوو بوو، ئازای گیانی گڕوو بوو بوو.

مەگەر بە رێکەوت خێرەو مەندێك ئاوڕی لەو حەیوانە بدایەتەوەو شتێکی بکردایەتە بەری. متچیك هەنووکە وەکو بەرەڵلایەکی لە خۆ رازی دەسوڕایەوەو نەفرەتی هەموویانی دژ بە خۆی دەوروژاند.

لە هەموو لقەکەدا تەنێ دوو کەس کەم تا زۆر دۆستی متچیك بوون پیکاو سیسکین. تێکەڵ بوونی لەگەڵ ئەوانیشدا لەبەر ئەوە نەبوو کە نرخێکی بۆ تێکەڵ بوونیان دادەنا، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە نەیدەتوانی لەگەڵ خەڵکانی دیدا هەڵکا. سیسکین هەوڵی دەدا خۆشەویستی متچیك بەلای خۆیا راکێشێت.

متچیك کە لەگەڵ سەر دەستەکەیدا، لەسەر ئەوەی گوایە تفەنگەکەی جوان پاك نەکردۆتەوە، کرد بەشەڕ، تۆراو بە تاقی تەنیا چوو لە عەمارەکەدا راکشاو چاوی بڕییە بنمیچەکە، سیسکین بە ئەسپایی خۆی گەیاندە لای و گوتی: زۆر پەستی؟ بیبوورە، کابرایەکی جوتێری نەزانە بۆ ئەوەندە بیر دەکەیتەوە؟ متچیك ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی: مەسەلەکە ئەو نییە......

– ئۆە دەزانم، بێ تاقەت بوویت، ئەمە شتێکە تەنیا من تێی دەگەم.

سیسکین خۆی دا بەسەر پێشی گالیسکەیەکی شکاودا، بە هەمان حەرەکەی ئاسایی خۆی پوتە بۆیاخ کراوەکانی هەڵکێشا: دەزانیت گەر راستیت دەوێ منیش بێ تاقەت بووم. ئاخر پیاوێکی خوێندەوار لێرەدا پەیدا نابێ: تەنێ یەك لڤنسونە کە لەوانەیە... ئەگەرچی ئەویش... شانەکانی هەڵتەکاندو بە نیگایەکی پڕ ماناوە لە پێڵاوەکانی ورد بووەوە.

متچیك بە تاسەوە پرسیاری کرد: ئەگەر چی ئەویش چی؟

سیسکین بە پێکەنینێکی تاڵەوە درێژەی دایێ: بەڵێ، دەزانی چییە، ئەویش خوێنەوارییەکی زۆری نییە، هەر ئەوەیە کە پیاوێکی بە تواناو لێهاتووە. هەرچییەکی هەیە لە ئێمەوەیە، باوەڕ ناکەی! بەڵێ بۆ وێنە تۆ لات وایە پیاوێکی زۆر ئازایە، بێگومان ئێژی ژەنەڕاڵێکی راستەقینەیە. وشەی ژەنەڕاڵی بە جۆرێکی تایبەتی درکاند: قسەی قۆڕە! من دڵنیات دەکەم هەموو ئەمانە ئێمە دروستمان کردووە. هەر نەختێك لە جۆرێ ئەم پاشەکشەیە ورد بەرەوە: لە بری ئەوەی جەزرەبەیەکی کوشندە لە دژمن بدەین، هەڵاتین هاتینە نێو ئەم کونە پیسەوە، تێ دەگەی! ئەویش بە بیانوی گەلێك مەسەلەی ستراتیژییەوە، رەنگە لە شوێنانی تریش هاوڕێکانمان بکوژرێن، بەڵام ئێمە بیانووی پاراستنی ستراتیژیەتمان بە دەستەوەیە! ئەمجا بێ ئیختیار بزماری ناوەندی پێچکەی گالیسکەکەی دەرهێناو بە هەڵچوونەوە خستییەوە جێی خۆی.

متچیك زۆری لا زەحمەت بوو باوەڕ بکات حەقیقەتی لڤنسون ئەوە بێ کە سیسکین دەیڵێ، بەڵام قسەکانی سیسکین–ی لە گیان خۆش بوو. چونکە ماوەیەکی زۆر بوو قسەیەکی دڵگیری لەگەڵ چ کەسێك دا نەکردبوو و لەبەر هەندێ هۆ حەزی لێ بوو ئەوە قبوڵ بکات کە بەلای کەمەوە بڕێك حەقیقەت لە قسەکانی سیسکیندا هەیە. متچیك پشتی راست کردەوەو پرسی: ئەرێ ئەم قسانەت بەڕاستە؟ خۆ من ئەوم بەپیاوێکی مەزن دەزانی.

سیسکین راچڵەکی و گوتی: مەزن! شێوازی قسەکەی سیسکین دەگۆڕاو بۆنی خۆ بە زل زانی تێ دەگەڕا: چ هەڵەیەکی گەورەیە! تۆ چاك تەماشا بکە. بزانە چ خەڵکانێکی لە دەوری خۆی خڕ کردۆتەوە! ئاخر ئەم باکلانۆفە کێیە؟ منداڵێکە. هەڵبەتە لڤنسون بە خۆشی زۆری حسێب بۆ دەکات. بەڵام ئەمە چ مەسئولێکە؟

دەڵێی ئاخر زەلامە! بێگومان دەیتوانی خەڵکی باشتر پەیدا بکات. من هەر چەندە نەخۆش و زامدارم، حەوت گوللەم بەرکەوتووە. جارێکیش گوللە تۆپم بەسەردا تەقەییەوەو تازەش حەز ناکەم کارێکی وا پڕ لە سەر یەشەم لە عۆدەدا بێ- بەڵام نەبێ بە خۆ هەڵکێشان دەتوانم بە پڕکێششییەوە بڵێم کە لەو کەمتر نیم.

- لەوانەیە فەرماندە نەزانێ کە تۆ ئەوەندە شارەزای هونەرەکانی جەنگیت؟
- پەکو، ئەو نازانێ! چما بەری رۆژ بە بێژینگ دەگیرێ؟! بڕۆ لە کێ دەپرسیت، بپرسە! بێگومان زۆربەیان لە بەغیلی و حەسوودیدا درۆت لەگەڵ دا دەکەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەمە حەقیقەتێکی روناکە!.

متچیك وردە وردە متمانەی بە سیسکین پەیدا دەکردو رازە نهێنییەکانی خۆی بۆ باس دەکرد. هەموو رۆژێ پێکەوە بوون، هەر چەندە متچیك پاش چەند جارێك لەو بابەتە گفتوگۆیانە، سیسکینی بە ناحەق دەزانی و لە دڵی خۆیدا لێی رازی نەبوو، کەچی تەواو هۆگری بوو بوو، بێ ئەو هەڵی نەدەکرد، تەنانەت هەندێ جار کە نەیدیبا، خۆی پێ نەدەگیراو دەچووە لق بۆ دیدەنی. سیسکین متچیکی فێر کرد کە چۆن لە ئێشك گرتن و کاروباری ئاشخانە خۆی بدزێتەوە- ئەو کارانەی کەبە ماوەیەکی کەم لەبەر چاوی کەوتن و بەلایەوە بوون بە بێگار.

ئیدی ژیانی پڕ جۆش و خرۆشی هێزەکە دەستی پێکردەوە، ئیدی متچیك بزوێنەری سەرەکی و میکانیزمی ئەم ئامێرە جەنگییەی دەرك نەدەکرد. گەلێ کار ئەنجام دەدران و ئەو لێی حاڵی نەدەبوو، ئیدی فێر بوو بوو بەرپەرچی ئەوانی دی بداتەوەو لە کەسیان نەترسێت، چونکە بە رواڵەت ئەویش وەکو ئەوانی دی رەش هەڵگەڕابووغارابوو، خۆر بردبووی، جل و بەرگەکەی نارەحەتی نەدەکرد، بەم چەشنە هەر چەندە بە رواڵەت لە وان جیا نەدەکرایەوە، بەڵام گشت خەون و ژیانە تازەو پڕ ئازایەتییەکەی لە جۆرە نامۆییەکدا توایەوە.

-١٠-

سەرەتای پاشەکشێ

ماروسکا کە متچیکی بینی، بەسەرسامییەوە هەستی کرد ئەو رق و کینەی جارانی بەرانبەری نییە، بەڵکو هەستی بە گێژییەکی تەواو دەکرد —بۆ ئەو نارەسەنە هەمدیس لەبەر دەممدا قوت بووەوە؟ ئەم هەستە خۆ بەخۆیە وای لە ماروسکا کرد کە تووڕە بێ، لەگەڵ ئەوەشا ئەم رووبەڕووبوونەوەیە بەجۆرێ پەرێشانی کرد کە پڕ بە دڵ حەزی دەکرد لەگەڵ یەکێکدا قسان بکات.

ئەمەی بە دوبوف گوت: ئێستاکێ کە لە کۆلانەکەوە دەهاتم، ئەو کوڕەی لقەکەی شالدیبا، لە پێچەکەدا لەبەردەممدا قووت بووەوە، لە بیرتە —ئەو یارۆیەی کە بە خۆم هێنام.

– ئێ؟

– ئێ، ئێ. پرسیاری ئۆ ردوگای لێکردم، منیش گوتم بە دەستە راستا، دەرگای دووەم.

دوبوف بە تەواوی لە قسەکەی ماروسکا حاڵی نەبوو بوو، پێی وابوو هێشتا مەبەستە سەرەکییەی نەوتووە، بە پەلە پرسی: ئێ ئیتر؟

ماروسکا خۆی لە خۆیدا تووڕە بوو، هێندەی دی هەڵچوو: ئێ ئیتر دیتم و تەواو... دەتەوێ چ ببێ؟

ماروسکا کە کاسەی سەبری لێو ڕێژ بوو بوو، کوت و پڕ تاسەی قسەکردنی نەماو لەبری ئەوەی بچێتە سەیران و سەمای شەوانە کە پێشتر بڕیاری دابوو، یەکسەر رۆیی بۆ کادێنەکەو لەسەر کایەکە راکشا. بەڵام نەیتوانی بنوێ.

بیری ئاڵۆزو تێکەڵ و پێکەڵ، چەشنی بارێکی گران قورسایی دەخستە سەرشانی. وای هەست دەکرد متچیك بە ئانقەست خۆی نیشانی داوە، تا ناچاری بکات کارێکی خەڵەت بکات. بەم جۆرە ماروسکا سەراپای رۆژی دواییشی بە نارەحەتی بوراند. تەواوی رۆژەکە سەرگەردان و بێ ئۆقرە بوو. لەگەڵ ئەو ئارەزووەدا دەجەنگی کە هانی دەدا دووبارە بڕوات، متچیك ببینێ، بە توندی ئیعترازی لە فەرماندەکەی دەگرت کە: بۆچی بێ ئیش و بێ کار لێرە دانیشتووین و چ کارێك ناکەین؟ لەبێ تاقەتی و بێ کاریدا لێرە بۆگەن بووین، ئاخر ئەم لقنسونە چ بیرێ دەکاتەوە؟ ئەرێ، دیارە خەریکە بیر دەکاتەوە کە چۆن بتوانێ چاکتر ماروسکا مژول بکات. هێندە دانشت و بیری لەم مەسەلەیە کردەوە نافەکی پانتۆڵەکەی سوا.

دوبوف پەی بەو هەڵچوونە دژاوارانەی ناخی ماروسکا نەبرد. ماروسکا تووشی هیچ هاو خەمێ نەبوو، بۆیە بە دڵی رەنجاوەوە هەستی کرد کە ئەگەر بە زووی کارێکی سەرەکی نەیەتە پێشێ، ئەوا

دەبێ پەنا بەرێتە بەر بادەنۆشی. بۆ یەکەمجار لە هەموو ژیانیا، بە هوشیارییەوە لەگەڵ هەڵچوونە دەروونییەکانیا دەجەنگی. ویستی ئەوەندە پتەو نەبوو، تەنیا رێکەوتە لە پرەکان جڵەوی ورە بەردان و بەزینیان دەگرت.

لڤنسون بە هۆی پاشەکشێ بۆ شوێنێکی دوور، تا رادەیەك پێوەندیەکانی لەگەڵ لقەکانی دیدا پچڕا بەشێ لەو هەواڵانەی کە هەندێ جار بە خۆی سەرپەرشتی کۆکردنەوەی دەکردن، بۆنی لێکدابڕانی ترسناکی لێدەهات. ناوچەی یۆلاخە بۆنی خوێنی لێدەهات.

لڤنسون بڕیاریدا لە رێگای نهێنی دارستانەکەوە، کە دەمێ ساڵ بوو پێی هیچ مرۆڤێکی نەکەتبووە سەر، خۆیان بگەیەننە رێگای ئاسن. لڤنسون مەعلوماتی ئەوەی دەستکەوتبوو کە بەو زووانە قیتاری سوپایی بە جل و بەرگ و چەکەوە بە ویدا تێدەپەڕێ، کارگوزارانی قیتارەکە قەولیان دابوویە کە بە وردی رۆژو سەعاتی تێپەڕبوونی قیتارەکەی پێ رابگەیەنن. چونکە دڵنیا بوو کە سنووری تەقریبی هێزەکە درەنگ یا زوو کەشف دەبێ و دەیزانی گوزەراندنی زستان لە دارستاندا بەبێ پێویستی و چەك و جل و بەرگی گەرم مەحاڵە، بۆیە بڕیاری پەلامارێکی بروسکە ئاسایدا.

گونجارنکو بە پەلە مینەکانی نایەوە. دەستەکەی دوبوف لە شەوێکی تەمومژدا کە بە دزییەوە خۆی گەیاند بووە ناوچەی دژمن، لە پڕ لەسەر رێگای ئاسن قوت بووەوە.

مینەکەی گونجارنکو بێ ئەوەی زیان بە تاقە نەفەرێ بگەیەنێ، ڤارگونە بارییەکانی لە ڤارگونە نەفەر بەرەکان ترازاند، لەگەڵ دەنگی گرمەدا، رێڵە شکاوەکان لەنێو دووکەڵی تەقینەوەی دنیامیتدا چوون بە حەواداو پاشان کەوتنەوە سەر زەوی، پارتیزانەکان سیمی دوای مینەکەیان بەست بە تەلی تەلەگرافەوە تا ئەو خەڵکانەی دواتر ئەمە دەبینن ماوەیەك بیر بکەنەوە کە چۆن و بۆچی ئەم سیمەیان بە تەلی تەلەگرافەوە هەڵواسیوە.

وەختێ دەورێی ناوچەکەی دراوسێیان بە سواری هەڵمەتیان بردە سەر شوێنی رووداوەکان، ئەسپە بار قورسەکانی دوبوف لە قەڵای سویباگینودا هەڵوەستەیەکیان کردو پاشان بەنێو تاریکی شەوا لە رێگای دۆڵە تەنگەکانەوە درێژەیان بەرێی خۆدا، لە ماوەی چەند رۆژێکا بێ ئەوەی تاقە نەفەرێکیان لێ بفەوتێ خۆیان گەیاندە گوندی شی بی شی.

لڤنسون گوتی: باشە، باکلانوف ئێستاکێ چاك بیپارێزە! مەعلوم نەبوو بەو چاوە لێڵانەوە بە جدی قسان دەکات یان بە شۆخی. هەر ئەو رۆژە هەموو ئەو ئازووقەیە لە عەمارەکەدا بوو دابەشی کردو قەمسەڵەی سوپایی گەرم، شمشێرو نانی سوخاری دانێ، تەنیا هەندێ شتی هێشتەوە کە پڕ بە خورجێك بوو.

هەنووکە سەرانسەری یولاخە بە دەستی کەنارەکانی ئاسووریدا، بە دەستی دژمنەوە بوو، ئێستا هێزی تازە لە گەرووی ئیروخدزادا مۆڵەتی دابوو، دەورێی ژاپۆنیان لە هەموو شوێنێکا دەگەڕان. پتر لە چەند جارێك لەگەڵ دەورێکانی لڤنسون دا لە یەکیان دابوو. لە ئاخرو ئۆخری مانگی هەشتا هێزی ژاپونیان لە بەری چۆمەکەوە دەستیان بە سەرکەوتن کرد. زۆر بەووردی و وریایی و خاوییەوە دەهاتنە پێشەوە. هێزی پالێشت لە دوو قۆڵەوە ئاسایشی سەرەکی

هێزەکەیان دابین دەکرد. مرۆڤ دەیتوانی لە جۆری هاتنە پێشەوەو توانای متمانە بەخش و وریایاندا لە هەمان کاتدا کوێرانەیاندا– هەست بە ورەی پۆڵایینیان بکات.

دەورێکانی لڤنسون بە چاوی ترس لێنیشتووەوە دەگەڕانەوەو هەواڵی ناکۆك و بێ سەرو بەریان رادەگەیاند.

لڤنسون بە ساردیەوە پرسی: دەتەوێ چ بڵێی؟ دوێنێ گوتت لە سولومنایا بوون. ئێستاکێ دەڵێی ئەمڕۆ بەیانییەکەی لە موناکینو بوون. ئەم هەواڵە وا ناگەیێنی کە بیانەوێ پاشەکشێ بکەن؟

دەورێکە بە دەمەلاڵکێوە گوتی: نازانم، رەنگە ئەوانەی لە سولومنایادا دیتمن پێشقەرەوڵەکانیان بووبن...

- باشە، ئەدی چۆنت زانی ئەوانەی کە لە موناکینو مۆڵیان داوە بەشی سەرەکی هێزەکەن و پێشقەرەولّ نین؟
- جووتیارەکان وایان دەگوت.
- قوڕ بەسەر خۆت و جووتیارەکانت، ئەدی ئیشی تۆچ بوو؟ ئەوجا دەورێکە لە خۆیەوە حەکایەتێکی دروست کردو ئەوەی روونکردەوە کە چۆن زیاتر چوونە پێشەوە لە دژمن مەحاڵ بوو. بەلاّم لڤنسون ئەوەی بۆ دەرکەتبوو کە دەورێکە ئەوەندە لە چپە چپی ژنان ترساوە، زاتی نەکردووە لە دەفەرسەخان پتر لە دژمن نزیك بێتەوە. لە نێو دەوەنەکانا دانیشتوەو جگەرەیەکی داگیرساندەوەو ئیدی بۆ خۆی وەختی گوزەراندووە تا لە کاتی خۆیدا بگەڕێتەوە بۆ لق.

دەورێکە لە کاتێکا چاوە فێڵبازە دێهاتییەکانی دەتروکاندو سەیری لڤنسونی دەکرد، لەبەر خۆیەوە تێفکری: خۆزیا خۆتم لەوێ دەبینی، بزانم چی....!

لڤنسون فەرمانی دایە باکلانۆف، دەبێ خۆت بچی بۆ ئەوێ و سەرێ بدەی. وەلاّ وەکو مریشکان سەرتان دەبڕن. تۆ هەقت بەسەر ئەمانەوە نەبێ، یەکێکی تریش لە گەڵ خۆتا بەرەو بەر لە سپێدە هەرەکەت بکە.

باکلانۆف پرسی: کێ لەگەڵ خۆما بەرم؟ ئەگەرچی هەموو ناخی لە ترسی جەنگ هاتبووە لەرزین، بەلاّم هەولّی دەدا خۆی جدی وبە تەنگەوە هاتوو بنوێنێ، چونکە بە پێویستی دەزانی وەکو لڤنسون هەستی دەروونی خۆی وەشێرێ.

- کێت پێ خۆشە بیبە، بزانە ئەو کوڕە تازەیە لەگەڵ خۆتا بەرە، ئەوەی لە دەستەکەی کوبراکە.... نێوی چییە –متچیك؟ دەرفەتێکی چاکیشە تا بزانی چتۆ پیاوێکە، تێدەگەی؟ باشی دەرهەق ناڵێن، رەنگیشە بە هەڵەدا چووبن.

ئەم ماموریەتی تاقی کردنەوەیە بۆ متچیك خۆش بوو. لەم ماوە کەمەدا کە لە هێزەکەدا خزمەتی دەکرد، کۆمەڵێ کاری ئەنجام نەدراو، بەڵێنی بەجێ نەگەیەنراو و، چاوەڕوانی زۆر، لەسەر یەکدی کەڵکەبوو بوون...

ئەنجامدانی هەر یەکێکیان ئەگەر تاك تاك بخرانایە بەر چاو نرخ و بایەخێکی ئەوتۆیان نەبوو... بەلاّم ئێستا بە تێکڕایی، بە جۆرێکی سەخت و ناخۆش باری شانیان قورس دەکرد، هەلاّتن و

خۆ دزینەوەش لەم ئەرکانە، مەیسەر نەبوو. بۆیە وای دەهاتە بەرچاو کە دەتوانێ بە تەکانێکی بوغرایانەوە خۆی لە هەموویان رزگار بکا.
بەر لە سپێدە کەوتنە رێ. دارستانەکە بەسەر کێوەکانەوە بە ئاستەم سووری دەنواند. دووەم بانگی کەڵەباب، لە گوندەکەی بنار شاخەکەوە دەگەییە گوێ.
دنیا ساردو تاریك و هەندێك سامناك بوو. هەستی تووش بوونی خەتەر لەلایەك و ئومێدی سەرکەوتن لەلایەکی ترەوە گیانێکی جەنگاوارانەی ئەوتۆی لە بوونی هەردووکیاندا دروست کردبوو کە بە سەر هەموو هەستەکانی تریاندا زاڵ بوو. خوێن لە دەمارەکانیانا دەکوڵا ماسولکەکانیان تورت و سفت بوو بوو. دنیا ساردو بەکزەو ئاوسی هەورە گوڵە بوو. باکلانوف گوتی: پەنا بە خوا ئەسپەکەت عەنتکەیە! ئەوە قەت وریایی ناکەیت؟ واتێ دەگەم کوبراك ی گەوج فێری نەکردوویت کە چۆن وریایی و خزمەتی بکەی، ها؟
باکلانوف باوەڕی نەدەکرد کە یەکێك هەر بە ئاستەم سەرو سەختی لە گەڵ ئەسپدا هەبێ، ئەم ئەسپەی بەم رۆژە بگەیەنایە: فێری نەکردویت! ها؟
متچیك بە نیگەرانی وەڵامی دایەوە: بەڵێ، بە خۆت دەزانی و دەبینی کە ئەو زۆر کارامە نییەو پیاوی کۆمەك کردن نییە. پیاو نازانێ ئەم شتانە لە کێ بپرسێت؟ چونکە بەخۆی لە درۆکەی شەرمەزار بوو، لەسەر زینەکە ئۆقرەی نەدەگرت و سەیری باکلانۆڤ نەدەکرد.

- چۆن کەس نییە! ئێمە ئەو هەموو خەڵکەمان هەیە، هەموویان شارەزای ئەسپ و سوارین، سەربازی زۆر چاکن.

وێڕای ئەو بیرانەی سیسکێن خستبوویە مێشکی متچیك-ەوە، متچیك بەخۆیشی، خۆشی بە باکلانوف دا چوو، بەلایەوە پیاوێکی رێکو پێك بوو. باکلانۆف بە جۆرێ لەسەر زینەکە دانیشتبوو، دەتگوت پێوەی دووراوە، چاوە قاوەییەکانی زیت و زرنگ دیار بوون، مێشکی بە یەك کەڕەت هەموو شتێکی وەردەگرت و دەست بەجێ شتە گرنگ و بێ کەڵکەکانی لێکدی جودا دەکردەوەو دەگەییە دوا ئەنجام.

- شەیتان بە نەحلەت بی، نازانم زینەکەت بۆ ئەوەندە دەلەقێ، هێی کوڕە ئەتو تا بۆت کراوە پاڵدۆکەت توند بەستووەو بەرۆکەکەت شل بەستووە، دەبێ بە پێچەوانەوە بیبەستی. بێنە با چاکی بکەم، بەر لەوەی متچیك تێ بگات و بزانێ چی دروست و چی هەڵە بووە، باکلانۆف دابەزی و مژۆلی تەنگ و پاڵدۆکە بوو.
- خۆ دیقم کرد، وەرە خوارەوە -تۆ ئەم ئەسپە دەفەوتێنی، پێویستە سەر لە نوێ زینی بکەینەوە.

پاش ئەوەی چەند فرسەخێکیان بڕی، متچیك قەناعەتی هێناکە باکلانوف زۆر لەو چاکترو زیرەکترە، پیاوێکی بە هێزو ئازاو عەگیدەو دەبێ هەمیشە بێ چەندو چون گوێ رایەڵی بێ، لەلایەکی تریشەوە دۆستایەتی و خۆشەویستی باکلانۆف لەگەڵیا بێ فروفێڵ بوو. هەر چەندە باکلانوف دەیزانی کە لە متچیك لێهاتوو ترە، بەڵام بە چەشنێکی هاو بەرانبەری قسەی دەکرد. بە جۆرێکی بێ وێنە هەوڵی دەدا نرخی راستەقینەی متچیك بدۆزێتەوە.

- کێ تۆی بۆ لای ئێمە نارد؟
- بە خۆم هاتم، بەڵام ماکسیمالستەکان ڕێنوێنیان کردووم کە ئێرە لە کوێ بدۆزمەوە.

وەختێ متچیك کاردانەوە ئاڵۆزەکەی ستاشینسکی بیر کەوتەوە، هەوڵی دا ئەوە روون بکاتەوە کە بە چ جۆرێ ناردوویانە.

- ماکزیمالیستەکان؟ خراپت کردووە تێکەڵاوی ئەوانە بوویت– ئەوان جگە لە چەنەبازی چ ئامانجێکی تریان نییە.
- من چ پێوەندییەکم پێیانەوە نەبوو، ئاشنایەتیم لەگەڵیاندا تەنیا لە بەر خاتری چەند دۆستێکی دەورانی خوێندکاریم بوو، کە لەگەڵیاندا بوون، بۆیە منیش.....
- تۆ ئامادەییت تەواو کردووە، ها؟
- چی؟ بەڵێ تەواوم کردووە.
- زۆر چاکە منیش چوومە قوتابخانەی پیشەسازی، دەمویست بەشی بەڕادی تەواو بکەم، بەڵام شانس نەیکردو تەواوم نەکرد، تێ دەگەی؟ من زۆر درەنگ دەستم پێکرد، ئەوجا بە دەنگێکی سکاڵا ئامێزەوە لەسەری ڕۆیی: بەر لەوە ناچار بووم لە کۆمپانیایەکی کەشتی رانیدا کار بکەم، تا برا چکۆلەکەم گەورە بێ و بتوانێ کار بکات، ئیدی پاش ئەوەش ئەو بەزم و ڕەزمە دەستی پێکرد....

پاش هەندێك بێدەنگی بە ئەسپایی درێژەی دایێ: بەڵێ ئامادەیی.... منیش سەردەمانێ گەنج بووم و حەزم دەکرد بچمە ئامادەیی، بەڵام باشە تۆ لەهەموو شتێکی شارەزای.

ئەمەی متچیك بە ڕێکەوت دەربارەی ئامادەیی باسی کرد، بەڕواڵەت زنجیرە بیرەوەرییەکی مردووی لە مێشکی باکلانوفدا زیندوو کردەوە. متچیك بە هەڵچوونێکی کوت و پڕەوە دەستی بەم باسە کرد کە تەواو نەکردنی ئامادەیی بۆ باکلانوف نەك تەنیا خراپ نەبووە بەڵکو زۆریش باش بووە، ئەوجا بێ ئەوەی مەبەستەکەی خۆی بزانێ نیازی وابوو قەناعەت بە باکلانوف بکات کە سەرەڕای بێ بەش بوونی لە خوێندن، هێشتا هەر پیاوێکی بە هۆش و زرنگ و گورجە، بەڵام باکلانوف هەستی نەدەکرد کە بێ بەش بوونی لە خوێندن چ چاکەیەکی تێدابێ و بە شێوەیەکی گشتی چ شتێکی لە باسە ئاڵۆزەکەی متچیك هەڵنەدەکڕاند، بۆیە زنجیرەی قسە دۆستانەکانی پچڕا.

هەردووکیان لە کاتێکا بە پاژنەی ئاوزەنگیەکان دەیانژەندە ئەسپەکانیانەوە، ماوەیەك بەبێ دەنگی ڕۆیشتن.

لە ڕێگادا زۆر جار تووشی دەورێکانی خۆیان دەبوون، دەورێکانی وەکو جاران بێ شەرمانە درۆیان دەکردو باکلانۆف تەنیا سەری دەلەقاند، باکلانوف و متچیك لە مەزرایەکدا دابەزین کە سێ فەرسەخان لە گوندی سولومبانا دوور بوو، ئەسپەکانیان لەوێ جێ هێشت و خۆیان بە پێیان بەرەو گوندەکە چوون، هەتاو بەرەو کەلی ئاوا بوون دا دەکشا.

ڕەفتەی ڕەنگاو ڕەنگی سەری ژنانی دێهاتی گیانی دەخستە بەر کێڵگەو مەزرا کپەکان. سێبەری کاڵ و خەستی گیشە زللەکان بە جۆرێکی تەسەلا بەخش بە هەموو لایەکا پەرت بوو

بوو، لە ڕێگادا تووشی گالیسکەیەك بوون، باكلانوف لێی پرسین كە ئاخۆ ژاپۆنییەكان لە سولوفایا جێگیر بوون.

- ئێژن ئەم بەیانییە (٥) دەورییەی ئەوانیان لەم نزیكانە دیتووە، بەڵام ئێمە بە درێژایی ڕۆژەكە چ ئاسەوارێكی ئەوانمان نەدیتووە نەحلەتیانە... بریا وازیان دەهێنا تابەلای كەمەوە حاسڵاتەكەمان خڕ دەكردەوە!.

دڵی متچیك كەوتە لێدان، بەڵام نەترسا، باكلانوف گوتی: ئەم قسەیە وا دەگەیەنێ كە بەڕاستی لە موناكینو دان و ئەوە (٥) كەسەش دەورێكانیان بوون. ئێستا دەتوانین بچینە ناو گوندی.

كە گەیشتنە ناو گوند، سەگەل بە حەپە حەپ لێیان خڕبوونەوە. گالیسكەك لە پەنای میوانخانەیەك دا وێستا بوو، ئەمان بە تەكیا ڕەت بوون، چەپكێك گیای وشك بە دەستەكێكی سەر دەرگای میوانخانەكەوە بوو. میوانخانەكە هەر بەو نیشانەیەش دەناسرایەوە. بە دوو قوڵی هەندێ نانیان گوشییە نێو شیرەوەو خواردیان. پاشان وەختێ متچیك ڕووداوە ترس وروژێنەكانی ئەو ڕۆژەی وەبیر خۆی دەهێنایەوە، سیمای باكلانوفی لەبەر چاو بەرجەستە دەبوو كە چۆن بە ڕووخۆشی و گەشییەوە لە كاتێكا چۆڕاوگەی شیر بەسەر لێوەییەوە سپی دەچۆوە، لە میوانخانەكە دەرچوون. هێشتا چەند هەنگاوێ دوور نەكەوتبوونەوە، تووشی ژنێكی قەڵەو بوون كە داوێنی كراسەكەی گرتبووە دەستییەوەو بەغار لەكۆڵانێكەوە دەهاتە دەرێ. كوت وپڕ لەبەر دەمیاندا وێستاو بەرد ئاسا لە جێی خۆی چەقی. چاوەكانی دەتگوت لە ترسا دەرپۆقیون. وەكو ماسیەك لە ئاو دەرهێنرابێ دەمی كردەوەو هەندێ هەوای هەڵمژی، دەست بە جێ بە دەنگێكی تیژ هاواری كرد: ئەهای كوڕەكانم بۆ كوێ دەڕۆن؟ یەك دنیا ژاپۆنیان ڕژاونەتە دەوروبەری قوتابخانەكە! خەریكە بۆ ئێرە دێن! خێرا غاردەن، خەریكە دێن.

بەر لەوەی متچیك لە قسەی ژنەكە حاڵی بێ، چوار سەربازی ژاپۆنی لەهەمان كۆڵانەوە تفەنگ بەشان، بە هەنگاوی سوپاییانەوە هاتنە دەرێ. باكلانوف هاواری كرد. دەمانچەكەی دەرهێنا. تەقەی لە دوانیان كرد. متچیك بە چاوی خۆی بینی پارچەی جلە خوێناوییەكانیان لە پشتەوە كەوتە سەر زەوی. باكلانوف گوللەی سێیەمی تەقاندو دەمانچەكەی لە كاركەوت. یەكێك لە دوو سەربازە ژاپۆنییەكە هەڵات و ئەوی تریان تفەنگەكەی لە شانی هێنایە خوارەوە. لەم ساتەدا متچیك بە هێزێكەوە كە لە ترسا پەیدای كردبوو. چەند تەقەی لەسەر یەك كرد، دوا گوللەی بەر سەربازە ژاپۆنییەكە كەوت و بە دەم ئێش و ئازارو سوێوە كەوتە سەر عاردەكەو بە تلدان ڕۆیی. باكلانوف هاواری كرد: ڕاكە! بەرەو گالیسكەكە!

لە چاو تروكانێكا ئەسپێكیان كردەوە كە خەریكی جووتە وەشان بوو، بەسەر جادەكەو بە نێو تەپ و تۆزدا تێیان تەقاند. باكلانوف لەسەر گالیسكەكە وێستابوو. پەیتا پەیتا بە كۆتایی هەوسارەكەو بە هەموو توانایەوە لە ئەسپەكەی دەدا، بەردەوام ئاوڕی دەدایەوە تا بزانێ كەس دوایان دەكەوێ یان نا. لە نێو گوندەكەوە پێنج شەیپورچی كەوتنە لێدانی شەیپووری خەتەر.

باكلانوف بەڕقەوە هاواری كرد: لێرەن، هەموویان لێرەن! هەر هەموویان، زۆربەی هێزەكەیان... دەنگی شەیپورچییەكان دەژنەوی؟.

متچیك چ شتێکی نەدەبیست. لە حاڵێکا لەنێو گالیسکەکە راکشا بوو، هەستی بە گورج و گۆڵییەکی لە رادەبەدەر دەکرد. بەخۆی ساغ بوو، سەربازێکی ژاپۆنیشی کوشت بوو، متچیك بیری لە سەربازە ژاپۆنییەکە دەکردەوە کە لە نێو ئەو خاکە گەرمەدا بەئازارەوە دەتلایەوەو سوێی مەرگ تای لێ هێنا بوو. وەختێ روانیە باکلانوف، سیمای لە رەنگ کەوتووی باکلانوف بەلاوە کرێت و سامناك بوو.

دوای تۆزێك باکلانوف دەستی بە پێکەنین کرد: تا رادەیەك باش هاتینە دەست، وانییە؟ ئەوان هاتن نێو گوندەکەو ئێمەش لەوێ بووین، برادەر بە راستی تۆ جێی متمانەیت. چاوەڕوانی ئەمەم لێ نەدەکردیت.

ئەگەر ئەو کارەی تۆ نەبا بە گوللە دایان دەبێژاین! متچیك بە رەنگی زەردەوە کە لە گوڵە گەنمێکی نەگەییوی سیسەوە بوو دەچوو، لە نێو گالیسکەکە راکشابوو و هەوڵی دەدا سەیری باکلانوف نەکات.

نزیکەی دوو قۆناغ بێ ئەوەی کەسێك دوایان کەوتبێ، بە توندی غاریان دا ئەنجام باکلانوف لە پاڵ تاقەدار هەنارێکا کە لق و پۆپی بەڕووی جادەکەدا هاویشتبوو وێستا: تۆ لێرە بە، تا من بچمە سەر درەختەکەو تەماشایەك بکەم، بزانم وەزع و حاڵ لە چ دایە، متچیك کە لەهەڵچوونا زمانی گیرابوو پرسی: بۆ بچیت؟ با دەرچین، دەبێ هەواڵەکە بەرین، ئیدی ئاشکرایە کە هەموویان لێرەن. متچیك هەوڵی دەدا باوەر بە قسەکەی خۆی بکات. بەڵام نەیدەتوانی.....

دەترسا لە دەوروبەری دژمندا بوەستێ.

– نا، سەبر بکەین باشترە، کوشتنی ئەو سێ کەسە بەس نییە، پێویستە بچینە بنج و بناوانی کارەکەیان.

نیو سەعات لەوە دوا دەستەیەك سوارەی سوپایی لە سولومپیاناوە دەرچوون، ناخی باکلانۆف هاتە لەرزین و لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: ئەگەر بمانبینن چ دەکەن؟ ئێمە ناتوانین بەم گالیسکەیە دەرچین. خۆی کونتڕۆڵ کردو بڕیاری دا تا دەکرێ لێرەدا وەمێنن. متچیك ئاگای لەو پۆلە سوارە نەبوو کە لەولای گردەکەوە دەجووڵان و گەییبوونە ناوەندی رێگاکەی بەینی ئەمان و گوندەکە. باکلانوف لەسەر درەختەکەوە دەیڕوانیە ریزی سفتی ئەو پیاوانەی کە لە گوندەکەوە دەردەچوون و تفەنگەکانیان لە نێو تۆزو گەردا دەبریقانەوە. وەختێ بەرەو ئەو مەزرایەی ئەسپەکانی خۆیان لێ بەجێ هێشتبوو، پاشەکشەیان کرد ئەوەندەیان فشار لە ئەسپەکە کردبوو، تەواو شەکەت بوو بوو، لەوێ سواری ئەسپەکانی خۆیان بوون و لە چاوتروکانێکا بە چوار ناڵە کەوتنە سەر جادەی شی بەشی. لڤنسون بەپێی دووربینی ئاسایی خۆی چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەوانی نەکردو (وەختێ ئەوان گەڕانەوە شەو تاریك بوو بوو) حەرەسەکانی دامەزراند –دەستەکەی کوبراك کە تەنیا سێیەکیان بۆ ئاگاداری ئەسپەکان تەرخان کرابوون، بە پیادە لە پەنای بارستە خۆڵێکی قەڵایەکی چکۆڵەی کۆنی مەغۆلیان سەنگەریان گرت، متچیك ئەسپەکەی بە باکلانۆف سپاردو خۆی لە نێو هاوڕێکانیا مایەوە.

متچیك زۆر شەكەت بوو، بەڵام نەیدەویست بخەوێ. بایەكی ساردو شێدار لە چۆمەكەوە دەهات. پیكا بە دەم خەوەوە دەیناڵاندو گینگڵی دەدا. پوش و گیاكان بە جۆرێكی نا مەفهوم لە ژێر پێی نۆبەچییەكاندا خشەخشیان دەكرد. متچیك لەسەر پشت راكشا بوو و چاوی بڕی بووە ئەستێرەكان. هەستارەكان لەبن میچی ئاسمانی بێ بن و تاریكا، لە پشت پەردەیەكی ئەستووری تەمەوە هەڵواسرابوون، بەحاڵ دەبینران.

متچیك هەستی دەكرد هەمان بۆشایی باوەشی بە ئاسمانی دڵیا كردووە، چونكە چ هەسارەیەكی تێدا نەبوو، بەڵكو تاریكترو خاڵی تریش دەینواند. بە مەیا ئەو بیرەی لە مێشكا زیندوو بووەوە كە دەبێ فرولوف هەمیشە هەست بەم چەشنە بۆشاییە بكات. كوت وپڕ وای بە خەیاڵ هات كە رەنگە چارەنووسی خۆیشی وابێ. هەوڵی دەدا ئەم بیرە سامناكانە لەمێشكی خۆی بتارێنێ، بەڵام تارمایی فرولوف بەرچاوی بەر نەدەدا، زۆر چاك دەیبینی لەسەر تەختێك خەوتووەو دەستە سستەكانی بەملاو بەولایدا شۆڕ بوونەتەوە، سیمای وشك و ژاكاو بوو، درەختی ئەفرا بەسەر سەرییەوە هێدی هێدی خشەخش دەكات. متچیك بە ترسەوە بیری كردەوە كە مردووە، بەڵام فرولوف قامكەكانی بزواندو بەلای متچیكدا وەرچەرخاو بە پێكەنینێكی وشكەوە گوتی:

- وەزعی هاوڕێكانمان زۆر خراپە. ئەوجا كوتوپڕ موچوڕكەیەك لەتری پێدا. پەتۆ شڕەكەی سەری لاچوو. متچیك سەیری كرد چ فرولوڤ لە ئارادا نەبووەو ئەوە سەربازێكی ژاپۆنییە. بەخۆی گوت: زۆر سامناكە!.

ئازای گیانی نیشتە لەرز، بەڵام ڤاریا بەسەریا دانەوییەوەو بە ئەسپایی گوتی: نەترسە! بەدەنی سادو فێنك بوو. متچیك كە هێور بۆوە، بە ئەسپایی گوتی: بم بوورە لەوەی كە باش خوا حافیزیم لەگەڵ نەكردیت، من تۆم خۆش دەوێ. ئەوجا باوەشی پێدا كردو بە خۆوەی گوشی. كوت وپڕ هەموو شتێك سڕایەوەو لە خاڵێكدا ون بوو. دوای تۆزێك هەستاو لە سەر زەوی دانیشت. بەدەم چاوگلۆفتن و تروكانەوە بە لەپە كوتێ بەدووی تفەنگەكەیا گەڕا، دنیا تەواو روناك بوو بۆوە. پیاوانێكی زۆر بە دەم پاڵتۆ لە خۆپێچانەوە هەرا هەرایان بوو. كوبراك تا نێو قەدی چوو بووە نێو دەوەنەكانەوە، بە دووربینەكەی دەیڕوانییە دەوروپشتی. ئەوانەی كە لێی خڕ ببوونەوە دەیان پرسی: لەكوێن؟ لە كوێن؟

متچیك، ئەنجام تفەنگەكەی دۆزییەوەو بەرەو لای بارستە خۆڵەكە خزا. لەوێدا بۆی دەركەوت كە پرسیارەكان دەربارەی دژمنە، بەڵام چ ئاسەوارێكی دژمنی بەدی نەدەكرد. بۆیە ئەویش پرسی: لە كوێن؟

سەر دەستەكە بە دەنگێكی نێر گوتی: بۆ هەمووتان لێرە خڕبوونەتەوە. ئامادەبن! زەلامێكی دەڵەك دایە دواوە.

وەختێ هەموویان لە پشتی دیوارەكەوە خۆیان بە عاردی داداو سەنگەریان گرت، متچیك هەر سەرەتاتكێی بوو تا دژمن ببینێ.

چەندین جار لە زەلامەکەی تەنیشت خۆی پرسی: لە کوێن؟ بەڵام زەلامەکە کە لەسەر سك راکشا بوو، و لێوی شۆڕ بوو بووەوە، گوێی بە قسەکانی متچیك نەداو لەبەر هۆیەکی نادیار قامکەکانی ئاخنیی بووە گوێچکەیەوە. لە پڕ لە متچیك گەڕایەوە شێت ئاسا کەتە جنێو پێدانی، متچیك فریا نەکەوت وەڵامی جنێوەکانی بداتەوە، چونکە لەو ساتەدا دەنگی فەرمان بەرز بۆوە: ئا–ما–دە!

گەرچی متچیك هێشتا دژمنی نەدەبینی و زۆر بە داخەوە بوو کە وەکو ئەوانی دی توانای دیتنی دژمنی نییە، لولەی تفەنگەکەی لەسەر بارستە خۆڵەکە گیرکردو لەگەڵ فەرمانی تەقەدا لە خۆڕاو بێ ئامانج کەوتە تەقەکردن، نەیدەزانی کە نیوەی پارتیزانەکان بە هیچ جۆرێ دژمنیان نەدیتووەو تەنیا وایان دەنوان کە دژمنیان بینیوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆ خۆپاراستن بوو لە گاڵتە پێکردنی پاش تەواو بوونی شەڕ.

کوبراك هەمدیس فەرمانی دا: تەقە! متچیك بە هەمان شێوە کەوتەوە تەقە کردن.

دەستەیەك هاواریان کرد: ئەها، چاکیان خوارد! ئەو دەستەیە بە غەڵبە غەڵب و بە جۆرێکی ناڕێك و پێك مژۆلی گفتوگۆ بوون. سیمایان شاد و بەدەماغ بوو.

سەر دەستەکە بە دەنگی بەرز فەرمانی تەقە راگرتنی دا: بەسە، بەسە! ئەوەکێیە تەقان دەکات! فیشەك خەسار مەکە!

متچیك بۆی دەرکەوت دیدەوانێکی ((رصد)) ژاپۆنی هەوڵی دابوو لە وێوە بچێتە پێشێ. بەڵام ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە وەکو ئەو چ ئاسەوارێکی دژمنیان نەبینی بوو. گاڵتەیان بەو دەکرد، زۆربەیان لافیان لێ دەدا کە ژاپۆنییەکانیان پێکاوەو لەسەر زینەکانەوە خستوویاننەتە خوارێ. لەم لە حزەیەدا هاژەی تۆپێکی مەیدانی لە ئاسمانا دەنگی دایەوەو دەنگەکەی سەرانسەری دۆڵەکەی گرتەوە، ژمارەیك لە پارتیزانەکان لە ترساندا کەوتن و متچیکش وەکو یەکێك گوللەی بەر کەوتبێ خۆی گرمۆڵە کرد، متچیك یەکەمجاری بوو کە لە هەموو ژیانیا دەنگی تۆپی دەژنەوت. گوللە تۆپەکە لە پشتی کوندەکەوە تەقییەوە. هاژەی دەستڕێژی رەشاش شێتانەو بەردەوام دەگەییە گوێ دەنگی دەیان فیشەکی تفەنگ قۆناغ بە قۆناغ دەگەییە گوێ. پارتیزانەکان وەڵامی ئەم تەقانەیان نەدەدایەوە.

متچیك پاش سانییەك لەوە دوا یا سەعاتێك لەوەدوا –هەستکردن بە وەخت و شوێن لەبەین چوو بوو– هەستی کرد ژمارەی پارتیزانەکان، زیادی کردووە، باکلانوف متیلستای بینی کە بەبن دیوارەکەدا دێتە پێشەوە.

باکلانوف دووربینێکی بە دەستەوە بوو. دەم و چاوی متیلستا گرژ بوو بوو، پەڕەی کەپوی تەواو کرابووە.

باکلانۆف بە دەم چارە گرژ کردنەوە گوتی: ئەها، ئەمە تۆ لێرە خەوتووی باشە وەزع و حاڵ چۆنە؟

متچیك بەدەم خۆ گورج کردنەوەو بە زەردەخەیەکی تاڵەوە پرسی: ئەسپەکانمان لە کوێن:

باكلانۆف گوتی: لە دارستانەکەدان هەنووکە بە خۆیشمان دەچین بۆ ئەویٚ، مەجبور بووین کەمێك پێشیان بگرین، غەدرمان کرد لێرە نەڕۆیشتین. دیار بوو دەیویست زاتی بخاتە بەر: دەستەکەی دوبوف لەو خوارەوەن، لە دۆڵەکەدان، ئاه.... نەحلەتی!

لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی نزیکا ئەو جنێوەیدا. هێزەکەی لڤنسون-یش هەر لەوێن لە کاتێکدا دووربینەکەی بە دەستەوە بوو، بە پاڵ پارتیزانەکانا کەوتە ڕێ.
وەختێ متچیك دەیویست بۆ جاری دووەم تەقە بکات، ئیدی سەربازە ژاپۆنییەکانی دەبینی: وەکو شەپۆل دەهاتنە پێشێ لە دەوەنێکەوە بۆ دەوەنێکی دی دەکشان. ئەوەندە نزیك بوون کە ئەگەر هەلاتنیش پێویست بوایە، ئیدی دەرفەت نەمابوو. متچیك هەستی بەشتێ دەکرد کە پتر چاوەڕوانییەکی پڕ ئازار بوو وەك لەوەی ترس بێ: ئاخۆ ئەم کارەساتانە کۆتاییەکیان هەیە؟ لە پڕ کوبراك دەرکەوت و هاواری کرد، تەقە لە چ دۆزەخێك دەکەی؟ متچیك ئاوڕی دایەوەو دەرکەوت کە فەرماندە لەگەڵ ئەوی نەبوو، بەڵکو لەگەڵ پیکای بوو، کە هێشتا لە دنیای خۆیدا دەژیا، پیکا لە دوای دوای هێزەکەوەوە لە پاش هەموویانەوە لەسەر زەوی ڕاکشا بوو، دەموچاوی لە خۆڵەکە چەقاندبوو و، تفەنگەکەی بەسەر سەرییەوە گرتبوو. پیکا لە خۆڕا دەستی بە پەلەپتکەی تفەنگەکەیا دەناو تەقەی دەکردە نێو گەڵاو پۆپی درەختێکی بەرانبەرییەوە. ئێستاش پاش هاوارەکەی کوبراك-یش دەستی لە پەلەپیتکەی تفەنگەکەی هەڵنەگرت. ئیدی مەخزەنی تفەنگەکەی خاڵی بوو، تەنیا دەنگی ناسازی چرکە چرکی پلەپیتکەی تفەنگەکەی دەهات، فەرماندە چەند لەقەیەکی پێدا ماڵی، پیکا هێشتاش هەر سەری لەسەری عاردەکە هەڵنەبڕی.
دوای چاوتروکانێك هەر هەموویان هەلاتن، ئەمە یەکەم شکست و پاشەکشەی ناڕێك و پێکیان بوو، بەڵام پاشان ریزیان بەست و مەسافەیان وەرگرت. متچیکیش بێ ئەوەی بزانێ چ قەوماوە لەگەڵ ئەواندا غاریدا. بەڵام لە دژوارترین ساتدا هەستی بەوە کرد کە خەڵکانێ هەن کاردانەوەیان بەرانبەر بە ڕووداوەکان جیاوازە لە کاردانەوەی ئەم و ڕێبەری کارەکانی ئەم و ئەوانی دی دەکەن، متچیك ئەو خەڵکانەی نەدەبینی بەڵام لە مەبەستیان بێ ئاگا نەبوو.
کاتێ گەیشتنە گونەدەکە چاوی ژێر کردەوە. هەموو هزرو بیری کۆکردەوە ئێستا هەموویان بە درێژایی ریزێکی درێژ ڕێیان دەکرد-بی ئیختیار چاوی بۆ ئەو کەسانە دەگێڕا کە ڕێنوێن و ڕێبەری چارەنووسیان بوون. لڤنسون لە پێش هەر هەموویانەوە دەڕۆیی، هەیکەلی بچکۆلەی ئەوەندە کەم جۆرم بوو، و دەمانچە گەورەکەی بە جۆرێکی ئەوەندە سەیر دەجوڵا کە بە زەحمەت باوەڕ دەکرا ئەوە سەر فەرماندەی هەمووان بێ. وەختێ متچیك خەریکی تاوتووێ کردنی ئەم بابەتە بوو. دووبارە گوللە بارانێکی خەست و خۆڵ کران. هەستی دەکرد گوللەکان جارێ سەری قژی دەگرت و جارێك وەکو بروسکە بە بناگوێی دا گیزەی دەکردو ڕەت دەبوو. لەشکرەکە بۆ پێشەوە هێرشی برد، چەند کەسێك لە پارتیزانەکان کەوتن و لە سەر زەوی تلیاندا. متچیك لەبەر خۆیەوە بڕیاریدا کە ئەگەر ئەمجارە مەجبور بە تەقە کردن ببنەوە، وەکو پیکا بکات.
بیرەوەری تاڵی تری ئەو ڕۆژە، سیمای ماروسکا بوو بەسەر ئەسپەکەیەوە. ئەسپەکەی دەمی داچەقاند بوو، ددانەکانی بە دەرەوە بوون. یاڵە ئاگرینەکەی بەدەم بایەکەوە شەپۆلی دەدا. ئەوەندە بە خێرایی تێپەڕی، دەست نیشان کردنی سوارەکەو ئەسپەکە مەحاڵ بوو، پاشان

متچیك بۆی دەركەوت كە ماروسكا یەكێكە لەو كەسانەی پێوەندی نێوان دەستە جەنگاوەرەكان دابین دەكات.

متچیك لە نێو دارستانەكەداو لەسەر جادە كوێستانییەكەدا كەلە ژێر سمی ئەسپدا ساف بوو بوو، بە تەواوی هاتەوە سەرخۆ، ئێرە سێبەر بوو. هەموو شتێك هێدی و ئارام دەهاتە بەرچاو درەختانی سەرووی ئازادی دارستانەكە، لە ژێر لق و پۆپە چڕو شۆكە گرتوو، و ئارام بەخشەكانی خۆیدا پەنای دەدان.

كاری سەختی ڕۆژانە

هێزەکە پاش شەڕێك. لە دۆڵێکی سەوزو خۆشدا جێگیر بوو، و لە چاو ون بوو، وەختێ لڤنسون بەسەر ئەسپەکانا دەگەڕا چاوی بەزیوچیخا کەوت.

– ئەمە چییە؟

متچیك بە دەم منگە منگەوە گوتی: چی، چییە؟

– زینەکەی لێ وەکە با پشتی ببینم.

متچیك بە دەستی لەرزۆکەوە تەنگ و پاڵۆکەی کردەوە.

لڤنسون بە دەنگێك کە وای دەگەیاند جگە لەمە چاوەڕێی چ شتێکی دی نەبووە، گوتی: ئەها، ڕاستە پشتی بریندارە، دیارە پێت وایە دەبێ تۆ سواری بیت و یەکێکی دی بێت خزمەتی بکات؟

لڤنسون هەوڵی دەدا دەنگی هێمن بێ. بەڵام نیگەران بوو، بە قینەوە بە قامکان بەر بووە ئەو شولەی کە لە درەختێکی کرد بۆوەو ورد وردی کرد.

– فەرماندەی دەستە وەرە ئێرە! ئەمە چییە. بۆ ئاگات لێ نەبووە؟

فەرماندەی دەستە بە ئەبڵەقی تەماشای زینەکەی دەست متچیك-ی کردو بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی: چەندین جار ئەم شتانەم بەم گەوجە گوتووە!

لڤنسون بەدەم تووڕدانی شولە وردکراوەکەوە هەمدیس گوتی: دەزانم! بە سیمای وشك و ساردەوە ڕوانییە متچیك و گوتی: بچۆ کن مەسئولی تەداروکات و بارگیرێکی لێ وەربگرە تاکو برینەکانی ئەمە مالیجە دەکەی.

متچیك لە پەستی و شەرمەزاری و داماویدا دەلەرزی. لەبەر ئەوە پەست و شەرمەزار نەبوو کە کەمتەرخەمی دەرهەق بە ئەسپەکە کرد بوو، بەڵکو لەبەر ئەوە پەست بوو کە بەو وەزع و حاڵەوە زینەکەی بە دەستەوە گرتبوو، و تا ڕادایەك گەوج دەهاتە بەرچاو، بۆیە لە ژێرە لێوەوەو بە پچڕ پچڕی گوتی: هاوڕێ لڤنسون گوێ بگرە، من کەمتەرخەم نیم، تۆ بزانە، سەبرکە..... باوەڕم پێ بکە زۆر بە چاکی خزمەتی دەکەم. بەڵام لڤنسون بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە چوو بە لای ئەسپێکی دیکەوە.

کەم بوونی پێداویستییەکانی ژیان هەر زوو بە زوو هێزەکەی بەرەو دۆڵێکی تەنیشت بکێش کرد. هێزەکە پاش چەندین پێکادان لەگەڵ دژمناو دوای بڕینی ڕێگایەکی زۆر، شەکەت و ماندوو بوو بوو، بۆیە بە پەلە لە پێچ و پەناکانی دەوروبەری یولاخە بڵاوبۆوە، ژمارەی ئەو گوندانەی کە هێشتا دژمن داگیری نەکردبوون، زۆر بە خێرایی کەم دەبۆوە. مەگەر بەشەرش لەتێ نان یان مشتێ جۆ دەست بکەوتایە، زۆر جار برینی ئەو بریندارانەی کە تازە چاك بوو بوونەوە، دەکولایەوە. پارتیزانەکان مۆن و کەم دوو و بێ ورەو بێ حەوسەڵە بوو بوون.

ڤنسون دەیزانی کە هاندەری زەلامەکانی تەنیا عیزەتی نەفس نییە، بەڵکو گەلێ هۆی باڵاو بە هێز –گەرچی بە رواڵەت زۆربەیان پەنامەگی و شاراوە بوون– هانی دەدان خۆ لەبەر سەختی و دژواری و تەنانەت مەرگیش رابگرن، هانی دەدان بە خۆیان داوا بکەن تێکڕا لە پێناوی ئامانجی هاوبەشیاندا لە دارستانەکەدا لە نێو بچن، هەروەها دەیزانی ئەم غەیزە زاتییەی زەلامەکانی لە سایەی حەزو ئارەزووی بووندا شاردراوەتەوە. چونکە هەموو ئینسانێك دەبێ بخوات و بخەوێ، چونکە بەدەنی بنیادەم لاوازو بێ توانایە، ئەم پیاوانە لە ژێر باری قورسی نیگەرانی داو لە کاتێکا بێ توانایی خۆیاندەناسی ئەرکە قورسەکەیان بە وانە سپاردبوو کە لە خۆیان بە هێزتر بوون= بەوانەی لەبابەتی ڤنسونن، باکلانوف و دوبوف بوون، کە لە ئاستی ئەم مەسئولیەتەدا پتر بە تەنگی زەلامەکانەوە دەهاتن تا بە تەنگی پێداویستییەکانی خەوو خۆراکی خۆیانەوە بێن.

ڤنسون ئێستاکێ بەردەوام لە نێو زەلامەکانیا بوو، بە خۆی لە شەرەکاندا رێبەری و رێنوێنی دەکردن، لە یەك قاپدا نانی لەگەڵ دەخواردن. شەوان خەو نەدەچووە چاوانی. سەری لە دەوری و حەرەسەکان دەدا: هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو، تەنانەت کە دەربارەی بچوکترین و کەم بایەخترین شت لەگەڵیاندا دەدوا، لە هەر وشەیەکەوە کە لە زاری دەهاتە دەرێ. مرۆڤ وای هەست دەکرد، دەیەوێ بڵێ: بزانە چۆن هاوبەشی خەم و ناخۆشییەکانتانم! رەنگە سبەینێ لە پەناێیکدا لە برسا بمرم، رەنگە بگیرێم و لە سێدارە بدرێم، بەڵام هەرگیز نائومێد نابم، بۆچی؟ چونکە لەم چەشنە مردنە باکم نییە....

وێڕای ئەم هەموو هەوڵانەشن ئەو داوە نا دیارانەی ڤنسونیان بە دڵی هێزەکەوە گرێ دەدا، رۆژ بە رۆژو یەك لە دوای یەك دەپچڕان. کە داوەکان خاوتر دەبوونەوە، دەسەڵاتی ڤنسون بەسەر پارتیزانەکاندا کەمتر دەبۆوەو ئیدی وەکو هێزێکی غەریب بەسەر لەشکرەکەوە دەینواند.

پارتیزانەکان بۆ دابین کردنی خواردنی خۆ دەچوونە قەراخ چۆمەکەو دینامیتیان تێدا دەتەقاندەوەو راوە ماسییان دەکرد، ئاوی چۆمەکە سارد بوو، کەس نەبوو بە حەزی خۆی بچێتە نێو ئاوەکەوەو ماسییەکان بگرێتەوە. ئیدی بە تۆبزی زەلامێکی کەم جورمیان دەگرت و دەیانخستە ئاوەکەوە. هەندێ جار قورعەیان دەکرد، زۆربەی کات قورعەکە بەر لافروشکا ناوێك دەکەوت، لافروشکا پیاوێکی لاڵەپەتەی شەرمنۆك بوو، جاران شوانە بەراز بوو. کەس نێوی شۆرەتی نەدەزانی. لافروشکا زۆر لە ئاو دەترسا، وەختێ لە کەنارەکەوە بەرەو نێو چۆمەکە دەخزی، خۆی خڕ دەکردەوەو دەلەرزی، وەختێ متچیك پشتە لاوازو بەزەیی وروژێنەکەی دەبینی، زۆری دڵ پێ دەسووتا.

رۆژێك ڤنسون بەمەی زانی، هاواری لە لافروشکا کرد: سەبرکە! ئەوجا لە کابرایەکی رێوەلەی پرسی کە دەتگوت لەشی لەنێو دەرگایەکدا گیر بووەو بە شاپ لافروشکای دەخستە ئاوەکەوە: بۆ خۆت ناچیت؟

کابرا برژانگە سپییەکانی لەسەر چاوە ڤین گرتووەکانی هەڵبڕی و بە لاساریيەوە وەڵامی دایەوە، ئەدی بۆ تۆ ناچی؟ لڤنسون بە هێمنی گوتی: ئەمە کاری من نییە. من بە ئەندازەی کاڤ کارم هەس بەڵام تۆ دەبێ ئەم کارانە بکەی.

خێرا پانتۆڵەکەت داکەنە دەی! نابینی ئاوەکە خەریکە ماسییەکان دەبات؟

– با بیبات، من کۆیلەی کەس نیم! پشتی کردە لڤنسون و لە کەنارەکە دوور کەوتەوە، چەندین چاو بە نیگای تاییدکردنەوە شوێنی کەوتن، پاشان بە بزەی تەوس ئامێزو گاڵتە پێکردنەوە بەرەو لای لڤنسون وەرچەرخان. گونجارنکو بەدەم کردنەوەی دوگمەکانی کراسەکەیەوە گوتی:

– کە خەڵکانێکی بێ کەڵکن!

لڤنسون بە توندی دەستووریدا...... بگەڕێوە!

گونجارنکو دەستی لە کردنەوەی قۆپچەکانی کراسەکەی هەڵکرت و ڕەق ڕاوەستا.

توانایەکی چاوەڕان نەکراو لە دەنگی لڤنسوندا هەست پێدەکرا. پیاوەکە هەڵوەستەیەکی کرد، ژیوان بوو لەو سەریەشەیەی کە بە خۆی دروستی کردبوو، بەڵام بە هیچ کلۆجێ حەزی نەدەکرد لەبەر چاوی هاوڕێکانیا سەر کۆنە بکرێ. بۆیە سەر لە نوێ دووپاتی کردەوە: یەکجار پێم گوتیت من ناچم.

لڤنسون بە هێوری بەرەو لای کابرا چوو، دەستی خستە سەر دەمانچەکەی، نیگای چاوە تیژو توڕەکانی ناخی کابرای هەژاند، کابرا بە دوو دڵی وێستا، دەستی بە داکەندنی پانتۆڵەکەی کرد.

لڤنسون بە هەڕەشەوە فەرمانیدا: زووتر!

کابرا دزە نیگایەکی کرد، کوت و پڕ ترسی لێ نیشت، لە پەلەپەلدا لاقێکی لە پانتۆڵەکەی گیر بوو، دەترسا لڤنسون، ئەم کارەی بە ڕێکەوت نەزانێ و پەنجە بە پەلە پیتکەی دەمانچەکەیەوە بنێ. بۆیە بە دەنگێکی تایبەتی دەستی بە قسان کرد: بەڵێ، بەڵێ. پێم لێی گیراوە .... خوا بی بڕێ! هەر ئێستا، تەنیا یەك دەققە!

وەختێ لڤنسون ڕوانییە سیمای زەلامەکانی دەوربەری، سەیری کرد هەر هەموویان بە نیگای ترس ئامێزو حورمەت گرتنەوە لێی ورد ببوونەوە. ئەوەی لە چاویانا دەخوێندرایەوە بریتی بوو لەمە ــ چ جۆرە هەستێکی هاوخەمی یا پێوەندییەکیان تێدا بەدی نەدەکرا. لڤنسون دەمو دەست هەستی کرد خەنیمی لەشکرەکەیە نەك فەرمانیدەی.... بەڵام بۆ ئەوەش ئامادەبوو، باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە سەرچاوەی هێزو توانای خۆی، توانایەکی عادیلانەیە.

لەو ڕۆژە بە دواوە هەر کاتێ مەسەلەی خواردن و ئیسراحەت هاتبا گۆڕێ، لڤنسون کۆی لە هیچ کارێك نەدەکردەوە، بێ سێ و دوو دەستی بەسەر ڕانە مەڕدا دەگرت، مەزراو باخی دێهاتیانی تاڵان دەکرد. تەنانەت ماروسکاش هەستی دەکرد ئەم کارانەی لڤنسون گەلەك جیاوازترن لە کاڵەك دزینەکەی ئەو.

پاش ئەوەی هێزەکە چەندین قۆناغ ڕێی بەسەر قوتەی کێوی یودجدا بڕی و جگە لە ترێ و هەندێ کارگ نەبێ کە لەسەر ئاگر دەیانبرژاند، چ شتێکی دییان نەبوو بۆ خواردن. خۆیان کرد بە دۆڵی ببرداو چوونە نێو تاقە مەزرای کورییاییەکانەوە، مەزراکە بیست قۆناغە ڕێیەك لەخوار ئیروخدزاوە بوو. لەوێ تووشی کابرایەکی کەتەی تووکن بوون، توکن وەکو پێلاوە جەنگەلییەکانی خۆی. پشتێنێکی ژەنگاوی تایبەتی لە پشت بوو. لڤنسون ناسییەوە، ستیرکشانی قاچاخچی مەشروب و خەڵکی ناوچەی داوبیخە بوو.

ستیرکشا بە چاوانی لە موا ون بوو، سەیری لڤنسونی دەکرد. بە هەمان تەڵخی ئاسایی و بەدەنگێك کە لە ئەنجامی سەرمادا گیرا بوو، ئەحواڵ پرسی لەگەڵ کرد: ئەهای لڤنسون، مەرحەبا! ئەوە هێشتا ماوی؟ زۆر خۆشحاڵم خۆ بە دووتا دەگەڕێن.

– کێ بە دووما دەگەڕێ؟

– کێ؟ ژاپۆنییەکان. کلچاکەکان... دەتەوێ کێی دی بە دووتا بگەڕێ؟

– دەزانم ناتوانن دەستگیرم بکەن، ئەرێ خۆراکێ، شیتێ لەم ناوە دەست ناکەوێ.

سترکشا بە شێوەیەکی پڕ ماناوە گوتی: ڕەنگیشە دەستگیرت بکەن، گەوج نین، خەڵاتیان بۆ سەرت داناوە. لە متینگێکا لە نێو گوند حوکمێکیان خوێندەوە کە هەر کەسێك بە مردوویی یان بە زیندوویەتی دەستگیرت بکات، خەڵاتی دەدەنێ.

– خەڵاتەکە زۆرە؟

– ٥٠٠ ڕۆبڵی سیبری.

لڤنسون بە پێکەنینەوە گوتی: چ هەرزانە! باشە خۆراکێ، شتێك دەست دەکەوێ؟

– لێرەدا چ شتێك پەیدا نابێ، کۆرییاییەکان بە خۆیشیان چامیزای رووت دەخون ، بەرازێکی دەپاوەندییان هەیە بۆ تەنگانەیان هەڵگرتووە –ئەو بەرازە گۆشتی سەرانسەری زستانەکەیانە.

لڤنسون چوو بە سۆراخی جووتیارەکەوە جووتیارە. کۆرییاییەکە سەر کلاوێکی تەلی لەسەر بوو. کوت و پڕ بەردێنی بۆزو بە لەشی لەرزۆکەوە کەوتە پاڕانەوە کە دەست لە بەرازەکەی نەدەن.

لڤنسون دەیزانی لەلایەکەوە سەدو پەنجا کەسی برسی لەگەڵدایە، لەلایەکی ترەوە تەواو دڵی بە جووتیارەکە دەسووتا، دەیویست بە جووتیارەکەی بسەلمێنێ کە ناچارە بەرازەکە بکوژێت و جگە لە مە چ چارەیەکی تری نییە. جووتیارەکە بێ ئەوەی کەم و زۆر لە قسەکەی لڤنسون حاڵی ببێ، هەمدیس کەوتەوە پاڕانەوە. بەڕێزەوە دەستی بە سینگییەوە گرتبوو، و گوتی: نا، نا خواردن، خواردنی ئەو.... نا....

لڤنسون فەرمانیدا وێڕای هەموو ئەمانە... بە گوللە بیکوژن! لڤنسون بە جۆرێ سیمای گۆڕا، وەکو ئەوەی فرمانی کوشتنی خۆی دابێ نەك بەرازی جووتیارەکە.

سیمای پیرەمێردەکە گۆڕا، بە کوڵ کەوتە گریان، لە پڕ خۆیدا بە سەر پێی لڤنسوندا، ردێنی دەکرد بە نێو پۆش و گیاکانداو پێی لڤنسونی ماچ دەکرد، لڤنسون چ کارێکی نەکرد کە

نیشانەی هەستاندنەوەی جووتیارەکەی پێوە بێ: دەترسا نەبادا کۆنترۆلی خۆی لە دەست بدات و لە فرمانەکەی ژێوان بێتەوە.
متچیك بەم دیمەنە دڵی گوشرا، غاری دایە پشت زنجەکەوە، دەمو چاوی لە نێو کایەکاندا نوقم کرد بەڵام بەم حاڵەشەوە سیمای بە فرمێسکی پیرەمێردەکەی دەبینی کە بە ڕەنگی پەڕیوەوە لە پێی لڤنسونی هەڵدەسوو. متچیك بەسەرسامی و هەڵچوونەوە لە خۆی دەپرسی:
باشە نەدەکرا ئەم کارە نەکرێ؟ ڕێزێکی درێژ لە دێهاتیانی مەزلوومو بێ پەنا، کە دوا مایەی خۆراکی خۆیان لە دەست دەدا، بە بەر چاویا ڕەت دەبوو، چەند جارێك ئەم بیرەی بە مێشکا تێپەڕی کە: نا، نا، ئەمە کارێکی زاڵمانەیە. ویتر دەمو چاوی لە کایەکەدا نقوم کرد.
متچیك دەیزانی کە هەرگیز نەیدەتوانی ئەم ڕەفتارە لە گەڵ جووتیارە کورياييەکان دا بکات، کەچی ئەویش لە گەڵ ئەوانەی دی دا بەشداری گۆشت خواردنەکەی کرد، چونکە ئەویش برسێتی کێشابوو.
لەگەڵ گەردی بەیاندا، دژمن لە کێوەکانەوە ڕێگای لڤنسون ی بڕی. پاش شەڕێکی دوو سەعاتی، کە لەو شەڕەدا لڤنسون نزیکە سی (٣٠) کوژراوی دا، ڕێی خۆی بەرەو دۆڵی ئیروخدزا کردەوە، چونکە سوارانی کلچاك لەو نزیکانەوە لە پارێزدا بوون، لڤنسون ناچار ئەسپەکانی بە بارو بنەوە بەجێ هێشت، وەختێ چوونە سەر ئەو جادەیەی کە بۆ خەستەخانەکە دەچوو، نیوەڕۆ بوو. لڤنسون لە پڕ هەستی کرد کە زینەکە ئازاری دەدا، پاش ماندوو بوونیکی لە ڕادەبەدەر، هەستی دەکرد دڵی بەسستی و تەمەڵی لێدەدا، دەترسا هەر ساتێ لە لێدان بکەوێ، دەکەوێ، هەستی دەکرد،زۆری حەز بەخەوە، ملی خوار بۆوە، لە پڕ وای بە خەیاڵ داهات کە لە سەر زینەکە هەڵفڕیوەو هەموو شتێکی بە لاوە سادەو بێ بایەخە، لە پڕ وەکو ئەوەی ڕاچەنینێکی دەروونی وەئاگای هێنابێتەوە ئاوڕێکی دایەوە، چ کەسێك ئەوی بەو وەزع و حاڵەوە نەبینی بوو، هەموو پارتیزانەکان پشتی ئاشنای فرماندەکەی خۆیان دەبینی کە نەختێ بە پێشا خوار بوو بوو، کەسیان باوەڕیان نەدەکرد، نەدەچووە ئەقڵیانەوە کە لەوانەیە ئەویش وەکو خەڵکانی دی ماندوو بوو بێ و حەز بە خەو بکات! لڤنسون لە خۆی دەپرسی: باشە ئەوەندە بێ دەسەڵاتم کە نەتوانم بەسەر ئەم لاوازییەدا زاڵ ببم؟ پاشان سەری لەقاندو هەستی کرد زرانییەکانی دەلەرزن، ئەم هەستە یەجگار بە سوێ بوو.
کە لە خەستەخانەکە نزیك دەبوونەوە، دوبوف بە ماروسکای گوت باشە، هەنووکە بۆ خۆت ژنەکەت دەبینی.
ماروسکا وەڵامی نەدایەوە. هەر چەندە لەم ڕۆژانەدا زۆر بیری ڤاریای دەکردو بە تاسەی بینینییەوە بوو، وای بیر دەکردەوە کە ئیدی دەورانی ژیانی خێزانداریان تەواو بووەو بەسەر چووە، ماروسکا خۆی فریودەدا، کە گوایە تاسەی دیداری ڤاریا هەمان کەڵکەڵەی ئاسایی بینەرێکی بێگانەیە کە بیەوێ سەرەنجامی پێوەندی ئەو دوانە بە کوێ گەیی؟
وەختێ ماروسکا سەیری کرد –ڤاریاو ستاشینسکی و گونجارنکو لە پاڵ زنجەکەدا وێستا بوون بە دەم پێکەنینەوە تەوقەیان لەگەڵ یەك بە یەکی پارتیزانەکاندا دەکرد– هەموو شتێك لە

ناخیا هەڵگەڕایەوە. بێ چ هەڵوەستەیەك بەرەو دار ئەفراکان ڕۆیی، بەدەم شل کردنەوەی قایش و قروشی زینەکەوە، ماوەیەك خۆی لەگەڵ میشکادا مژول کرد.
ڤاریا کە لە هۆڵی متچیکدا بوو، بەبیری ئاڵۆزەوە سلاوی پارتیزانەکانی دەسەندەوەو بە پەرێشانی و شەرمەزارییەوە بزەی بە ڕوودا دەدان، نیگای متچیك تێکەڵ بە نیگای ڤاریا بوو، متچیك سەرێکی لەقاندو لە شەرماندا سەری داخستەوە: دەترسا نەبادا ڤاریا ڕاستەوخۆ بەرەو پیری غار بدات و هەموو ڕازو نهێنییەکانیان ئاشکرا بێ، بەلام ڤاریاش زرنگ بوو، هەر چەند بە دیتنی متچیك گەلەك شاد بوو، بەلام زەقاو زەق دەری نەبڕی.
متچیك خێرا زیوچیخای بەستەوەو بە پەلە چوو بۆ نێو دارستانەکە، هێشتا چەند هەنگاوێ نەڕۆیی بوو، بەسەر پیکادا دانەوییەوە، پیکا لە تەنیشت ئەسپەکەیا ڕاکشا بوو، چاوە تەڕەکانی بە قوڵا چوو بوون.
بە دەنگێکی ماندوو بە متچیك ی گوت: دانیشە.
متچیك لە پاڵیا دانیشت.
- ئێستا بۆ کوێ دەڕۆین؟
متچیك بێ دەنگ بوو.
پیکا بە عەزرەتەوە گوتی: ئەگەر هەنووکە لە خانووەکەی خۆمدا بوایەم.... لە پاڵ باخی هەنگەکانم، دەمتوانی ماسیان بگرم، ئێستا ماسییەکان لەگەڵ ئاوەڕۆی چۆمەکەدا حەرەکەت دەکەن، تەنیا بەربەستێکی چکۆلەی دەوێ، ئەوجا تۆڕێکم لەبەر دەمیا دادەنا، ئیدی لێی دەگەڕام و ماسییەکان چ چارێکیان نەدەبوو جگە لەوەی بێن و بکەونە ناوییەوە. پیکا ماوەیك کڕ بوو، پاشان بە کەسەرەوە لەسەری ڕۆیی، بەلام ئێستا ئیدی کوا باغ! ئەگەر ببوایەتەوە زۆر چاك بوو، لە ڕەگ و ریشەوە دەریان هێناوە، ئێستا نەك هەر زەوییەکان مردوو بێدەنگن، بەڵکو هەنگەکانیشم کڕو بێدەنگن.
لە پڕ بەسەر ئانیشکێکیا شانی دادا، دەستێکی بە متچیکدا کێشا، بە دەنگێکی خەمناکی لەرزۆکەوە گوتی: گوێ بگرە پاڤل، گوێ بگرە پاڤل، کوڕە چکۆلەو عەزیزەکەم، ئاه، تۆ بڵێی جارێکی دی جێگایەکی وەها پەیدا ببێتەوە؟ پاڤلی ئازیز، کوا بەبێ ئەو هەڵدەکەم، پاڤل، کوڕی خۆشەویستم؟ من ئیدی لەم دنیایەدا چ کەسێکم نییە، هەر خۆم و خۆمم.... بابایەکی پیرەمێرد.... بەم زووانەش دەمرم.... وشەکان لە دەمی دەردەپەڕین، هەناسەی هەڵدەکێشاو هەوای هەڵدەمژی، بە دەستە ئازادەکەی گیاو پوشەکانی دەڕنییەوە. متچیك تەماشای دەکرد، قسەکانی نەدەژنەوت، بەلام قسەکانی ئەو پیرەمێردە بە هێمنی شتێکی لە ناخیا دەڕوژاند. دەتگوت ئەو قامکانەی کە ئێستاکێ گەلا وشەکەکانی لە لقە تەڕەکان جیا دەکردەوەو دەیڕشتە سەر زەوی، ڕۆحی پیکای لە بەدەنی جیا دەکردەوە. ئەو وای بیر دەکردەوە کە هەموو شتێك بڕاوتەوەو چ شتێکیش ناگەڕێتەوە...، بۆ خەزانی ژیانی خۆی گەرمەشینی دەگێڕا.
متچیك، هەر چەند پێی ناخۆش بوو پیکا بە جێ بهێڵێ، گوتی: من ماندووم، دەڕۆم دەخەوم. متچیك چووە قووڵایی دارستانەکەوەو لە نێو دەوەنەکانا هەلاژا. خەوێکی ناخۆش و ناڕەحەت

باڵی بەسەردا کێشا. بەڵام لە پڕ وەکو یەکێك رایتەکێنێ لە خەو راپەڕی و دڵی داخورپا. کراسەکەی ئارەقی کردبۆوەو بە بەدەنییەوە چەسپی بوو. دوو کەس لە پشت دەوەنەکانەوە قسانیان دەکرد. دەنگی لڤنسون و ستاشینسکی ناسییەوە. متچیك بە وردی دەوەنەکانی لار کردەوەو چاوی بڕییە ئەوان.

لڤنسون بە خەمبارییەوە دەیگوت: بە هەر حاڵ ئێمە ناتوانین ماوەیەکی زۆر لەم ناوچەیەدا بەرگری بکەین، تەنیا یەك رێگامان بە دەستەوەیە، ئەویش رێگای باکوورە –بەدەستی دۆڵی تیودو– ڤاکیودا. جانتا سوپاییەکەی کردەوەو نەخشەیەکی دەرهێنا: ئالێرەوە، دەبێ ئەم زنجیرە کێوە بڕین و لە دەوروبەری خایونیخدزاوە داگەڕێین. سەفەرێکی درێژو سەختە، بەڵام چ چارەیەکی دی نییە.

ستاشینسکی هزرو بیری لای نەخشەکە نەبوو، چاوی بڕی بووە قوڵایی دارستانەکە، دەتگوت ئەندازەی ئەو قۆناغە رێیانەی دەگرت کە دەبوا بە عارەقی ئینسان تەڕ ببێ، لە پرس بە پەلە چاوی تروکاندو روانییە لڤنسون: ئەدی مەسەلەکەی فرولوف؟ هەمدیس لەبیرت کرد!

لڤنسون بە کەماڵی ئیسراحەت لەسەر گیایەکە دانیشت: وایە فرولوف، لایەکی روومەتی زەرد هەڵگەڕاوی لڤنسون لە متچیك–ەوە دیار بوو.

ستاشینسکی پاش هەڵوەستەیەك بە دەنگی نزم گوتی: هەڵبەتە من دەتوانم لێرەدا لەگەڵیاندا وەمێنم، ئەمە جگە لەوەی ئەرکی سەر شانمە.

لڤنسون سەری لەقاندو گوتی: قسەی قۆڕو بێ مەعنا، ژاپۆنییەکان شوێن پێمان هەڵدەگرن و بە مسۆگەری تا سبەی شەو دەگەنە ئێرە، ئەرکی سەر شانت ئەمەیە کە بکوژرێی؟

– ئاخر چ کارێکی ترمان پێ دەکرێ؟

– من نازانم.

متچیك هەرگیز لڤنسونی بەم پەشێوی و نائومێدییەوە نەبینی بوو.

– وا دەزانم تەنیا یەك کارمان لە دەست دێ، ئێستا بە بیرما هات...

لڤنسون کەمێ بێدەنگ بوو، ددانەکانی لێکدی سوو، و کڕ بوو.

ستاشینسکی بە دەم چاوەڕوانییەوە پرسی: بەڵێ: متچیك هەستی دەکرد کە پیلانێکی شووم لە ئەنجامداندایە، بە جۆرێ خۆی بە دەمابرد بووە پێشەوە خەریك بوو لەوانەوە دەربکەوێ.

لڤنسون دەیویست بە تاقە وشەیەك، ئەو کارەی هێشتا ئەنجام نەدراوە روون بکاتەوە، بەڵام وا دیار بوو وشەکە ئەوەندە قورس بوو هەر چەندی دەکرد نەدەهاتە سەر زاری. ستاشینسکی بە چاوانی ئەبڵەق و ترس ئامێزەوە روانییە لڤنسون.... لە هەموو شتێ حاڵی بوو. هەردووکیان بە ترس و لەرزەوە کەوتنە چپە دوو، ماوەیەکی باش لەسەری رۆیشتن، مەبەستەکە لە لای هەردووکیان ئاشکرا بوو، بەڵام ئاقیبەت کەسیان ئەو وشە بنج بڕەیان بۆ نەهات کە لەم دڵە راوکێ و ئازارە بە سوێیە رزگاریان بکات.

متچیك، لە ناخەوە راچڵەكی: دەیانەوێ بیكوژن! متچیك رەنگی زەرد هەڵگەڕا، دڵی كەوتە پەلەپەل، دڵی هێندە بە توندی لێی دەدا دەترسا نەوەك زەلامەكانی پشت دەوەنەكان گوێیان لە دەنگی دڵی بێ...

لڤنسون چەند جارێ پرسی: حاڵی چۆنە؟ خراپ؟ بە كورتی ئەگەر لەبەر خاتری ئێمە نەبوایە.... ئەگەر لەبەر خاتری ئێمە نەبوایە ئومێدی چاك بوونەوەی هەیە؟

- نەخێر، بە هیچ جۆرێ، بەڵام ئاخۆ ئەمە گرنگە؟

لڤنسون قەناعەتی وابوو كە ئەمە كارەكە ئاسانتر دەكات.

لڤنسون زانی دەیەوێ خۆی بخەڵەتێنێ، بۆیە دەست بە جێ لە ناخی خۆیدا تەریق بۆوە، بەڵام لە هەمان كاتدا پێی وابوو بەو رێگایە كارەكە ئاسانتر ئەنجام دەدرێ، پاش بێدەنگییەكی كەم بە هێمنی گوتی: هەر ئەوڕۆكە ئەم كارە ئەنجام دەدەین، بەڵام وریا بە چ كەسێك نەزانێ، لەهەمووی گرنگتر ئەمەیە كە نابێ بە خۆیشی پەی پێ ببات. دەتوانی بەو جۆرەی كە گوتم ئەنجامی بدەیت؟

- پەی پێ نابات.. ئا ئێستا وەختی دەرمان خواردنییەتی.

جا لەبری شروبی مقەوی... ناكرێ تا سبەینێ دوای بخەین؟

- بۆ نا، چ فەرقێ دەكات؟ ئەمجا نەخشەكەی خستەوە جانتاكەیو لە جێی خۆی هەستا: چارمان نییەو دەبێ ئەم كارە ئەنجام بدرێ، چ چارێكی دی هەیە؟

لڤنسون بێ ئەوەی لە دەسەڵاتی خۆیدا بێ پەنای بۆ پیاوێك دەبرد كە بە خۆی پێویستی بە یارمەتی و كۆمەك بوو.

ستاشینسكی لەبەر خۆیەوە بیری كردەوە: بەڵێ، وایە. چ وەڵامێكی نەدایەوە.

لڤنسون بە هێمنی لەسەری رۆیی، گوێ بگرە، دەبێ ئەم كارە بە دروستی ئەنجام بدرێ، دەتوانی بە باشی ئەنجامی بدەی؟ ئەگەر ناتوانی قسە بكە.

ستاشینسكی دووپاتی كردەوە: ناتوانم؟. بەڵێ من ئامادەم. لڤنسون قۆڵی كراسەكەی ستاشینسكی گرتو درێژەی دایێ: دەی دەست پێ بكە! ئەوجا بە جووتە بەرەو زنجەكە گەڕانەوە.

متچیك بە دەم چاو هەڵگلۆفتنەوە دەمەو روو لە نێو گیاكاندا كەوت، ماوەیەك، كە خۆیشی نەیزانی چەند بوو، بەو جۆرە مایەوە. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: بەڕاستی ئەو كارە دەكەن؟

متچیك وەكو بریندارێكی بێ تاقەت بەدەم لەتردانەوەو بەنێو دەوەنەكاندا كەوتە شوێنی ئەوان.

ئەسپە رووتەكان فێنك بوو بوونەوە، سەری ماندوویان بەلای متچیكا وەرگێڕا.

دەستەیەك پارتیزان لە مەیدانە بەر بەتاكەكەی دارستانەكەدا بە دەم خەوەوە دەیان پرخاندو تاقمێكی دی خواردنیان لێ دەنا، متچیك بەدەم سەرەتاتكێوە چاوی بۆ ستاشینسكی دەگێڕا، كەبۆی نەدۆزرایەوە، بە پەلە بەرەو زنجەكەدا غاریدا.

متچیك لە كاتو شوێنی خۆیدا، خۆی گەیاندە زنجەكە، ستاشینسكی پشتی لە فرولوف بوو. پەرداخێكیدا بووە بەر شەوقی چراكەو دەرمانێكی تێ دەكرد، متچیك بە چاوانی ئەبڵەقەوە،

بەرەو ستاشینسکی هەڵمەتی بردو هاواری کرد: سەبرکە! ئەوە چ دەکەی؟ سەبرکە، گوێم لە هەموو شتێك بوو!.

ستاشینسکی راچڵەکی، بە پەلە سەری وەرچەرخاند. دەستەکانی بە شێوەیەکی ترسناك کەوتنە لەرزین و لە پڕ بەرەو متچیك چووە پێشیٚ، دەماری نێو چەوانی بە شێوەیەکی سامناك هەستا بوو.

بە دەنگێکی نزمی شووم و زۆر بە ئەسپایی گوتی: گوم بە لێرە، دەتکوژم!.

متچیك هاواری کردو لە زنجەکە دەرپەڕییە دەریٚ، خۆیشی نەیدەزانی چ دەکات. ستاشینسکی دەست بەجیٚ هێور بۆوەو بەرەو لای فرولوف چوو.

فرولوف بە ترسەوە گۆشەی چاوی بڕییە پەرداخەکەی دەستی ستاشینسکی و پرسی: چییە.... ئەوە چییە؟

ستاشینسکی زۆر بەساردی و بە ڕەقی و ئەمرکردنەوە وەڵامی دایەوە: بیگرە. شروبی مقەوییە. هەردووکیان بیریان لەیەك شت دەکردەوە، چاوە مەنگ و وریاکانیان بڕی بووە یەکدی. فرولوف هەستی کرد کە هەموو شتێك لە بڕانەوە دایە. نەدەترساو نە خەفەتی دەخوارد، هێدی و ئارام، هەستی بەتاڵی و ترسی مەرگ نەدەکرد، هەموو شتێك بەلایەوە سادەو ئاسان دەینواند. هەنووکە بەلایەوە سەیر بوو کە ئەو هەموو رەنجەی کێشاوەو زۆر سەر سەختانە بە ژیانەوە نووساوەو لە مردن ترساوە. شتێکی بەڵگە نەویستە کە ژیان بۆ ئەو جگە لە مژدەی دەردو ئازار چی دی پیٚ نەبووەو ناش بیٚ، تەنیا مەرگ دەتوانیٚ لە هەموو ئەو دەردو ئازارانەی رزگار بکات، بێهودە دەیڕوانییە دەوروپشتی خۆی، دەتگوت چاو بۆ شتیٚ دەگێڕیٚ،چاوی بە خواردنێکی دەست لێنەدراو کەوت کە لەسەر مێزێکی تەنیشت ئەوەوە دانرابوو، خواردنەکە شیر بوو، سارد بوو بووەو مێش بەسەرییەوە هەڵدەفڕین.

لە سەرەتای نەخۆشییەکەیەوە تا ئێستا بۆ یەکەمجار خەمی ئینسانی لە چاوەکانیا ئاشکرابوو —دڵی بە خۆی یا بە ستاشینسکی دەسووتا، پێڵوەکانی لێك نا، وەختیٚ کردنییەوە هێوری و تەسلیم بوون لە سیمایدا دیار بوو. زۆر بەهێوری گوتی: ئەگەر جاریٚ رێت کەوتە ساچان، پێیان بڵیٚ زۆر خەم نەخۆن، ئەمە رێگای هەموانە.... بەڵیٚ، هەموویان.... ئەم وشانەی بە جۆریٚ دووبارە دەکردنەوە دەتگوت هێشتا باوەڕی بەوە نەبوو کە مەرگ بۆ بنیادەم شتێکی حەتمییە— باوەڕی نەگۆڕ کە مەرگ، ئەو لە تەنیایی و ترس جیا دەکاتەوەو ئەمەش چەمکێکی ئاسایی و گشتی بە مەرگ دەبەخشێت. پاش کەمێك بێدەنگی گوتی: لەویٚ کوڕێکم هەیە، لەمەعدەن.... نێوی فدیایە. کە شەڕ تەواو بوو، ئەو فەرامۆش مەکەن... ئەوەندە یارمەتی بدەن کە ژیانی هەڵبسوڕیٚ، ئەوجا ئەوەم بدەریٚ لە پڕ دەنگی لەرزی و نزم بۆوەو قسەکەی بڕی.

ستاشینسکی لێوی تەتەڵەی دەکرد، ئازای بەدەنی دەلەرزی، لەو دەمەدا چاوێکی بە شێوەیەکی سەیر کەوتە پرتە پرت، پەرداخەکەی دایە دەستی فرولوف. فرولوف پەرداخەکەی بە هەردوو دەستان گرت و یەك بین هەڵیدا.

متچیك بە ناڵە ناڵ و بە كوڵێ كەسەرو داخەوە بەسەر لق و پۆپ و گەڵای درەختەكاندا، كەوتە لەتردان، بەرەو ناو جەرگەی دارستانەكە غاریدا. متچیك كڵاوەكەی گوم كرد بوو، چەپكێ قژی ناشیرینی پێكەوە چەسپاو بە شێوەی داوی جاڵجاڵۆكە رژابووە سەر چاوەكانی، لاجانگەكانی پلیان دەدا، لەگەڵ هەر پلدانێكا وشەیەكی بەزەیی ورۆژێن و بێ مەعنای بەزاردا دەهات، جگە لەو وشانە چ شتێكی دی نەدۆزییەوە كە پەنای بۆ بەرێ، لە پرش تووشی ڤاریا بوو، راچڵەكی. چاوانی ڤاریا بە شێوەیەكی ترسناك دەبریسكانەوە.

ڤاریا بە خۆشحاڵیەوە دەستی بە قسان كردو گوتی: من بە دووی تۆدا دەگەڕام... ڤاریا لە نیگا گێژەكانی متچیك ترساو قسەكەی بڕی. متچیك دەستی ڤاریای گرت، بەدەم غاردانەوە بە دووی خۆیا رایكێشاو گوتی: گوێ بگرە، ئەوان، ئەویان ژەهر خوارد كرد... فرولوف یان... دەزانی ئەم كارەیان كرد...

ڤاریا دەست بەجێ حاڵی بوو، هاواری كرد: چی؟ ژەهر خوارد؟ وس بە. ئەوجا بە توندی متچیك-ی بە سینگی خۆیەوە گوشی و دەستە گەرم و ئارەق كردوەكانی خستە سەردەمی: وس بە! قسە مەكە! با لێرە دوور بكەوینەوە. متچیك خۆی لە دەستی ڤاریا راپسكاندو دەڵەكی دایەلاوەو بەدەم ددان چیڕ كردنەوە گوتی: بۆ كوێ بڕۆین؟ وازم لێ بێنە، دەمەوێ بە تەنێ بم!

ڤاریا هەمدیس قۆڵی كراسەكەی گرت و بەدەم راكێشانییەوە دووبارەی كردەوە: وس بە! با دوور بكەوینەوە، دەمان بینن، هەموو زەلامەكانمان لەم دەوروبەرەن.... وەرە! با بڕۆین،خێراتر!

متچیك ئەو جارە بە جۆرێ خۆی لە دەستی ڤاریا راپسكاند،خەریك بوو ڤاریا بخات. ڤاریا بە دوویا رای دەكردو هاواری دەكرد: بۆ كوێ دەڕۆی؟ سەبركە!

لەم ساتەدا سیسكین لە نێو دەوەنەكانەوە دەرپەڕی. ڤاریا لە جۆگەیەك پەڕییەوەو خۆی خزانە گۆشەیەكەوەو لە نێو دارستانەكەدا ون بوو.

- چ بوو، نەیهێشت بە عەمەلی بێنی؟ زۆر چاكە، لێی گەڕێ بۆ من، مەرج دەكەم كە لە تۆ بە شانس تر بم! ئەمجا دەستێكی بە رانی خۆیا كێشاو بە غار دووی ڤاریا كەوت.

كۆرەو

ماروسكا هەر لە منداڵییەوە بە دیتنی خەڵكانی وەك متچیك راهاتبوو، ئەو خەڵكانەی بیریان وەكو خۆیان بچووك بوو و لە ژێر پەردەی وشەی قەبەو قەڵەودادەیانشاردەوەو بەو جۆرە خۆیان لە خەڵكانی خۆیان ئاسا، كەتوانای رازاندنەوەی بیرەكانیان نەبوو، جودا دەكردەوە.
ئەگەرچی ماروسكا نەیدەزانی لەم بۆچوونەدا هەق بەوەو توانای نەبوو ئەو بوچوونانە بخاتە قاڵبی قسەوە، بەڵام هەمیشە دیوارێكی گەورەی درۆو ریاو هەندێ كردەوەی دەبینی كە خوا دەیزانی لەچ مەعدەنێك بوو.
بەم چەشنە متچیك لەو پێك دا هەڵشاخانەی لەگەڵ ماروسكادا، ئەو پێكا هەڵشاخانەی قەت لەبیر نەدەچۆوە، هەوڵی دابوو وا بنوێنێ كە بۆیە لەبەری داهێناوە چونكە ماروسكا رزگاری كرد بوو. متچیك لە ناخدا هەستی بە خەمێكی ئاسایی دەكرد، لەبەر ئەوەی كە گوایە هەستی گیانلەبەرانەی خۆی بۆ قازانجی بونەوەرێكی بێ نرخی وەك ماروسكا جڵەو كردبوو. ئەگەرچی متچیك پڕ بە دڵ لەخۆیو لە ماروسكا رەنجا بوو، و پڕ بەدڵ حەزی بە زەرەری ماروسكا بوو، بەڵام بەڕاستی دەترسا بچووكترین ئازاری پێ بگەیەنێ –متچیك بە تەواوی شەهامەتو زاتی ئەنجامدانی ئەم جۆرە كارانەی نەبوو، ئەمە جگە لەوەی كە بەلایەوە ئاسایی بوو لەگەڵ ئەم خەمە بە سەبرەدا رابێ.
ماروسكا هەستی دەكرد، هەر ئەم توانای رواڵەت بازییەوە بوو. ماروسكا بە خۆی ئەم توانایەی نەبوو– كە ڤاریای وا لێ كرد پشت لەم بكاتو روو بكاتە متچیك. ڤاریاش حەزی دەكرد وەكو جوانێكی مەعنەوی سەیر بكرێ، نەك وەكو جوانێكی رەوتەنیو تەمەن كورت، هەر بۆیەش وەختێ ماروسكا، ڤاریای بینییەوە، بێ ئەوەی لە دەستەڵاتی خۆی دابێ گێژاوی یادگارو بیرەوەرییەكان راپێچیان كردو خۆیو ڤاریاو متچیك لەبەر چاوی خەیاڵی دا بەرجەستە بوون.
ماروسكا بۆی دەركەوت كە ڤاریا چووەتە پەنایەكەوە "هەڵبەتە لەگەڵ متچیكدا" هەر چەندە هەوڵی دا قەناعەت بەخۆی بكات كە ڤاریا چ پێوەندییەكی بەمەوە نەماوە، بەڵام ماوەیەكی زۆری شەوەكە نەیتوانی بخەوێ، بچووكترین دەنگو خشپە دەیخستە سەرەتاتكێو چاوی دەبڕییە ناوجەرگەی تاریكییەكە، دەتگوت بە ئاواتەوە بوو كە بە چاوی خۆی دوو تارمایی ببینێ، بە شەرمو دزییەوە لە دراستانەكەوە بێنە دەرێ. پاشان لەو غەڵبە غەڵبەی دەوروبەری بێدار بۆوە، بای پایز بەنێو مەشخەڵی ئاگردا دەی گڤاند. چەند تارماییەك لە شوێنێكی رووتەنو بێ درەختی دارستانەكەدا سەمایان دەكرد. پەنجەرەی كوختەكان جارێ رووناكو جارێ تاریك دەبوون. لەناو جەرگەی تاریكییەكەوە یەكێك شقارتەی پێكرد. پاشان گونجارنكو لەزنجەكەی هاتە دەرێ، كەمێك لەگەڵ پیاوێكدا كە لە تاریكییەكەدا نەدەناسرایەوە، قسانی كرد. ئەوجا بەپاڵ ئاگرەكاندا رەت بوو، بە دووی یەكێك دا دەگەڕا.

ماروسکا بە پەلە پرسی: بە دووی کێدا دەگەڕێی؟ چ وەڵامێکی نەدرایەوە. دووبارەی کردەوە: چییە؟ گونجارنکو بە ئەسپایی وەڵامی دایەوە: فرولوف مردووە.
ماروسکا بە پەلە پاڵتۆکەی دا بە خۆیداو خەوت، کەمێك پاش سپێدە فرولوف یان بە خاك سپارد، ماروسکاش بێ چ شڵەژان و خەمێك لەگەڵ ئەوانی دیدا هەندێ خاکی خستە سەر گۆڕەکەی.
وەختێ ئەسپەکانیان زین دەکرد، بۆیان مەعلوم بوو کە پیکا دیار نەماوە. ئەسپەکەی بە قەپۆزە هەڵۆ ئاساکەیەوە کە لە دوێنێ شەوەوە زینەکەی پێوە بوو، بە خەمباری و پەشێوی لە ژێر درەختێکا وێستا بوو، وەزع و حاڵی ئەسپەکە بەزەیی و روژێن دەهاتە بەرچاو.
ماروسکا گەییە ئەم ئەنجامە: پیرەمێر چاك قوچاندی! نەیدەتوانی لەوەی پتر هەڵبکات.
لڤنسون لە بەیانییەوە تاکو ئێستا بەدەم ئازاری قەبرغەیەوە دەیناڵاند، روو گرژ کردو گوتی: زۆر چاکە پێی ناوێ بە دوویا بگەڕێن، بەڵام ئەسپەکەی لەبیر نەکەن... نا، پێی ناوێ باری بکەن، مەسئولی تەداروکات لە کوێیە؟ هەموو شتێك ئامادەیە؟ سواربین؟ ئاهێکی قوڵی هەڵکێشاو دووبارە نێوچەوانی دا بەیەکا. لڤنسون بە زەحمەت خۆی لەسەر زینەکە دەگرت، دەتگوت جەستەیەکی قەبەو قورسیان ئاخنیوەتە لەشییەوە. کەس هەر بە ئاستەمیش بیری لە پیکا نەکردەوە. تەنیا متچیك هەستی بە نەمانی دەکرد، ئەگەرچی لەم دواییانەدا پیکا، متچیکی بێ تاقەت کردبوو، بیرەوەری تاڵی لەلای زیندوو دەکردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا متچیك هەستی دەکرد پیکا بەشێك لە بوونی ئەوی لەگەڵ خۆیدا بردووە.
هێزەکە بەسەر زنجیرە چیایەکی پڕنشێودا، کە بزنە کێوی گیایەکی روتاندبووەوە، تێپەڕی. ئاسمانی ساردو قورقوشمین باڵی بەسەردا کێشا بوون. زۆر لە خواریانەوە، دۆڵە سپی واژەکان تا چاو هەتەر کات راکشا بوون. ئەو بەردە زلانەی لە ژێر سمی ئەسپەکانەوە هەڵدەکەندران بەرەو خوار خل دەبوونەوە، پاشان هێزەکە لە ئامێزی گەڵای زێڕینی دارستانەکەدا، کە نقومی بێدەنگییە پڕ لە چاوەڕوانییەکەی پاییز بوو، گیرسیایەوە. کەڵە کێویانی سیبری بە ریشی پۆشەوە مووەکانیان بەسەر لق و پۆپی زەرد باوا دەڕشت. کانیاوە ساردەکان قوڵە قوڵیان بوو. شەونمی زوڵاڵ و ساف کە رەنگی زەردی گەڵاکانی گرتبوو، بە درێژایی رۆژ بە دەوەنەکانەوە هەڵواسرابوو. گیانلەبەرانی کێوی و دڕندەی دارستان لە گەردی بەیانییەوە نەعرەتەیان دەکێشا، نەعرەتەو دەنگەکانیان هاولفی رق و بێ قەراری بوو. مرۆڤ کە رەنگی زێڕینی دارستانەکەی دەبینی هەستی بە هەناسەی دێوێکی مەزن و نەمر دەکرد.
یفیمکای تەتەر، یەکەم کەس بوو کە شەڕو ئاژاوەی ماروسکاو ڤاریای زانی. یفیمکایان نارد بوو بۆ لای دەستەکەی کوبراك تا هەواڵی پێ بگەیەنێ کە: زلامەکان بەجۆرێ کۆ بکەرەوە کە ئازاریان نەگاتێ، یفیمکا بەر لە پشووی نیوەڕۆ گەیشتە جێ. ئەسپەکەی بەرەو کۆتایی هێزەکە تاودا، دەوەنە دڕکاوییەکان پانتۆڵەکەیان لە چەندین لاوە هەڵدڕی، لەگەڵ کوبراکدا بە شەڕ هات. یفیمکا سەیری کرد ماروسکا و ڤاریا ئەسپەکانیان دوور لە یەکدی داژۆن. وای هاتە

بەرچاو کە لەم ڕۆژانەی دواییەدا ئەوانی بە تەنیشت یەکەوە نەبینی بوو. فەرماندەی دەستە، یفیمکا ئاگادار کردبۆوە کە خۆی لە کاری خەڵکانی دی هەڵنەقورتێنێ.

یفیمکا لەگەڕانەوەدا بەرەولای ماروسکا چوو، و گوتی:

- بزانم لە ژنەکەت دوور دەکەویتەوە، شەڕتان بووە؟

ماروسکا گێژو پەشێو، بە چارەی عەبوسی وشك و تووڕەوە تەماشای یفیمکای کردو گوتی: شەڕی چی، چ شەڕێك لە ئارادا نییە، بەرەڵلام کرد.

- بەرەڵلات کرد! ئەمجا بۆ ماوەیەك بە بێدەنگی و پەشێوی چاوی بڕییە خاڵێکی دوور، وەك بڵێی وشەی بەرەڵلاکردن سەرسامی کرد، کەمێ لەبەر خۆیەوە تێفکری و گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هەرگیز پێوەندییەکی راستەقینە لە نێوان ئەو ژن و مێردەدا نەبووە، ئەمجا گوتی: ئەم شتانە هەر دەبن خزمە، مەبەستم ئەوەیە کە ئیدی ئەمە بەخت و ناوچەوانە. دەی تێی تەقێنە ئەسپە چکۆڵەکەم. یفیمکا بە فیزێکەوە قامچییەکی بە ئەسپەکەی داکێشا. ماروسکا لە دواوە چاوی بڕییە کراسە خورییەکەی. یفیمکا چووە نك لڤنسون، هەواڵی دایێ و بە سواری لە تەنیشتیەوە کەوتە ڕێ.

ماروسکا بەوپەڕی نا ئومێدییەوە بە خۆی گوت: ئاه، کە ژیانێکی سەختە! هەستی کرد خەمێکی گەورەی لە دڵ بارە، هەر چەند سەری دەهێناو دەبر، هەستی دەکرد شتێك بە ئێرەوەی بەستۆتەوە، ناتوانێ وەکو ئەوانی دی ئازادانە بە درێژایی لەشکرەکەدا هاتوچۆ بکات و خۆی تێکەڵ بەوانی دی بکات و ببێ بە هاودەمیان.

بە حەسوودییەوە بیری دەکردەوە: هەموویان بۆ خۆ بەختەوەرن، دڵیان بە کوێوە بێ دەڕۆن، چ خەمێکیان هەیە؟ سەیری ئەم لڤنسون-ە بکەن ئیژی گەنەسوورکەیە، هەمووش ڕێزی دەگرن، هەر کارێکی بوێ ئەنجامی دەدا، ئەمەیە ژیان!

ماروسکا ئاگای لەوە نەبوو کە چۆن لڤنسون بە دەم ژانی قەبرغەوە ئازاری دەچەشت. لڤنسون مەسئولیەتی مەرگی فرولوڤ تەحەمول دەکرد، خەڵاتیان بۆ سەری دانابوو، ئەوجاش لەوانە بوو یەکەم کەس بێ کە لەم ڕێیەدا گیانی خۆی لە دەست بدا، هەموو ئەو شتانەی ماروسکا لە خەیاڵا بەرجەستەی دەکرد، دنیایەك بوو پڕ لە پیاوانی بە تواناو ئارام و شاد، کەچی تۆزقاڵە ئومێدێکی بۆ خۆی نەدەدۆزییەوە.

بۆ یەکەم جار بیرەوەرییە تاڵ و سوێرەکانی ئەو ڕۆژە گەرمەی تەمووز کە لە نەخۆشخانەکە دەگەڕایەوەو درەوەنییەکان تاریفی سوارییەکەیان دەکرد، هێرشی بۆ مێشکی هێنا، بیرەوەری تێك هەڵچوونی لەگەڵ متچیکدا، تێپەڕبوونی بە مەزرا تەرك کراوەکاندا، دیمەنی ئەو قەلە رەشەی بە تەنێ و بە کزی لەسەر گیشە پووشەکان هەڵنیشتبوو، ماروسکایان گەمارو دابوو.

ئێستا سەرجەمی ئەو بیرەوەریانە لە ناخیا دەبوژایەوەو ئازاریان دەدا، جاران وا نەبوو! ماروسکا هەستی دەکرد سەراپای تەمەنی رابووردوی هەر هەڵخەڵەتاوە، ئێستاش کە دەڕوانینە دەوروبەری خۆی جگە لە گومان و ریا چ شتێکی دیکە نابینێ، هەنووکە دڵنیا بوو کە تێکڕای ژیانی، هەر لە منداڵییەوە -سەراپا ڕەنج و کاری سەخت و بێهودەو رابواردنی مەستانە

بووه، دڵنیا بوو هەموو ئەو خوێن و ئارەقەی لە ژیانا رشتبووی تەنانەت هەموو "خۆشییەکان"یش و کارە هەڵەکان چ لەزەتێکی نەداوەتیّ و چ شتێکی بە دیاری بۆ نەهێناوە، جگە لە مەینەتی کۆیلەیەکی فەرامۆش کراو نەبیّ کە کەس نرخی بۆ دانەناوەو هەرگیزیش بۆی دانانیّ، ماروسکا بیری لە پەستی و شەکەتی و پەشێوی و خەمباری پیرەمێردێکی رەنجاو دەکردەوە کە هەنووکە (٢٧)ەمین قۆناغی تەمەنی بەڕیّ کردووەو ناتوانیّ تەنانەت یەك سات لەو تەمەنە بەسەرچووەی بگەڕێنێتەوە تا بەدڵی خۆی و سەر لە نویّ بژێتەوە. ماروسکا ئایندەیەکی روناکی لەبەردەم خۆیدا بەدی نەدەکرد، رەنگە بەم زوانەش گوللەیەك ساردی بکاتەوەو کۆتایی بە هەموو شتێکی بێنیّ و بیّ ئەوەی دڵۆپە فرمێسکێکی بۆ بێتە رژان. وەکو فرولوف کە کەس بە مردنەکەی پەشێو نەبوو، گیان بسپێریّ. ماروسکا ئێستا بە ئاشکرا دەیبینی کە بە درێژایی هەموو تەمەنی و بەگشت توانایەکییەوە هەوڵی دابوو کە رێگایەك بگریّ —رێگایەکی رۆشن، راست و راستەقینە، رێگایەك کە خەڵکانی وەکو لڤنسون و باکلانوف و تەنانەت یفیمکاش (کە بە لای ماروسکاوە ئێستا هەمان رێگای گرتبووە بەر) پێیدادەڕۆیشتن.

ماروسکا وای هەست دەکرد هەمیشە ئەم یا ئەو کەسی بەدرەوشت لەو رێگایە دووریان خستۆتەوە، ماروسکا هەرگیز ئامادە نەبوو وا بیر بکاتەوە کە دژمن و تەگەرەی سەر رێگاکەی، خودی خۆیەتی، بۆیە زۆر جار و بە شێوازێکی تایبەتی زۆری پیّ خۆش بوو و بیر بکاتەوە کە لە ئەنجامی نزمی خەڵکانی دییەوە —خەڵکانیّ کە زۆربەیان لە چەشنی متچیك بوون— ئازاری دەچەشت.

ماروسکا پاش فراڤین ئەسپەکەی برد بۆ چۆمەکە تا ئاوی بدات. ئەو کابرا قژ لوولە قەرەباڵغەی کە وەختی خۆی پەرداخە فافۆنەکەی لیّ دزی بوو بەشێوەیەکی ئاڵۆز لیّی هاتە پێشەوەو بە پەلەو لە ژێر لیوەوە کەوتە قسان: ئەوەی کە دەمەویّ پێت بڵێم... ئەوەی کە دەبیّ بیڵێم، دوای کارە نهێنییەکان بڕێتەوە، ڤاریا دەڵێم —ئا ڤاریا... برالە! من بۆ ئەم شتانە زۆر بە هەستم.

ماروسکا سەری هەڵبڕی و بە رەقی پرسی: چی؟ چ دەڵێی" کابرا بە هەندیّ سەرسامییەوە گوتی: دەربارەی ژنان. من گەلەك شتیان دەربارە دەزانم، وێرای ئەمەش هێشتا زۆر گرنگ نییە، زۆر جدی نییە، بەڵام ناتوانن چ شتێك لە من وەشێرن، لە من.... ناتوانن برالە! ئەو ناتوانیّ دەست لەو کوڕە هەڵگریّ.... چاوی بڕیوەتە ئەو، ئەم کارە دەکات....

ماروسکا هەر چەندە دەیزانی مەبەستی متچیکەو بیری چوو بوو خۆی گێل بکات، بە گۆنای لە رقا سوور هەڵگەڕاوەوە پرسی: دەربارەی کیّ قسان دەکەی؟

پیاوەکە لە رووی ریاو مەراییەوە لە کاتێکا وای دەنواند کەقسەکانی پێشووی چ نەبووەو، باس کردنیان تەنیا بۆ پاساوی هەڵەی پێشوو، و بە دەست هێنانی خۆشەویستی ماروسکا بووە، لەسەری رۆیی: کیّ؟ چۆن، نا، هیچ کەسێك، هەر.

ماروسکا تفێکی رۆکردە سەر زەوی و گوتی: بە ڤیروسیا! من هەقم چییە! بە پەستی و بە شێوەیەکی تەوس ئامێزەوە لەسەری رۆیی: من لەوەش پتر دەزانم، دوور نییە تۆش لەگەڵیا خەوتبێت.

- چی؟ نەحلەتی خوام لێ بێ ئەگەر، بۆ.....

ماروسکا بە رقەوەو لە پڕ هاواری کرد: بچۆوە.... دایکت. دوای ئەو هەستەت بڕێتەوە! ئێستا ملت دەشکێنی یان! تا توانی شاپێکی تێهەڵدا.

میشکا لەم حەرەکەتە کوتوپڕەی ماروسکا ترسا، لە پڕ راپەڕی و پاشووەکانی خزانە نێو ئاوەکەوەو گوێچکەکانی رووەو ماروسکا قوڵاخ کردەوە.

کابرا هەناسەی سوار بوو بوو، بە رق و سەرسامی و لە ژێر لێوەوە بۆڵاندی: باشە، توخمە.... بەر لەوەی قسەکەی تەاو بکات بە ماروسکادا هەڵشاخی.

وەکو دوو گۆڕ هەڵکەنە تێك ئالان. میشکا بە پەلە کشایەوەو لێیان دوور کەوتەوە.

ماروسکا بە مستە کۆڵە بەربووە قەبرغەی کابراو، کابرا خۆی پێوە نووساندبوو، ماروسکا پێی نەدەکرا بە دڵی خۆی پێیدا بکێشێت، بە رقەوە بۆڵاندی: ئێستا پێت نیشان دەدەم کە بەو هەستەت چی بکەی، تۆ....!

پیاوێك لە سەرووی چۆمەکەوە بە سەرسامی هاواری کرد:

- تەماشای ئەوانە، هێی، دەیانەوێ چ بکەن؟

دوو دەستی بە هێز خزانە نێوانیانەوە، یەخەی هەردووکیانی گرت و لێکدی جودا کردنەوە، ئەوان بێ ئەوەی ئاگایان لەمە بێ، هەوڵیان دەدا هەمدیس بە یەکدیدا هەڵشاخێنەوە، بەڵام هەر یەکەیان جەزرەبەیەکی بەرکەوت. ماروسکا پاشەو پاش کشایەوەو پشتی بە درەختێکا کەوت. ئەوی دی کەوتە سەر گەڵاو لق و پۆپی رژاوی درەختان و بە دەم تل دانەوە لە نێو ئاوەکەدا گیرسایەوە.

گونجارنکو بە کاوەخۆ گوتی: کوا دەستت بدە من با یارمەتیت بدەم، گەمەیەکی خۆشتان کرد.

ماروسکا بەدەم راپسك راپسك و پەلاماردانەوە هاواری دەکرد: ئاخر چۆن زات دەکا.... کابرایەکی وا سووك و چروك.... مردنی فەرزە... کابرای دی بە سیمایەکی گەوجانەوە لە بەرانبەر ماروسکادا وێستا بوو، بە دەستێك خۆیدا بوو بەسەر گونجارنکوداو دەستەکەی تری دەکێشا بەسینگی خۆیاو شێت ئاسا سەری دەلەقاندو رووی دەمی تەنیا لە گونجارنکو بوو، بە خەم و کەسەرەوە هاواری دەکرد: نا، تۆ دەبێ پێم بڵێی... تۆ دەبێ تێم بگەیەنی، ئەمە مانای وایە کە هەقی هەیە ئەم کارە لەگەڵ هەموو کەسێکا بکات؟ ئەگەر بیەوێ و حەز بکات.... دەتوانێ لە دەرگای ..... هەر کەسێك بدات.... لە دەرگای.... هەموو کەسێك؟ ئەمجا کە چاوی بە حەشاماتەکەی دەوروبەری خۆیان کەوت، هاواری کرد: ئەگەر ژنەکەی، چما تەخسیری کێیە... کە ژنەکەی..... گونجارنکو خەمی ماروسکای بوو، دەترسا لقنسون بەدەم غەڵبە غەڵب و قەڵەباڵغییەکەوە بێت و بە مەسەلەکە بزانێ، بۆیە پیاوەکەی بەرەڵلا کردو باوەشی بە ماروسکادا کردو بردییە پەنایەکەوە.

ماروسکا دەیویست خۆی لە دەستی گونجارنکو دەربێنێ. گونجارنکو بەدزییەوە پێی گوت: ئاخر قەحپە دایك واز بێنە! تۆ خۆت دەزانی دەرت دەکەن.

ماروسکا کە هەستی کرد ئەم پیاوە بە هێزو تووڕەیە خێری ئەوی دەوێ، ئیدی دەست بەردار بوو، کابرایەکی جەرمانی چاوشین کە لە دەستەکەی متلیستا بوو، بە غاردان بەرەو لایان چوو و پرسی ئەوە چییە؟ گونجارنکو بە ئەدەبەوە وەڵامی دایەوە: ورچێکیان گرتووە.

- ورچێك؟ کابرای چاو شین لەسەرسامیدا ئەبڵەق بوو، هەڵوەستەیەکی کردو بە پەلە کەوتە غاردان، دەتووت بە تەمای کوشتنی ورچەکەیە.

ماروسکا بۆ یەکەمجار بە سەرسامی و سەرنجەوە تەماشای گونجارنکوی کردو پێکەنی، ئەوجا بە بیری ئاسوودەوە گوتی: تۆ چ جانەوەرێکی سەیری! گونجارنکو پرسی: بۆ لەگەڵی بەشەڕ هاتیت؟

ماروسکا بە هەڵچوونەوە گوتی: بۆ.... هیچ و پوچ و خوێڕی وەکو ئەمە... دەبێ.... گونجارنکو کەوتە دڵدانەوەی ماروسکاو قسەکەی پێ بڕی.

- ئاە، ئەرێ، کەواتە هەقی خۆی بوو؟ زۆر چاکە!

باکلانوف لە پەنایەکەوە، بە دەنگێکی گڕ فەرمانیدا: بچنەوە شوێنی خۆ!

میشکا لەم ساتەدا کەللە تووکنەکەی لەنێو دارستانەکەوە هێنایە دەرێ، بە چاوە زیت و ڕەشەکانی سەیرێکی کردن و بە هێوری حیلاندی.

ماروسکا کە کەوتبووە ژێر کاریگەری دەنگی میشکاوە، بانگی کرد: هێی، هاوڕێ!

- ئەسپێکی زۆر چاکت هەیە.

ماروسکا لە کاتێکابە دڵسۆزی و خۆشەویستییەوە دەستی بە ملی ئەسپەکەیدا دەهێنا، گوتی: ئامادەم گیانی خۆمی فیدا بکەم!

گونجارنکو ردێنە ڕەش و بژەکەی جولاندو بزەیەکی دۆستانەی بە رووی ماروسکادا داو گوتی:گیانت بەفیڕۆ مەدە، ڕەنگە پیویستت پێی ببێ. با منیش بچم ئەسپەکەم ئاو بدەم، دەتبینمەوە... ئەوجا بە هەنگاوی زلەوە بەرەو ئەسپەکەی کەوتەرێ.

ماروسکا لە دواوە تەماشای گونجارنکوی کرد بەلایەوە سەیر بوو کە چۆن تا هەنووکە ئەم پیاوە بە نرخەی نەناسیوەو گوێی پێ نەداوە.

پاشان کە دەستەکان ریز بوون، ماروسکا خۆ بە خۆ چووە ریزەوەو لە تەنیشت گونجارنکووە وێستا، بە درێژایی کوڕەوەکە بەرەو چۆمی خوانیخدزا، بەنێونەخت لە گونجارنکو غافڵ نەبوو.

ڤاریاو ستاشینسکی و خارچنکو کە نەقڵ بوو بوون بۆ دەستەکەی کوبراك، دەستەی دواوە بوون. لڤنسون لە ریزی پێشەوەی هەموویانەوە سواری ئەسپەکەی بوو بوو، و بە لەقە لەق دەچووە پێشەوە. باکلانوف لە پاش- لڤنسون ەوە بوو بێ ئەوەی بە خۆ بزانێ لە رۆشتن و ڕەفتاردا لاسایی لڤنسونی دەکردەوە.

ڤاریا بە درێژایی رێگا وای هەست دەکرد متچیك لە دواوەیەتی، ڕەفتارەکەی دوێنێی متچیك ئازاری دەدا گڕی سوزو حەزی سارد دەکردەوەو دای دەمرکاندەوە. ڤاریا لەو رۆژەوە کە متچیك لە خەستەخانە دەرچوو بوو. بە نێو نەخت خەیاڵی ئەوی لەسەر دەرنەکرد بوو، هەر بە ئومێدو خەیاڵی دیداری تازەیان دەژیا، شیرینترین کەڵکەڵەو ئارەزو لە ناخی ئەم ئومێدو

خەیاڵانەی دادەگەشایەوە –کەڵکەڵەو ئارەزوو گەلێك کەڤاریا هەرگیز دانی پێدا نەنان– بەڵام ئەوەندە لە بەر چاوو زیندوو بوون کە بە دەست بێنە گرتن.
متچیك–ی دەهێنایەوە بەرچاوی خەیالی خۆی، کورێکی قۆزو سەلار، کەمێك شەرمن، بە قەمسەڵە چەرمییەکەیەوە لە قەراخ دارستانەکەوە دەردەکەوت. ڤاریا جڵەوی بۆ خەیاڵ شل دەکرد، هەستی دەکرد هەناسەی گەرمی متچیك بەدەنی دەوروژێنێ، دەستی سۆز بە قژە نەرمو پڕ پێچەکەیدا دەهێنێ، وشەی دڵگیرو بە ئاهەنگ بە گوێیدا دەدا. ڤاریا هەوڵی دەدا یادی سووکە شەڕەکەیان لەبیر بەرێتەوە. وای خەیاڵ دەکرد کە ئیدی هەرگیز جودایی ناکەوێتە نێوانیانەوە، پێوەندی ئایندەیان جیاوازتر دەبێو تا خەیاڵ بڕ دەکات خۆشو ئاسایی دەبێ.
وەختێ ڤاریا تووشی متچیك بوو، بە حوکمی تەجرەبە بۆی دەرکەوت کە متچیك لەوە ئاشفتەو پەرێشانترە بتوانێ لە بەرانبەریا خۆی کونترۆڵ بکات، ئەو رووداوانەی کە ئێستا پەرێشانو پەشێویان کردووە، لە ئازارە شەخسیەکانی گرنگترە، بەڵام چونکە ڤاریا پێشتر ئەم دیدارەی بە جۆرێکی دیکە بەرجەستە کردبوو، بۆیە رقیو توندییە چاوەڕوان نەکراوەکەی متچیك زۆری ئازارداو خستییە ترسەوە.
ڤاریا بۆ یەکەمجار هەستی کرد ئەم رەقیو ساردییە زادەی رێکەت نەبووە، رەنگە متچیك ئەو پیاوە نەبووبێ کە ڤاریا بەدەم چاوەڕوانییەوە شەو و رۆژی دوورو درێژی لە پێناویا گوزەراند بوو... بەڵام چ کەسێکی تری لە دڵی خۆیدا شك نەدەبرد.
ڤاریا نەیتوانی بوو تەنانەت لە دڵی خۆشیاو بۆ تاقە جارێکیش دان بەم کارەیدابنێ، زۆری بەلاوە ئەستەم بوو تەواوی ئەم ئارەزووانەی –گشت خەمو شادییەکانی– کە شەوانو رۆژگاری دوورو درێژ لە پێناویا ژیا بوو، فەرامۆش بکاتو لە پڕ توریان بدات، بۆیە لە ناخا هەستی بە بۆشاییەکی ئەوتۆ دەکرد کە چ شتێك توانای پڕ کردنەوەی نەبوو، دڵخۆشی خۆی بەوە دەدایەوە کە کارێکی نائاسایی رووی نەداوەو هەموو گۆڕانەکان زادەی مەرگی خەمو رۆژێنی فرولوف بووەو، بەم زووانە هەموو شتێك ئاوەڕۆی ئاسایی خۆی وەردەگرێتەوە. کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کەبیری دەکەوتەوە چۆن بە دنیایەك عەشقو خەونی زێڕینەوە بەرەو پیری متچیك چوو، چۆن متچیك رەنجاندنی، چۆن بە رەقیو ساردییەوە دەستی بە روویەوە نا، ئازاری دنیای دەچەشت.
ڤاریا بە درێژایی رۆژەکە بە ئاواتی ئەوەوە بوو کە متچیك ببینێ یان قسەی لەگەڵ دا بکات، کەچی متچیك تاقە جارێکیش ئاوڕی لێ نەدایەوە. تەنانەت لەو وەستانە کەمەشا کە بۆ فراڤین وێستان، نەچووە نك متچیك، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: خۆ تازە نابمەوە بە کچۆڵە تا لەم کون بۆ ئەو کون شوێنی بکەوم؟ ئەگەر راست دەکاو وەکو خۆی دەیگوت –خۆشی دەوێم، با ئەو یەکەم هەنگاو بنێو بێتە سۆراخم– من یەك تۆزقاڵ گلەیی لێناکەم. خۆ ئەگەر ئیدی نەیەت... ئەوا ئیدی هەموو شتێکم بەلاوە وەکو یەك دەبێو تا دوا هەناسە بە تاقی تەنێ دەمێنمەوە.
کە گەیشتنە سەر زنجیرە سەرەکییەکەی کێوەکە، جادەکە پان بۆوە، سیسکین بە هانکە هانك خۆی گەیاندە تەنیشت ڤاریا. سیسکین رۆژی پێشوو ڤاریای چنگ نەکەوتبوو، بەڵام لەم

مەسـەلانەدا یـەجگار ڤیرسیچـمە بـوو، بـە ئاسـانی نائومێـد نـەدەبوو، ئـەژنۆکانی لـەلاقی ڤاریـا دەسوو، قسەی کرێت و سوکی بە گوێی دا دەدا، بەڵام ڤاریا چونکە لـە دەریـای بیرەکـانی خۆیـدا بوو، قسەکانی ئەوی نەدەژنەوت.

سیسـکین بـەپێ داگرتنـەوە دەیگـوت: باشـە خـانم، دەربـارەی ئـەو مەسـەلەیە چ دەڵێـی؟ باشـە؟ (سیسـکین بـێ رەچاوکردنی تەمـەن یـان پایـەو پێوەنـدی، وشـەی خـانمی بـۆ هـەموو ئافرەتێـك بەکار دەهێنا).

ڤاریا لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە : ئەها ئێستا هەموو شتێ حاڵی بووم– وەك بڵێی دەبێ مـن لـە ئاغا بپارێمەوە؟ ئەرێ بەڕاستی ئەوەندە زەحمەتە، کە لەگەڵ منا باش بێ؟ خۆ لەوانەیە ئـەویش هەنووکـە نیگـەران و نـاڕەحـەت بـێ، رەنگـە واش بیر بکاتـەوە کـەمن لێـی ناڕەحـەتم، ئـەدی چـۆن دەشـێت قسـەی لەگـەڵ بکـەم؟ نـا، مەحاڵـە! دوای ئـەو جـۆرە تـڕۆ کردنـە! نـا، نـا. بـا مـن دەستپێشکەری نەکەم.

– خانمی ئازیز، ئەوە کەڕیت، یان چی؟ دەڵێم رازیت؟

ڤاریا راچڵەکی و پرسی: ئەوە چی دەڵێی، رازی بوونی چی؟ خۆت دەزانیت... بۆ کوێ دەڕۆی برۆ.

سیسـکین بـە دڵشـکاوییەوە شـانەکانی هەڵتەکانـدو گـوتی: چ خوڵکێکـە! خـانمی ئـازیز، خـۆت گران مەگرە، ئێژی ئەمە یەکەم جارتە، ئیژی کچۆڵەیە هیچ ناچێتە عەقڵییـەوە. سیسـکین ئـەمجا بایدایـەوەو بـە کـاوەخۆ کـەوتـە تکـاو پاڕانـەوە، بـە خـەیاڵی خـۆی ڤاریـا هـەموو قسـەکانی ئـەوی ژنەوتووەو حاڵی بووە، بەڵام وەکو هەر ژنێك ناز دەفرۆشێ.

کـە شـەو داهـات، تـارێکی دۆڵـەکانی قووتـدا، تـەمو مـژ سـەر کانیاوەکـانی گـرت و هێـدی هێـدی بـەرەو دۆڵـەکان کشـا، ئەسـپەکان شـەکەت و مانـدوو دەیـان پرمانـد. متچیك هێشـتا نـەهاتبووە دیدەنی ڤاریا، ئاشکراش بوو کەنیازی هاتنی نییە. ڤاریا تا لە نەهاتنی متچیك دڵنیـاتر دەبـوو، پتر هەستی بەبێ ئەنجامی ئارەزووەکانی و تاڵی خەونەکانی پێشووی دەکرد، لەمەش قورسـترو زەحمـەت تـر ئـەوەبوو نەیـدەتوانی ئـارەزوو و خەونـەکانی لـە دڵ دەربکـاو بـە فەرامۆشـییان بسپێرێ.

پارتیزانـەکان شـەوێ لـە دۆڵێکـا لایانـدا، ئەسـپەکان و پیاوەکـان لـە نێـوان سـێبەرە سـاردو شێدارەکانا لە دەوری یەك خڕبوونەوە.

سیسکین بە منجڕی و لاساری عاشقانەوە پێی دادەگرت: باشـە خـانمی ئازیزم، کەواتـە لـەبیرت نەچێ باشە، بەو ناونیشانەی ئاگرێکی چکۆڵە دوور لەوانی دی دەکەمەوە، ئەمەت لەبیر نەچێ، دوای تۆزێك کەوتە بۆڵەبۆڵ بەسەر یەکێکدا: بۆ کوێ دەڕۆم! تۆ حەقت چییە؟ ئـەدی خـۆت لێـرە چ دەکـەی، حـەرەسـی رێگاکـەی؟ بـۆ دەتـەوێ بـە زۆر جێـی خـۆت لێـرە بکەیتـەوە، ئێـرە شـوێنی لقەکەی ئێوە نییە!

– ئەوە چ دەڵێی؟ لقی من نییە؟ چاوت بکەوە!

پاش بێدەنگییەکی کەم کە گوایە هەردووکیان بە روالَەت –چاویان دەکردەوە– ئەو زەلامەی کە پرسیاری لە سیسکین کردبوو، وەکو یەکێك هەلَەیەکی کردبیَ و ژێوان بیَ، گوتی: نەحلَەت لە شەیتان، ئەمە دەستەکەی کوبراکە، ر استە. ئەدی دەستەکەی متلیستا لە کوێیە؟ کابرا هەستی کرد سەدای دەنگی تا رادەیەك هەلَەکەی داپۆشیوە، هەمدیس بە دەنگێکی بەرزو ناڕەحەت گوتی: مت– لی ستا؟.

لە قوولاَیی دۆلَەکەوە هاواری پیاوێك هاتە گویَ، دەتگوت کەسێکەو خۆ کوژی دەکات، یان کەسێکە دەپاڕێتەوەو کەس گوێی لیَ ناگریَ، بە راستو بە چەپا دەکەوتە سەر عاردی: پێت دەلَێم ئاگر بکەوە!

لە پڕ لە قوولاَیی دۆلَەکەوە بلَێسەی گڕێك لەنێو کپیو بێدەنگیدا بەرز بۆوە، تارمایی پیاوانی شەکەتو سەرو کەللەی توکنی ئەسپانو بریقەی ساردی تفەنگو فیشەکدانان لە ناو جەرگەی تاریکییەکەوە کەوتنە بەرچاو.

ستاشینسکی و ڤاریا و خارچنکو بە سواری چوونە کەنارێکەوە دابەزین.

خارچنکو بە شادییەکی دەست کردەوە کەکاردانەوەی لەلای چ کەسێك دروست نەدەکرد، گوتی: باشە، ئێستا ئێمەش بۆ خۆ ئاگریَ دەکەینەوە –تا ئیسراحەت بکەین، با هەموومان بچین چیلکان خڕ بکەینەوە، هەمیشە هەر وا بووە– قەت لە شوێنی خۆیدا نەوێستاوینو هەمیشەش زیانەکەیمان دیتوە. خارچنکو بە دوو دلَی دەدواو کوێرانە دەستی بە نێو پوشەکاندا دەگێڕا، خارچنکو بەڕاستی لەم وەزعو حالاَنە بێزار دەبوو، لەشیَ، لەتاریکی، لە ترسی ئەوەی نەبادا مار بە دەستییەوە بداتو ئەنجام لە بێدەنگییە خەم ووڕژێنەکەی ستاشینسکی: لە بیرمە وەختیَ ساچان– یشمان بەجێهێشت بەم جۆرە بوو، دەبوایە بەر لە رۆژئاوا لامان بدایە، ئێستا تاریکی هەموو لایەکی داگرتووە، بەلاَم ئێمە....

ڤاریا لەبەر خۆوە تێفکری، بۆ ئێستا ئەم شتانە دەلَیَ؟ ساچان.... کە ئەوێیان بەجێهێشت... تاریکی هەموو لایەکی داگرتووە.... قسە بۆ کویَ دەکات! کیَ گوێی لیَ دەگریَ؟ خۆ هەنووکە هەموو شتیَ تەواو بووە، چ شتێکیش رووی نەداوە، ڤاریا برسی بوو، بیری لەو بۆشاییە خامۆش و سەختە دەکردەوە کە چ شتێك لە عالەما نەبوو بتوانیَ پڕی بکاتەوە، بە دەم بیرکردنەوە دانەی فرمێسك بە سەر گۆناکانیا خزین.

بە هەر حالَ پاش شێو خواردن خۆیان لەبەر ئاگرەکە گەرم کردەوە، هەرسێکیان خۆشحالَ بوون. ئێستا ئەو دنیا ساردو غەریبە سپی واژەی، گەمارۆی دابوون، لەلایان ئاشناو گەرمو هۆگر بوو.

خارچنکو کەوتە کردنەوەی بوخچەکەی، وەکو یەکێکی لەخۆڕازی گوتی: ئەمەش پالَتۆکەم، پالَتۆیەکی کەونو عەنتیکەیە! نە لە ئاگرا دەسووتیَ، نە لە ئاوا نقوم دەبیَ، خۆزیا ژنێکم دەبوو، بە دوو قۆلَی لە ژێریا دەخەوتین ئەمجا چاوێکی داگرتو پێکەنی.

ڤاریا پاش ئەوەی لەبەر ئاگرە خۆشەکە گەرم بۆوە، شیوەکەی خواردو قسە خۆمانییەکانی خارچنکوی ژنەوت، هەستی کرد ئاسوودەیی بالَ بەسەر رۆحیا دەکێشێتو دلَی دەکاتەوە،

لەبەر خۆوە تێفکری: بۆ وا شتەکەم لەگەڵ ئەو کوڕەدا خەست کردۆتەوە؟ ئاخر شتێکی گرنگ نەقەوماوە، ئەدی بۆ ئەوەندە توڕەو کەللەیی کردم؟ قەلەندەرە تەنیا لە بەر خاتری گەوجێتی من بە تەنێ لەوێ دانیشتووە، من هەر ئەوەندەم لەسەرە هەستم و بچمە کنی، ئیدی هەموو شتێك وەکو جارانی لێ دێتەوە.

ڤاریا هەستی کرد بە هیچ جۆرێ حەز ناکات رق لە متچیك هەڵگرێ، رقێ کە دەبێ هەر خۆی پێوەی بتلێتەوەو ئازارەکەی بچێژی، ئەویش لە کاتێکا هەموو دەوروبەرەکەی خۆیان بەوە راهێنا بوو کە لەبەر خاتری هیچ شتێك خۆیان ئازار نەدەن و بێ دڵی خۆیان نەکەن، بۆیە هەر لەوێ داو دەمو دەست بڕیاریدا هەموو بیرێك لە مێشکی خۆی بتارێنێ و دەست بەجێ بچێتە نك متچیك، ڤاریا هەنووکە چ شتیکی ناشرین و کرێت و ناپەسەندی لەم کارەی خۆیدا بەدی نەدەکرد.

لەپڕ بە خۆشییەوە لەگەڵ خۆیدا کەوتە بیرکردنەوە: بەس پێم رازی بێ، خۆشی بوێم، هەر ئەوەندە لەلام بێ هیچی دیم لێی ناوێ، ئەگەر هەمیشە ئەسپەکەی لە تەنیشتمەوە باژوێ و قسەم لە گەڵدا بکات و لەلام بخەوێ.... هەموو شتێکی خۆمی فیدا دەکەم.... گەلەك گەنج و قۆزە...

متچیك و سیسکین دوور لەوانی دی ئاگرێکیان بۆ خۆ خۆش کرد. بەڵام لەوە تەماڵ تر بوون کە شیوێ بۆ خۆ چێ بکەن، هەندێ گۆشتی چەق و لەڕی بەرازیان بۆ خۆ برژاند، ئەوەندە بەئشتیاوە پەلاماری گۆشتەکەیان دا، نانیان بیر چوو، وەختێ گۆشتەکەیان تەواو کرد هێشتا هەر برسی بوون.

متچیك هێشتا بە تەواوی لە مۆتەکەی مەرگی فرولوف و گوم بوونی کوت و پڕی پیکا رزگاری نەبوو بوو، هەستی دەکرد بیری سەیرو پەرێشان، تەنیایی، مەرگ، لە هەموو لایەکەوە تەم ئاسا گەمارۆیان داوە. دەمەو عەسر ئەم تەمە رەوییەوە، بەڵام هێشتا لە هەموو کەسێك دەترساو حەزی نەدەکرد چ کەسێك ببینێ.

ڤاریا پاش زەحمەتێکی زۆر ئاگرەکەی ئەوانی دۆزییەوە. روناکی ئەو ئاگرانەی لە ئۆردوگاکەدا کرابوونەوە سەرانسەری دۆڵەکەی داگرتبوو، پیاوان لە نێوان دوکەڵی ئاگرەکانەوە سەرگەرمی گۆرانی چڕین بوون.

ڤاریا بە هەناسە بڕکێ و دڵە خورپەوە لە بێشەکەوە دەرچوو، و گوتی: ئاه، ئەوە ئێوە لێرە خۆتان شاردۆتەوە.

متچیك راچڵەکی، نیگایەکی ساردی ڤاریای کردو بە شپرزەییەوە رووی بۆ لای ئاگرەکە وەرچەرخاند.

سیسکین بەدەم پێکەنینێکی ئاساییەوە گوتی: هێی، تۆمان ون کردبوو، دانیشە خانمی ئازیزم، دانیشە!

پاڵتۆکەی داخست و ڤاریای خوڵك کرد کە لە تەنیشتییەوە دانیشێت. ڤاریا لە لایەوە دانەنیشت، ڤاریا هە ر چەند پێشتر وەکو سەرنجی خۆی سیسکینی بە پیاوێکی کەم و

نەفس نزم دەزانی، بەڵام کە ئەو کردەوەیەی لێ بینی هێندەی دی لەلای سووك بوو، و رقی لێی هەستا.

ڤاریا بێ ئەوەی بەلایەوە شەرم بێ ئەوە نیشان بدات کە تەنیا لە بەر خاتری متچیك هاتووە، رووی کردە متچیك و بە دەنگێکی ناسكو پەرێشان لەسەری رۆیی، هاتم بزانم چۆنی. خۆ تۆ ئێمەت بە تەواوی فەرامۆش کردووە، خارچنکو ئەحواڵی دەپرسیت. شتێکت لێ هاتبوو.... دەیگوت خراپ بریندار بوویت. بەڵام وادیارە لە خەتەر رزگار بوویت. خۆ بە نیسبەت خۆمەوە چت عەرز بکەم....

متچیك بە ساردییەوە شانەکانی هەڵتەکاند.

سیسکین کە دەیویست بە هەر جۆرێ بێ ڤاریا بەلای خۆیدا راکێشێت، بە تاسەوە لەسەری رۆیی. پێیان بڵێ وەعزمان زۆر چاکە- هیچ خەمیان نەبێ. بەڵام خانم وەرە دانیشە، شەرم مەکە!

ڤاریا وەڵامی دایەوە: قەیدی نییە، هاتبووم.... بە رێکەوت بە ئێرەدا تێدەپەڕیم.

ڤاریا لە ناخدا بە خۆیدا شکایەوە. لە بەر خاتری متچیك بۆ ئەوێ چوو بوو کەچی متچیکیش بەوپەڕی ساردییەوە شانی هەڵتدەتەکاند، ڤاریا بەم چەشنە لەسەری رۆیی: بزانم هیچت نەخواردووە.قسەکەت پاكو تەمیزە.

سیسکین سیمایەکی تایبەتی گرتە خۆو گوتی: ئەدی لەوێ چ پەیدا دەبێ! خۆ ئەگەر هەمان ئازوقەی راستەقینەمان بدەن.. بەڵام کوا، مەگەر شەیتان بزانێ کەچمان دەدەنێ! هەمدیس بە شێوەیەکی نائومێدانە کەوتەوە خولق کردنی ڤاریا. دەستی ڤاریای گرتو بەرەو لای خۆی رای کێشا: دەوەرە ئیدی، وەرە لە کنم دانیشە: دانیشە خانم، دانانیشیت؟ لەسەر پاڵتۆکەو لە تەنیشتییەوە دانیشت.

سیسکین چاوێکی لێ داگرتو گوتی: قەولەکەی خۆت لەبیرە؟ ڤاریا بەدەم گوێ هەڵخستنەوە هاواری کرد: کام قەول؟ کە زانی ئەم پیاوە چی مەبەستە، لەبەر خۆوە تێفکری: ئاخ نەدەبوو بێم. دەتگوت ئازارێکی سەخت لە ناخیا هاتەوە سوێ.

- چۆن- کام قەول؟ ئەها، حاڵی بووم، ئێستا پێت دەڵێم. ئەمجا بە پەلە بەسەر متچیکدا دانەوییەوە، شانی متچیکی گرتو رووی بۆ لای ڤاریا وەرگێڕاو گوتی: ئەگەرچی کاری ژێراو ژێر لە لقدا کارێکی چاك نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا....

ڤاریا خێرا خێرا چاوانی دەتروکاند، بە پەنجە سستو لەرزۆکەکانی یاری بە قژەکەی دەکرد، بە پێکەنینێکی تاڵەوە گوتی: کاری ژێراو ژێر؟ بڵێ بزانم.....

سیسکین رووی کردە متچیك و بە چپەوە پێی گوت: ئاخر تۆی ئیبلیس بۆچی وەکو بەرازی ئاوی لێرە دانیشتوویت؟ بە هەزار زەحمەت سازم کردووەو تۆش...

متچیك خۆی لە دەستی سیسکین راپسکاند، سەیرێکی ڤاریای کرد، لە شەرمانا سوور هەڵگەڕا، نیگای پڕ لە گازاندەی ڤاریا دەتگوت بەسەرزەنشتەوە لێی دەپرسی: چاك بوو، ئێستا دڵت داکەوت؟ بینیت چم پێ دەڵێ!

هەر کە سیسکین گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی، ڤاریا بە شپرزەییەوە گوتی: نا، نا، من دەڕۆم.... نا، نا،... نا، نا... من دەڕۆم. ئەوجا هەستایە سەر پێ، بەسەری لەشەرما شۆڕو بە هەنگاوی وردو خێراوە لەناو تاریکییەکدا ون بوو.

سیسکین وەکو مار دەیفیشکاند، لە متچیك پڕو پەست بوو، گوتی: ناشی، هەمدیس لێت تێکداینەوە! وەك بڵێی هێزی رووتی حەیوانی لە ناخیا پەتی پچڕاند، بۆیە لە پڕ هەستاو بە گورگە لۆقە دووی ڤاریا کەوت.

سیسکین خۆی گەیاندە ڤاریا، بە توندی دەستێکی لە قەدی ئاڵاندو لەسەری رۆیی: وەرە بڕۆین، خانمی ئازیز یاڵلا دەی، چکۆلانەکەم ئەمجا رایکێشایە نێو بێشەکەوە.

ڤاریا لە تاقەت کەوتبوو، قورگی پڕ بوو بوو لە گریان. بە پاڕانەوەوە گوتی: وازم لێ بێنە با بڕۆم، حەز دەکەم بە تەنێ بم، ئەگینا فیزاح دەکەم. هەستی دەکرد توانای فیزاحکردنی نییە. وێڕای ئەمەش چ پێویست بە فیزاحکردنە! بۆ فیزاح بکات؟ لەبەر خاتری کێ؟

سیسکین دەستێکی خستە سەردەمی، سات بە سات پتر جۆشی دەسەند، گوتی: با بڕۆین خانمی ئازیز، بۆ فیزاح دەکەی؟

- راستیش دەکات، بۆ فیزاح بکەم؟ ئیدی چ فایدەیەکی هەیە؟ بە خەمبارییەوە بیری کردەوە: بەڵام ئاخر ئەمە سیسکینە.

سیسکین! ئاخر بۆ ئەم؟ ئاه، چ فەرق دەکات! بەڕاستی هەموو شتێکی بەلاوە وەکو یەك لێهات.

رەنج

ماروسكا دەيگوت: من ئەوانم خۆش ناوێ، ئەو جووتيارانە. من ناتوانم بە ئاسانی لەگەڵياندا هەڵبكەم، و بەردەوام لەسەر زينەكە دەجووڵا. هەر جارێ كە ميشكا دەستی راستی هەڵدەبڕی، ماروسكا قامچييەكەی دەكێشا بە گەڵای زەردو لەرزۆكی درەختانی غاندا، لەبيرمە هەندێ جار دەچوومە ديدەنی باپيرەم-جگە لەو، دوو مامیشم لەوێ بوون... ئەوانیش كێڵگەيان دەكێڵا. نا، ناتوانم بە ئاسانی لەگەڵياندا هەڵكەم، ئەوان وەكو هاوڕێ مەعدەنچييەكانم نين، خوێنيان لە يەكدی جياوازە. ئەوان هەم رەزيلن و هەم موزيرن، ئەمە حەقيقەتێكە بۆ خۆی! كە دارغانێكی لە دەست دەچوو، هەر بۆ پاراستنی ئاهەنگی جەزرەبەكانی قامچييەكەی بە پێڵاوەكانی خۆيا دەكێشا. بەدەم سەر هەڵبڕينەوە پرسی: ئەرێ ئەم رەزيلی و موزيرييە چ سوودێكی هەيە؟ بۆ خاوەنی خوێنێ نين كە ناوو عادەتێكيان پێ ببەخشێت! هەر هەموويان گەدان! بە حاڵەتی بێگانەيەكی دڵپاك و دڵسۆزێ كە بۆ هەژاری جووتياران بە داخ بێ، پێكەنی.

گونجارنكو بەدەم گوێ گرتنەوە، لە بەينی هەردوو گوێچكەی ئەسپەكەيەوە چاوی بڕی بووە بەردەم خۆی. حاڵەتی وريايی و زيتی چاوەكانی ئەوەی دەنواند كە دەزانێ چۆن گوێگرێكی باش بێ و چۆن وەڵامی ئەو قسانە بداتەوە كە دەيان ژنەوێ.

گونجارنكو بە باوەڕێكی بەتينەوە گوتی: ئەگەر تۆ بە ئاستەم هەر يەكێك لە ئێمە بوروژێنی، هەر يەكێك لە ئێمە-پاش تەماشاكردنی ماروسكاو تاكيد كردن لەسەر وشەی (ئێمە) لەسەری رۆيی: بۆ نموونە من بڵێ، يان خۆت يان دوبوف- لە ناخی هەر يەكێكماندا جووتيارێك دەدۆزيتەوە. بەڵێ دەيدۆزيتەوە. بە دڵنياييەوە دووبارەی كردەوە: جووتيارێك بە هەموو خەسڵەتەكانی جووتيارەوەو بە هەموو شتەكانی ديكەشەوە جگە لە پێڵاوە كەتانيەكانمان.

دوبوف رووی كردە ئەوان و پرسی: باسی چی دەكەن؟ لەوانەيە لە پێڵاوە كەتانيەكانيشماندا... سەبارەت بەجووتيار قسان دەكەين. من دەڵێم لە ناخی هەر يێكێكماندا جووتيارێك هەيە.

دوبوف بە دوو دڵی پرسی: باشە ئەگەر وابێ چييە؟

- مەبەست شتێكی دييە؟ ماروسكا دەڵێ كە باپيرێك و دوو مامی لە گونديدا هەيە. تۆ....

دوبوف هاتە نێو باسەكەوەو گوتی: هاوڕێ من هيچ كەسێكم نييەو لەم رووەوە شوكرانەی خوا دەكەم! منيش، دەبێ دان بەوەدا بنێم كە لەم ئەسڵ و فەسڵە بێزارم. با ئەم كوبراكی حازرييە بە نموونە وەربگرين، يەكەمجار خۆی.

- زۆر باشە، دەڵێن بنيادەم ناتوانێ چاوەڕوانی ئەقڵ و هەست لە هەموو كەسێك بكات- بەڵام تۆ بزانە كەسێك لە لقەكەی دا پەيدا دەبێ! و بە رقەوە تفێكی رۆكردە سەر زەوی.

ئەم گفتوگۆیە لە پێنجەمین ڕۆژی کوڕەکەدا، وەختێ هێزەکە لەسەرچاوەی خوانیخدزا لای دا، ڕوویدا. ئەوان شان بە شانی کۆنە جادەیەکی زستانەی بە پووش و پەلاش داپۆشراو دەڕۆیشتن. هەر چەندە کەسیان یەك تۆزقاڵ لەو ئازوقەیەیان پێ نەمابوو کە یاریدەدەری مەسئولی تەداروکات لە خەستەخانەکەوە برد بوونی. بەڵام ورەیان زۆر بەرز بوو، چونکە دڵنیا بوو بوون کەئیدی پەناگایان زۆر دوور نییە.

ماروسکا بەدەم چاو داگرتنەوە پرسی: گوێت لێ بوو چی گوت؟ چونکە فەرماندەکە لەگەڵ ڕایەکانی ئەودا بوو نەك ڕایەکانی کونجارنکو، بۆیە بە سەرسامی پێدەکەنی و کەیفی دەکرد: دۆستی دێرینە، ئەدی نابێ دوبوف ئەم شتانە بزانێ؟

مینەرەکە بێ ئەوەی شێلو بێ، گوتی: بەم جۆرە ڕاو بۆچوون لەسەر هاوولاتیانمان دەرنابڕدرێ، زۆر چاکە ئێوە قەوم و قیلەتان لە گوندا نییە- ئەمەیان مەسەلەیکی گرنگ نییە. منیش جارێ هیچ کەسێکم لەوێدانین. بەڵام ئێوە خەڵکانی مەعدەن لەبەر چاو بگرن، دیارە تۆ لە دەوروبەری "اورال"ەوە هاتوویت، بەڵام دێینە سەر ماروسکا کە جگە لە زنجەکانی مەعدەن چ شوێنێکی دی نەدیتوە.

ماروسکا نیگەران و سەخڵەت دەهاتە بەرچاو، بە ناڕەزاییەوە پرسی: مەبەستت لە چ شوێنێکی دی نەدیتووە، چییە؟ ئەدی بەرەی جەنگ چ بوو کە من.....

دوبوف بەدەم دەست جولاندنەوە، قسەکەی ماروسکای بڕی و گوتی: تۆ وس بە! با قسەکەی تەواو بکات.

گونجارنکو بە هێمنی لەسەری ڕۆیی: چما مەعدەنەکەی ئەنگۆش هەر گوندێك نییە: یەکەم هەر کەسەو باخێکی بۆ خۆی دابڕیوە، نیوەی خەڵکەکەتان زستانان بە دووی کاردا دەڕۆن و هاوینان دەگەڕێنەوە گوندی، چونکە لەوێدا تەنانەت گا کێوییەکانتان، بەرازان گاز دەکەن، من بە خۆم لە مەعدەندا بووم و دەزانم.

دوبوف توانای بەرپەرچ دانەوەی گونجارنکوی نەبوو. بەسەرسامی پرسی: وتت گوندێکە؟

- ئەدی چی؟ ئەو خەڵکانەی لە دەوروبەری باختدا دەژین و ژنەکانیان لەوێن هەموویان جووتیارن، لات وایە ئەمانە بێ تاسین؟ هەڵبەتە تاسیریان هەیە!

بەدەست هەواکەی لە خۆی دوور خستەوە.

دوبۆف لە کاتێکدا دەترسا کە نەوەك لە قسەکانیا شتێکی ئابڕوبەر بۆ مەعدەنچیەکان هەبێ، بە دوو دڵی پرسی:

- هەڵبەتە دەبێ ئەمە حسێبی بۆ بکرێ.
- زۆر چاکە، ئەوەمان وا، با ئێستا بێینە سەر شارەکان. دیارە شاری زۆرمان هەن و هەموویان گەورەن، ها؟

تا چاو هەتەر دەکات، بە پانی و درێژی هەزاران قۆناغ، دێهات دەوروبەری گرتوون.

تۆ دەڵێی ئەمە چ تاسیرێکی نییە؟

فەرماندەی دەستەکە بە پەشێوی گوتی: سەبرکە! دەڵێی هەزاران قۆناغ؟ دێهات دەوروبەری گرتوون؟ بەڵێ، هەق بە تۆیەو ئەمەش تاسیری هەیە. باشە ئیدی؟ گونجارنکو گوتی: زۆر چاکە، هەموو ئەم قسانە لەیەك خاڵدا کۆدەبنەوەو ئەویش ئەمەیە کە لە ناخی هەر یەکێکمانا بەشێك لە جووتیارێك هەیە. لە کاتێکا بەم چەشنە وەڵامی قسەکانی دوبوف-ی دابووە، ئیشارەتی بە مەبەستی یەکەمجاریان دایەوە.

ماروسکا بە ستایش و ئافەرینەوە هاواری کرد: تەواوی بکە! هەر یەکەم خۆ هەڵقورتانی دوبوف لە باسەکە، بەلای ماروسکاوە خۆش بوو، رووی دەمی کردە دوبوف و گوتی: دۆستی ئازیز چاکی بەزاندیت و ئیدی ناشتوانی وەڵامی بدەیتەوە!.

گونجارنکو بێ ئەوەی دەرفەتی دوبوف بدات کە بێتەوە سەرخۆ، لەسەری رۆیی: هەموو ئەمانە، ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئێمەو ئێوەو هەروەها ماروسکا -نابێ لە ئاستی جووتیاراندا غەڕابین و چۆن ئێمە بەبێ جووتیاران دەتوانین... سەری لەقاندو بێدەنگ بوو. دیار بوو کە ئیدی هەموو ئەو قسانەی کە دوای دوبوف گوتبونی نەیدەتوانی باوەڕی گونجارنکو بگۆڕێ.

ماروسکا بە دزییەوە دەیڕوانییە گونجارنکو، هەستی بە رێزێکی پتر بەرانبەر بە گونجارنکو دەکرد، لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: ئیبلیسی زانا! چۆن پیرەمێردەکەی تەنگاو کرد، هەر نەیتوانی لە جێی خۆی بجمێ. ماروسکا دەیزانی رەنگە گونجارنکو وەکو هەموو کەسێکی دی هەڵان بکات و هەمیشە هەق بەو نەبێ. بۆ وێنە ماروسکا هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو کە چ نیشانەو ئاسەوارێکی جووتیاری لە گونجارنکودا هەبێ، کەچی ئەوەتانێ بە خۆی باوەڕی بەمە هەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا لە هەموو کەسێك پتر متمانەی پێ پەیدا کرد. گونجارنکو بەو چەشنەی ماروسکا ناسی بووی "یەکێك بوو لە خۆیان". گونجارنکو پیاوێکی "بە هەست بوو" و هەرگیز خۆی لە قسەی پوچ و بێهودە هەڵنەدەقورتاند. پیاوێکی تەمەڵ و بێ با شار نەبوو، دەستە قاوەییە لیرەکانی هەردەم ئامادە کاربوو، یەکەم کەڕەت پێ دەچوو دەستەکانی خاو بن. بەڵام لە کردارا یەکجار کاراو رەنگین بوون.

پێوەندی ماروسکاو گونجارنکو گەلێك بەتین بوو، بەرادەیەك هاوڕێکانیان دەیانگوت: لە ژێر یەك پاڵتۆدا دەخەون و لە یەك قاپ دا نان دەخۆن.

پێ دەچوو ماروسکا رازی بێ لە هەڵس و کەوتی رۆژانەی لەگەڵ گونجارنکودا، هەروەها وەکو پارتیزانێکی جدی دەیڕوانییە خۆی: ئەسپەکەی چاك تیمار دەکرد. تفاقی زینەکەی رێك و پێك بوو، تفەنگەکەی دەتگوت ئاوێنەیە دەبریقێتەوە. لە شەڕا هەمیشە لە پێشی پێشەوە بوو، جێگای متمانە بوو، بەم چەشنە مایەی خۆشەویستی و رێزی هاوڕێکانی بوو و لە راستیا ئەم کارە بە شێوەیەکی خۆ بە خۆ ماروسکای بەرەو ژیانێکی دروست و هۆشیارانە برد، کە بەڕای خۆی. گونجارنکو دەستی تێدا هەبوو، ژیانێك کە جێی بێکاری و تەمەڵی تێدا نەبوو.

لە پێشەوە هاوارێك کرا: بوەستە! بوەستە! ئەم فەرمانە سەرانسەری لەشکرەکەی گرتەوە. ئەوانەی پێشەوە وەستان ریزەکانی دواوە چوونە پێشەوەو ئەنجام ریزی لەشکرەکە تێك چوو.

ئەوجا فەرمانی دووەم دەم بە دەم گەییە دواوە: متیلیستا بۆ پێشەوە! باش چەند دەققەیەك متلیستا بە چەشنی سەرگەڕێك كەوتە فڕین و وەكو با تێپەڕی. سواریی پڕ شكۆی زەلامێك كە قوتابخانەی سوپایی و مەشق و فێربوونی سواری نەدیتبوو، سەرنجی پڕ ئافەرین و ستایشی تێكڕای ئەندامانی هێزەكەی بەلای خۆیا راكێشا، دوبوف گوتی: وا بزانم پێویستە بە خۆم بچمە پێشەوە با بزانم مەسەلەكە چییەو لەچ دایە.

دوبوف پاش كەمێك گەڕایەوە، پەست بوو، دیار بوو هەوڵی دەدا ئەم پەستیەی وەشێرێ.

دوبوف گوتی: متلیستا بە ماموریەت دەچێتە تاقیب كردنی حاڵ و وەزعی دژمن، ئێمە شەوێ لێرە دەمێنینەوە.

هەڵچوون و نیگەرانی لە دەنگیا هەست پێ دەكرا، بەلام ئەو پیاوێكی خۆراگرو نهێنی پارێز بوو.

ئەو پیاوانەی لەو دەوروبەرە بوون، هاواریان كرد: ئاخر ئەمە چ كارێكە؟ بێ نان و ئاو؟ ئاخر بەمە دەڵێن چی؟ ئەمەش بووە بە ئیسراحەت!

ماروسكا گەییە لایان و گوتی: چ شانسێكە!

ریزی پێشەوە تازە لە ئەسپەكانیان دابەزیبوون. لڤنسون بڕیاریدا شەوێ لە بێشەكەدا وەمێنن.، چونكە دڵنیا نەبوو كە جۆگەلەكانی خوا رووی خوانیخدزا لە دەستی دژمنا نەبن. بە هەر حاڵ بە ئومێد بوو بەم حاڵەشەوە رێگایەك بۆ دۆڵی تیودو –واكیو بدۆزێتەوەو وردە وردە بڕۆن.

بە درێژایی رێگا ژانی لە رادە بەدەری قەبرغەی، كە رۆژ بە رۆژ لە زیادی بوو، ئازاری دەدا، لڤنسون دەیزانی ئەم ژانە ئەنجامی ماندوو بوونی لە رادەبەدەرو كەم خوێنییەو بە چەند هەفتەیەك ئیسراحەت و پارێز چاك دەبێتەوە، بەلام چونكە لای روون بوو كە بەم زووانە دەستی ناگاتە خۆراكی چاك و ئیسراحەتی تەواو، ناچار بە درێژایی رێگا هەولی دەدا خۆی لەگەڵ ئەم ژیانە تازەیەدا رابهێنێ و قەناعەتی بە خۆی دەكرد كە بێ تاقەتییەكەی تەنیا بەشێكە لە تێكچوونی میزاج كە هەمیشە ئازاری دەداو رەنگیشە هەرگیز دووری نەخستبیتەوە لە ئەنجامدانی ئەو كارانەی كە بەشێك بوون لە ئەركەكانی سەرشانی.

كوبراك چاوی بڕی بووە پیلاوە نەرمەكانی ئاگای لە قسەكانی لڤنسون نەبوو، وەكو لاسارێك كە جگە لە خەمی سكی خۆی، خەمی چ شتیكی دی نەبێ، بۆ چوارەمین جار دووبارەی كردەوە: من دەڵێم پێویستە بڕۆین.

– زۆر چاكە، ئەگەر ناتوانی بمێنی. فەرموو بڕۆ، بەلام یەكێك لە شوێنەكەی خۆت دابنێ، ئیدی بۆ خۆت سوار بەو بڕۆ. بەلام من نیازم نییە هەموو هێزەكە بخەمە خەتەرەوە.

دەنگی لڤنسون ئەوەی نیشان دەدا كە كوبراك زۆر سوور بووە لەسەر رایەكانی خۆی.

لڤنسون گوێی لە قسەكانی تری كوبراك نەگرت، لەسەری رۆیی: برادەر وا چاكە بچی سەرێك لە ئێشكگرەكان بدەیت. كە هەستی كرد كوبراك هەمدیس ئامادەی پێ داگرتنە لە پڕچارەی بەیەكا داو بە رەقی پرسی: چییە؟

کوبراك بەدەم چاوتروکاندنەوە سەری هەڵبڕی.
لڤنسون بە هەمان شێوازی ئاساییەوە کە کەمێك شۆخیشی تێدا بوو. لەسەری ڕۆیی: دەورێیەك بنێرە سەر جادەکە، چەند ئێشك گرێك لە پشت هێزەکەوە بە دووری نێو قۆناغێك دابنێ. بۆ وێنە لەو شوێنەدا کە چۆمەکەمان بڕی. حاڵی بوویت؟
کوبراك بۆڵاندی: بەڵێ. لای سەیر بوو کە بۆچی لەبری ئەو شتەی کە دەیویست بیڵێ، ئەمەی گوتبووو، لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: بەراز!؟ هەستی بێزاری و بەزەیی هاتنەوە بەخۆ، لەگەڵ جۆرە ڕێز گرتنێکی لڤنسوندا، لەلای تێکەڵ بوون.
لڤنسون وەکو جاران لە خەو ڕاپەڕی. ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ کوبراکدا کردبووی، هێنایەوە بیری خۆی، جگەرەیەکی داگیرساند، چووە دەرێ تا سەری ئێشك گرەکان بدات.
بە جۆرێ ڕێی خۆی بە نێو کوانووە دوکەڵ کردووەکانا دەکردەوە کە پێ نەنێ بەپاڵتۆی ئەو پارتیزانانەی لە خەوا بوون. دوورترین ئاگری دەستە ڕاست لە هەموو گەشتر بوو. ئێشك گری شەو بە دیارییەوە هەڵتروشکا بوو.
دەستەکانی دابووە ئاگرەکە، دیار بوو مەلی خەیاڵی شوێنانی دووری تەی دەکرد، کڵاوە پێستییە ڕەشەکەی بە پشتا شکابوو، چاوەکانی خومارو خواڵوو بوون، لێوەکانی بزەیەکی سادەو منداڵانەیان گرتبووە خۆ. لڤنسون لەبەر خۆیەوە گوتی: باش سەیری بکە!
دیمەنی بڵێسەی شین باوی دووکەڵاوی، بزەی سەر لێوی ئێشکگرەکە، تاریکی شەو و خەتەری وەزع و حاڵ، هەستێکی ئاڵۆزو تێکەڵ و پێکەڵی لای لڤنسون دروست کردو ئەو وشانەی خستە سەر زاری.
بە وریاییەکی زۆرترەوە چووە پێشەوە، هەڵبەتە نەك لەبەر ئەوەی لە چاوی ئێشکگرەکە دوور بێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەیدەویست بزە لە لێوانی ئێشکگرەکە بتارێنێ. ئێشکگرەکە هێشتا لە دەریای بیرەکانی خۆیدا مەلەی دەکرد، بزەکەی بەرانبەر بە سەمای بڵێسەکان بەردەوام بوو، بێگومان ئەم ئاگرەو دەنگی هەڵبزرقانی ئەو گیایانەی لە باوەنی ئەسپەکانەوەو لە ناو جەرگەی بێشەکەوە دەبیسترا، کابرای ئێشکگریان بردبۆوە بۆ شەوانی منداڵی، کە چۆن ئەو شەوانەی لەگەڵ ئەسپانداو لەنێو کێڵگەکاندا بەسەر بردبوو، زۆر شتی بیر هاتەوە، چیمەن زارە شەونم لێنیشتوەکانی بەر تریفەی مانگەشەو. بانگی دوور بە دووری کەڵەبابانی گوند، لەوەڕانی ئارام بەخشی ئەسپان، دەنگی پاوەندو زنجیرەکانیان و سەمای مەشخەڵەکان لەبەر چاوە ئەبڵەق و منداڵانەکانی، ئەو مەشخەڵانەی لەمێژ بوو دامرکابوونەوە، بەڵام لەبیرو هزری ئێشکگرەکەدا لەو ئاگرە گەرمترو گەشتر بوو کە هەنووکە لەبەردەمیا بوو.
لڤنسون هێشتا بە تەاوی لە ئوردوگاکە دەرنەچوو بوو، تاریکییەکی شێدارو بۆنخۆشی بەسەرا هات، پێی چوو بەشتێکی نەرم و سپرینگ ئاسادا، شەو، بۆنی کارگ و داری ڕزیوی لێدەهات.
لڤنسون لەبەر خۆیەوە گوتی: بەڕاستی بەسامە! و ئاوڕێکی دایەوە. ئێستا چ ئاسەوارێکی گڕە زێڕینەکان نەمابوو، دەتگوت هەموو ئوردوگاکە لەگەڵ بزەی ئێشکگرەکەدا چوو بوو بەناخی

زەویـدا. هەناسـەیەکی قـوڵی هەڵکێشـا، بـە دڵ ڕۆشـنییەکی پـترەوە، کـە پێشـتر هەسـتی پـێ نەدەکرد، بەسەر جادەکەدا کەوتە ڕێ.
زۆری پێ نەچوو گوێی بە خوڕەی جۆگایەك زرینگایەوە، هەڵوەستەیەکی کردو گوێی بۆ نەوای دڵگیری بێشەکە ڕادێرا، پاشان لەبەر خۆیەوە پێکەنی، ئەوجا بە هەنگای سووکترو وریاترەوە کەوتەوە ڕێ، بە جۆرێ پێی بە عاردی دا بکێش دەکرد کە دەنگی پێی دەبیسترا.
لە ناو جەرگەی تاریکییەکەوە دەنگێکی گڕو لەرزۆك بەرز بۆوە، کێی زەلامم؟ لڤنسون دەنگی متچیکی ناسییەوەو بێ وەی وەڵامی بداتەوە، یەکراست بەرەو ڕووی چوو، سەدای میل هێنانەوەی تفەنگێك لەو تاریکییە کپەوە هەستا. ئەوجا دەنگی سامناكو وشکی گیربوونی فیشەکێك لە لوولەی تفەنگەکەدا هات. لڤنسون بە ئاستەم جوڵەی شێت ئاسای دەستی متچیکی دەبینی کە دەیویست فیشەکەکە بخاتە بەر تفەنگەکە.
لڤنسون بە ساردییەوە گوتی: پێویستە پتر چەوری بکەی. متچیك کە هەستی بە هێوری کرد گوتی: ئاه، تۆیت، نا... زەیتم کردووە... نازانم چییەتی... بە پەشێوییەوە چاوی بڕییە لڤنسون. لە کاتێکا بیری چوو میلی تفەنگەکەی بباتە پێشەوە، چەکەکەی هێنایە خوارەوە.
متچیك حەرەسی سێیەم بوو، نۆرە حەرەسیاتەکەی لەنیوە شەوەوە دەستی پێکردبوو، هێشتا نیو سەعات بەسەر حەرەسیاتەکەیا تێنەپڕیبوو. سەر حەرەس گەڕابۆوە بۆ ئوردوگاو دەنگی هەنگاوەکانی لە نێو پوشەکاندا ون بوو بوو، بەڵام بەلای متچیك-ەوە زۆر لەمە پتر تێپەڕی بوو، چونکە بە تاقی تەنێ کەوتبووە دەریای بیری خۆیەوەو لە نێو ئەم دنیا فراوانو بێگانەیەدا زۆر بە وریاییەوە درێژەی بە ژیانی خۆی دەدا، ئەم دنیایەی کە هەموو شتێك تیایدا بەدزیو ئەسپایی دەجولا.
متچیك هەموو ئەو ماوەیەی بە یەك فیکر گوزەراند، فکرێ نەیدەزانی کەیو لە کوێوە لە مێشکیا دروست بوو بوو.
بێ گوێدان بەو بیرانەی دی کە هزریان مژول دەکرد، بەردەوام دەگەڕایەوە سەر بیری یەکەمی. متچیك بە خۆی دەیزانی کە ئەم بیرە بیرێکی نەگریسو پڕ شەرمەزارییەو هەرگیز بۆ کەسی باس ناکات. هەروەها دەیزانی کە هەرگیز دەست بەرداری ئەم بیرە نابێو لە پێناوی ئەنجامدانیا هەموو کارێ دەکات، ئەمە تەنیا شتو دوا شت بوو کە بۆی مابۆوە.
نیازو پلانی متچیك ئەمە بوو: هەر چۆنێ بووەو تا زووە، بە چنگ بە ددان هەوڵ بدات لە هێزەکە فیرار بکات.
گەرچی جاران ژیانی شاری، ناخۆش و بێ گیان دەبینی، بەڵام ئێستا لە کەڵکەڵەی ئەوەدا بوو بگەڕێتەوە بۆ باوەشی ئەو ژیانەو بەلایەوە شادی بەخشو ئاسوودە بوو، و لە ڕاستیا تەنیا ژیانێکی لەبار دەهاتە بەرچاوی.
وەختێ لڤنسون ناسییەوە، متچیك پەشۆکا، هەڵبەتە نەوەك لەبەر ئەوەی تفەنگەکەی ڕێك و پێك نەبوو، بەڵکو پتر لەبەر ئەوە بوو کەلڤنسون متچیك و بیرەکانی غافڵگیر کردبوو.

ڤنسون به روو خۆشییەوە گوتی: کە سەربازێکی چاکی! ڤنسون هێشتا بزەی ئێشکگرەکەی لەبەر چاو بوو، دڵی نەدەهات توورەبێ: تەنیایی بۆ ئێرە کەمێك سامناکەنا؟

متچیك لە ژێر لێوەوەو بە هەڵچوونەوە وەڵامی دایەوە: نا... سامناکی چی؟ ئیدی لەگەڵ ئەم شتانەدا راهاتووم.

ڤنسون بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: بەڵام من هەرگیز لەگەڵیا رانەهاتوم بە مەرجێ ساڵانی دوورو درێژم، بە شەوو بە رۆژ، بە تەنیا بە پیادەو بە سواری گوزەراندووە، کەچی هێشتا دەترسم، باشە وەزع و حاڵی ئەم ناوە هێمنە؟

متچیك بەترس و سەرسامییەوە لێی راماو گوتی: بەڵێ، هێمنە. ڤنسون بۆی روون کردەوە کە وەزع و حاڵ زۆر لە بارو چاکەو بەم زووانە بە چاوی خۆی دەبینێ کە باشتر دەبێ، پێدەچوو ئەم قسانەی لەبەر خاتری قسەکانی ئەو نەکردبێ، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە ناخی ئەو هەڵسەنگێنێ و بپشکنێ: هەر ئەوەندە بتوانین لە دۆڵی تیودو واکیو بپەڕینەوە ئیدی وەزعمان زۆر باشتر دەبێ. جگەرە دەکێشیت؟ نا؟.

متچیك کە کیسە توتنەکەی ڤاریای دێنایەوە بیری خۆی و دەیزانی لەوانەیە ڤنسون لەوە بێ ئاگا بێ، لەسەری رۆیی: نا، تەنیا جار جارێ –قەت حەزی لێ دەکەی؟ کانی نیکوف، یەکێکە لە پارتیزانە باشەکانمان، ئەو کابرایە نیو سەعات بەبێ جگەرە هەڵ ناکات، دوو دڵم لەوەی بە سەلامەتی گەیبێتەوە شار.

متچیك پرسی: بۆچی بۆ شار؟ دڵی بە توندی کەوتە لێدان.

– خۆم بە نامەیەکەوە ناردم، هەنووکە چوونە ناو شار زۆر خەتەرە، هەواڵەکانمانی بردووە.

متچیك بە شێوەیەکی ئاسایی و لە کاتێکا هەوڵی دەدا وا بنوێنێ کە پرسیارەکەی تەنیا رێکەوتە، پرسی: ناتوانن یەکێکی دی بنێرن، بیرتان لەوە کردۆتەوە کە یەکێکی دی بنێرن.

ڤنسون کە بە ورياييەوە گوێی هەڵخستبوو، پرسی: چۆن؟

– هەروا، تەنیا پرسیار بوو، ئەگەر ئێوە رازی بن– من دەتوانم راسپاردەو نامەکانتان بۆ شار بەرم، زۆر شارەزای شارم.

متچیك ترسی ئەوەی لێنیشتبوو نەبادا زۆر شپرزە بووبێ و ڤنسون پەی بە هەموو شتێکی بردبێ.

ڤنسون کە بەوردی وشەکانی هەڵدەبژارد، لە وەڵاما گوتی: نا پێم وانییە بتوانم، قەوم و قیلەت لە شار هەن؟

– نا، بەڵام لە شار کارم دەکرد، یانی ناسراوم هەیە، بەڵام لەبەر ئەوان نییە... نا، ئێوە دەتوانن متمانەم پێ بکەن، وەختێ لە شار بووم بە زۆری نامە نهێنییەکانم دەگەیاندە جێ.

– لەگەڵ کێدا کارت دەکرد؟

– لەگەڵ ماگزیمالیستەکاندا، بەڵام ئەو ساکە وام دەزانی کەکار کردن لەگەڵ ئەواندا چ عەیبێکی نییە.

- مەبەستت لە عەیبی نییە، چییە؟
- مەبەستم ئەمەیە کە ئەوساکە عەیبی نەبوو پیاو لەگەڵیاندا کار بکات.
- ئەدی ئێستا؟

متچیك بە ترسەوە بێ ئەوەی بزانێ چ وەڵامێك چاوەڕوانێتی گوتی: ئێستا سەرم لێشێواوە، دروستو نادروستم لەلا تێکەڵ بووە.

لڤنسون کە دەتگوت چاوەڕێی ئەم وەڵامە بوو، بە سەدا یەکی درێژگوتی: کە – وا – تە– بە – م جورە! نا، نا بەهیچ جۆرێ نیازم نییە کەس رەوانەی شار بکەم.

متچیك کە روو بەڕووی ئەو بڕیارە کوتوپڕەو تا رادەیەك تووڕەیە بۆوە، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: –نا.... دەزانی بۆ ئەمەم خستەڕوو.... هەر بیری خراپ مەکەوە! خەیاڵ نەکەی شتێکم لێت شاردۆتەوە، زۆر لەگەڵت راستم.

ئەمجا لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: پێویستە هەر ئێستا هەموو شتێکی پێ بڵێم، بەڕاستی هەستی دەکرد حەز دەکات گرێی دڵی خۆی بۆ بکاتەوە، هەر چەندە نەیدەزانی ئاخۆ ئەنجامی ئەو کارەی ئاقڵانەیە یان گەوجانە!

بۆیە ئەمەم خستەڕوو چونکە وام دێتە بەرچاو کە پارتیزانێکی لاوازو بێ کەڵکم، ئەگەر من بنێری و بڕۆم باشتر دەبێ، خەیاڵ نەکەی کە دەترسم، یان شتێك لە تۆ دەشارمەوە، تەنیا لەبەر ئەمەیە کە هەست دەکەم ناتوانم هیچ کارێك بە دروستی ئەنجام بدەمو هیچیش تێناگەم، هەر لەبەر ئەمەشە ناتوانم لێرەدا لەگەڵ هیچ کەسێکدا دۆست بم، لەگەڵ هیچ زیروحێکا، چ کەسێك شك نابەم کە داوای یارمەتی لێ بکەم، ئەمەش هەڵەی من نییە، هی منە؟ من بە دڵێکی پاکەوە رووبەڕووی هەموویان دەبمەوە، کەچی ئەوەی لەوانەوە بە نسیبم دەبێ هەر هەمووی رەقی و گاڵتە پێکردنو فێڵ لێکردنە، باشە منیش شان بەشانی ئەوان نەجەنگیوم؟ بەخەستی بریندار نەبووم؟ بەخۆت دەزانی متمانەم بە هیچیان نییە، خۆ ئەگەر منیش بەهێزتر بام دەمزانی هەموویان گوێ رایەڵم دەبوون،ن گوێیان لێ دەگرتم، لێم دەترسان، بۆچی؟ چونکە ئەمە تاقە شتێکە کە ئەوان لێرەدا حەزی پێدەکەن، هەر کەسەو لەخەمی تێرکردنی سکی خۆیدایە، ئەگەر شتەکە لە هاوڕێکانی خۆیشیان بدزن، کەس بە تەنگ کەسەوە نایەت.

هەندێ جار وام دێتە بەرچاو کە ئەگەر سبەینێ بکەونە گیرو گازی هێزەکانی کلچاکیشەوە، لەگەڵ ئەوانیشدا هەر بەو جۆرە دەجەنگنو بە هەمان زوڵمو زۆرەوە رەفتار لەگەڵ خەڵکانی ترشدا دەکەن، بەڵام من ناتوانم، ناتوانم وەکو ئەوان بم!....

وای هەست دەکرد لەگەڵ درکاندنی هەر وشەیەکدا درزێکی تازە دەکەوتە پەردەی ئەو تەمەی کە لەبەر چاوەکانیا بوو، وشەکان ئازادانە لەم درزانەوە دەڕژانو درزەکانیان شاش تر دەکرد، متچیك دەیویست بەردەوام قسان بکات، کە قسەی دەکرد هەستی بەئارامییەکی تایبەتی دەکرد، هەنووکە بەلایەوە گرنگ نەبوو لڤنسون چۆن بیر لە قسەکانی دەکاتەوە.

لڤنسون تێفکری: کەواتە تۆ ئەم چەشنە مرۆڤەی! چ خەمیرەیەکی تێکەڵی! لە کاتێکا وشەکانی بەهێوری دەدرکاندو حەزی دەکرد ئەوە کەشف بکات کە چ هۆیەك لە پشت ئەم هەڵچوونە

توڕەیەوە هەیە، گوتی: کەمێ سەبرکە! قۆڵی کراسەکەی گرت. متچیك زیرەکانە هەستی کرد کە لڤنسون چاوە رەش و درشتەکانی بڕیوەتە ئەو: برا، تۆ زۆرت قسان کرد،من سەر لە هەموویان دەرناکەم. باشە تۆ لێرەدا بوەستەو با لە گرنگترینیان بدوێین، تۆ دەڵێی لێرەدا هەر کەسەو لە خەمی تێر کردنی سکی خۆیدایە.

متچیك هاواری کرد: چۆن، نا؟ چونکە متچیك باوەڕی وابوو کە گرنگترین بەشی قسەکانی بەهیچ جۆرێ ئەو خاڵە نەبوو کە لڤنسون ئیشارەتی بۆ دەکرد، بەڵکو گرنگترین بەشی قسەکانی پێوەندی بە ژیانی نالەباری ئێرەوە هەبوو، ئەو زوڵمانە بوو کە لەلایەن یەك بەیەکی پارتیزانەکانەوە لێی دەکراو ئەمە حەقیقەتێکە کە بەڕاستی شایانی باسکردنە: من دەمویست بڵێم کە.....

لڤنسون بە هێمنی قسەکەی پێ بڕی: نا، سەبرکە، ئیدی نۆرەی منە، تۆ گوتت لێرەدا هەر کەسەو لە خەمی تێر کردنی سکی خۆیدایە. خۆ ئەگەر بە رێکەوت بکەوینە گیروگازی کلچاکەکانەوە....

– نەخێر من هیچم دەربارەی شەخسی خۆتان نەگوت... من...

– فەرق ناکا. گوتت ئەگەر ئەوان بکەونە گیروگازی کلچاکەکانەوە، لەگەڵ ئەوانیشدا بە هەمان بێ رەحمی و بێ خەمییەوە دەجەنگن؟ ئەم قسەیە تەواو هەڵەیە! لڤنسون هەمان بەڵگە ئاساییەکانی خۆی هێنایە پێشەوە، دەیویست ئەوە روون بکاتەوە کە چۆن ئەم قسانە بە رای ئەو دروست نین.

لڤنسون چەندی قسان دەکرد، پتر بۆی دەردەکەوت کە وەختەکەی خۆی بە فیڕۆ دەدات. ئەو قسانەی کە جار جارێ متچیك دەیدایە بەر قسەکانی، تێی دەگەیاند کە دەبێ لە مەسەلە سەرەتاییەکانەوە قسانی لەگەڵدا بکات. لەو مەسەلە سادانەوە دەست پێ بکات کە وەختی خۆی دەرك کردنیان بۆ ئەویش زەحمەت بوو، بەڵام هەنووکە بوو بوون بە بەشێك لە گۆشت و خوێنی، ئێستا سەردەمی ئەو کارانە بەسەر چوو بوو، و هەر ساتێك کاری خێراترو بنج بڕ تر دەهاتە گۆڕێ.

لڤنسون ئەنجام بەساردییەکی ئەو تۆوە کە لەمیهرو دڵسۆزی خاڵی نەبوو، لە سەری رۆیی: زۆر چاکە، من چ کارێکم لە دەست نایەت، تەنیا خۆت ناڕەحەت دەکەی، ناتوانی بۆ هیچ شوێنێ بڕۆی، ئەمە بیرێکی گەوجانەیە.

– ئەوان دەتکوژن، ئەوەندەو بەس، چاکتر وایە زۆرتر لەم بارەیەوە بیر بکەیتەو. بەتایبەتیش ئەو شتانەی کەمن پێم گوتیت بە قازانجی خۆتە.

متچیك بە خەمبارییەوە وەڵامی دایەوە: ئەمە تاقە شتێکە کە دەتوانم بیری لێ بکەمەوە... ئەو هۆیە توڕەیەی کە ئەوی هاندەدا بە ئاشکراو لاساری قسان بکات، زۆر بە ئاسانی لە بەین چوو.

– لە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە خەیال نەکەی هاوڕێکانت لەتۆ خراپترن... خراپتر نین...

لڤنسون بە هێمنی کیسە توتنەکەی دەرهێناو کەوتە سیغار پێچانەوە.

متچیك بە نائومێدییەوە سەیری کرد. لڤنسون بە جۆرێکی چاوەڕوان نەکراو لەسەری ڕۆیی:
چاکتر وایە میلی تفەنگەکەت بخەیتەوە جێی خۆی.

دیار بوو بە درێژایی گفتوگۆکەیان ئەم مەوزوعەی لەمێشکی خۆیدا هەڵگرتبوو: هەنووکە وەختی ئەوە هاتووە کە ئەم شتانە فێر بووبی –خۆ تۆ لە ماڵی خۆتدا نیت، تێ دەگەی؟ ئەمجا دەنکە شقارتەیەکی داگیرساند. بۆ ساتێك، چاوە نیوە داخراوەکانی بە برژانگی درێژەوە، کونەکانی کەپوی، ردێنە سوورەکەی رووناك بۆوە، بەڕاست وەزعی ماینەکەت چۆنە؟ هێشتا سواری دەبی؟

– بەڵێ. لڤنسون کەمێك داما: زۆر چاکە سبەینێ پێیان دەڵێم با "نیو کات" بدەنێ–دەیناسیت؟ ئەوەی کە پیکا سواری دەبوو، تۆزیوجیخا بدەوە بە مەسئولی تەداروکات... باشە؟

متچیك بە گوێ ڕایەڵییەوە وەڵامی دایەوە: باشە، لڤنسون لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: بنیادەمێکی چ بی عەقڵە! ئەوجا بە وریایی و هێمنییەوە کەوتە رێ، مژێکی قووڵی لە سیغارەکەیدا، هێندەی لەگەڵ متچیکدا گوتبوو، کاس بوو بوو، لەبەر خۆیەوە گوتی: تێکڕا کابرایەکی بێ توانا، تەمەڵ و نەفس نزمە، چەند مایەی شەرمە پیاوی وا سست و بێ دەسەلات لە داوێنی نیشتمانا لە دایك بێ و پەروەردە بکرێ: هەنگاوەکانی گورج تر کردەوەو مژێکی قوڵتری لە سیغارەکەی دا: بەڵێ: وەختێ کە ملیۆنان مرۆڤ لە ولاتەکەماندا لە میانی هەژاری و چەپەڵیدا دەژین و لە سایەی رۆژگاری درێژا بە گاو بە هەوجاڕی سەردەمی بەرد زەوی دەکێڵن و باوەڕیان بە خوای نەبوو، و بێ هەست و زاڵم هەیە، پیاوی وا بێ با شارو بێ کارەو بێ کەڵکیان تێدا بێتە ئاراوە!

لڤنسون پەریشان بوو. چونکە ئەوانە قوڵترین و پیرۆزترین بیری ئەو بوون، چونکە چەمکی سەرەکی ژیان لەلای ئەو بریتی بوو لە سەرکەوتن بەسەر ئەم هەژاری و رۆژ رەشییەدا. چونکە ئەگەر بە جۆرێکی بەهێزتر لە گشت بزوێنەرەکان درێژەی بە ژیان نەدابایەو ئومێدی ئەوەی نەبایە کە مرۆڤی بەهێزترو میهرەبانترو شادتر ببینێ، ئەوساکە هەرگیز ئەم لڤنسونە نەدەبوو، بەڵکو کەسێکی دی دەبوو، بەلام مادامەکی هێشتا ملیونان مرۆڤ لەوانە، ناچارن درێژە بە ژیانێکی وا سەرەتایی و پڕ لە نەگبەتی بدەن، ئینسان چۆن دەتوانێ ئومێدی دیتنی مرۆڤانی نوێ و جوانی هەبێ؟

لڤنسون وەختێ متچیك ی بیر دەکەوتەوە، لەبەر خۆیەوە تێدەفکری: ئایا منیش رۆژێ لە رۆژان وەکو ئەو بووم؟ هەوڵی دەدا سەردەمی منداڵی و لاوی خۆی بێنێتەوە یاد. بەلام ئەم کارە زەحمەتێکی زۆری دەویست قۆناغەکانی ئەم دواییەی ژیانی واتە ئەم ساڵە نزیکانەی ئەو ئاخرو ئۆخرانەی کە لڤنسونی دروست کرد بوو –ئەو لڤنسونەی کە ئێستا هەموو کەسێك بە ناوی لڤنسونەوە دەیانناسی، ئەو لڤنسونەی هەمیشە لە پێشەوەی هێزەکەوە بوو، ئەو سالانە گەلێك گرنگ و پڕ لە رووداو بوون.

تەنیا یەك شتی رابردووی دەهاتەوە یاد، ئەویش کۆنە وێنەیەکی دەورانی منداڵی بوو، وێنەکە منداڵێکی جولەکەی لاوازی چاو گەش و درشتی نیشان دەدا کەچاکەتێکی رەشی لەبەردا بوو. لڤنسون لە وێنەکەدا بە تاسەیەکی سەیری نا منداڵانەوە چاوی بڕیبووە خاڵێکی کامێراکە، چاوی

بڕیبووە ئەو شوێنەی کە پێیان گوتبوو باڵندەیەکی بچووكو جوان دەفڕێ... بەڵام چ باڵندەیەکی جوان لە گۆڕێ دا نەبوو بوو، ئێستاش لە یادی ماوە کە چۆن لە نائومێدیا چاوی پڕ بوو بوو لە گریان، بەر لەمەش زۆری لەم چەشنە نا ئومێدیانە بینی بوو. تا ئەنجام قەناعەتی کرد بوو کە ... ژیان "ئەفسانە نییە". وەختێ کە قەناعەتی کرد، بۆی دەرکەوت کە بەشەر چ رەنجێکی زۆری بە ئەفسانەی درۆی باڵندەی بچووكو جوانەوە کێشاوە– ئەو باڵندە جوانانەی کە چاوەڕوان دەکرا لێرە یان لەوێوە دەربکەون، خەڵکانێکی زۆر بە دەم چاوەڕوانی دیتنی ئەو باڵندە جوانانەوە ژیانیان بە فیڕۆ دەدا. بەڵام باڵندەکان هەرگیز پەیدا نەدەبوون نا، ئەو ئیدی پێویستی بەم جۆرە شتانە نەبوو! و سەر سەختانە هەموو شادیو دڵە خورپەیەکی بێ مانای لە مەڕ باڵندەکان نایە لاوە– هەموو ئەو شتانەی کە بابەل باب بۆیان مابۆوە، ئەفسانەی ساختەو درۆی باڵندەی بچووكو جوان رۆژ بە رۆژ پوچەڵ دەبۆوە.

لڤنسون بۆ دەرك کردنی واقیع، بۆ گۆڕینی ئەو وەزعە، بۆ خێرا خولڤاندنی ئەو شتەی کە پێویستە بێتە دیو دەبێ بمێنێتەوە، بۆ دەرك کردنی ئەم سادەترینو قورسترین شتانە، پەنای بردە بەر عەقڵو هۆش.

لڤنسون هەنووکە بە هەستێکی تیژی لە وەسف نەهاتووەوە، کەلەو چاوەڕوان نەدەکراو کەسیش پەی بەو هەستە نەدەبرد، بیری کردەوە: بەڵام تێکڕا من بنیادەمێکی بە سەبرو بەتەحەموول بووم، زۆر لەو بە سەبرو بە تەحەمولتر بووم. من نەك هەر چاوەڕوانی چ شتێك نەبووم، بەڵکو کارێکی زۆریشم دەکرد: بەلێ ئەمە خۆی لە خۆیدا لە هەموو شتەکان گرنگترە.

لڤنسون بە پەلەو یەکڕاست بە نێو دارستانەکەدا تێپەڕی. لقو پۆپی ساردو شەونم لێنیشتووی درەختان دەموچاویان فێنك دەکردەوە، هەستی دەکرد شەپۆلێکی یەکجار توند لە زەوییەوە هەڵی گرتووەو بردویەتێ سەرێ. لەم بەرزاییە هەست پێکراوەوە بەسەر هەموو بێ توانایی و لاوازیەکانیا زاڵ بوو.

وەختێ گەیشتەوە ئۆردوگا، ئاگرەکان دامرکابوونەوە. بزەی سەر لێوی ئێشکگرەکە ئاوا بوو بوو – گوێی لێ بوو ئێشك گرەکە بەدەم تیمار کردنی ئەسپەوە لە ژێر لێوەوە جنێوی دەدا. لڤنسون بەرەو ئاگرەکەی خۆیان، کە هێشتا دوکەڵی لێ هەڵدەستا– چوو، پاڵتۆکەی لە پاڵ ئاگرەکەدا راخست. باکلانوف لە شیرین خەوا بوو. لڤنسون هەندێ چڵو چیۆی وشکی خستە کووانوەکەوەو کەوتە فوو لێ کردنی، هێندە فووی لێکرد سەری کەوتە سوڕان. باکلانوف بەدەم خەوەوە هەستی بە گەرمایی ئاگرەکە کرد، لێوەکانی جولاندو ملچە ملچێکی کرد، دەموچاوی دانەپۆشرابوو، لێوی بە جۆرێکی منداڵانە شۆڕ بوو بۆوەوە، کڵاوەکەی بەسەر لا جانگیا پەسترابۆوەو رەق بوو بوو، پتر لە تولە سەگێکی رەسەنو خرپن دەچوو: لڤنسون لە کاتێکدا بەخۆشەویستییەوە پێی پێدەکەنی، لەبەر خۆیەوە گوتی: تۆش وابە! پاش ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ متچیکدا کرد بووی، تەماشا کردنی باکلانوڤ زۆر بەلاوە خۆش بوو.

لڤنسون بەدەم بۆڵە بۆڵەوە لە تەنیشت باکلانوفەوە راکشا، هێشتا چاوی لێك نەنا بوو، هەستی کرد سەری کەوتە سوڕان، بە دەوری خۆیدا وەرچەرخاو بێ ئاگا لە لەشی، لە ئاسمانی بێ کۆتاییدا کەوتە فڕین، تا لەنکاودا لە موغارەیەکی تاریك و بێ بندا گیرسایەوەو دابەزی.

متليستاو تاقيب كردنی دژمن

وەختێ لڤنسون، متليستای نارد بۆ تاقيب كردنی دژمن، دەستووری دایێ كە دەبێ هەمان شەو بگەڕێتەوە، بەلاّم ئەو گوندەی متليستا بۆی دەچوو، زۆر لەوە دوورتر بوو كە لڤنسون تەسەوری كرد بوو.

متليستا سەعات چواری پاش نیوەڕۆ هێزەكەی بەجێهێشت و بەشی هەرە زۆری ڕێگای بە چارنارە بڕی، چەشنی باڵندەیەكی شكاری بەدەنی بە سەر ملی ئەسپەكەوە دانەواند بوو، كونە كەپوی بەشێوەیەكی شادی وروژێن كرابۆوەوە، دەتگوت ئەو چارنارە شێتانەیە، پاش ئەو پێنج ڕۆژە ڕێیە مەستی كردبوو، دەمەو ئێوارە گەیی، هێشتا پوش و پەلاّشی نێو دارستانەكەی باوەشی پایز لەبەر تیشكی زەردەپەڕی ساردو خەم وروژێنا، بە پەلە بە تەكیا ڕەت دەبوون، كە لە دارستانەكە دەرچوو دنیا تاریك بوو بوو، ئەسپەكەی لە پاڵ كەوێڵیكی پەرپوت و وێران دا كەسەرەكە داتەپی بوو، ڕاگرت، دیاربوو، لەمێژ بوو كەس ڕێی تێنەكەوتبوو.

ئەسپەكەی لە سووچێكەوە بەستەوە، دەستی بە دیرەگێكی شكاوەو گرت و خۆی گەیاندە گۆشەیەكی سەربانەكە، خەریك بوو بكەوێتە چاڵێكەوە كە بۆنی بۆگەنی دارو پوشی ڕزاوی لێدەهات. بە ماتە مات و وریاییەوە بە پێوە وێستاو بە وردی ڕوانییە ناو جەرگەی تاریكە شەوەكەو گوێی بۆ دەنگەكانی شەو هەڵخست.

نزیكەی دە دەققەیەكی بەم چەشنە قەتاند، سێبەرەكەی لەگەڵ تاریكی دارستانەكەدا تێكەڵ بوو. پتر لە هەموو وەختێ بە باڵندەیەكی شكاری دەچوو، دۆڵێكی سامناكی پڕ درەخت و قۆپەنە پوش لەبەر دەمیاو لە میان دوو زنجیرە كێوی بوركانیدا، كە تۆپەڵە ڕەشاییەكی گەورەی بەرانبەر بە ئاسمانی ڕۆشنی پڕ ئەستێرە پێك دەهێنا دەهاتەوە یەك.

متليستا لە سووچێكی سەربانەكەوە خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەكەی و ڕووی كردە ڕێگایەك كە لەبەر پوش و پەلاش بە زەحمەت دەبینرا، قەدی هەڵكشاوی درەختانی غان لەو تاریكە شەوەدا چەشنی مۆمی كوژاوە سپی دەچۆوە.

ئەسپەكەی بەسەر تەپۆلكەیەكی بچوكا ئاژۆت. بە دەستە چەپدا زنجیرە كێوێكی بوركانی ڕەش درێژ دەبۆوە چەشنی پشتی دێوێكی زەلامی نووستوو دەهاتە بەرچاو. دەنگی شلّپ و هوڕو هاڕەو هاژەی چەمێك دەهاتە گوێ. ئاگرێك لە دووری نزیكەی دوو قۆناغە ڕێگاوە، ڕەنگە لە كەناری چۆمەكەوە بووبێ، بەرزو نزم دەبۆوە. ئاگرەكە ژیانی تەنیایی شەوانی بیر خستەوە. كەمێ لەو لاترەوە،لە ئاستی جادەكەوە، ڕوناكی زەردو كزو سەقامگیری چراكانی گوندەكە دیار بوو.

بە دەستە ڕاستا بەرزی زنجیرە كێوەكان كەم دەبۆوەو لە نێو تاریكییە شین باوەكەداون دەبوو، لە هەمان شوێنا چالاكییەك دەبینرا، ڕەنگە ئاسەواری چۆمێكی تەرك كراو بووبێ، دارستانێكی چڕو تاریك دەوری دابوو.

متلیستا بیری کردەوە، ڕەنگە گۆماو بێ. هەستی بە سەرما کرد. چاکەتێکی سوپایی یەخەوازی لەسەر بلوزە سوپاییەکەیەوە، لەبەر کردبوو... بڕیاریدا بەر لە هەموو کارێك بەرەو ئاگرەکە بچێ، دەمانچەکەی لە کیفەکەی دەرهێناو لە ژێر چاکەتەکەیەوە خستیە بەر پشتێنەکەی، کیفە بەتاڵەکەی خستە ناو خورجی پاشکۆی ئەسپەکەیەوە، تفەنگی پێ نەبوو، کوت و مت لە جووتیارێك دەچوو کە لە مەزرا بگەڕێتەوە: پاش جەنگ لەگەڵ ئەڵەمانەکاندا زۆربەی جووتیارەکان، چاکەتی سوپاییان لەبەر دابوو.

تەواو نزیکی ئاگرەکە بوو بۆوە کە لە پڕ حیلەی ئەسپێك تاریکی شەوەکەی ڕەواندەوە. ئەسپەکەی متلیستا تەکانیدا بۆ پێشەوە، هەیکەلی بەهێزی لەرزی و بە هەڵچوونەوە لە وەڵامی ئەو حیلەیەدا، حیلاندی. لەم ساتەدا تارماییەك بە پەلە لە بەرانبەر ئاگرەکەوە دەرکەوت. متلیستا قامچییەکەی بە ئەسپەکەی خۆیدا کێشا، ئەسپەکە کشایە دواوە.

مێرد منداڵێکی لاوازی قژڕەش بە چاوی ئەبڵەق و ترساوەوە تەماشای دەکرد، قامچییەکی بە دەستەوە بوو.

دەستەکەی تری هەڵکرد بوو، دەتگوت خۆی بۆ بەرگری ئامادە کردبوو، پێڵاوێکی کەتان و پانتۆڵێکی شڕی لەپێ بوو، چاکەتێکی شۆڕی لە خۆیەوە پێچا بوو. بە پەتێك ناو قەدی توند بەست بوو. متلیستا ئەسپەکەی بە جۆرێ تاودا، خەریك بوو مێرد منداڵەکە بکاتە ژێرەوە. منداڵەکە تاس بردییەوە. چاوانی ترساوی مێرد منداڵەکە، پانتۆڵە شڕەکەی کە زرانییە ڕووتەکانی لێوە دیار بوون، چاکەتەکەی کە بە جۆرێکی بەزەیی وروژێن گەردنە لاوازو منداڵانەکەی لێوە دیار بوو، ڕەنگە ئاغاکەی پێی دابووبێ، سەرنجی متلیستا یان ڕاکێشا.

متلیستا بە پەرێشانی و بە دەنگێکی ناپەسەند کە تەنیا بۆ ئەسپەکەی بەکاری دەهێنا گوتی: چ دەکەی لێرە؟ ترسایت؟ ئاه، بەچکە شەتیان، شێتۆکە! ئێژی ئەجەلت هاتووە وا لێرە وێستاوی! ئەگەر بمکردبایتا ژێرەوە چت دەکرد، ها؟ دووبارەی کردەوە: چ کەرێکی! کە منداڵەکەی بەو وەزعە قەلەندەرانەیەوە بینی سارد بۆوە. لە پڕ هەستێکی بە زەیی ئامێزو منداڵانە لە ناخیا وروژا.

منداڵەکە کە وردە وردە ترسەکەی دەڕەوییەوە، دەستی ڕاستی هێنایە خوارەوەو گوتی: بۆ وەکو هەڵۆ لە پڕ هەڵت کوتایە سەرم؟ هەوڵی دەدا وەکو پیاوێکی کارامە بە هێمنی و ماقووڵی قسان بکات و هێشتا هەر دەلەرزی، لەسەر قسەکەی ڕۆیی:

– هەر کەسێك بێ دەترسیت. من لێرە لەلای ئەسپم.

متلیستا بە پێکەنینەوە پرسی: ئەسپ! بەڕاستتە؟

چنگی خستە سەر ڕانی خۆی. خۆی بە پشتا شکاندو بەچاوی نیوە داخراو لە مێرد منداڵەکەورد بۆوە، بڕۆ باریك و ناسکەکانی هاتنەوە یەك، لە پڕ لەقاقای پێکەنینیدا. پێکەنینێکی ئەوەندە بەرزو بێ باکانە کە بە خۆیشی لە دەنگەکەی سەرسام بوو.

منداڵەکە شەرمی دەکرد. هەناسە بڕکێی پێ کەوتبوو، هێشتا بە گومان بوو. کە وردە وردە زانی چ ترسێك لە گۆڕێدا نییەو هەموو شتێك بەرەو گاڵتەو شۆخی دەچوو، بە جۆرێ چارەی بەیەکدا دا کە کەپووی بە ئاشکرا دەرکەوت. لە پڕ ئەویش دەستی بە پێکەنینێکی منداڵانەو

شەیتانانە کرد. ئەم پێکەنینە چاوەڕوان نەکراوە گوژمێکی زیاتری بە قاقاکەی متلیستادا ئیدی هەر یەکەیان کە سەیری ئەوی تری دەکرد، لە قاقای پێکەنینی دەدا. چەند لەحزەیەك بە خۆشی تێپەڕی.

پێکەنین، متلیستای لەسەر زینەکە رادەژنی. منداڵەکەش لەسەر گازی پشت کەوتبوو. بەدەم کوڵی پێکەنینەوە لاقەکانی لە حەوادا سەمایان دەکرد. متلیستا ئەنجام گوتی: باشە کوڕیژگە، بە راستی هێنامتە پێکەنین! لاقێکی لە ئاوزەنگییەکە دەرهێنا! بەڕاستی کوڕێکی قۆشمەیت، زۆر قۆشمەیت! خۆی لەسەر ئەسپەکەی هەڵدایە خوارەوەو دەستەکانی بەرەو ئاگرەکە درێژ کرد.

کوڕەکە لە پێکەنین کەوت. بەسەرسامی و شادییەوە روانییە متلیستا، دەتگوت ئەمجارەیان چاوەڕوانی شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، گوتی: تۆ مەلعونێکی بە دەماخی! وشەکانی بە جۆرێ دەدرکاند وەك بڵێی دوا رای خۆی دەربڕێ.

متلیستا پێکەنی: من؟ بەڵێ برادەر من زۆر بە دەماخم.

منداڵەکە گوتی: زۆر ترسام، بە دەم ئەسپ لەوەڕاندنەوە، خەریك بوو چەند پەتاتەیەکم دەبرژاند.

متلیستا لە تەنیشتیەوە دانیشت، جڵەوی ئەسپەکەی بە دەستەوە بوو: پەتاتە؟ کەشتێکی چاکە: پەتاتەت لە کوێ بوو؟

- لە کوێ؟ چۆن، یەك کۆمەڵ پەتاتە لە وێیە! بۆ نیشاندانی قەوارەی، کۆمەڵە پەتاتەکە، دەستەکانی بە دەوری شانەکانی متلیستادا بڵاوکردەوە.
- یانی دزیوتە؟

منداڵەکە گوتی: ئەدی چی! بێنە ئەسپەکەت بۆ بگرم. جوانووە؟ مەترسە لە دەستم بەرنابێ، ئەسپێکی چاکە، بە چاوی شارەزاییەوە سەیرێکی هەیکەلی خورتی ئەسپەکەی کرد: لەکوێوە دێی؟

متلیستا قسەکەی سەلماند: ئەسپێکی خراپ نییە، تۆ خەڵکی کوێی؟

منداڵەکە بەسەر ئیشارەتی بۆ چراکانی نێو گوندێك کردو گوتی: خەڵکی ئەوێم، خوانیخدزا، ئەوە گوندی ئێمەیە. رێك (١٢٠) خێزانی تێدایە، بێ کەم و زیاد.

دیار بوو ئەم قسەیەی وەکو چۆن لە یەکێکی دی بیستبوو، دووبارە دەکردەوە، تفێکی کردە عاردی.

- دەزانم منیش خەڵکی ڤارو پیفکام، لەوبەری ئەم کێوەیە، ناویت ژنەوتووە؟
- ڤارو بیفکا؟ نا، دیارە زۆر دوورە، نا؟
- بەڵێ زۆر دوورە.
- ئەدی بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە؟

متلیستا بە پێکەنینێکی دەستکرەوە گوتی: بەڵێ، حەقایەتی من زۆر دوورو درێژە برادەر، تێگدەی. وتم بەڵکو چەند ئەسپێك بکڕم، دەیانگوت گوایە ئێوە ئەسپی زۆرتان هەیە، من زۆرم

حەز لە ئەسپە برادەر. هەموو تەمەنم لە ئەسپ بەخێو کردنا بەسەر بردووە، بەڵام هەموو ئەسپەکان هی خەڵکی بوون.

- وا نەزانی ئەمانە هی منن؟ ئەمانەش هی ئاغان.

منداڵەکە دەستە لاوازو بچووك‌و قرێژاوییەکەی لە قۆڵی کراسەکەیەوە دەرهێنا، بە دەسکی قامچییەکەی، شارەزایانە ژیلەمۆکەی تێکدا، پەتاتە رەشەکان لە نێو ژیلەمۆکەوە دەرکەوتن.

منداڵەکە پرسی: دیارە برسیشتە، ها؟ نانم هەیە، بەڵام زۆر نییە.

متلیستا بە درۆ گوتی: مەمنونم، ئێستا نانم خوارد. دەستی تا ئاستی گەرووی هەڵبڕی، هەر خۆی دەیزانی چەندی برسی بوو. منداڵەکە پەتاتەیەکی لەت کرد، هەندێ فوی لێکردو هەر بە توێکڵەکەوە لەتێکی خستە دەمییەوە، هەندێك لەسەر زمانی گلاندی و بە تاسووقەوە کەوتە جوینی. لەگەڵ قوتدانی پەتاتەکەدا سەیرێکی متلیستای کرد، بە هەمان بێ پەروایییەوە کە پێی گوتبوو تۆ مەلعونێکی بە دەماخی، گوتی: من هەتیووم، شەش مانگێ دەبێ کە هەتیوو کەوتووم، قۆزاقەکان بابیان کوشتم، دایکیشیان فەساد کردم‌و ئەوجا کوشتیان، پاشانیش براکەمیان کوشت.

متلیستا لەپڕو بەترسەوە پرسی: قوزاقەکان؟

- بەڵێ، لە هیچە هەموویان کوشتن، خانووەکەمانیان وێران کرد —نەك هەر خانووەکەی ئێمە، بەڵکو زیاد لە (٢٠) خانووی تریان ویران کرد، هەموو مانگێکیش دێنە ئێرە، چل کەسیان لێرە هەڵیان داوە، فەوجێکیان ئەم هاوینە لە گوندی "راکیت نویە" بوون دێیەکی گەورەیە، لەپەنای گوندەکەی ئێمەوەیە. ئای چ بەڵایەکیان بەسەر خەڵکی دا هێنا! دە تۆزێ پەتاتە بخۆ.

- ئەدی بۆ فیرارتان نەکرد، تەماشا چ دارستانێکی گەورەتان هەیە. متلیستا بە دەم قسەکەیەوە تۆزێ خۆی بەرز کردەوە تا سەیری دارستانەکە بکات.

- جا فایدەی چیە؟ خۆ مرۆڤ ناتوانێ هەموو تەمەنی خۆی لەوێدا بقەتێنێ، ئەمەجگە لەوەی لەوانەیە بکەونە گۆماوەکانەوە، زۆر قوڵ‌و گەورەن. متلیستا لە دڵی خۆیدا گوتی: رێك بەو جۆرەیە کە من بیرم لێ دەکردەوە. بەدەم هەستانەوە گوتی: دەزانی چی؟ تۆ لێرە تۆزێ ئاگات لە ئەسپەکەم بێ تا من بە پێیان سەرێ لە گوندەکە بدەم‌و شتێ بکڕم.

کوڕە ئەسپەوانەکە هەستایە سەرپێ‌و بە نائومێدییەوە گوتی: بۆ ئەوەندە پەلە دەکەی؟ تۆزێ سەبرکە!

ئێرە بۆ بنیادەمی تەنیا زۆر خراپە. بە خەمبارییەوە قسەکەی کردو بە پاڕانەوەوە چاوە درشتەکانی بڕییە متلیستا.

متلیستا بە خەمبارییەوە لەسەری رۆیی: چار نییە برادەر! ئێستا باشترین وەختە تا چاوێ بگێڕم‌و سەرێ بدەم، چونکە تاریکە، زوو دەگەڕێمەوە ئەوسا ئەسپەکەم بە دەستمەوە... تۆ لات وایە سەرۆکەکانیان لە کوێن؟

منداڵەکە بۆی روونکردنەوە کەچۆن ئەو خانووە بدۆزێتەوە کە فەرماندەی سوارەکانی تێدایە، لێی دووپات کردەوە کە ئەگەر بە نێو باخەکەی پشتەوەدا رەت بیٚ باشترە.

– سەگی زۆری لێیە؟

– زۆرە، بەڵام درِنین.

متلیستا ئەسپەکەی بەستەوە، خوا حافیزی کردو شان بەشانی ئاوەڕۆی چۆمەکە کەوتە ریٚ، تا لە تاریکییەکەشا ون بوو، مێرد منداڵەکە هەر لە دواوە بەخەمبارییەوە سەیری دەکرد.

پاش نیو سەعاتێك متلیستا خۆی لە نزیکی گوندەکەدا بینییەوە، جادەیەك بە دەستە راستا پێچی دەکردەوە، بەڵام لەسەر قسەی منداڵەکە، راستەوخۆ بە نێو کێڵگەیەکی تازە درەوکراوا رەت بوو، گەییە پەرژینیٚ کە دەوری باخی جووتیارەکانی دابوو، ملی رێگای گرت. گوندەکە لەباوەشی خەوێکی خۆش و ئارام دابوو. لە هیچ شوێنێکەوە روناکی بەدی نەدەکرا. لە نێو باخەکەوە بە زەحمەت سەربانی کوختەکان لەبەر تریفەی مانگە شەوا دەبینرا، باخەکان بۆنی رتوبەت و خاکی تازە بێڵ تەپکراوی لێدەهات.

متلیستا دوو کۆڵانی بڕی و خۆی بە سێیەم داکرد. سەگەل بە دەنگی نووساوو ناسازەوە پێشوازیان کرد، دەتگوت ئەوانش دەترسن لە کۆڵانەکەدا کەسی تووش نەبوو، سەیری دەکرد گوندەکە خووی بە هەموو شتێکەوە گرتووە. تەنانەت بەو بێگانە نەناسراوانەشەوە کە لە کۆڵانەکانا دەسوڕێنەوەو چییان بویٚ دەیکەن متلیستا تەنانەت تووشی جووتە دڵدارێکیش نەبوو کە خەریکی رازو نیاز بن–دیمەنیٚ کە لەم وەرزەی ساڵدا، یانی وەرزی زەماوەندو گۆڤەند، پێشبینی دەکرا، لەم وەرزی پایزەداو لە پەنای پەرژینە قامیشە چڕەکانی دەوری باخەکانەوە چپەیەکی عاشقانە نەدەبیسترا.

بە پێی ئامۆژگارییەکانی کوڕەکە درێژەی بە رێگای خۆیداو بە چەند کۆڵانێکی دیدا رەت بوو، بە پەنای کڵێسای گوندەکەدا رەت بوو، تا گەیشتە پەرژینی رەنگاو رەنگی باخی کەشیش.

فەرماندەی سوارەکان لە ماڵی ئەم کەشیشەدا نیشتەجیٚ بوو.

متلیستا چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕاو بە وردی گوێی هەڵخست، هەستی بە چ شتێکی گومان لێکراو نەکرد، پاشان بەبیٚ خشپە بەسەر پەرژینەکەدا رەت بوو.

هەر چەند وەرزی خەزان بوو، بەڵام باخی میوەکە پڕ بوو لە درەخت و دەوەنی چڕ، متلیستا هەوڵی دەدا لێدانی توندی دڵی خاوبکاتەوە، نەیدەهێشت بە تەواوی هەناسەی دەربچێت، زیاتر چووە قوڵایی باخەکەوە. دەوەنەکان لە شوێنێکا کۆتاییان دەهات کە دوو شەقام یەکیان دەبڕی، بە دەستە چەپاو لە دووری چل هەنگاوێکەوە چاوی بە پەنجەرەیەکی رۆشن کەوت، پەنجەرەکە کرابۆوە، هەندیٚ پیاوی بینی لە ژوورەوە دانیشتبوون. تیشکی پرشنگدار بەسەر گەڵا زەردە رژاوەکانی سەر عاردەکەوە دەبریسکایەوە.

قەدو لق و پۆپی رووتی دار سێوان لە تیشکێکی زێڕیندا هەڵکشابوو.

متلیستا بە تووڕەییەوە گۆنایەکی گرژ کردو بە خۆی گوت: ئێرەیە! ترسێکی زۆرو هەستی بیٚ پەروایی‌یەکی دلێرانە، کە هەمیشە بۆ ئەنجامدانی کارە گەورەکان هانی دەدا، سەراپای بوون و

لەشی گەرم راهێنا. هەر چەند هێشتا دوو دڵ بوو لەوەی کە گوێگرتن لە قسەی پیاوەکانی ناو هۆدەکە سوودێکی هەبێ یان نا، بەڵام ئیدی دڵینا بوو کە لەوێ ناجمێ تا مەبەستەکەی جێبەجێ نەکات، پاش تۆزێك لە پشت دار سێوێکی نزیك پەنجەرەکە وێستاو گوێی بۆ ئەو قسانە هەڵخست کە لە هۆدەکەدا دەکران، هەوڵی دەدا هەموو قسەکان لە مێشکی خۆیدا بچەسپێنێ.

لە هۆدەکەدا، چوار کەس لە دەوری مێزێکی پان دانیشتبوون یاری وەرەقیان دەکرد. کە شیشێکی پیری ئەندام وردیلە لەلای راستەوە دانیشتبوو، قژی ساف و تەنك و رۆنکراو بوو، چاوەکانی زالو ئاسا بوون، بە شارەزاییەوە دەستی بەسەر مێزەکەدا دەگێڕا، بەبێ خشپە وەرەقەکانی بە پەنجە ناسکەکانی تێکەڵ دەکرد. دەتگوت چاوەکانی وەرەقەکانی بە دەم دابەش کردنەوە دەخوێندەوە. ئەو پیاوەی لە تەنیشتی ئەوەوە پشت لە متلیستا دانیشتبوو، کە هەر وەرەقەیەکی لێوەردەگرت، بە تووڕەییەوە سەیرێکی دەکردو بەپەلە لە ژێر مێزەکەدا دەیشاردەوە. ئەفسەرێکی کەتەی بەخۆوە روو لە متلیستا دانیشتبوو،بە رواڵەت کابرایەکی هێمن و خۆش مەشرەب بوو، ماندوو دیار بوو، پایپێکی خستبووە لا لێویەوە. رەنگە هەر لەبەر ئەو رواڵەتەی بووبێ کە متلیستا بە فەرماندەی سوارەکانی دەزانی. بە هەر حاڵ متلیستا بە درێژایی یارییەکە بێ ئەوەی بە خۆ بزانێ، سەرنجی لەسەر یاری کەری چوارەم گیرسابۆوە — پیاوێکی گۆنا هەڵپەنماو، رەنگ پەڕیوو، برژانگ بێ جووڵە، کڵاوێکی قوزاقی رەشی لەسەر بوو، جبەیەکی خوری لەبەر بوو، دوای هەر دەسە یارییەك جبەکەی بە توندی لە خۆیەوە دەپێچا.

بە پێچەوانەی پێشبینی متلیستاوە، ئەوان باسی شتی بەردەست و تایبەت بە خۆیان دەکرد. زۆربەی قسەو باسەکانیان دەربارەی وازییەکە بوو.

ئەو پیاوەی کە پشتی لە متلیستا بوو، گوتی: تا هەشتا هاتووم کابرای کڵاو رەش وەڵامی دایەوەو گوتی: زۆر دەترسی، جەنابی ئاغا زۆر دەترسیت، بەبێ موبالاتییەوە لەسەری رۆیی، لە نەدیتە تا سەد هاتووم.

کابرای کەتە چاوەکانی چکۆڵە کردەوە، پایپەکەی لە نێو دەسیا جێ گۆڕکێ پێ کردو سەیری وەرەقەکەی کردو بە بلۆف "تا سەدو پەنجا هات".

پیاوی یەکەم کە بەرانبەر بەکەشیشەکە دانیشتبوو، و لەسەر بانق بوو، گوتی: من نایەم.

ئەفسەرە کڵاو رەشەکە بە تەوسەوە گوتی: دەمزانی تۆ دەچیتە دەرێ، پیاوی یەکەم کە خۆی بەبێ قسور دەنواند، بۆ ئەوەی وای دەربخات کە هاوخەمی کەشیشەکەیە رووی تێکردو گوتی: کە وەرەقە نەیەت، خەتامە؟ کەشیشەکە بەدەم شۆخییەوە رووی گرژ کردو زۆر بەبێ تامی پێکەنی، پێکەنینێ، دەتگوت نە شارەزایی و غەشیمی خۆی دەسەلمێنێ، بە خۆ نواندنەوە پەنجەکانی جوڵاندو گوتی: فێڵباز گیر مەبە، هێشتا دوو سەد خاڵ لە دواوەی.

دەستی فێڵبازانت لە پشت را بەستووە.

متلیستا بە خۆی گوت: چ قیرسیچمەیەکە!

کەشیشەکە لە پیاوە کەتەکەی پرسی: ئاه، تۆش دەرچووی؟ رووی کردە پیاوە کڵاو رەشەکە گوتی: ئاغا بێ زەحمەت لەسەر بانق بە. بێ ئەوەی وەرەقەکان بخاتەڕوو، بانقەکەی بۆ لای ئەو خزاند، دوای یەك دوو لەحزەیەكو لە کاتێکا بە دەنگەوە وەرەقەکانیان دەکوتایە سەر مێزەکە، درێژەیان بە گەمەکەی خۆدا تا لە ئەنجاما کابرای کڵاو رەش دۆڕا.

متلیستا دوو دڵ بوو لەوەی کە بڕوات یا کەمێکی دی لەوێ وەمێنێ. لە دڵی خۆیدا گوتی: سزای بابایەکی بەرەڵڵا هەر ئەمەیە! لە جێی خۆی چەقی —لەم ساتەدا کابرای دۆڕاو هاتە بەر پەنجەرەکە. متلیستا بۆی دەرکەوت کە کابرا،چاوەتیژەکانی رێك بڕیونەتە ئەو.

لەم کاتەدا ئەو پیاوەی کە پشتی لە متلیستا بوو خەریکی تێکەڵ کردنی وەرەقەکان بوو، جوڵەی دەستی چەشنی پیرەژنێ کە خاچ دروست بکات، وریاو شارەزا بوو. ئەفسەرە کەتە رێکەکە بە بێ تاقەتی و بەدەم باوێشك دانەوە گوتی: نیچی تائیلو هێشتا لە سەفەرە، وا بزانم ئەو ژنۆکەیەی خستۆتە داوەوە، زۆرم حەز دەکرد لەگەڵیا بچوومایە.

کابرای کڵاو رەش لەبەر پەنجەرەکە گەڕایەوەو پرسی: بەدوو قۆڵی؟ بەرگەیان ناگرێ. ئەوجا بە شێوەیەکی سەیر پێکەن.

کەشیشەکە پرسی:ڤاسنکا دەڵێن؟ ئا، بەڵێ بەرگە ناگرێ، ئێمە لێرە پیرێژنێکی قەڵەومان هەیە بۆ نا... ئا... بەڵێ، لەمەو بەریش باسم بۆ کردوون. سرگی ئیڤانوفیچ هەرگیز کەس لەگەڵ خۆی نابات هەرگیز.

دەزانی دوێنێ بە تایبەتی چی و چی پێم گوت؟ دەیگوت: دەچم ئەو لەگەڵ خۆما دەبەم،بەلامەوە گرنگ نییە کەبشی خوازم. ئەو گوتی: "ئاه..." کەشیشەکە لە پڕ دەنگی بەرز کردەوە. نێو لەپی دا بە دەمیاو چاوەکانی بە شێوەیەکی شەیتانانە بریسکانەوە.

چ یادو بیرەوەرییەکم لایە! هەنووکەش دڵم نەدەهات ئەو بیرەوەریانە بخەمە روو. بەڵێ چاوەڕوانم مەبە بیڵێم. کەشیشەکە وای دەنواند دەترسێت ئەو شتانە بدرکێنێ. دەستەسڕەکەی لە بەردەم روویا تەکان دەدا گەرچی هەموو ئەوانیش وەکو متلیستا هەستیان بە لەگامی هەموو وشەیەکی دەکرد، کەچی هەر هەموویان پێکەنینو چ وەلامێکیان نەدایەوە.

متلیستا کەوتە خۆو کوتو پڕ لەبەر پەنجەرەکە دوور کەوتەوە، هەر کە گەییە ئەو شوێنەی دوو شەقامەکە یەکیان دەبڕی تەقی بەڕووی پیاوێکا کە پاڵتۆیەکی قوزاقی دابوو بەسەر لایەکی شانیاو دوو کەسی بە دواوە بوو.

پیاوەکە بە سەرسامی پرسی: چ دەکەی لێرە؟ خۆ بەخۆ دەستی بۆ پاڵتۆکەی برد کە لە کەوتنا بوو.

متلیستا خۆی دایە پەنایەكو غاری دایە ناو دەوەنەکانەوە...

دەنگی تێخوڕین بەرز بۆوە: بوەستە؟ ئاگات لێی بێ! بیگرە ئەهای قوزاقان! هێی!...

فیشەکێك لە ئاسماندا تەقیەوە.

متلیستا کڵاوەکەی لێ کەوتبوو، بە سەری کۆتەوەو بێ ئامانج و سەرگەردان بە نێو دەوەنەکاندا غاری دەدا.

دەنگ دان و تێخوڕین لەگۆشەو کەنارەکانەوە هەڕەشەی لێ دەکرد، حەپەی شێت ئاسای سەگەل لە جادەکەوە دەهات.
یەکێك لە قوزاقەکان کە بەرەو متلیستا تەکانی دەدایە خۆی، بانگی کرد: ئەمەتا! بیگرە!
گوللەیەك بە بناگوێی متلیستادا گڤەی کرد، متلیستاش بە گوللەیەك وەڵامی دایەوە، ئەو پیاوەی بە دوویەوە بوو تلی داو کەوتە سەر زەوی.
متلیستا بەباوەڕی بە تینەوە هاواری کرد: ناتوانن من بگرن! بەڕاستیش تا دوا لەحزە هەر لەو باوەڕەدا بوو کە ناتوانن بیگرن. کابرایەکی کەتەی زەلام لە دواوە خۆی دا بە سەریاو خستییە سەر عاردەکە. متلیستا هەوڵی دەدا دەستەکانی ئازاد بکات، بەڵام زەربەیەکی قورس بەر سەری کەوت و بوراندییەوە. بێ وچان وەکو گەنمی خێر دەیان کوتا، تەنانەت کاتێ کە بواربوشەوە هەستی بەو لێدانەیەك لە دوای یەکانە دەکرد کە بە لەشیاندا دەکێشا.
ئەو دۆڵەی پارتیزانەکان هەواریان لێ خستبوو، دۆڵێکی تەنگو تاریك بوو، بەڵام هەتاو لەپشت شەقامی دارستانەکەوەو شان بەشانی خوانیخدزا کە بنکەی مەیلەو سوور بوو، خۆی دەنواند.
ڕۆژی پڕ لەبۆن بۆگەنی پایز بەسەر دارستانەکەوە دەردەکەوت. پاسەوانی ئۆردووەکە لەپاڵ ئەسپەکاندا وەنەوزی دەدا، بەدەم خەوەنوتکێوەو لە دوورەوە هەستی بەدەنگی بەردەوامی دەستڕێژی ڕەشاشێك دەکرد، بەترسەوە لە جێی خۆی ڕاپەڕی و دەستی دایە تفەنگەکەی.
تومەزئەوە دارکون کەرەیەك بوو، و کەوتبووە گیان پیرەدارێکی کەنار چۆمەکە. پاسەوانەکە بەدەم لە سەرما هەڵ لەرزین و جنێودانەوە پاڵتۆکەی دا بەشانیاو خۆی بە مەیدانە وازو ڕوتەنەکەی دارستانەکەدا کرد. چ کەسێك لەو ناوە بێدار نەبوو –پارتیزانەکان–. ئەو پیاوە نیگەران و نائومێدانە، ئەو برسی و شەکەتانە، ئەوانەی چ ئومێدێکیان بە سبەینێ نەبوو. چوو بوونە باوەشی خەوێکی قورسەوە.
پاسەوانەکە تێفکری: هێشتا سەر دەستەکە نەگەڕاوەتەوە.... بێگومان هەنووکە سکی خۆی تێر کردووەو بەبێ خەمی لە کوختێکدا خەوتووەو ئێمەش لێرەدا دەبێ دەردی برسێتی بکێشین!
ئەویش "پاسەوانەکە" جاران وەکو خەڵکانی دی ستایشی متلیستای دەکرد و شانازی پێوە دەکرد، کەچی هەنووکە پڕ بەدڵ هەستی دەکرد کە متلیستا پیاوێکی تا ڕادەیەك نزم و کەم و گەلێك هەڵە بوون کە ئەویان بە فەرماندەی خۆیان هەڵبژاردووە. پاسەوانەکە هەستی بە بێزاری کرد، بۆ دەبێ ئەو لەو دارستانەدا ڕەنج بکێشێت و کەسانی وەکو متلیستاش دەستیان بە هەموو لەزەت و خۆشییەکی ژیان بگات. پاسەوانەکە دەترسا بەبێ بەڵگەی تەواو لڤنسون لە خەو هەستێنێ، بۆیە چوو بەسۆراخی باکلانوفەوە.
باکلانۆف دانیشت، چاوە خەواڵو ئەبڵەقەکانی بڕییە پاسەوانەکەو پرسی: چی؟ هێشتا نەهاتۆتەوە؟ گوتت =نەهاتۆتەوە؟ باکلانۆف هێشتا بە تەواوی خەبەری نەبوو بۆوە، هەستی بە خەتەر کرد. ئێشگرەکەی گاز کرد: نا، مەحاڵە برادەر، تۆ گەوجی، ئاه، ئەرێ، زۆر چاکە

ڤنسون هەستێنە! هەستایە سەر پێ، بە پەلە پشتێنەکەی توند کردەوە، کەمێك چاوەکانی داخستو لە پڕ هاتەوە سەرخۆو خۆی کونترۆڵ کرد.
گەرچی ڤنسون لە پرخەی خەوا بوو، بەڵام هەر کە گوێی لە نێوی خۆی بوو، دەست بەجێ چاوی هەڵێناو لەسەر جێگاکەی دانیشت، کە چاوی بەباکلانوف و پاسەوانەکە کەوت، یەکسەر زانی هێشتا متلیستا نەگەڕاوەتەوە وەختی حەرەکەت کردنە، بۆ لەحزەیەك هەستی بەماندوویەتیەکی ئەوتۆ کرد کە پڕ بە دڵ حەزی دەکرد سەری بخاتەوە ژێر پاڵتۆکەی و لێی بخەوێتەوە، تا متلیستاو هەموو داخ و نیگەرانییەکانی خۆی لە بیر بچێتەوە. بەڵام دوای تۆزێك هەستایە سەر چۆکان، پاڵتۆکەی لوولدا.
بەشێوەیەکی وشك دەستی بە وەڵامدانەی پرسیارە پڕ لە هەڵچوونەکانی باکلانوف کرد.

- زۆر باشە، چۆن دەبێ، من زۆرم بیر لێ کردەوە، لە ڕێگا دەیبینین.
- ئەدی ئەگەر نەمان بینی؟
- ئەگەر نەمانبینی؟ ئەرێ ژێر زگێکی زیادەت هەیە بمدەیتێ بۆ ئەسپەکەم؟ پاسەوانەکە لە کاتێکدا زەلامە نووستووەکانی بە لەقە لە خەو هەڵدەستاند، هاواری کرد: هەستن، هەستن ئەی بەرازە خەو خۆشەکان! دەبێ بەرەو گوند حەرەکەت بکەین! کەللەی قژلوولی پارتیزانەکان لەسەر پوش و پەڵاشەکان بەرز بۆوەو یەکەم دەمڕێژی جنێوی بێ ڕیا بەسەر پاسەوانەکەدا داباری. دوبوف لە ڕۆژانی ئاساییدا عادەتەن بیری دەخستنەوە کە ڕۆژ باش لە یەکدی بکەن. باکلانوف هەندێك ڕاماو گوتی: بەڕاستی هاوڕێکانمان بوون بە درندە، برسیانە.

ڤنسون پرسی: ئەدی تۆ برسیت نییە؟
باکلانوف نێو چاوانی گرژ کرد، من؟ منن گوێی نادەمێ، تۆ خۆت دەزانی منیش دەتوانم وەکو تۆ بکەم. ڤنسون ئەوەندە بە هێمنی و ئاساییەوە سەیری کرد، وەك بیەوێ بڵێ: دەزانم. باکلانوڤ ناچار کرد بە جۆرێ لێی ورد بێتەوە وەك بڵێی هەرگیز لەوەو پێش نەیبینی بوو.
بە دڵسۆزییەکی چاوەڕوان نەکراوەوە گوتی: دەزانی زۆر لاواز بوویت، هەر ردێنەکەت ماوەتەوە، ئەگەر من لە جیاتی تۆ بام...
ڤنسون لە ژێر لێوەوەو بە بێ موبالاتیەوە پێکەنی و گوتی: پێویستە بچی خۆت بشۆی، ها؟ یاڵڵا.
چوون بۆ چۆمەکە، باکلانوف کراس و بلوزەکەی داکەندو هەر لەو دەوروبەردا کەوتە شڵپە شڵپ، دیار بوو کە لە ئاوە ساردەکە نەدەترسا، هەتاو بەدەنی پتەوی خۆشەکردبوو، دەتگوت لە پۆڵا دایان ڕشت بوو، کەللەی خڕو منداڵانە بوو، بە جۆرێکی مەیلەو ناشیانەو منداڵانە سەری دەشت، بە دەستێکی تۆزێ ئاوی پێدا دەکردو بە دەستەکەی دیکەی هەڵیدەگلۆفت.
ڤنسون لە پڕ بیری کردەوە: دوێنێ شەو سەبارەت بە گەلێك شت قسانم کردو قەولی شتێکیشم دا، بەڵام ئەمڕۆکە هیچیان بە پێویست نازانم یادی ئەو گفتوگۆ نائاساییەی کە لەگەڵ متچیکدا کردبووی و ئەو بیرە ئاڵۆزو ناخۆشانەی خۆیشی کە ئازاریان دابوو، دووبارە هێرشیان بۆ

مێشکی هێنایەوە، ئەگەرچی هیچ وشەیەکیان هاوتاو رەنگدانەوەی ئەو هەستەی نەبوون، بەڵام ئێستاکێ بێ سوودو پوچ نەدەهاتنە بەر چاوی. ڤنسون دەیزانی گفتوگۆکەی دوێنێ شەوی زیرەکانەو پڕ مانا بووە، بەڵام هەر کە بیری کەوتەوە، هەستێکی ناخۆش و سەیر سەراپای داگرت: ئاه، بەڵێ، من قەولی ئەسپێکی ترم داوەتێ، ئاخۆ کارێکی خراپم کردووە؟ نا ئەمڕۆش دەمتوانی ئەم کارە بکەم —هەمووی دروست بوو، ئەدی کوێی هەڵەیە؟ سەریەشەکە ئەمەیە کە ....

باکلانوف لە خۆشتن بووە، بە خاولییەکی چڵکن بە جۆرێ لەشی دەسڕی کە هەموو پێستی بەدەنی سوور هەڵگەڕا بوو.

پرسی: ئەدی بۆ خۆت ناشۆی، ئاوەکە ساردە، زۆر باشە!

ڤنسون بەو دەقەوە کە لە کەنارەکەوە دادەگەڕا، لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە:.... سەریەشەکە ئەمەیە کە من نەخۆشم، رۆژ بەرۆژ کەسیرەم دەکات، لەوە کەسیرەترم دەکات کە بتوانم بەسەر خۆما زاڵ بم. بە هەر حاڵ پاش خۆشتن و، وەختێ پشتێنەکەی بەست و هەستی بە سەنگی ئاشنای دەمانچەکەی لە سەر رانی کرد، بۆی دەرکەوت کە خەوەکەی ئەمشەوی هێزێکی تازەی پێ بەخشیوە.

متلیستا چی بەسەر هاتووە؟ ئەم بیرە هەموو بوونی داگیرکرد بوو.

ڤنسون نەیدەتوانی متلیستایەکی بێ جوڵە بێنێتە بەرچاوی خۆی چ جای متلیستایەکی مردوو. ڤنسون هەمیشە هەستی بەمەیلێکی نامەفهوم بەرانبەر بە متلیستا دەکرد، زۆر جار هەستی کردبوو سواری لە تەکیا، قسەکردن لەگەڵیا، یان تەنیا بینینی، بۆ ئەو "ڤنسون" شادی بەخشە.

ڤنسون لەبەر خاتری خەسڵەتە دیارو بەرزو بەسوودە کۆمەڵایەتییەکان، متلیستای ستایش نەدەکرد —چونکە لە راستیا تارادەیەك لەو خەسڵەتانە بەدەر بوو— ڤنسون لەم رووەوە گەلێك لەوبالاتر بوو. بەڵکو لە بەر خاتری ئەو توانا جەستەییە ستایشی دەکرد کە بەردەوام لە ناخیا دەجۆشا. ڤنسون لەم بارەیەوە کەمێك نوقستان بوو، هەر کاتێ هەیکەلی نەرم و گورج و چاپوکی متلیستای دەبینی کە بەردەوام ئامادەی کار بوو یان وەختێ هەستی بە بوونی ئەو دەکرد، بێ ئەوەی بە خۆ بزانێ ناتوانایی جەستەی خۆی فەرامۆش دەکردو وای دەزانی متلیستایەکە بۆ خۆی. کە دەیبینی فەرماندەی متلیستایە هەستی بە غرور دەکرد.

ئەم فیکرەی کە رەنگە متلیستا کەوتبێتە دەستی دژمن —گەرچی ڤنسون لە جاران پتر قەناعەتی پێ هێنا— ناچووە ئەقڵی هیچ کەسێکەوە. پارتیزانە شەکەتەکان بە لاساری و دوو دڵییەوە ئەم فیکرەیان لە خۆ دەتاراند، چونکە ئەگەر ئەمە راست بوایە، خۆی لە خۆیدا دەبوو بە نیشانەی رۆژ رەشییان، هەر بۆیەش بەلایانەوە درۆ بوو. لەلایەکی ترەوە گومانی پاسەوانەکە لەسەر دەستەکە دەبێ بۆ خۆی سکی خۆی تێر کردبێ، بێ خەم لە کوختێك دا نووستبێ، ئەگەر چی ئەم کارە لە هۆش و ئەرکناسی متلیستاوە دوور بوو، پەتیا پەیتا لایەنگرانی پەیدا دەکرد.

هەندێکیان بە ئاشکرا سکاڵایان لە ترسنۆکی و خیانەتی ئەو هەبوو، بەردەوام پێیان لە لڤنسون دا دەگرت کە هەتا زووەو کات بەسەر نەچووە، بەپەلە بە دوایا بڕۆن، لڤنسون لە کاتێکا پتر لە جاران بایەخی بە کارەئاساییەکانی نێو هێزەکە دەدا—کە یەکێك لەو کارانە دانی ئەسپێك بوو بە متچیك— فەرمانی حەرەکەتی هێزەکەی دەرکرد.

کە پارتیزانەکان بەم فەرمانەیان زانی، نەیان دەزانی لەخۆشیا چ بکەن وەك بڵێی ئەم فەرمانە دەست بەجێ و هەر لێرەدا کۆتایی بە هەموو ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانیان هێنابوو.

سەعاتە ڕێیەك ڕۆیشتن، پاشان سەعاتێکی تریش ڕۆیشتن بەڵام چ هەواڵێك لەسەر دەستەکەو لە کاکۆڵە ڕەشە ناپوختەکەی سەر نێو چەوانییەوە نەبوو.

دوو سەعاتی تریش ڕۆیشتن و چ ئاسەوارێکی متلیستا دیار نەبوو. ئێستا ئیدی نەك هەر لڤنسون، بەڵکو ئەوانەش کەبەغیلیان بە متلیستا دەبردو جوێنیان پێ دەدا کەوتنە گومانی ئەوەوە کە نەبادا تووش بووبێ.

هێزەکە، بەکپی و بێدەنگی، بەسواری ئەسپان بەرەو قەراخی دارستانەکە دەچوو.

سێ مەرگ

وەختێ متلیستا هاتەوە سەر هۆش، خۆی لە گەوڕێکی گەورەو تاریکدا بینییەوە، دەمەو روو کەوتبوو، یەکەمجار هەستی بەوە کرد کە شێیەکی سارد لە نێو گەوڕەکەوە دەچووە ناخی لەشییەوە، لە پڕهەموو ئەو بەسەرهاتانەی وەبیرهێنایەوە کە بە سەری هاتبوون، هێشتا دەنگی لێدان لەمێشکیا دەزرینگایەوە، هەستی بە لینجی ئەو پەلە خوێنانە دەکرد کە بە سەر تەوێڵ و گۆناکانییەوە بوون.

بەر لە هەموو شتێ بیری لە فیرار کردن کردەوە، متلیستا نەیدەتوانی پاش ئەو هەموو شتانەی لە ژیاندا کردبوونی، پاش ئەنجامدانی ئەو هەموو کارە گەورەو دیارانە، پاش ئەو هەموو خۆشیانەی کە ئەو کارانە هێنا بوویانە ئاراوەو لە نێو خەڵکیدا نێوبانگی دەرکرد بوو، ئەوە قەبووڵ بکات وەکو خەڵکانی دی بکەوێتە سەر زەوی و بۆگەن بکات. بە لەپەکوتێ هەموو لایەکی عەمارەکەی تاقی کردەوە، هەموو درزو قڵیشەکانی پشکنی و تەنانەت هەوڵی دا دەرگای عەمارەکە بشکێنێ، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. داری ساردو بێ گیان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان دا بوو: تەختەکان ئەوەندە سفت و لە پاڵ یەك بوون تەنانەت تەماشا کردن لە درزەکانیانەوە مەحاڵ بوو. تیشکی کزی سپێدەی پایز بەئاستەم لە درزەکانەوە رەت دەبوو.

بە هەر حاڵ زۆری هەوڵدا، ئومێد بڕ بوو، دڵنیا بوو کە ئەمجارە شانسی هەڵاتنی لەدەست چووە. کە گەییە ئەم قەناعەتە ئیدی بایەخی مەرگ و ژیانی لەلا دابەزی.

هەر هەموو تواناو هێزێکی بەدەنی و ئەقڵی لەسەر یەك شت گیرسا بۆوە، لەسەر شتێ کە لە باری مەرگ و ژیانەوە گەلەك بێ بایەخ بوو، بەڵام لەرووی شەخسییەوە بۆ ئەو گەلەك گرنگ بوو: ئەگەر متلیستا بێ، ئەو متلیستایەی کە تا ئێستا شەهامەت و ئازایەتی بێ قسور بووە، دەبێ بە هەر جۆرێ بووە هەوڵ بدات ئەوە بە بکوژەکانی نیشان بدا کە لێیان ناترسێت و بە خوێڕی و بۆدەڵەیان دەزانێ.

متلیستا، هێشتا ئەم مەسەلەیەی بە تەواوی لە مێشکی خۆیدا تاوتوێ نەکردبوو کە لە دەرێ را دەنگێك هات. دەنگی کێلۆنی دەرگاکە هات و دوو قۆزاقی پانتۆڵ دەڵب، لەگەڵ تیشکی شین باوی کزو لەرزۆکی سپێدەدا هاتنە ژوورەوە.

متلیستا لاقەکانی بڵاو کردبۆوەو وەستا بوو، چاوەکای بچووك کردبۆوە، و زەق زەق سەیری دەکردن، کە قوزاقەکان، متلیستایان بەوجۆرە بینی، ترسیان لێنیشت، لەبەر دەرگادا وەستان. قوزاقەکەی پاشەوە هەناسەی سوار بوو بوو. ئەنجا قوزاقەکەی پێشەوە گوتی: وەرە

هاوشاری... چ بێزارییەك لە دەنگیا هەست پێ نەدەکرا، دەتگوت نەختۆکەکیش هەست بە تاوان دەکات.

متلیستا بەنیگایەکی تورەی رقایەوە سەری داخستو لە عەمارەکە دەرچوو، زۆری نەبرد لەبەردەم زەلامێکا گیرسایەوە. متلیستا زەلامەکەی ناسییەوە هەمان زەلام بوو کە دوێنێ شەو لە هۆدەکەدا لەگەڵ کەشیش و ئەوانی دیدا وازی وەرەقی دەکرد، ئەو پیاوە بوو کە کڵاوێکی رەشی قوزاقی لەسەرو جبەیەکی خوری لەبەر بوو. ئەفسەرە خۆش ئەندامەکەش، کەمتلیستا بە فەرماندەی سوارەکانی زانی بوو، لەوێ بوو لەسەر کورسییەکی نەرم دانیشتبوو و بە چاوانی گێژو ناجیدییەوە سەیری متلیستای دەکرد. متلیستا لە ئەنجامی سەرنجدان و تەحقیقی دوورو درێژی هەر یەکێکیانەوە، بە قەرینە بۆی دەرکەوت کە ئەفسەرە خۆش ئەندامەکە، فەرماندە نییە، بەڵکو ئەو پیاوە فەرماندەیە کە جبە قوزاقیەکەی لەبەر دابوو.

کابرای کڵاو رەش چاوێکی بەو دوو قوزاقەدا گێڕا کە لە پاڵ دەرگاکەدا وێستا بوون، بەتوندی گوتی: ئێوە بڕۆن.

قوزاقەکان بەدەم یەکتر دەڵەك دانەوە، پێیان بەعاردیدا کوتاو لە دەرگاکە چوونە دەرێ.

کابرای کڵاو رەش چاوی بڕییە متلیستاو بەرەو رووی چوو، لە پڕ پرسی: دوێنێ لە باخەکەدا چیت دەکرد؟

متلیستا بە قێزەوە تەماشای ناو چاوی کرد، بێ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە، چاوی بڕییە ناو چاوی، برۆ رەشە جوانەکانی بەئاستەم لەرزین و هەموو رەفتارێکی ئەوەی نیشان دەدا کە سوورە لەسەر ئەوەی شتێ نەڵێ مایەی شادی ئەوان بێ، جا چی لێ دەپریسن و چۆنی دێننە قسان، گرنگ نییە.

سەرۆك گوتی: گەوج مەبە! سەرۆك نە تووڕە بوو و نە دەنگی بەرز کردەوە. بەڵام دەنگی ئەوەی دەردەخست ئاگای لە هەموو ئەو شتانەیە کە لەو لەحزەیەدا لە ناخی متلیستا بوو.

سەردەستە، بەهێمنی پێکەنی و گوتی: قسەی من چ سوودێك دەگەیەنێ، فەرماندەی سوارەکان، روانییە جێ ئاوڵە بە خوێنەکانی دەموچاوی متلیستاو لەپڕ پرسی: لە مێژە ئاوڵەت دەرداوە؟

سەر دەستەکە بە سەرسامی پرسی: چیە؟ متلیستا سەرسام بوو، چونکە نە تەوس و پێکەنین، نە چەمكو مەبەستێکی تایبەتی لە پرسیاری ئەفسەرەکەدا نەبوو. تەواو دیاریش بوو کە چاوی لە دەموچاوە ئاوڵاوەییەکەی متلیستا بوو. متلیستا گەلەك تووڕە بوو. بە پرسیارەکەدا وا دیار بوو، فەرماندەی سوارەکان دەیوست بەرقەراری بناغەی پێوەندییە بە رواڵەت ئینسانیەکان شی بکاتەوە.

= باشە تۆ کێی– خەڵکی ئەم ناوچەیەی یان لە شوێنانی ترەوە هاتوویت؟.

متلیستا بە رقەوە نەڕاندی: فەرق ناکات ئاغا! ئەمجا سوور بۆوە، مستەکانی نوقاندو بە زەحمەت توانی زاڵ بێ بەسەر ئەو هاندەرەدا کە هانی دەدا پەلاماری ئەفسەرەکە بدات. متلیستا دەیویست قسەی تریش بکات بەڵام ئەم بیرە مژولی کردبوو: بۆ نەکرێ ئەم پیاوە کڵاو

ڕەشە، بەم سیما ئارامەوە بەم دەموچاوە هەڵماساوە بێزار کەرەوە کەیەك پارچە مووی زبرو سوورو ناشیرین بوو، بگریٚ و بخنکێنیٚ؟ ئەم بیرانە وایان جۆش دابوو کە پاش سووکە هەڵوەستەیەك هەنگاوێك چووە پێشەوە، بە توندی دەستەکانی جولاند، دەموچاوە ئاوڵاوییەکەی نیشتە سەر ئارەقە.

کابرا بە دەنگی بەرز: ئەهای! چاوی بڕییە چاوانی متلیستاو لە جێی خۆی نەجولا.

متلیستا هەڵوەستەیەکی کرد، چاوەکانی بریسکانەوە. پاشان کابرا دەمانچەکەی دەرهێناو لەبەر لووتی متلیستادا رای گرت. متلیستا هاتەوە سەرخۆ، چووە لای پەنجەرەکەوەو بە کپی و بێدەنگی وێستا. پاشان سەرەڕای هەڕەشە کردن بە دەمانچەو هەڕەشەی ئەشکەنجەی سەخت و کوشندە، وێڕای ئەو بەڵێنانەی کەئەگەر ئیعتراف بکات بەردە بیٚ، متلیستا نەك تاقە وشەیەکی نەدرکاند، بەڵکو بە درێژایی تەحقیقەکە هەر سەیریشی نەکردن. لە کاتی تەحقیقەکەدا دەرگا بە هێمنی کرایەوە، روخسارێکی توکنی چاودرشت و گەوج و ترس لێنیشتوو، روانییە نێو هۆدەکە.

فەرماندەی سوارەکان گوتی: ئەها! هەموویانتان کۆکردەوە؟ زۆر چاکە، بە سەربازەکان بلّیٚ با بێن ئەم کابرا لە خۆ رازییە بەرن.

هەمان دوو قوزاق متلیستایان بردە حەسارێکەوە، دەرگایەکی وازیان پیشان داو دایانە پێش. متلیستا ئاوڕی نەدایەوە، بەڵام هەستی دەکرد دوو قوزاقەکەو ئەفسەرەکەش بەدوایەوەن. گەیشتە مەیدانی کلّێساکە.

قوزاقەکان، خەڵکی گوندیان لە تەنیشت کوختی زەیەوانی کلّێساکەوە خڕ کردبووەو ئابلّوقەیان دابوون. متلیستا هەمیشە وا بیری دەکردەوە کە خەڵکی خۆش نەویٚ، لەسەر شتی بچووك تەکتیری دەکردن–رقی لە خۆیان و لە هەرچی شتێك پێوەندی بەوانەوە بوو، دەبۆوە، بە تەواوی قەناعەتی بە خۆی کردبوو کە خەڵکی هەرچییەکی دەربارە بلّێن، گرنگ نییە، نە دۆستی هەبوو، ونە لە هەوڵی دۆست پەیدا کردنیشا بوو. سەرەڕای ئەوەش،هەر چەندە خۆی پێی نەزانی بوو، کاری گەلەك مەزن و گرنگی بۆ ئەو خەڵکەو لە پێناوی ئەو خەڵکەدا ئەنجامدا بوو. لەم رووەوە خەڵکی بەشانازییەوە تەماشایان دەکردو سروودیان لە ستایشیدا دەگوت بەڵام ئێستاکیٚ کە رووی وەرگێڕاو ئەم حەشامەتە جەنجاڵەی گوندنشینانی بینی: ئەم پیاوو مندالّە هەراسانانە، ژنان بە بەرهەڵبێنەی رەنگاو رەنگی دەست درۆی خۆوە، کیژان بە لەچکی سپی و رەنگاو رەنگەوە، پیاوان بەبیٚ قەراری بەسەر ئەسپەوەو بەجلی ئاڵ و واڵای تازەوە، کە پتر لە وێنە رەنگییە هەرزانەکانی قوزاقەکاندا دەبینرا.

چەپکیٚ قژ لە کلاوەکانیانەوە هاتبووە دەریٚ و بەتەوێڵیاندا شۆڕ بوو بووەو، سێبەرە درێژەکانیان بەسەر پوش و گیاکاندا سەمای دەکرد، تەنانەت گومەزە کۆنەکانی کلّێسا کە بەدیار سەریانەوە لەبەر تیشکی نیوە گەرمی هەتاوا، پورترێتێکی لە دڵی ئاسماندا پێك دەهێنا. کە هەموو ئەمانەی بینی نەك تەنیا بە چاو بەڵکو بە هەموو دڵییەوە خۆشی ویستن و پێشوازی لێکردن.

بە دەنگێکی نیمچە بەرز هاواری کرد: سەیرە! لە پڕ دڵی بە پەلە چوو بۆ نێو حەشاماتەکە. هەموو دیمەنەکان بەلایەوە لەزەت بەخش بوون– ئەم جەماوەرە زیندوو و کپ و هەژارە، گشت ئەوانەی هەناسەیان دەداو لەو ناوە دەدرەوشانەوە، خوێنی متلیستایان دەهێنایە کوڵ، بە هەنگاوی سووک و گورجەوە، ئازادانە هەنگاوی دەنا، دەتگوت بەسەر زەویدا باز دەدا، گشت ئەوانەی لە مەیدانەکەدا بوون هەناسەیان لە خۆ بڕی بوو، و سەیریان دەکرد، هەستیان بەو هێزو توانا حەیوانییە دەکرد کە لە بە دەنیا جێگیر بوو، ئەو بەدەنە گەرم و گوڕەی کە وەکو شەقاوەکانی توندو خێرا بوو. بە دەم تەماشا کردنەوە بە نێو حەشامەتەکەدا رەت بوو، بێ دەنگی و کپییەکەیان سەرنجی راکێشا بوو، لەبەر هەیوانی ژوورە کلۆڵەکەی مجێوری کڵێساکەدا وێستا. ئەفسەرەکان بە تەنیشتیا رەت بوون و بە پلەکاندا سەرکەوتنە سەرێ.

فەرماندەی سوارەکان لە تەنیشت خۆیەوە شوێنێکی بە متلیستا نیشانداو گوتی: وەرە ئێرە! متلیستا بێ باکانە بە پلەکاندا سەرکەوت و لە تەنیشت ئەودا وێستا.

هەنووکە هەموو حەشاماتەکە بەتەواوی دەیانبینی: بالای بەرزو رێك و هەڵکشاو، قژی رەش، جووتێ پێڵاوی لە پێدا بوو، لە پێستی حەیوانە کێوی دروست کرابوو، کراسێکی لەبەر بوو قۆپچەکانی کرابۆوە، پشتێنێکی بەسەرا بەستبوو کە گوڵینگەی گەورەو کەسکی پێوە شۆڕ بوو بۆوە، چاوە تیژو هەڵۆ ئاساکانی بە تیشکێکی خەست بریسکانەوەو بەسەر ئەو کێوانەدا گیرسانەوە کە بە شکۆوە لە ناو جەرگەی تەم و مژی سپێدەدا قوت بوو بوونەوە.

فەرماندە نیگا تیژەکانی بڕییە حەشامەتەکەو وەك بڵێی لەسەر هەر یەکێکیان نەختێ بوەستێ، پاشان پرسی:

کێ ئەم کابرایە دەناسێت؟

هەموو کە چاویان بە چاوی تیژی متلیستا دەکەوت، بە پەشێوی و بە پەلە چاویان دەتروکاندو سەریان دادەخست. تەنیا پیرێژنێك نەبێ کە توانای روو وەرگێرانی نەما بوو، بە جۆرێکی گەوجانەو تەوس ئامێزەوە چاوی بڕی بووە چاوی ئەو.

فەرماندە بە ساردییەوە پرسی: کەس نایناسێت؟ بە جۆرێ تاکیدی لەسەر وشەی "کەس" کرد، وەك بڵێی لای روون بوو کە هەر هەموو دەیانناسی. فەرماندە بە دەست ئیشارەتێکی بۆ ئەفسەرێکی بالا بەرز کرد کە پاڵتۆیەکی قوزاقی درێژی لەبەر بوو، سواری ئەسپێکی سورخنی چەموش بوو بوو، بانگی کرد: زۆر چاکە، هەنووکە مەعلووم دەبێ، نی چی تائیلو!

حەشامەتەکە خرۆشا، چپە چپ و خوتەو بۆڵەیان تێکەوت. ئەوانەی پێشەوە بە چاوەڕوانییەوە چاویان بە دەوروبەردا دەگێرا. کابرایەك بە جبەیەکی رەشەوە، بەتۆبزی رێی خۆی لە نێو حەشاماتەکەوە کردەوە، بە جۆرێ سەری داخستبوو کە تەنیا بریقەی کڵاوەکەی دەبینرا.

کابرا بەدەستێك دری بە خەڵکەکە دەداو بە دەستەکەی تری یەکێکی رێنوێنی دەکرد، پەیتا پەتیا دەیگوت: رێ بدەن! رێ بدەن!

سەر ئەنجام گەیشتە بەر هەیوانەکە. پاشان هەموو بینیان کە مێرد منداڵێکی لەگەڵدا بوو،مێرد منداڵێکی لاوازی قژ رەش، چاکەتێکی درێژی لەبەر بوو، دەترساو رێی دانەدەگرت.

نیگای چاوە رەشەکانی منداڵەکە لەسەر متلیستاوە چووە سەر کابرای فەرماندە. غەڵبە غەڵب و هەراو هوریا بەرز بۆوە. پەکو پۆی ژنان دەگەییە گوێ. متلیستا روانییە خوارەوە، هەر کە روخساری منداڵە قژرەشە چاو ترساوە مل باریکەکەی بینی، ناسییەوەو زانی ئەو منداڵەیە کە دوێنێ شەو ئەسپەکەی پێ سپاردبوو.
ئەو جووتیارەی دەستی منداڵەکەی گرتبوو، کڵاوەکەی لەسەر خۆی داکەند. کەللە تەخت و بۆرەکەی بە چەپکێك قژی بۆزەوە دەرکەوت و دەتگوت بە شێوەیەکی ناڕێك خوێیان بە قژییەوە پرژاندووە، کڕنوشی بۆ فەرماندەی سواران برد: شوانەکەم هێناوەتە خزمەتتان... وەلێ ترسا کەنەبادا قسەکەی نەژنەوتبێ، بە پەلە بەسەر منداڵەکەدا دانەوییەوەو پەنجەی بۆ لای متلیستا راکێشاو گوتی: ئەمەیە، ها؟
چاوانی منداڵەکەو متلیستا بۆ چەند لەحزەیەك راستەو راست لەسەر یەکدی گیرسانەوە — متلیستا بەبێ پەروایی و منداڵەکە بەترس و هاوخەمی و دڵسۆزییەوە، سەیری یەکتریان کرد. پاشان منداڵەکە نیگای گواستەوە سەر فەرماندەی سواران و چەند لەحزەیەك لێی راما، دەتگوت نیگای بە چارەی ئەوەوە دورا بوو، پاشان سەیرێکی ئەو جووتیارەی کرد کە دەستی گرتبوو و بە دنیایە ئومێدەوەوە بەسەریا دانەویبووە، ئاهێکی لە کانگای دڵەوە هەڵکێشاو بە خەمبارییەوە سەری لەقاند کە گوایە نایناسێت. بێدەنگی یەکی ئەوتۆ باڵی بەسەر حەشاماتەکەدا کێشا کە هەموو کەسێك خشەخشی پێی ئەو گوێرەکەیەی ناو تەویلەکەی لای ژووری مجێوری کڵێساکە بژنەوێ کە جاریێ دەڕۆیی و جاریێ دەوەستا.
جووتیارەکە بە پێکەنێنێکی تەوس ئامێزو بە دەنگێکی لەرزۆکەوە بە منداڵەکەی گوت: مەترسە گەوجە، مەترسە! جووتیارەکە بە خۆی دەترساو بەبێ ئۆقرەییەکی رقاوییەوە، بە یەك قەمکان ئیشارەتی بۆ لای متلیستا کرد: ئاخر ئەگەر خۆی نەبێ کێیە؟ بڵێ خۆیەتی، مەترسە، مەترسە... ئاه، ئەژدیها! تۆزێك وێستا —پاشان بە رق و بێ رەحمییەوە بازووی منداڵەکەی راتەکاند: دەقاو دەق خۆیەتی قوربان، ئەگەر خۆی نەبێ کێیە پایە بەرز؟ وەك بڵێی بە وتنی ئەم قسەیە بە دەنگی بەرز، خۆی تەبرێ دەکرد، جووتیارەکە بە مەرایی و ریاوە کڵاوەکەی لە نێو دەستیا دەگوشی: دەترسی بڵێ خۆیەتی: لەو زیاتر کێیە؟ ئەوەتا ئەسپەکەی بەزین و تەدارەکەوە حازرە، کیفی دەمانچەکەی لە نێو خورجەکەیدایە؟ دوێنێ شەو دەچێتە دیار ئاگرەکەو دەڵێ: با ئەسپەکەم لێرە بلەوەڕێ. خۆی دێتە نێو گوندو ئەم منداڵە چاوەڕێ دەکات تا دنیا روناك دەبێتەوە، بەڵام ئەم ئیدی ناگەڕێتەوە....
ئەوسا منداڵەکە ئەسپەکە دێنێتەوە بۆ ماڵێ، کیفی دەمانچەیەکی حەوت تیریش لەنێو خورجەکەیە— باشە، شایەت لەوە شایەت تر؟...
فەرماندەی سوارەکان پرسی: کابرای سوار کێ بوو؟ کیفی دەمانچەکە هی کێیە؟ بێهودە هەوڵی دەدا خاوەن ئەسپەکە بناسێت. جووتیارەکە پتر هەڵدەچوو، هەندێ خۆی بە کڵاوەکەیەوە خەریك دەکردو هەمدیس وەکو جاران بە قسەی بێ سەرو بەر دەستی بە رووکردنەوەی رووداوەکە دەکرد، کە چۆن شوانەکەی لە بەرە بەیاندا ئەسپێکی غەریبی زین

کردوو و کیفە دەمانچەیەك لە ناو خورجەکەی پاشکۆی بووەو هێناویەتییەوە بۆ ماڵێ.
فەرماندەی سواران بە ئەسپایی گوتی: من دەزانم چ کارێ بکەم، بەڵام ئەو ئیعتراف ناکات.
بەدەم ئیشارەت کردنەوە بۆ لای منداڵەکە، لەسەری رۆیی: باشەن ئەوە بێننە ئێرە، ئێمە بە شێوازی خۆمان دەیهێنینە قسان.
منداڵەکەیان لە پشتەوە بەرەو هەیوانەکە دەڵەکدا. وەلێ منداڵەکە زاتی نەدەکرد لە پلەکان سەرکەوێ. ئەفسەرەکە بە پلەکاندا داگەڕا، گرتی بە شانە لاوازەکانی منداڵەکەیاو لە زەوی بەرزی کردەوە. چاوە تیژو ترس وروژێنەکانی بڕییە چاوانی لە ترسا ئەبڵەق بووی منداڵەکە.
لە کاتێکا رەشێنەی چاوی منداڵەکە چوو بووە سەرەوە، لە پڕ قیژاندی: ئا– ئا – خ– خ!
یەکێك لە ژنەکان کە لە شپرزەییدا کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دابوو هاواری کرد: چیتان لەم منداڵە دەوێ؟
هەر لەو کاتەدا هەیکەلی گورج و چاپوکی زەلامێك لە پلەکانەوە توڕ درایە خوارەوە.
حەشاماتەکە بەدەم دەست هەڵبڕینەوە، شەپۆل ئاسا کشایەوە. فەرماندەی سوارەکان بە زەبری جەزرەبەیەکی سامناك لەسەر زەوی تەخت بوو.
ئەفسەرە خۆش ئەندامەکە، بە نائومێدییەوە دەستێکی هەڵبڕی، لە پڕ سەری لێشێواو ترسی لێنیشت، لە کاتێکا بیری چوو بوو کە بە خوێشی دەتوانێ تەقان بکات، هاواری کرد: بۆ وەستاون و سەیری دەکەن بە گوللە لێی بدەن!
چەند قوزاقێکی سوارە هەڵیان کوتایە نێو حەشاماتەکە، ئەسپەکان حەشاماتەکەیان تەرتەو وەرتەکرد. متلیستا بە هەموو قورساییەکییەوە فشاری لە دژمن دەکردو هەوڵی دەدا چنگ بخاتە گەرووی، بەڵام ئەوەی ژێرەوە کە وەکو شەمشەمە کوێرە پەلە قاژەی دەکردو جبەکەی بە چەشنی دووباڵ بڵاوبوو بۆوە، بە هەوڵ و تەقەلایەکی توڕەوە چنگی لە پشتێنەکەی متلیستا گیرکردو دەستی بۆ دەمانچەکەی برد، ئەنجام رێك لەو کاتەدا کە متلیستا دەستی گەیاندە ملی، ئەو دەمانچەکەی متلیستای دەرهێناو چەند گوللەیەکی بانەو بان یەکی پێوەنا.
کاتێ قوزاقەکان غاریاندا پێشەوەو کەوتنە راکێشانی لاقەکانی متلیستا، ئەو هێشتا چنگی لەگیاو پووشەکان گیر دەکرد. ددانەکانی جیڕ دەکردەوە. هەوڵی دەدا سەری راست بکاتەوە. بەڵام نا ئومێدانە دەکەوتەوە سەر زەوی.
ئەفسەرە کەتەکە فەرمانیدا: نیچیتائیلو! سوارەکان لە گوند بەرەدەرێ! ئەوجا بە ئەدەبەوە رووی کردە فەرماندەو پرسی: ئێوەش تەشریف دێنن پایە بەرز!
– بەڵێ.
– ئەسپەکەی پایە بەرز....
پاش نیو سەعات دەستەی قوزاقان بە سواری لە گوند دەرچوون، بە چارنارە بە هەمان رێگادا رۆیشتن کە دوێنێ شەو متلیستا پێیداهاتبوو.
باکلانۆف کە لەوانی دی کەم خەمو داختر نەبوو، ئیدی خۆی پێ نەدەگیرا، رووی کردە لڤنسون و گوتی: گوێ بگرە، با من لە پێشەوە بڕۆم، خوا دەزانێ چمان لە رێیە!

ئاوزەنگی لە ئەسپەکەیدا، زۆر زوتر لەوەی کە چاوەڕوانی بوو، گەییە قەراخی دارستانەکە، ئەو شوێنەی کوختە پەرپوت و وێرانەکەی لیٚ بوو. باکلانوف چوونە سەربانی بە پێویست نەزانی: لە دووری نیو قۆناغە ڕێیەکەوە، پەنجا سوارەی سوپایی دی کە لە گردۆڵکەیەکەوە دادەگەڕان، هەموویان هاو شێوەو یەك جۆرە جلیان لەبەر بوو. تیلماسکی زەرد بە کڵاوو پانتۆڵەکانیانەوە بوو. باکلانوف لە سیٚو دووی ئەوەدا بوو کە ئایا دەست بەجیٚ بگەڕێتەوە بۆ لای هاوڕێکانی وئاگاداریان بکاتەوە یان نا. "لڤنسون لەسەر گەیشتن بوو" خۆی لە نێو دەوەنەکاندا مەڵاسدا تا بزانیٚ ئەو سوارانە دەستەی تریان لە دواوەیە یان نا. چ هەواڵێك لە دەستەی دیکەوە نەبوو، سوارەکان بەڕیزی تا رادەیەك نا ڕێك حەرەکەتیان دەکرد. بە خاوی زەلامەکان و بە تەکە تەکی کەللەی ئەسپەکاندا دیار بوو کە مەودایەکی زۆریان بە چارنارە بڕی بوو.

باکلانوف گەڕایەوەو بەرەو پیری لڤنسون چوو، کە تازە لە دارستانەکە دەردەچوو. بەئیشارەتی دەست رایوەشاند.

لڤنسون دوای ئەوەی گوێی لێگرت، گوتی: زۆر زۆرن؟

– نزیکەی پەنجا کەسێك دەبن.

– پیادەن؟

– نا، سوارەن.

لڤنسون بە ئەسپایی فەرمانیدا: کوبراك، دوبوف– دابەزن! کوبراك تۆ لە دەستە راستەوە، دوبوف تۆش لە دەستە چەپەوە، بە خۆم ئیشارەتتان دەدەمیٚ! کە تەماشای کرد، بینی یەکێك لە پارتیزانەکان، پارتیزانێك کە دەموچاوی بە سارغی پێچرابوو، بە ئەسپایی لە ریزەکە دەرچوو، و بە تەمای فیرار کردن بوو. ژمارەیەکیش لە دەوروبەریا هاتوچۆیان دەکرد. لە ناکاو فیکەیەکی کێشا: بگەڕێوە سەر جێگاکەت! قامچییەکەی لێی راوەشاند.

باکلانوفی لە جێی متلیستا داناو دەستوری دایٚ کە لە هەمان جێگای خۆی بوەستیٚ. پاشان لە ئەسپەکەی دابەزی، دەمانچەکەی بە قەدییەوە جۆڵانەی دەکرد، لە پێش لەشکرەکەوە کەوتە لەنگین.

دەستووری دا کە پارتیزانەکان لە نێو دەوەنەکاندا تەدارەکی شەڕ لە خۆ بدەن، بەخۆیشی لەگەڵ پارتیزانێکدا بە سینگە خشکیٚ بەرەو کوختەکە کشا. سوارەکان تەواو نزیك بوون. لڤنسون، بە تیلماسکی زەردی قەد کڵاوو پانتۆڵەکانیانا، ناسینییەوە کە قوزاقن. بە چاوی خۆی دەیبینی کە فەرماندەکەیان جبەیەکی خوری لەبەر بوو.

بە ئەسپایی و دەنگی نزم دەستووری بە پارتیزانەکەدا: پێیان بڵیٚ، بە دزەو سینگە خشکیٚ خۆیان بگەیەننە ئێرەو تا دەستووری ئاینده کەس بۆی نییە لەسەر زەوی هەستیٚ... باشە. ئەدی ماتەڵی چیت؟ خیرا! ئەوجا بە تووڕەییەوە پارتیزانەکەی دەڵەکدا. هەر چەندە ژمارەی قوزاقەکان کەم بوو، کەچی لڤنسون لە پڕ وەکو قوناغەکانی سەرەتای شەڕی پارتیزانی هەستی بە شپرزەیی کرد.

لڤنسون لەو دەورەیەی ژیاندا دوو قوناغی دیاری دەکرد کە هیچ هێڵ و سنوورێکی دیاری کراو لە یەکدی جودا نەدەکردنەوە، تەنیا بە هەست، هەستێ کە ئەو قۆناغانە لایان دروست کردبوو، ئەو دوو قۆناغەی لێکدی دەناسییەوە.

لە قۆناغی یەکەمدا، کە چ ئەزموون و زانیارییەکی سوپایی نەبوو، نەیدەزانی تفەنگ بتەقێنێ و بە ناچاری رێبەری ژمارەیەکی لە عۆدەدا بوو، هەستی دەکرد تێکڕای رووداوەکان لە دەرەوەی سنووری تواناو دەسەڵات و ویستی ئەودا روویان دەداو لە راستیا ئەو دەستووری ئەنجامدانی دەرنەدەکردن. هەڵبەتە نەك لەبەر ئەوەی خۆی لە ئەرکەکانی دەدزییەوە، نا، چونکە ئەو بە هەموو ئەو هێزەوە کە لە بەردەستیا بوو، هەوڵی دەدا ئەرکەکانی ئەنجام بدات. هەروەها نەك لەبەر ئەمەش کە چ ئەوساو چ ئێستا باوەڕی وا بووبێ، توانایەکی ئەوتۆی نییە دەورێکی باشی لەو رووداوانەدا هەبێ کە یەخانگیری جەماوەری خەڵك بوو بوو —چونکە بە لای ئەوەوە ئەم بۆچوونە هەڵقولاوی خراترین دوو روویی بەشەری بوو. پەردەی شاردنەوەی بێ توانایی ئەوانە بوو کە بە هۆی تەمەڵی و حەز لە کار نەکردنەوە تەشەبوسیان پێ دەکرد. بەڵکو ئەمە بوو کە لەم دەورە کورتەی شەڕکردنیا بەشی هەرە زۆری فیکری خۆی تەرخان کردبوو بۆ زاڵ بوون بەسەر ترسی خۆیداو، شاردنەوەی ئەم ترسە لە خەڵکانی دی، ترسێك کە نەیدەتوانی لە کاتی جەنگدا جڵەوی بگرێ.

بە هەر حاڵ تا رادەیەك بە زوویی خۆی لە گەڵ هەلومەرجی شەڕدا گونجاند. گەییە ئەو سەرەنجامەی کەترس لە مردن، ئیدی بەرهەڵستی هۆی رزگاربوونی ژیانی خەڵکانی دی نەبوو.

لە قۆناغی دووەمدا، هێزو توانایەکی پەیدا کرد کە دەیتوانی تاسیر لە روداوەکان بکات و بیانخاتە سەر رێگای دروستی خۆیان. قۆناغی دیاری رووداوەکان و پێوەندی هێزەکان و ئەو کەسانەی گیرۆدەی رووداوەکان بوون، بە وردی پێشبینی بکات —ئەم تواناو هێزە بە تەواوی لەودا خەملی بوو.

بەڵام لڤنسون، هەنووکە هەستی بە هەمان شپرزەیی جاران دەکرد. لڤنسون ئەو شپرزەییەی بە هەڵقولاوی وەزعی رۆحی خۆی و بۆچوونەکانی لەمەڕ ون بوونی متلیستا دەزانی.

وەختێ ریزی پارتیزانەکان بۆ پێشەوە دەکشا، لڤنسون هێشتا هەر لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بەسەر خۆیدا زاڵ ببێ.

جارێکی دی روخساری کەمێ هەڵچووی، بە حەرەکاتی وردو دڵنیایی بەخشەوە، پرۆژەی نەخشەیەکی لە هەڵە نەهاتووی دەخستە بەردەم پیاوەکانی، کە بە زەبری عادەت و بە حوکمی پێویستی رۆحییەوە باوەڕیان پێی بوو. سوارەکان، ئەوەندە نزیك بوو بوونەوە کە دەنگی سمی ئەسپەکان و گفتوگۆی هێواشی سوارەکان دەبیسترا، تەنانەت روخساریشیان بە ئاشکرا دەبینرا. لڤنسون هەستی بەسۆزو هەستیان دەکرد، بە تایبەتی ئەفسەرە کەتەکە کە پایپێکی خستبووە نێو ددانەکانی و بەشێوەیەکی تا رادەیەك ناشیانە لەسەر زینەکە دانیشتبوو، و لە پێشەوە حەرەکەی دەکرد.

لڤنسون لەبەر خۆیەوە تێفکری: دەبێ چ جانەوەرێکی دڕندە بێ. نیگای لەسەر ئەفسەرەکە گیرسایەوەو بێ ئەوەی لە دەسەلاتی خۆیدا بێ هەموو ئەو خەسڵەتە نزمانەی بە عادەت دەیدانە پاڵ دژمن، هەر هەمووی بە لایەوە دروست دەرچوون: دڵم چۆن لێدەدا! ئاه، ئاخۆ کاتی تەقە کردن نییە؟ وەختێتی؟ نا، با بگەنە ئاستی ئەو دار غانە پاک کراوە، بۆ وەکو کیسە لەسەر زینەکە پان بۆتەوە؟ هەر کە سوارەکان گەیشتنە ئاستی دارەکە، دەنگێکی تیژو ڕەوان فەرمانیدا:

هێز- ڕز- ا تەقە!

ئەفسەرەکە لە دەنگی لڤنسون ڕاپەڕی و سەری هەڵبڕی. بەڵام پاش تۆزێك کڵاوەکە لەسەری پەڕی و نائومێدیو ترسێکی لە وەسف نەهاتوو باڵی بەسەر ڕوخساریا کێشا.

لڤنسون هەمدیس فەرمانیدا: تەقە! بە خۆیشی سێرەی لە ئەفسەرەکە گرت.

سوارەکان دووچاری پەشێویو سەر لێشێوان بوون. ژمارەیەکیان لە ئەسپەکانیان گل بوونەوەو کەوتنە سەر زەوی. بەڵام ئەفسەرەکە هەر لەسەر ئەسپەکەی بوو، ئەسپەکەی بە دەمی داچەقیوەوە ڕەوییەوە دوای چەند دەققەیەك پیاوانی ترس لێنیشتوو ئەسپانی ڕەواوە تێکەڵ بە یەکدی بوون. قوزاقەکان بە دەم هاوارەوە هەندێ شتیان دەگوت کە لەبەر هاڕەی گوللە نەدەبیسترا! پاشان سوارێك بە کڵاوو جبەی ڕەشەوە لە نێو ئەو پاشا گەردانییەوە دەرپەڕی و هاتە پێشی سوارەکانەوە، لە کاتێکدا بەزەحمەت جڵەی ئەسپەکەی بەرهەق دەکرد، شمشێرەکەی بە هەوادا با دەدا، پێ دەچوو، قوزاقەکان گوێیان لە فەرمانەکەی نەگرتبێ، لە ڕاستیا ژمارەکیان لەو دەمەدا بە چوار ناڵە فیراریان دەکردو ئەسپەکانیان بەر قامچییان دەدا، پاش تۆزێك پارتیزانەکان هێرشیان کردە سەریان. دەتگوت لە زەوییەوەهەڵقولان، بەدەم تەقە کردنەوەو بە پەلەو بێ پەرواییەوە دوایان کەوتن.

لڤنسون هاواری کرد: سواربن! باکلانوف –لێرەوە! بە سواری!.

ڕوخساری باکلانوف گۆڕابوو، لەشی لەسەر ئەسپەکەوە بردبووە پێشەوە، بەرەو لای لڤنسون تاوی دا، شمشێرێك بە دەستییەوە بوو وەکو بلور دەدرەوشایەوە. دەستەکەی لڤنسون بە هاوارو زرنگە زرنگی پۆڵاو شمشێرەوە دوای کەوتبوو.

پارتیزانەکان هەر زوو قوزاقەکانیان ڕاونا.

متچیك لەگەڵ ئەم هێزەداو لە نێو شەپۆلی ئەم جەماوەرەوە تاوی دەدایە پێشەوە. ئێستا نەك هەر نەدەترسا. بەڵکو شێوازی بیرکردنەوە تایبەتییەکەی خۆیشی فەرامۆش کرد بوو.

پشتی زەلامێکی لەبەردەم خۆیەوە دەبینی کە قژەکەی بڵاوبوو بووە، دیمەنی زەلامەکەی بەلاوە ئاشنا بوو، دەیزانی دژمن لە هەڵاتندایە، ئەویش وەکو ئەوانی دی چ ئامانجێکی نییە جگە لەوەی لە دژمن نزیك ببێتەوەو لە زەلامە ئاشناکەی بەردەمی جێ نەمێنێ.

دەستە قوزاقەکان لە نێو بێشەیەکی چۆڵ دا وون بوون، پاش تۆزێك بە توندی کەوتنە تەقە کردن، بەڵام پارتیزانەکان کە گەرم بوو بوون، بێ خاو بوونەوە دوویان کەوتن و هەڵیان بڕین.

ئەسپێکی توکن کە لە بەردەم متچیکەوە غاری دەدا، لە پڕ گلاو بەسەرا کەوت، باڵی سوارەکەی سەری، لێك بلاوبووەو بەسەر سەرو کەللەی ئەسپەکەدا گل بووەوەو کەوتە سەر زەوی. متچیك-ش وەکو ئەوانی دی بە تەنیشت جەستە رەشە گەورەکەدا، کە لە سەر زەوی تلی دەدا، پێچی کردەوەو رەت بوو.

متچیك کە چیدی پشتی زەلامە ئاشناکەی بەردەمی خۆی نەدەبینی، چاوی بڕییە دارستانێك کە بە خێرایی بەرەو لای ئەو دەهات. کابرایەکی ئەندام وردیلەی ریشن کە سواری ئەسپێکی رەش بوو بوو، وەکو بروسکە بە تەنیشتیا رەت بوو و بە هاوارەوە شتێکی گوت و بە شمشێرەکەی فەرمانیدا. ئەو سوارانەی کە شان بە شانی ئەو ئەسپیان تاو دەدا. بە خێرایی بە دەستە چەپا پێچیان کردەوە، بەڵام متچیك کە نەیدەزانی بۆ وایان کرد، بە چوار ناڵە تاوی داو بە نێو دارستانەکەدا تێی تەقاند. وەختێ کە خۆی بە قەدی درەختەکاندا دەدا، لقی رووتی درەختەکان دەمو چاویان دەڕوشاند، بە زەحمەت توانی "نیوکا" رابگرێتەوە.

نیوکا زۆر خراپ بریندار بوو بوو، متچیك بە تاقی تەنێ کەوتە نێو بێدەنگی ئاسایی دارستانی غان و چڕی گەڵای زەردو زێڕینی گیاکانەوە.

پاش تۆزێك بۆی دەرکەوت کە دارستانەکە پڕە لە قوزاق، کەئەمەی بینی قیژاندی و پەشۆکا، بێ گوێدان بە تیژی لق و پۆپی دەوەنەکان کە دەمو چاویان دەگەست، بە پەلە بەرەو دوا گەڕایەوە، وەختێ گەییە دەشتاییەکە، پارتیزانەکان رۆیی بوون، لەدووری دوو سەد هەنگاوێکەوە لاشەی ئەسپێکی زین خواری بینی کە لە سەر زەوی کەوتبوو، کابرایەك لە پاڵ ئەسپەکەدا ئەژنۆی خەمی گرتبووە باوەش و بەبێ جووڵە دانیشتبوو، ئەم کابرایە ماروسکا بوو.

متچیك کە لەو ترسەی دوایی خۆی شەرمەزار بوو، لێی چووە پێشەوە.

میشکا بەلادا کەوتبوو، ددانەکانی بە دەرەوە بوون، چاوە درشتەکانی بە جۆرێکی خەمناك ئەبڵەق بوو بوون، دەستەکانی بەسمە تیژەکانییەوە لە ئەژنۆوە نوشتا بووەوە، دەتگوت لە مردنیشا هەر ئامادەی غاردانە. ماروسکا بە نائومێدییەوە سەیرێکی کرد. چاوە لێڵەکانی وشك و سووتێنەر بوو.

متچیك لە بەرانبەری وێستاو بە ئەسپایی گازی کرد: ماروسکا! لە پڕ شەپۆلێکی میهرەبانی و بەزەیی وروژێن سەبارەت بە ماروسکاو ئەسپە تۆپیوەکەی، سەراپای بوونی داگرت.

ماروسکا لەجێی خۆی نەجووڵا، بۆ چەند لەحزەیەك هیچ یەکێکیان نە قسەیەکی کرد نە حەرەکەتێ.

پاشان ماروسکا ئاهێکی هەڵکێشا، بە ئەسپایی ئەژنۆکانی بەرەڵلا کردو لەسەر هەردوو چۆکان دانیشت، بێ ئەوەی سەیری متچیك بکات، دەستی بە کردنەوەی زینەکە کرد. متچیك دەترسا دەست بە قسان بکاتەوە... بە بێدەنگییەکی تەواو سەیری ماروسکای دەکرد. ماروسکا کەوتە کردنەوەی قایش و قروشی زینەکە، قایشێکیان پچڕابوو. ماروسکا بە وردی چەرمە پچڕاوەکەی تاقیکردەوە، قایشەکە بە خوێنەوە بوو، تۆزێ پەنجەی تێ وەرداو توڕیدا، پاشان

بە دەم بۆڵە بۆڵەوە زینەکەی بە شانیا داو بە کۆمە کۆمو لاقی خوارەوە بەرەو دارستانەکە ڕۆیی. متچیك لە دواوە هاواری کرد: با من بیهێنم، یان حەز دەکەی ئەسپەکەمت دەدەمێ و من بە پێیان دێم.

ماروسکا ئاوڕی نەدایەوە، پتر لە ژێر قورسایی زینەکەدا کۆمایەوە.

متچیك لەبەر هەندێ هۆ دەیوست خۆی لە ماروسکا دوور بگرێ، بۆیە بە دەستە چەپا پێچی کردەوە، وەختێ لە دارستانەکە دەرچوو، گوندێکی نزیکی بەدی کرد، بە دەستە راستا، کە دۆڵێکی درێژ تا زنجیرە شاخێك دادەکشاو لە دوور ون دەبوو، دیمەنی دارستانێکی بەرچاو کەوت. ئاسمانی دەمەو بەیان ساف و ڕۆشن بوو، بە جۆرێکی تاقەت بەر لە نزمییەوە بەسەر سەریانەوە ڕاوەستا بوو. هەتاو بە ئاستەم دەبینرا.

پەنجا هەنگاوێك لەو لایەوە، لاشەی ئەو قوزاقانەی بە زەبری شمشێری پارتیزانەکان کوژرابوون، لەسەر عاردی کەوتبوون، یەکێکیان هێشتا نەمردبوو، پەیتا پەیتاو بە زەحمەتێکی زۆرەوە هەڵدەسایە سەردەستەکانی و دووبارە دەکەوتەوەو دەیناڵاند. متچیك لە دووری کابرای بریندارەوە ڕەت بوو، هەوڵیدا گوێچکەکانی لە ئاستی ناڵەی ئەو دابخات. ژمارەیەك لە پارتیزانەکان لە گوندەکەوە بە سواری بەرەو ڕووی ئەو دەهاتن.

متچیك کە گەییە نزیکی پارتیزانەکان، گوتی: ئەسپەکەی ماروسکایان کوشتووە.

چ کەسێك وەڵامی نەدایەوە. یەکێکیان بە گومانەوە سەیری کرد، وەك بڵێی بیەوێ بپرسێت: کاتێ کە ئێمە لێرە شەڕمان دەکرد، جەنابت تەشریفی لە کوێ بوو؟ ڕوخساری ئەو پیاوە خەمو زەحمەتێکی زۆری پێوە دیار بوو، متچیك بە سواری تێپەڕی و دڵی خەبەری ڕووداوی شوومی دەدا.

وەختێ متچیك گەییە گوندەکە، ژمارەیەکی زۆر لە پارتیزانەکان جێیان خۆش کردبوو و ئەوانی دی لە پاڵ کوختێکی گەورەی پەنجەرە زل وێستا بوون. لڤنسون بە کڵاوە خوارەکەیەوە، کە لە ئارەقەو چڵکنی دا غەرق بوو بوو، لەبەر هەیوانێك وێستا بوو و فەرمانی دەدا، متچیك لە نزیکی پەرژینەکە، لەو شوێنەی کە ئەسپەکانیان لێ ڕاگرتبوو، دابەزی.

سەر دەستەبە شێوەیەکی تانە ئامێزەوە لێی پرسی: ئەوە لە کوێ غەیب بوو بووی؟ خەریکی کارگ کۆکردنەوە بووی یان؟.....

متچیك گوتی: نەخێر، تۆو هاورێکانم گوم کرد. متچیك نەیدەزانی چ بیرێك دەربارەی ئەو دەکەنەوە، تەنیا بە حوکمی عادەت هەوڵی دەدا خۆی تەبرێ بکات، وەختێ من چوومە نێو دارستانەکەوە، وابزانم ئێوە بە دەستە چەپا پێچتان کردەوە.

پارتیزانێکی گەنج، کە قژەکەی جوان ڕێك خستبوو و ڕێك دای هێنا بوو و پەرچەمێکی پۆپنە کەڵەشێر ئاسای بەردابۆوە، هاواری کرد: دروستە بە دەستە چەپا... من گازم کردیت بەڵام وابزانم تۆ گوێت لێ نەبوو. ئەمجا لە کاتێکدا بە شادییەکی ئاشکراوە وردو درشتی چۆنیەتی ڕاونانی قوزاقەکانی وەبیر خۆی دەهێنایەوە، بە پەلە بۆ لای متچیك گەڕایەوە، متچیك ئەسپەکەی بەستەوەو لە پاڵ ئەودا "کوڕە گەنجەکە"دانیشت. کوبراك بە خۆیو دەستەیەك

پارتیزانەوە، لە کۆڵانێکەوە دەرچوو، دوو پیاوی لە پشتەوە دەست بەستراویان بەرەو کوختەکە دەهێنا. یەکێکان جبەیەکی رەشی لەبەر بوو. سەری تەخت و کرێت بوو. دەتگوت بە شێوەیەکی نا رێك خوێنیان پێوە پرژاندووە، کابرا هەڵدەلەرزی و لە زەلامەکانی دووروبەری دەپاڕایەوە.
ئەوی تریان کەشیشێکی لاواز بوو، جبەیەکی شڕی لەبەر بوو، کە لە ژێرییەوە پانتۆڵە چرچ و لۆچەکەی و پێش بەندی رەشی تایبەتی کەشیشان دەبینرا. کە متچیك سەرنجیدا بینی زنجیرێکی زیوین، کە بێگومان لە خاچێك کرابۆوە، بە پشتی کوبراکدا شۆڕ بوو بۆوە.
وەختێ ئەو دوو زەلامەیان بەرەو هەیوانەکە بکێش دەکرد، لڤنسون، بە نیگەرانی و رەنگی پەڕیووەوە ئیشارەتی بۆ لای زەلامە جبە رەشەکە کردو گوتی: ئەمە خۆیەتی؟
جووتیارەکان تێکڕا هاواریان کرد: خۆیەتی، هەمان پیاوە!
ستاشینسکی لەسەر تەیمانەکەو لە تەنیشت لڤنسون–ەوە وێستا بوو لڤنسون پێی گوت: ئەم بودەڵەیە! خۆ تازە متلیستاش زیندوو نابێتەوە. لڤنسون کە خێرا خێرا چاوەکانی دەتروکاند، رووی وەرگێڕا، چەند لە حزەیەك بێدەنگ بوو، هەوڵی دەدا بیر لە متلیستا نەکاتەوە. کابرای زیندانی کە چەشنی سەگ جارێ سەیری لڤنسون–ی دەکردو جارێ سەرنجی جووتیارە هەژارەکانی دەدا، بە گریانەوە دەپاڕایەوە: هاوڕێیان! هاوڕێیانی ئازیز!.... ئێوە لاتان وایە ئەم کارەم بە ئارەزووی خۆم کرد؟ ئاه، خوایە! هاوڕێیانی ئازیز!
جووتیارەکان روویان لێ وەرگێڕاو گوێیان بەگریان و پاڕانەوەکەی نەدا.
یەکێك لە جووتیارەکان بە قێزەوە تەماشای کردو بە رەقی گوتی: ئەوە چ دەڵێی؟ خۆ خەڵکی گوند هەموو بە چاوی خۆیان دیتیان کە منداڵەکەت ناچار دەکرد شایەتی لێ بدات.
جووتیارێکی دی کە لە شەرمەزاریدا سەری داخستبوو، گوتی: خەتای کەس نییە، خەتای خۆت نەبێ!
لڤنسون بە ساردییەوە گوتی: تیربارانی بکەن، بەڵام کەمێ بیبەنە ئەولاترەوە!
کوبراك پرسی: ئەدی کەشیشەکە؟ ئەمیش قەحپەیەکە– میوانداری ئەفسەرەکەی کردووە.
–لێی گەڕێن با بڕوات– ملی خۆی بشکێنێ و بچێ بۆ دۆزەخ!
وەختێ کوبراك کابرای بە تۆبزی بۆ ئیعدام کردن رادەکێشا، کۆمەڵێك لە جووتیارەکان دووی کەوتن. کابرا چەناگەی دەلەرزی و بە شیوەن و گریانەوە پێیەکانی لە عاردی دەچەقاند.
سیسکین بە کڵاوە چڵکنەکەیەوە و بە روو خۆشییەوە بەرەو لای متچیك رۆیی و بە شادییەوە گوتی: ئەهای! ئەوە لێرەی! هەموو گیانت بە خوێنەوەیە بڕۆ با بڕۆین خۆراکێ پەیدا بکەین. ئێستا ئیشی یارۆ دەبینن. سیسکین بە ماناوە وشەکانی درکاندو فیکەیەکی کێشا.
ئەو کوختەی کە نانیان لێ خوارد، شوێنێکی پیس و بۆگەن بوو، بۆنی نان و وردە کەلەرمی لێدەهات، دەورووپشتی سوپاکە پڕ بوو لە زڕو زبڵ و سەرە کەلەرم. وەختێ سیسکین نانەکەی بە شۆربای کەلەرمەوە قوت دەدا، یەك وچان باسی ئەو کارە دیارانەی دەکرد کە ئەنجامی داون و بۆ خۆی لاف و گەزافی لێدەداو هەموو دەققەیەکیش لە ژێرەوە تەماشای ئەو کیژەی دەکرد کە

خزمەتی دەکردن، کیژەکە، کیژێکی قشتیلەی خرپن بوو، جووتێ پرچی هۆنراوەی درێژی بەردا بۆوە، بە کەیف و بە دەماخ دیار بوو. متچیك هەوڵی دەدا تەماشای سیسکین نەکات، بەڵام هەمیشە گوێ قوڵاخ بوو، بچووکترین دەنگ و سرتە دەی لەرزاند، سیسکین بە دەم پارو قوتدان و هەناسە سوار بوونەوە گوتی: کاتێکم زانی گەڕایەوەو سێرەی لێ گرتم. بەڵام مۆڵەتم نەداو لەسەر عاردەکە تەختم کرد.

لەم دەمەدا لە دوورەوە دەنگی دەستڕێژی گوللە هات. شوشەی پەنجەرەی کوختەکە لەرییەوە.

متچیك راپەڕی، رەنگی زەرد بوو، کەوچکەکە لە دەستی کەوت.

دەم و چاوی خستە نێو دەستی و بە غاردان لە کوختەکە دەرچوو و بە نائومێدییەوە هاواری کرد: ئەم کارانە دواییان نییە!! لە نێو پوشەکاندا درێژ بوو، دەمو چاوی بە یەخەی چاکەتەکەی داپۆشی، بە خۆشی نەیزانی چۆن گەییە ئەوێ، لەبەر خۆیەوە تێفکری: کابرا جبە رەشەکەیان کوشت، بەم زووانە بە هەمان ئاسانی منیش دەکوژن، بەڵام ئاخۆ لە راستیا من زیندووم؟ رەنگە منیش بە هەمان ئاسانی بکوژرێم، ئیدی خۆشەویستان هەرگیز نابینمەوە... ئەو کیژە جوانەی کە وێنەکەیم دڕاند... بە قژە پڕ چین و ئەڵقەکەیەوە... ئەو پیاوە جبە رەشە بەستەزمانە، دەبوایە دادو فریادی بکردایە... ئاه، خوایە، بۆ وێنەکەیم دڕاند؟ ئایا ئیدی قەت نایبینمەوە؟ چەند پەرێشانم!

وەختێ لە نێو پوشەکانەوە دەرچوو، شەو بوو، چاوەکانی مات و نیگای خەمبار بوو. لە شوێنێکەوە، کە پێ دەچوو زۆر نزیك بێ، دەنگی مەستانەی هەندێ ئاوازی بێ سەروبەر دەهات، یەکێك ئۆکردوێنی لێدەدا، لەبەر دەرگاکەدا تووشی کیژێکی باڵا بەرزی پرچ هۆنراوە بوو، کیژەکە جووتێ سەتڵی کرد بوو بەم سەرو ئەو سەری دارێکاو خستبوویە سەر شانی و وەکو لقێکی تاقانە لە ژێر قورسایی سەتڵەکاندا نەوی بوو بۆوە. بە دەم پێکەنین و چاو هەڵبڕینەوە گوتی: ئاه، باشە تۆش بچۆ سەیر بکە، یەکێك لە هاورێکانی ئێوە لەگەڵ گەنجانی گوندەکەماندا سەرگەرمی شادییە، گوێ بگرە —دەژنەوی؟ دەست بەجێ بەنازەوە سەرە چکۆڵەو جوانەکەی بەرەو دەنگێکی گۆشەیەکی مەیدانەکە وەرگێڕا! سەتڵەکان جولانەیان دەکرد، ئاوەکەی نێو، سەتڵەکان شەپۆلی دەدا، کیژەکە بە شەرمەوەو بە پەلە بەرەو دەرگا چوو.

دەنگێکی مەستانە بە ئاوازەوە شیعرێکی گوت کە متچیك ئەو شیعرەی لەبەر بوو: هەر شایانی ئێمەی دیلە...!

متچیك بە وردی دیقەتی گۆشەی مەیدانەکەیدا، سەیری کرد ماروسکا ئۆکوردیۆنی لێدەدا، قژە لوولەکەی بەسەر چاویا رژابوو و بە گۆنا ئارەق کردوو سوور هەڵگەڕاوەکانییەوە نووسا بوو.

ماروسکا بەدەم لەتر دانەوە بە ناوەندی کۆڵانەکەدا دەڕۆیی و بە هەموو هێزێکییەوە ئۆکوردیۆینی لێدەدا. هەموو ئەو کارانەی بە جۆرێ دەکرد، وەك ئەوەی بە ناشیرینی کارەکانی خۆی بزانێ و لێیان ژێوان بێ، کۆمەڵێك خەڵکی بێ پشتێن و سەرکۆت و مەستی خۆی ئاسا شوێنی کەوتبوون. منداڵانی زیتەڵەو پێ پەتی وەکو مەیمون دەم لاسێکیان دەکردەوەو خۆڵیان

به حەوادا دەكردو خەریكی كەیف و خۆشی و هەڵبەزو دابەز بوون. ماروسكا هەر كە متچیكی بینی بە شادییەكی ریا كارانەوە هاواری كرد: هێی، دۆستی ئازیز! بۆ كوێ دەچی؟ ناڕەحەت مەبە- عەزێتت نادەم مەی دەخۆیتەوە، نەفرەتت لێ بێ! بە هەر حاڵ هەموومان پێكەوە دەمرین!.

هەموو حەشاماتەكە لە دەوری متچیك خڕبوونەوە، رووی خۆش و مەستانەیان كردە ئەو. هەناسەیان دەكردە دەموچاویا، یەكێكیان نیو قاپ عەرەق و ئارووییەكی خستە دەستییەوە.

متچیك كە هەوڵی دەدا خۆی لە دەستیان دەرباز بكات، گوتی: نا، نا، من مەشروب خۆر نیم، حەز ناكەم كە....

ماروسكا بە كەیفە كەرانەیەكی مەستانەوە هاواری كرد: بخۆ، نەحلەتی خوات لێ بێ... ئەی خوا.... ئەی مەسیح... ئەی دایكی موقەدەس!... ئێمە هەمووومان پێكەوە دەكوژرێین!.

متچیك كە چاری نەما، گوتی: كەواتە یەك تۆزێ، تكا دەكەم، خۆتان دەزانن من ناتوانم بخۆمەوە.

چەند مژێكی لە قاپێك خواردەوە. ماروسكا تا توانی ئوكۆردیۆنەكەی كردەوەو بە دەنگێكی ناساز دەستی بە گۆرانی گوتن كرد، ئەوانی تریش لەگەڵیا دەستیان پێكرد.

یەكێكیان باوەشی بە متچیك دا كردو گوتی: لەگەڵ ئێمەدا وەرە. ئەمجا بە منگە منگەوە پارچە شیعرێكی بە گۆرانی گوت: ئێرە جێگای ژیانی منە! ئەوجا دەمو چاوە تووكنەكەی بە گۆنای متچیكەوە نووساند.

بەدەم شۆخی كردن، سەگ ترساندن و جنێودان بە ئاسمان -بەو گومەزە رەشە بێ ئەستێرەیەی كە بەسەر سەیانەوە بوو- بە خۆیان، بەم دنیا فانییەو بە دایكی خۆیان... بە جادەكەدا دەڕۆیشتن.

گولاو

ڤاریا له هێرشەکەدا بەشدار نەبوو، له دارستانەکەدا، به دیار بنەو بارگەی لەشکرەکەوە مابۆوە، وەختێ گەییە گوند سەیری کرد هەموو پارتیزانەکان له ماڵە جووتیارەکاندا جێیان خۆش کردبوو، سەری کرد پارتیزانەکان بەپێی دەستە بەسەر کوختەکاندا دابەش نەبوون، دەستەکان تێکەڵن و کەس ئاگای له کەس نییەو گوێ به فەرماندەکانیش نادەن –به راستی هەر هەموو هێزەکە بووە به دەستەی سەربەخۆ. ڤاریا له رێگادا کەلاکی ئەسپەکەی ماروسکای بینی بوو، بەڵام کەس هەواڵی ئەسەحی نەدا بوویێ که ماروسکا چی بەسەر هاتووە، هەندێ دەیانگوت کوژراوە– به چاوی خۆیان دیتویانە، جونێکی دی دەیانگوت هەر برینداربووە، جونێکی دی له چارەنووسی بێ خەبەر بوون. له پڕ به دەنگی بەرز باسی بەخت و نێوچەوانی خۆیان دەکرد که چۆن له مۆڵەق رزگار بوون. هەموو ئەو بەزم و رەزمە سەرگەردانی ڤاریای زیاتر دەکرد، ئەو سەرگەردانیەی له دەمی هەوڵدانی بێ هودەیەوە بۆ متچیك، تووشی بوو بوو.
ڤاریا ئەوەندە له خۆ نواندنی عاشقانەی پیاوان، له برسێتی و له بیرە بێزارکەرەکانی خۆی وەڕس و بێ تاقەت بوو، تەنانەت توانای ئەوەی نەما بوو کە به چاکی خۆی لەسەر زینەکەی رابگرێ، گریان بینی گرتبوو، لەنکاودا تووشی دوبوف بوو. دوبوف یەکەم کەس بوو که به راستی ڤاریا به دیتنی خۆشحاڵ بوو. دوبوف به پێکەنین و هاوخەمییەوە پێشوازی کرد.
روخساری دوبوف له جاران پیر تر دەینواند، سمێڵە رەشەکانی توزاوی بوو بوو، روخساری ئاشناو درشت و خۆشەویستی باقی یارانیش له هی دوبوف چاکتر نەبوو. ڤاریا کە ئەو دیمەنانەی بینی، چەشنە هەستێك سەراپای داگرت و دڵی گوشی، هەستی دڵسۆزی و خەمباری. هەستی پتر. خۆشەویستی پارتیزانەکان، هەستی بەزەیی به خۆ هاتنەوە سەراپای داگرت و دڵی گوشی. ڤاریا کە ئەوانی بینی دنیای بیرەوەرییەکان هاتەوە سوێ... بیرەوەری رۆژانی گەنجی، ئەو رۆژانەی کە کیژێکی جوانکیلەو چاپوك بوو، پرچی نەرم و ناسك دەوری شان و ملی دابوو، ئەو رۆژانەی که عارەبانە دەستییەکانی به نێو ڕاڕەوە تاریکەکانی مەعدەندا داژۆت، ئەو رۆژانەی کە لە کوڕی شەواندا سەمای دەکردو بە چاوە درشت و ئارەزوو بزوێنەکانی هەمان ئەم روخسارانەی له دەوری خۆی خڕ دەکردەوە.
ڤاریا لەو ساوە کە لەگەڵ ماروسکادا بەشەڕ هات، تا رادەیەك لە وان دا بڕابوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانی به تاقە یارانی نزیکی خۆی دەزانی –ئەو مەعدەنچییانەی کە زەمانێ لەگەڵیا ژیا بوون و عەشقبازیان لەگەڵ کردبوو. به میهرەبانی و پەشیمانییەوە لەبەر خۆیەوە تێفکری: لەو زەمانەوە کە ئەوانم دیتووە، چ رۆژگارێ تێپەڕیوە! خۆ خەریك بوو لە بیرم دەکردن. ئاه، ئازیزانی من!.... لا جانگەکانی دایانە ژان، فرمێسك زاییە چاوی، بە هەزار حاڵ تا توانی جڵەوی فرمێسکەکانی بگرێ.

دوبوف تەنیا کەسێك بوو، کە ئەندامی دەستەکەی خۆی بە ڕێك و پێکی و لە چەند کوختێکی نزیکی یەکدا دامەزراند بوو، ئەندامانی دەستەکەی لە دەوروبەری گوندەکەدا حەرەس بوون، هەروەها لە کۆکردنەوەی ئازووقەو پێداویستییەکاندا یارمەتی لڤنسون یان دەدا، ئەو حەقیقەتەی کە جاران کەوتبووە ژێر پەردەی ئەستووری ڕووداوەکان و کاری ئاسایی ڕۆژانەوە، گوایە هەموو ئەندامانی هێزەکە ڕۆڵی یەکسانیان تێدا دەبینی، ئەو ڕۆژە بە تەواوی ئاشکرا بوو: کە تومەز هەر دەستەکەی دوبوف بووە کە یەکێتی تەواوی هێزەکەی دەپاراست.
ڤاریا لەیارانی سەردەمی مەعدەنی ژنەوت کە ماروسکا لە گوێز ساغ ترەو تەنانەت برینداریش نییە، ئەسپە تازەکەی ماروسکایان، کە لە گاردی سپی گرتبوویان، بە ڤاریا نیشاندا، ئەسپێکی سورخنی لاق درێژ بوو... هەر لە ئێستاوە ناوی ئەسپەکەیان نابوو یەهودا.
ڤاریا بە خەیاڵی پەرێشانەوە ڕوانییە ئەسپەکەو لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: باشە، کەواتە زیندووە... زۆر خۆشحاڵم.
پاش شیو خواردن، خۆی گەیاندە سەر خەرمانە کایەك و لەسەر کایە بۆن خۆشەکە ڕاکشا – بە ترسەوە گوێی هەڵخستبوو کە نەبادا یەکێك لە کۆنە دۆستان لەسەر کایەکەوە بێتە لای، هەمدیس بە هەستی گەرم و شیرین و سوکنایی بەخشەوە ئەوەی بیر خۆی خستەوە کە ماروسکا زیندووە. بەدەم ئەم بیرە سوکنایی بەخشەوە خەوت، لەپڕ بە شپرزەییەکی زۆرەوە لە خەو ڕاپەڕی، دەستەکانی لەسەرما تەزی بوون، تاریکە شەوێکی بێ پایان لە نێو کادێنەکەوە گەمارۆی دابوو، بایەکی سادر لق و پۆپی درەختەکانی ڕا تەکاند، کایەکانی پەرت کردەوە، گەڵای درەختی نێو باخەکەی هێنایە خشەخش، ڤاریا بە ترسەوە بیری کردەوە: خوایە! ماروسکا لە کوێیە؟ ئەوانی دی دیارن؟ هەمدیس دەبێ بە تاقی تەنێ لەم کادێنەدا بمێنمەوە؟
ڤاریا بەدەم هەڵ لەرزینەوە بزمەکانی داخست، جڵەکانی لەبەر کردو بە پەلە بە سەر کایەکدا داگەڕا، وەختێ گەییە نزیکی دەرگای کادینەکە، پاسەوانێ لە تاریکییەکەوە دەرکەوت.
کە نزیك بۆوە ڤارا پرسی: کێ حەرەسە؟ کوستیا، ماروسکا گەڕاوەتەوە؟
کوستیا بە کەسەرێکی زۆرەوە پرسی: ئەوە تۆ لە کادێنەکەدا خەوتبووی! غەدرت کرد، من نەمزانی.... چاوەڕێی ماروسکا مەکە – خەریکی کەیفی خۆیەتی. لەسوێی ئەسپەکەی ئەوەندەی خواردۆتەوە ئاگای لە خۆ نییە. سەمارت نییە؟ شقارتەت پێیە؟
ڤاریا دەستی بە گیرفانەکانیا گێڕاو شقارتەیەکی دایێ. کوستیا تەڵێ شقارتەی داگیرساند، لە نێو هەردوو دەستە لیرەکەیدا ڕایگرت و بەرەو ڕووی ڤاریای برد.
بە دەم پێکەنینەوە گوتی: ئێژی حاڵت باش نییە کیژێ! ڤاریا، یەخەی پاڵتۆکەی هەڵدایەوەو بە نێو دەرگاکەدا ڕەت بوو: شقارەتەکە بۆ خۆت.

- کێوە دەچیت؟
- دەچم ماروسکا دەبینمەوە.
- ماروسکا؟ باشە، باشە! ئەدی نابێ من لەبری ئەو.... ها؟
- نا، پێم وانییە بتوانی.

- هم، نۆبەتی ئەو قەوانەیە!

ڤاریا وەڵامی نەدایەوە. پاسەوانەکە لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەمە یەکێکە لە ئێمە... چەند کیژێکی رەندە!

دنیا ئەوەندە تاریك بوو، ڤاریا بە زەحمەت رێی دەکرد، بارانێکی ورد دەستی پێکرد، خشە خشی باخان مرۆڤیان پەرێشان و بێ تاقەت دەکرد، توتەڵە سەگێك لە سووچێکا و لەبن پەرژینێکا دەیویقاند. ڤاریا لەو تاریکییەدا بۆی دەگەڕا، دۆزییەوە، خستییە باوەشی و پاڵتۆکەی بە سەریادا. ئەو حەیوانە بەستەزمانە لەسەرماندا هەڵدەلەرزی و قەپۆزی لە سنیگی ڤاریا هەڵدەسوو، ڤاریا، لە نزیکی کوختێکا تووشی پاسەوانێکی دەستەکەی دوبوف بوو- پرسیاری شوێنی ماروسکای لێکرد، پاسەوانەکە، ڤاریای بەرەو لای کڵێساکە نارد، ڤاریا بە سەرگەردانی نیوەی گوندەکەی دایە ژێر پێوەو بێ ئەوەی ماروسکا بدۆزێتەوە، بە نائومێدی گەڕایەوە.

ئەوەندەی ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵان کرد، رێگاکەی گوم کرد، سەرگەردان و بێ مەبەست خۆی دایە دەم هەنگاوەوەو بە توندی توتەڵە سەگەکەی- کە هەنووکە گەرمی بوو بۆوە- بە سینگی خۆیەوە دەگوشی، پاش یەك سەعات سەرگەردانی گەیشتە رێیەك بۆ ئەو کوختانە دەچوو کە دەستەکەی دوبوڤ لێ بوون. ئیدی لەوێوە کەوتە رێ. بۆ ئەوەی نەخزێ دەستەئازادەکەی بە پەرژینەکەوە دەگرت، هێشتا چەند هەنگاوێ نەڕۆیی بوو کە لە دوورەوە ماروسکای بەدی کرد. ماروسکا بە دەما کەوتبوو، سەری خستبووە نێو هەردوو دەستی و لە پاڵ پەرژینەکەدا دەیناڵاند، تازە رشابۆوە. ڤاریا هێشتا بە دروستی ماروسکای نەناسیبۆوە، کە بە هەست زانی خۆیەتی، چونکە ئەمە یەکەمجاری نەبوو، کە ماروسکای بەو حاڵەوە دەبینی.

ڤاریا بە سەریا دانەوییەوە، دەستە نەرم و میهرەبانەکانی خستە سەر شانی و بەناوی خۆیەوە گازی کرد: ڤانیا! بۆ لێرە خەوتووی؟ زۆر ناڕەحەتی،ها؟

ماروسکا سەری هەڵبڕی. ڤاریا کە چاوی بە رەنگ و روخساری هەڵپەنماوو بێ گیانی کەوت، دڵی پێی سوتا -ماروسکا زۆر لاوازو کەم جورم دەینواند، کە ڤاریای ناسییەوە لە قاقای پێکەنینیدا، زوو بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، هەستاو دانیشت، لاقەکانی راکێشاو پشتی بە پەرژینەکەوە دا.

بە دەنگێکی کزو بڕێ وشەی نامەفهوم و مەستانەوە گوتی: ئەها تۆیت، ئیحتراماتت عەرز دەکەم!....

ڤاریا بە هەمان ریتمی دەنگی ماروسکاوە گوتی: سلاوی من لە تۆ، هاوڕێ ماروسکا!.....

ڤاریا دەستی گرت و گوتی: هەستە با بڕۆین ڤانیا! رەنگە نەتوانی رێ بکەیت؟ کەمێ سەبر بکە، ئێستا بە دەقیقەیەك هەموو شتێك تەگبیر دەکەم، هەنووکە یەکێك خەبەر دەکەمەوە... ڤاریا پشتی راست کردەوە، دەیوست ماروسکا بەرێ بکات بۆ یەکێك لەو کوختە نزیکانە، بەڵام دوو دڵ بوو لەوەی کە ئاخۆ خەبەر کردنەوەی پیاوانی غەریبە لەم تاریکە شەوەدا کارێکی دروستە

یان نا! باشە وەختێ ئەو لەگەڵ پیاوێکی مەستا ببینن کە دەچێتە کوخێکەوە، چی دەڵێن! ڤاریا قەت دەربارەی چ مەسەلەیك بەم چەشنە بیری نەکردبۆوە.

بەڵام ماروسکا لە نکاودا بەترسەوە سەری باداو بە تووڕەییەوە نەڕاندنی: نا، نا، نا!... نەخەڵەتابی ئەوانە بێدار بکەیتەوە، ئەگینا منیش پێت نیشاندەدەم! بێدەنگ بە!... ئەمجا مشتەکانی بەسەر سەریا را وەشاند، ڤاریا وای دەزانی کە ماروسکا لە ترساندا بە هۆش هاتەوە:

– گونچارنکو لەوێیە. نازانی؟ .... چ دەکەی؟

– باشە چی لێ بکەم؟ ئەو چ پێوەندی بە کاری ئێمەوەیە...

ماروسکا نێو چەوانی بە یەکا داو چنگی خستە قژی: تۆ نازانی... ئەو وا دەزانێ من زۆر پیاوم... ئاخر ئیدی بە چ روویەکەوە... چۆن دەتوانم.... نا، نابێ ئەم کارە بکەیت....

ڤاریا هەمدیس بەسەریا دانەوییەوەو گوتی: چ گەوجانە قسان دەکەی، عەزیزم تۆ سەیرکە، خەریکە باران دەبارێ، ئێرە شێدارە، ئاخر سبەی حەرەکت دەکەین و دەڕۆین– لەگەڵما وەرە عەزیزم!

ماروسکا بە هێمنییەکی خەم ئامێزەوە گوتی: من پیاوێکی بێ کەڵکم! بە کەڵکی چی دێم، من کێم، چ کارەم، بۆ دەژیم؟ هاوڕێیان باش بیری لێ بکەنەوە!....

بە چاوانی تەڕی فرمێسك و ئاوساوەوە نیگایەکی بەزەیی وروژێنی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕا. پاشان ڤاریا لەبەر دەمیا دانیشت، بە دەستە ئازادەکەی بە جۆرێ لە ئامێزی گرت، خەریك بوو برژانگەکانی بەر لێوی ماروسکا بکەوێ، بە دڵسۆزی و میهرەبانییەکی ئەوتۆوە، وەك بڵێی منداڵێك بلاوێنێ، کەوتە لاواندنەوەی.

– بۆ ئەوەندە خەفەت دەخۆی؟ نیگەرانی ئەسپەکەتی، ئا؟

خۆ ئەسپێکی تریان داویتێ –ئەو ئەسپە چاکەش! خەم مەخۆ ئازیزم، مەگری! تۆ سەیر سەیر، سەیری ئەم توتەڵە چکۆڵەیە بکە، دۆزیمەوە، تەماشای ئەم توتەڵە چکۆڵە جوانەبکە! ئەوجا یەخەی پاڵتۆکەی لاداو توتەڵە خەواڵوکەی پێ نیشاندا. ڤاریا بە جۆرێ ئاڵۆوشی تێ کەتبوو، دەتگوت گشت زەڕەیەکی لەشی تامەزرۆو شەیدای دەست لەملانێ بوو بوو.

ماروسکا گوێچکەی توتکەکەی گرت و بە خۆشەویستییەکی مەستانەوە گوتی: ئاه، ئاه، کە چکۆڵەیە! لە کوێ دۆزیتەوە؟ گاز دەگرێ،هەی سەگ بابی چکۆڵە!

– یاللا عەزیزم، هەستە با بڕۆین!

ماروسکای هەستاندە سەر پێ، بەدەم لاواندنەوەو ناز هەڵگرتنییەوە، هەوڵی دەدا بیرە نا رەحەتەکانی لێ بتارێنێ، بەرەو ماڵەکە بردی. ماروسکا لە عینادی کەوت و گوێ رایەڵانە خۆی بە ڤاریا سپارد.

ماروسکا بە درێژایی رێگا، کەم و زۆر نێوی متچیکی نەهێنا، ڤاریاش کەم و زۆر باسی نەکرد، دەتگوت هەرگیز متچیك ناوێك لە نێوانیاندا نەبووە، بەڵام هەر زوو ماروسکا خیشی کردو کپ بوو، بە پەلە دەهاتەوە سەرخۆ.

وەختێ گەیشتنە ئەو خانووەی دوبوڤ تێدا بوو. ماروسکا دەستی بە موحەجەرەکەوە گرتو هەوڵیدا سەر بکەوێ و بچێتە کادێنەکەوە، بەڵام لاقەکانی لە دووی نەدەچوون.

ڤاریا پرسی: یارمەتیت بدەم؟

ماروسکا لە کاتێکدا دەیویست پەرێشانی خۆی وەشێرێ بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە: نە، قەحپە! بەخۆم دەڕۆم!

- کەواتە زۆر چاکە خوا حافیز!

دەستەکانی ماروسکا خاو بوونەوە، بە ترسەوە سەیری ڤاریای کرد: یانی چی- خوا حافیز؟

ڤاریا بە خەمباری و بە پێکەنینێکی ناچارییەوە گوتی: یانی خوا حافیز!.

کوتوپڕ دوای ڤاریا کەوت، باوەشی پێدا کردو گۆنای بە گۆنایەوە گوشی، ڤاریا هەستی کرد، ماروسکا دەیەوێ ماچی بکات. ماروسکا هەر چەندە شەرمی دەکرد لەم کارە، بەڵام هەر ئەنجامیدا، مەعدەنچیان بە دەگمەن کچانیان رادەموسی، تەنیا لەگەڵیاندا دەخەوتن. ماروسکا لە هەموو ژیانی خێزاندارییاندا تەنیا جارێك ڤاریای ماچ کردبوو، ئەویش لە ئاهەنگی زەماندەکەیاندا بوو، ماروسکا مەست بوو و خەڵکەکەی دەوروبەر هاواریان لێدەکرد: ماچی کە، بووکێ ماچ بکە!

ماروسکا کە کەمێك دامرکایەوە، سەری خستە سەر شانی ڤاریاو ئەنجام خەوی لێکەوت ڤاریا بە خەمو کەسەرەوە بیری کردەوە: هەمان تاسو هەمان حەمام. ئێژی چ شتێك رووی نەداوە، دیسان هەمان رێگا، هەمان مەیدان، هەمدیس بەرەو هەمان ئامانج... بەڵام خوایە گیان چ لەزەتێك لەمەدا هەیە!

ڤاریا پشتی کردە ماروسکا، چاوەکانی لێك ناو لاقەکانی راکێشا، بەڵام ئەو شەوە خەو نەچووە چاوانی. پاسەوانەکان لە پشتی گوندەوە لەسەر شاڕێی ناوچەی خوانیخدزاوە حەرەسیاتیان دەگرت، سێ تەقە، وەکو نیشانەی خەتەر، کران.

ڤاریا مارۆزکای خەبەر کردەوە. هێشتا ماروسکا سەرە گڤنەکەی بەرز نەکردبۆوە کە دەنگی تازەی تەقەکردنی حەرەسەکان هات، دوا بە دوای ئەم تەقەیەو لە پڕ هارەی رەشاشێك گورگ ئاسا لوراندی و بێدەنگی و تاریکییەکەی لێك ترازاند و وەڵامی یەکەم تەقەکردنی دایەوە.

ماروسکا بە ئازارو سەربادانەوە دوای ڤاریا کەوت و بەقاڵدرمەکانا دابەزی. باران وەستابوو. بەڵام بایەکە توندی کردبوو. دەرگایەك بەتوندی داخرا، گەڵای زەردو تەڕ بە ئاسمانی تاریکدا پەرت بوونەوە. هەندێ تیشك لەنێو تاریکییەکەوە دەبریسکایەوە پاسەوانەکانی دوبوف بە کۆڵانەکانا غاریان دەداو لە پەنجەرەی کوختەکانیان دەدا.

لەو دەمەدا کە ماروسکا بەرەو تەویلەکە دەچوو تا یەهودا دەربێنێ، سەرجەمی رووداوەکانی دوێنێی بیر کەوتەوە، وەختێ کەلاکی میشکای هاتەوە بەر چاو، دڵی گوشرا، لەپڕ بە بێزارییەوە رەفتارە جەنجاڵەکانی دوێنێ شەوی خۆی بیرکەوتەوە؟ کە چۆن بەمەستی بەسەر شەقامەکەدا لەتری دابوو و هەموو کەس بە چاوی -پارتیزانێکی- مەستەوە سەیریان کردبوو. دەنگی ئاوازو شیعرە بێ تامەکانیان لەم پەڕو لەو پەڕی گوندەوە ژنەوتبوو، لەگەڵ متچیکی

رەقیبیدا چوو بووە بادەنۆشی، وەکو دۆستێکی دڵسۆز قەولی دابویێ کە خۆشی بویێ، داوای لێبوردنی لێ کردبوو بۆ؟ لەبەرچی... ئێستاکێ بە چاوانی خۆی ریاو درۆی رەفتارەکانی خۆی دەبینی. لڤنسون چ دەڵێ؟ پاش ئەو هەموو بەزمو رەزمە چۆن رووی بێ تەماشای گونجارنکو بکات؟ زۆربەی هاوڕێکانی خەرکی ئەسپ زین کردن بوون. هەندێکیان ئەسپەکانیان زین کردبوو، و لە تەویلەکە دەیانهێنانە دەرێ. بەڵام ماروسکا هەموو کارەکانی ناتەواو و خوار بوو. زینەکە تەنگو پێچی پێوە نەبوو، تفەنگەکەی لە کوختەکەی گونجارنکو دانابوو، کە دوبوڤ بینی لە نێو حەسارەکەدا غار دەداو خەریکە پارتیزانەکان کۆ دەکاتەوەو ئامادەیان دەکات، قەلەندەرانە لەتیموڤ پاڕایەوەو گوتی: ئیموڤ، هاوڕێ یارمەتیم بدە! تەنگو پێچێکی یەدەکم بدەیە– دەزانم! تۆ دانەیەکت هەیە.

دوبوف نەڕاندی: چی؟ ئەدی تا ئێستا چیت دەکرد؟ دوبوف بەدەم جنێودانو تووڕە بوونەوە ئەسپەکانی دەڵەك دەدا، بەرەو ئەسپەکەی تاوی داو قامچییەکی هەڵگرتو بە تووڕەییەوە لەسەری رۆیی: هەنووکە پێت نیشان دەدەم. گەڕایەوە بۆ لای ماروسکاو تا هێزی تیا بوو قامچییەکی بە پشتی ماروسکادا کێشا.

ماروسکا لەبەر خۆیەوە تێفکری: دیارە حەقی خۆمە، ئێستاکێ بۆی هەیە لێم بدات– مستەحەقم، ماروسکا بە ئاستەم ناڕەزایی دەرنەبڕی، تەنانەت هەستی بە ئازاری قامچییەکەش نەکرد، بەڵام دنیا لە پێش چاوی تاریکتر بوو. دەنگدانەوەی ئەو گوللانەی تاریکی شەویان شەقار دەکرد، تاریکی شەوو ئەو چارەنوسەی لە مەیدانی گوندەکەدا بۆسەی بۆ نابۆوە– پێ دەچوون سزایەکی رەوا بێ بەرانبەر بە خراپییەکانی سەرانسەری ژیانی.

وەختێ کۆبوونەوە، مەیدانی تەقە تا نزیکی چۆمەکە پەڕەی سەند، گوللەی گڕدار وەکو مار بە ئاسماندا دەیفیشکاندو لە ناوەندەی گوندەکەدا دەتەقییەوە.

باکلانۆف پشتێنەکەی بە مەحکەمی لەسەر پاڵتۆکەیەوە بەستو بەدەمانچەی رووتەوە، بەغاردان بەرەو دەرگاکە چوو و بە دەنگی بەرز هاواری کرد: بەپێ. بەڕێز! ئەوجا رووی کردە دوبوف: بیست کەس بۆ ئاگاداری ئەسپەکان بهێڵنەوە. ئەمجا فەرمانیدا: لە دوای منەوە: بە غار! لە نێو تاریکییەکەدا ون بوو. پارتیزانەکان بەدەم داخستنی یەخەی پاڵتۆکانیانو کردنەوەی سەری فیشەکدانەکانیانەوە بە غار دوی کەوتن.

لەڕێ، تووشی هەندێ پاسەوان بوون کە خەریکی هەڵاتن بوون.

پاسەوانەکان بەدەم هەناسە بڕکێو دەست بزواندنو ترسەوە هەواڵیان راگەیاند کە: سوپایەکی گەورەیان لەوێیە!

تۆپە مەیدانیەکان کەوتنە گرمە، گوللە تۆپەکان لە ناوەندی گوندەکەدا تەقینەوەو بۆ لەحزەیەك ئاسمانو گومەزی کڵێساکەی، کە لە حاڵەتی داتەپیندابوو و باخی کەشیشەکەی کە لە بەر تیشکی ئاو نگا دەبریقایەوە روناك کردەوە، دوای تۆزێك ئاسمان لە جاران تاریکتر بوو، گوللەکان دوا بە دوای یەك و لە ماوەی کەمدا دەتەقینەوە، شوێنێك لە ئاخرو ئۆخری گوندەکەوە لە نێو بڵێسەی ئاگردا گڕی دەسەند: رەنگە خەرمانێك یان کوختێك بوو بێ.

باكلانۆف بۆ ئەوە دانرا بوو کە بەردەمی دژمن بگریٚ. لڤنسون بۆ ئەوە دانرا بوو کە فریای ڕێکخستنی هێزەکەو کۆکردنەوەی پارتیزانە پەراگەندەکانی نێو گوندەکە بکەویٚ، بەڵام تازە درەنگ بوو: بەر لەوەی باکلانوف بتوانیٚ زەلامەکانی ڕێك بخات، بە بلاچەی تۆپەکاندا بۆی دەرکەوت کە دژمن لەلای دەستە چەپی چۆمەکەوە گەمارۆی داون، ڕەنگە لە دەققەو سەعاتا بگەنە ناو گوندەکە.

پارتیزانەکان بەریان لێگرتن و بە دەم تەقەکردنەوە، لە سووچێکەوەو بە دەستە ڕاستا کەتنە پاشەکشە، پارتیزانەکان بە زیگزاگ بە نێو کۆڵان و خانوو باخەکاندا بە پەلە پاشەکشەیان کرد. کە گەیشتنە دەوروبەری چۆمەکە، باکلانۆف بۆی دەرکەوت کە سەنتی گوللەکانی دژمن بەرەو ناوەندی گوندە، بۆیە گومانی تێدا نییە کەزۆری پیٚ ناچێت، هەموو گوندەکە دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

لە پڕو بە هاواری سامناکەوە، سوارەی دژمن لە شا ڕێگاکەوە دەستی بەهێرش کرد، لافاوی هەڵچوو، و تاریکی کەللەی ئەسپان و مرۆڤ لە جادەکەوە کەوتە حەرەکە.

باکلانوف چیدی هەوڵی بەگری نەدا، لەگەڵ دەستەکەی خۆیدا کە (دە) کەسیان کوژرا بوون، بە پەلە بەرەو بەشی داگیر نەکراوی گوندەکەو لەوێوە بەرەو دارستانەکە پاشەکشەی کرد. لە پاڵ دوا ماڵەکانی گوندا. گەییە باقی پارتیزانەکان، ئەو پارتیزانانەی کە لڤنسون سەرپەرشتی دەکردن و لەسەر باکلانوف وەستا بوون. ڕیزی پارتیزانەکان بە پەلە هەڵدەوەشایەوە.

لڤنسون هەناسەیەکی هەڵکێشاو فەرمانیدا: خێرا سواربن! یاڵڵا!

هەموو سوار بوون، بە پەلە بەرەو دارستانێك کە لە قولایی دۆڵێکا ڕەش دەچۆوە، شۆڕ بوونەوە. هەموویان لە دژمنەوە دیار بوون. دەست ڕێژی ڕەشاش حەشری پێدەکردن، موشەك وەکو مار لە قولایی ئاسمانەوە دا دەکشان و ئاسمانی دەکرد بە ڕۆژی روناك، موشەك لەبەرزییەوە بە توندی دادەکشاو پاشکۆ گڕاوییەکەی بە عاردی دادەخشاند و لە ژێر دەست و پێی ئەسپەکانەوە دەچوو بە عاردیدا، ئەسپەکان بەدەم راپەڕین و دەموقەپۆزی گەرم و داچەقیوی خوێناوییەوە وەکو ژنان فیزاحیان دەکرد. هێزەکە بەیەکا دەچوون و ئەو جەستانەیان بەجیٚ دەهێشت کە بە بریندارى لەسەر عاردەکە دەتلانەوە.

لڤنسون ئاوڕی دایەوە، گڕێکی زۆری بە سەر دۆڵەکەوە بینی– کوختێکی زۆر لە سووتانا بوو، لەبەر تیشکی ئەم روناکییەوە روخساری تاریك و تووڕەی تاقە جووتیارێك یان کۆمەڵە جووتیارێك کە بە پەلە لە هاتوچۆدا بوون دەبینرا.

ستاشینسکی لە تەنیشت لڤنسونەوە ئەسپەکەی تاو دەدا. لە پڕ لەسەر زینەکە گلا، پێیەکی لە ئاوزەنگییەکە گیر بوو. ماوەیەك بەدووی ئەسپەکەوە، بە عاردیدا خشا، پاشان پێی لە ئاوزنگییەکە ترازا، ئەسپەکە بە تەنیٚ و بە چوار ناڵە بۆی دەرچوو. پارتیزانەکان خۆیان لەم پەڵە ڕەشەی سەر عاردەکە لا دەدا، تا نەبادا جەستە مردووەکەی بکەنە ژێر پێوە.

باکلانوف بە پەرێشانیەوە هاواری کردو ئیشارەتی بۆ لای ڕاست کرد: لڤنسون تەماشا! پارتیزانەکان گەیبوونە قولایی دۆڵەکەو دەقە بە دەقە لە دارستانەکە نزیکتر دەبوونەوە،

لەسەر دۆڵەکەوەو لەو شوێنەوە کە کێڵگەیەکی رەش باوەشی بە ئاسماندا کردبوو، سوارەی دژمن بە غاردان دوایان کەوتبوون. ئەسپی سوارەکان لەم لاترەوە بە گەردنی کشاوو بەو سوارانەوە کە بەسەر پشتی ئەسپەکانەوە چەمی بوونەوە، دەرکەوتن، ئا لەم کاتەدا بەنشێوی دۆڵەکەدا داگەڕان و لە ناو جەرگەی تاریکییەکەدا ون بوون.

لڤنسون پەتیا پەتیا ئاوڕی دەدایەوەو ئاوزەنگی لە ئەسپەکەی دەداو هاواری دەکرد: خێراترا! خێراترا! ئەنجام گەیشتنە قەراخ دارستانەکەو دابەزین. باکلانوف لەگەڵ دەستەکەی دوبوف دا لە پاشەوە مانەوەو رێگای لە دژمن گرت. باقی پارتیزانەکان ئەسپەکانیان راکێشاو لە قووڵایی دارستانەکەدا ون بوون.

نێو دارستانەکە کپ و بێدەنگ بوو، لە هاڕەی دەستڕێژی رەشاش و گیزو هوڕی گوللەی تفەنگ و گرمەی تۆپ دوور کەوتنەوە، پێ دەچوو ئەو دەنگە بێگانانە توانای ئەوەیان نەما کە چیدی کپی دارستانەکە بشڵەقێنن.

هەندێ جار دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە دەبیسترا، درەختی گەورەی لەناو جەرگەی دارستانەکەدا تەخت دەکرد.

ناو بە ناو، لێرەو لەوێ ئاگری گەورە لە نێو دارستانەکە دەکەوتەوە، شەوقی دەخستە سەر زەوی و قەدی درەختەکان و شۆکەی شیلەداری قەد درەختەکانی خڵتانی خوێن دەکردو لە کەناری دارستانەکەدا ون دەبوو.

لڤنسون ئەسپەکەی خۆی بە یفیمکا سپارد، رێبەرایەتی دایە دەست کوبراك و ئەو رێیەی پێ نیشان دان کە دەبوو بیگرنە بەر "هەڵبژاردنی رێگا بەپێی فرمانێکی دیاریکراو تەنیا لە ئەستۆی لڤنسوندا بوو". خۆی لە لایەکەوە وێستا تا پارتیزانەکان سەرژمێر بکات و بزانێ چەندیان لە مەرگ رزگار بوون.

پارتیزانەکان بە بەردەمیا رەت دەبوون،هەموو رق هەستاوو تەڕو ماندوو، بە زەحمەت لاقیان هەڵدەهاتەوە. هەموو چاویان بڕی بووە قوڵایی تاریکی دارستانەکە، ئاو لە ژێر پێیانەوە شڵپەی دەکردو بە دەوروبەریان دا هەڵدەپڕژا. ئەسپەکان تا بەر سینگیان دەچووە زەلکاوی ناو دارستانەکەوە.

چوونە پێشەوە، بە تایبەتی بۆ دەستەکەی دوبوف، کە دەستەی پێشەوە بوون، زەحمەت بوو. هەر پارتیزانێك سێ ئەسپی پێ بوو، تەنیا ڤاریا نەبێ کە دوو ئەسپی پێ بوو، یەکێکیان ئەوەی خۆی بوو و ئەوی دیکەشیان هی ماروسکا بوو. شوێن پێی قوڕاوی و بەد بۆن و خوارو خێچ لە پاش پارتیزانەکانەوە جێ دەما، دەتگوت تمساحێکی لنج و بۆگەن بە نێو کەوتبوو.

لڤنسون هەر جارەی خۆی دەدایە سەر لاقێکیا، تاڕەت بوونی دوا زەلام ئەم کارەی دووبارە کردەوە، لە پڕ ریزەکە لە حەرەکەت کەوت.

لڤنسون پرسی: چییە بۆ ناچنە پێشەوە؟

یەکێك لە پارتیزانەکان کە بە بەردەمیا رەت دەبوو، وەڵامی دایەوە: نازانم. ئەو پارتیزانە متچیك بوو.

– به ریز لەوانەی پێش خۆتانەوە بپرسن.
پاشان وەڵام هاتەوە، ژمارەیەك لێوی لەرزۆك و بێ رەنگ ئەم وشانەیان دووبارە دەكردەوە: گۆماوێك لە رێگامانەو چ رێیەكی دیكەش نییە.
ڤنسون كە لەگەڵ لەرزینی كت و پڕی ئەژنۆكانیا دەجەنگی، بەپەلە بەرەو لای كوبراك چوو، تازە لە نێو چڕی درەختەكان ون دەبوو، كە سەیری كرد، بینی پارتیزانەكان چەشنی شەپۆلێكی گەورە پەنگیان خواردۆتەوە، بەملاو بەولادا بڵاوبوونەوە. گۆماوە تاریك و عاسییەكە لە هەموو لایەكەوە رێگای لێ گرتبوون، هەر ئەو رێگایە هەبوو كە لێوەی هاتبوون ئەو رێگایەی تاكو ئێستاش دەستەكەی دوبوف قارەمانانە بەرگری لێ دەكرد، هەنووكە تەقوتۆقی قەراخ دارستانەكەیان بەلاوە غەریب نەبوو. ئەو پیاوانەی لە نێو گڕی رق و شێتیدا دەسووتان، لە كن و كۆی ئەو كەسەدا بوون كەمەسئولیەتی رۆژ رەشیانی لە ئەستۆ بوو: چ پێویست بە ناوهێنانی ڤنسون- ش نەبوو، هەر ئەوەندە بەس بوو لەم كاتەدا تووشی ببن، تا بە هەموو هێزی ترسیانەوە بەسەریا دابارن. چونكە ئەو كێشا بوونیە ئێرەو داوایان لێدەكرد رزگاریان بكات.
لە پڕ بە مەشخەڵێكی داگیرساوەوە كە گۆنا توكنەكەی رەنگە مات و مردووەكەی، ددانە بەچیڕا چووەكانی، چاوە درشت و ئەبڵەق بووەكانی كە چەشنی پشكۆیەكی گەش لەسەر دەمو چاوی هەر یەكێكیان دەگیرسایەوەو خێرا تێدەپەڕی –رووناك دەكردەوە، لە نێو ئەم پیاوە ترس لێنیشتوانەوە دەركەوت. دەنگی لە نێو بێدەنگییەكی كورت خایەندا، بە شێوەیەكی تووڕەو ناسك و گیراوەوە- بەجۆرێ كە هەموویان دەیان ژنەوت دەنگی دایەوە.
– كێ ریزەكانی تێك داوە؟ بگەڕێنەوە! تەنیا كیژان دەترسن! بێدەنگ! ڤنسون كە وەكو گورگ ددانەكانی لێكدی دەسوو، دەمانچەكەی دەرهێناو بە دەنگێك كە كوت و پڕ دەنگی ناڕەزایی خستە سەر لێوان هاواری كرد: گوێ لە فەرمانی من بگرن! چ رێگایەكمان نییە. لەسەر گۆماوەكە وە رێ دەكەوینەوە. ئەمجا دەستووری بە فەرماندەی تازەی دەستەی سێیەمدا: بوریسون! بە پەلە بچۆ هیمدادی باكلانوف، پێی بڵێ تا من دەستووری پاشەكشە نەدەم، هەر بەرگری بكات. كوبراك سێ كەس هەڵبژێرە بۆ پاراستنی پێوەندی نێوان ئێمەو باكلانوف. پارتیزانەكان گوێ بگرن. ئەسپەكانتان ببەستنەوە! دوو دەستەتان خەریكی دار بڕینەوە بن. ئاگاتان لە شمشێرەكانتان بێ خراپیان نەكەن! پارتیزانەكانی دی لە ژێر فەرمانی كوبراكدا دەبن و بێ چەند و چون دەستوورەكانی ئەنجام دەدەن لە سەرتانە گوێ رایەڵ ئەو بن! كوبراك دوای من بكەوە! ڤنسون پشتی كردە زەلامەكان، مەشخەڵەكەی بەسەر سەرییەوە گرت و بە ماتە مات بەرەو گۆماوەكە هەنگاوی نا.
گرووپی پیاوانی روخاو و پێكا چوو كە هەموو تۆزێ لەمەوبەر بەو پەڕی نائومێدی یەوە دەستیان هەڵبری بوو و فرمێسكیان دەڕشت و ئامادەی تاوانكردن و پیاو كوشتن بوون، لەپڕو بە پەلەیەكی سەیرو شێت ئاسایانەوە گوێ رایەلانە كەوتنە ناو گێژەنگی كار كردن و

زەحمەتکێشانەوە، لە چاوتروکانێکا ئەسپەکان بەسترانەوە، شمشێرەکان بە سەرو پۆتەڵاکی درەختی غاندا داهاتنەوەو دارستانەکە لە ژێر جەزرەبەی شمشێردا کەوتە ناڵە ناڵە.
دەستەکەی بوریسوف بە تەقە تەقی شمشێرو لە نێو شڵپە شڵپی ئاودا خۆی کرد بەناو تاریکییەکەدا و بەتەنیشت ئەو پیاوانەدا ڕەت بوون کە هەنووکە یەکەمین باوەشی لقی تەڕیان هەڵدەکرت. گوێیان لە قرچەی دارێك بوو کە لە کەوتن دابوو، کۆمەڵە لقێکی چڕو گەورە بە خشە خش کەوتە سەر زەوییە نەرمەکە. پارتیزانەکان لەبەر تیشکی مەشخەڵێکی داگیرساودا. سەرەوەی لینج و سەوزو تاریك و قەوزە گرتوو و پڕ شەپۆلی مار ئاسای گۆماوەکە یان لە بەرپێی خۆیاندا بینی.
پارتیزانەکان بە لقە درەختەکانەوە هێرشیان بردە نێو زەلکاوەکە.
لە نێو تاریکییەکەوە، سیمای ڕەنجاو و پشتی چەماو لق و پۆپی چڕو تێك ئاڵاو، لەبەر ڕۆشنایی مەشخەڵێکی دووکەڵاوی دا بە ئاشکرا... دیار بوو. پارتیزانەکان پاڵتۆکانیان لە کەنارێکەوە دانا، بەدەنی بریندارو خوێناوی و ماسولکەی گرژ بوو و ئارەق کردوویان لەنێو پانتۆڵ و کراسە دڕاوەکانیانەوە دەبریقایەوە. هەموو شتێکیان: زەمان و شوێن، لەش، شەرم و ئازارو داماوی خۆیان نابووە لاوە. پاش هەڵوەستەیەك کلاوەکانیان لە ئاوی پیسی زلکاوەکە، کە بۆنی بۆگەنی هێلکە قورباقەی لێدەهات، پڕ کردو چەشنی جانەوەرێکی بریندار بە تاسەوە بینیان پێوە نا.
دەنگی تەقە سات بە سات نزیك و نزیکترو بەرزترو ترسناك تر دەبوو. باکلانوف پەیتا پەیتا زەلامی دەنارد کە: ئاخۆ دەتوانن زوو کارەکە راپەڕێنن؟ بەم زووانە ؟...
باکلانوف نزیکەی نیوەی پیاوەکانی لە دەست دابوو. دوبوف لەئەنجامی بریندار بوون و خوێن لەبەر ڕۆیشتن مرد بوو. باکلانوف هێواش و ئینج ئینج پاشەکشەی دەکرد. ئەنجام گەییە ئەو شوێنەی دەوەنەکانیان بۆ سەر گۆماوەکە لێ بڕی بۆوە. باکلانوف نەیدەتوانی لەوە پتر بەرگری بکات و پاشەکشێ نەکات. گوللەی دژمن بەسەر زەلکاوەکەدا گیزەی دەکرد. ژمارەیەك لەو پارتیزانانەی کە مژۆلی کارکردن بوون، بریندار بوون. ڤاریا زامەکانی تیمار دەکردن. ئەسپەکان لەترسی دەنگی تەقە، شێت ئاسا دەیانحیلاندو دەڕەوینەوە. هەندێکیان هەوساریان دەپچڕی و کوێرانە خۆیان دەکوتایە نێو دارستانەکەوەو دەکەوتنە گۆماوەکەوەو بە ناڵەی بەزەیی ورۆژێنەوە داوای کۆمەکیان دەکرد.
وەختێ دەستەی دواوە هەواڵی تەواو بوونی ڕێگاکەیان زانی، ئەوانیش تێیان تەقاند. باکلانوف بە ڕوومەتی قوپاو چاوانی ماتوچارەی لە دوو کەڵو باروتا ڕەش هەڵگەڕاوەوە، بە دەمانچەی رووتەوە هەڕەشەی لە زەلامەکانی دەکردو لە رقانا دەگریاو بە دوایانا غاری دەدا. ئەندامانی هێزەکە بەغەڵبە غەڵب و بەچەك و تەدارەك و مەشخەڵەوە ئەسپەکانیان بەدووی خۆیاندا بکێش کردو هێرشیان لۆ سەر ڕێگاکە برد. ئەسپانی تورە جەنەیان دەبەست و بەترسەوە هەڵدەستانە سەر پاشوو و خۆیان هەڵدەدایە سەر ئەسپەکانی پێش خۆیانەوە. ڕێگا بە دارو دەوەن دروست کراوەکە لە ژێر پێیاندا دەشکاو دەخزی. لە ئاخرو ئۆخری ڕێگاکەدا

ئەسپەکەی متچیك کەوتە زەلکاوەکەوە. پارتیزانەکان بە گوریس و بە دەم هات و هاوارو جنێو دانەوە ئەسپەکەی متچیك یان دەرهێنایەوە. متچیك بە تووڕەیی چنگی لە گوریسەکە گیر کرد، ئەو گوریسەی لەگەڵ تەقەللای شێتانەی ئەسپەکەدا دەجوولا. هەر چەندە لقە خزەکانی ژێر پێی دەترازان، بەڵام ئەو هەر دەست بەرداری گوریسەکە نەبوو. وەختێ ئەسپەکەیان دەرهێنایەوە، هەوڵیدا ئەو گرێیانە بکاتەوە کە لە دەست و پاشووی ئەسپەکە گیر بوو بوون، بە شەوقێکی لە رادەبەدەرەوە ددانەکانی لە گرێ قوڕاوی بۆگەنەکان گیر دەکرد.

لڤنسون و گونچارنکو دەبوا لە پاش هەموو بپەڕنەوە. مینەرەکە، مینێکی لە ناوەندی رێگا دەستکردەکە نایەوە تا ئەگەر دژمن بگاتە سەر رێگاکە، لە ژێریان بتەقێتەوەو رێگاکە هەڵتەکێنێ و خراپی بکات.

شەو تەواوێ راکشا بوو، وەختێ پارتیزانەکان هاتنەوە سەرخۆ، سەیرایان کرد بەیانی دابوو، دارستانەکە لەبەردەمیانداو لە ژێر پەردەی ئاونگی مەیووی زەرد باوا دەبریسکایەوە. گۆشەیەکی سپی واژی ئاسمان لە نێو لق و پۆپی درەختەکانەوە دەبریقایەوە، هەتاو لە پشت دارستانەکەوە بەرز دەبۆوە.

پارتیزانەکان مەشخەڵەکانیان، کە لەبەر هۆیەك هێشتا هەر بە سەر سەریانەوە هەڵیان گرتبوو تورڕدا. سەیری دەستە سوور هەڵگەڕاوو تلۆق کردوکانی خۆیان کرد، تەماشایەکی ئەسپە هیلاك و تەڕەکانیان کرد، کە هێشتا تەنکە بوخارێکیان لێ هەڵدەستا. ئاوڕیان دەدایەوەو بەچاوی شانازییەوە سەیری ئەو کارەیان دەکرد کە لەو تاریکە شەوەدا ئەنجامیان دابوو.

نۆزدە کەس

لە دووری پێنج قۆناغە ڕێ، لەو ڕێیەی کە پارتیزانەکان لەسەر گۆماوەك دروستیان کردبوو، شان بە شانی ڕێگای ناوچەی تودو- ڤاکو، پردێك هەبوو، دژمن شەوی پێشووتر، لە ترسی ئەوەی کە نەبادا لڤنسون لە گوندەکە دەربچێ. لە دووری هەژدە قۆناغی ئەو پردەوەو لەسەر جادەکە بۆسەیەکیان بۆ نابۆوە.

دژمن بە درێژایی شەوەکە حازرو ئامادە لە بۆسەدا بوو. شریخەی تۆکانیان لە دوورەوە دەبیسترا. لەگەڵ گەردی بەیاندا سوارێك بەم فرمانەوە خۆی گەیاندنێ کە: لە جێی خۆیان بوەستن، چونکە دژمن "پارتیزانەکان" ڕێگای گۆماوەکەی بڕیوەو بەرەو ڕووی ئەوان دێت. تەنیا دە دەقەیەك پاش ئەوەی تەتەرەکە لێیان تێپەڕی بوو، پارتیزانەکان بێ خەبەر لەو داوەی بۆیان نرابووە، بێ خەبەر لەو هەواڵەی کە تەتەری دژمن گەیاندبوویە زەلامەکانی خۆیان، گەیشتنە سەر شا ڕێگای تودو -ڤاکو.

لڤنسون چاوێکی بە جوانی سروشتدا گێڕا، بەڵام هیچی لێ حاڵی نەدەبوو. لڤنسون سەیری ئەو هێزە شەکەتو ماندووەی دەکرد کە دوو سێیەکی لە دەست دابوو و بە پەرێشانییەوە ڕێگای دەکرد. لڤنسون چاك دەیزانی چەند دەستەوەستانو بێ توانایە لە ئەنجامدانی کارێکی بەسوود، بۆ ئەو هێزەی کە بەدبەختانە بە دوای ئەودا ڕێیان دەکرد. پارتیزانەکان نزیکترین ئازیزانێ بوون لە دنیادا کە بە دەورییەوە مابوون-ئەم پیاوە شەکەتو ئەمەکدارانە لە هەموو شتێك بۆ ئەو نزیکترو ئازیزتر بوو، بۆیە بە نیونەخت خۆی لەو مەسئولیەتە غافڵ نەدەکرد کە دەرهەق بە وان لە ئەستۆی بوو، بەڵام هەنووکە بە ئاشکرا دەیبینی کە ئیدی ناتوانێ چ کارێکیان بۆ ئەنجام بدات. ئەو ئیدی ڕێبەری نەدەکردن، تەنیا خۆیان بێ ئاگا لەم وەزعانەو وەکو ڕانە مەڕێك کە چۆن بە پێی عادەت دوای شوانەکەی دەکەوێ، دووی ئەو دەکەوتن. ئەمە ئەو شتە بوو، کە سپێدەی دوێنێ، وەختێ لە مەرگی متلیستا ڕاما، زیاد لە هەموو شتێ لێی ترسا.

لڤنسون هەوڵی دەدا بەسەر خۆیا زاڵ بێو هۆشو گۆشی بۆ شتە پێویستەکان تەرخان بکات. بەڵام فیکری پەشێو بوو، سات بە ساتیش شێواوتر دەبوو، پێڵوەکانی دەهاتنەوە یەكو خەیاڵی سەیرو تازەو بیرەوەری ئاڵۆزو ناکۆكو نا سازگار لە مێشکیدا شەپۆلی دەداو بە شێوەی قەرەباڵغییەکی هەست پێ نەکراو، هێدیو بەردەوام دەگۆڕا: بۆ ئەم ڕێگا دوورو درێژە، بۆ ئەم گەڵا زەردانەو ئەم ئاسمانە مردووە، ئەرێ بۆ هەنووکە ئەوەندە بێ کەڵكو بێ باشارم؟ بەڵێ، دەبێ بگەمە دۆڵی تودو -ڤاکو، چ ناوێکی سەیرو سەمەریە! ئەدی بۆ هێندە ماندووم چەند حەزم لە خەوە! منێ ئەوەندە حەزم لە خەو بێ، ئیدی ئەو زەلامانە دەتوانن چاوەڕێی چیم لێ بکەن؟ ئەو باسی دووریێ دەکات. بەڵێ دووریێ... تۆ سەیری کەللە خڕەکەی!.... عەینی

کەللـەی کوڕەکەمـە... هەڵبەتـە پێویسـتە دەورێکانمـان بنێـرەمو پاشـان... بخـەوم، بخـەوم...
تەنانەت وەکو کەللەی کوڕەکەشم نا، بەڵام....
لە پڕ سەری هەڵبڕیو پرسی: دەڵێی چی؟ چییە؟ باکلانوف کە لـە تەنیشـتییەوە ئەسـپی داژۆ:
دەڵێم ئەگەر چەند دەورێیەك بنێرینە پێشەوە باشترە.
- دروستە، ئەم کارە بکەین چاکە، تکا دەکەم دەستووری پێویست دەر بکە.
دوای تۆزێك، سوارێ بە لۆقەو بە بێزارییەوە بە تەنیشت لڤنسوندا رەت بوو. لڤنسـون لـە دواوە تەماشای پشتە کۆماوەکەی کرد، متچیك-ی ناسییەوە، وای بە خەیاڵدا هات کە ناردنی متچیك کارێکی دروست نەبوو. بەڵام ئەو زەحمەتەی نەدایە بەر خۆی کە روونی بکاتەوە بۆچیو لـە چ روویەکـەوە دروسـت نـەبوو، پـاش تـۆزێکی دی ئەمـەی هـەر بـە جـارێ فـەرامۆش کـرد، پاشـان سوارێکی دی بە تەنیشتیا رەت بوو.
باکلانوف دەورێی دووەمی گاز کرد: ماروسکا ئاگاتان لە یەکدی بێ.
لڤنسون لەبەر خۆیەوە تێفکری: دە بڕوانە، ئەمە دەمێنێو دوبـوف دەمـرێ، دوبـوڤ -بـێ چارە! ئەرێ ماروسکا چی کردووە؟ ئاە، بەڵێ ئەوە شەوی پێشوو بوو، خۆیو بەختی کە نەمبینی.
متچیك ماوەیەکی زۆری بە غار بڕی بوو، ئاوڕی دایەوە. ماروسکا، پەنجا هەنگاوێك لـە دوایـەوە بوو. هێشتا پارتیزانەکانی لێوە دیار بوون. پاشان هەم پارتیزانـەکانو هـەم ماروسـکا لـە پێچـی جادەکـەدا لـە چـاوی ون بـوون. نیوکـا حـەزی بـە لۆقـە نـەبوو بـەڵام متچیـك لا ارادی ئـاوزەنگی لێدەدا. متچیك بە تەواوی نەیدەزانی کە بۆ ئەویان ناردۆتە پێشەوە، بەڵام چونکە فـەرمانی پـێ درا بوو کە بە غار بڕوات، ئەویش بە گوێی دەکردن.
جادەکە بە بنارێکی شێدارا کـە یـەك پارچـە درەخـتی ئـەفراو بـەڕوو بـوو و هێشـتا گـەڵای سـوور هەڵگەڕاو بە لقەکانیانەوە بوو، پێچی دەکردەوە. نیوکا بە تووڕەیی دەلەرزیو رێـك بـە تەنیشـت دەوەنەکانـدا دەڕۆی. نیوکـا بـە رەوتـی ئاسـایی ئاسـوگەکەی بـڕی. متچیـك بـە سـەر زینەکـەوە وەنەوزی دەدا، ئیدی ئاوزەنگی لە ئەسپەکە نـەدەدا، وەختـێ هاتـەوە سـەرخۆ، هەسـتی کـرد بـە سەرسـامی دەڕوانێتـە دارسـتانەکە، ئـەو دارسـتانەی کـەدەقاو دەق وەکـو خەوەکـەی، وەکـو پەشێوییەکەی،وەکو هەست نەکردنەکەی بەخۆ، سەرەتاو کۆتایی نەبوو.
لە پڕ نیوکا پڕماندیو رەوییـەوە نێـو دەوەنـەکان. متچیکی بـە لقو پۆپـە نەرمەکانـەوە گوشـی. ترسێکی لە رادەبەدەر خەوی لە چاوانی متچیك تاراند: قوزاقەکان، چەند هەنگاوێ لەو لایـەوەو لەسەر جادەکە وێستا بوون.
یەکێك لە قوزاقەکان بە دەنگی نزمو تورە تێی خوڕی:
- وەرە خـوارەوە! قـوزاقێکی دی هەوسـارەکەی نیوکـای گرتبـوو. متچیـك نیمچـە هـاوارێکی کرد، خۆی گرمۆڵە کرد، لەسەر زینەکەوە خۆی هەڵداو بروسکە ئاسا خـۆی بـەرەو بنارەکـە خـل کـردەوە، بـۆ چـەند دەققەیـەك لـە ترسـانا زمـانی شـکا بـە هـەر چـوار پـەل هـەوڵی دەدا، پاشـان بـێ ئاگایانـە کەوتـە بـازدان، دەسـتی بگەیشـتبا هـەر شـتێك خـۆی لـێ گیـر دەکـرد، سەرنجام قەڵەمبازێکیداو بـە دۆڵەکـەدا تێـی تەقانـد. قوزاقەکان راویـان دەنـاو دەونـەکان لـە

پشتییەوە کەوتبوونە خشەخش. قوزاقێك شێت ئاساو بە هەناسە بڕکێوو جنێودانەوە راوی دەنا.

ماروسکا چونکە دڵنیا بوو دەورێیەکی تری لەپێشەوەیە، بۆیە گوێی بەو شتانە نەدا کە لە دەوریا روویان دەدا، هەر تێدەپەڕی. ماروسکا ئەوەندە شەکەت بوو، هیچ شتێکی لە بیر نەمابوو تەنیا ئیسراحەت نەبێ- ئیسراحەت بە هەر نرخێ بێ- ماروسکا ئیدی بیری لە ژیانی خۆیو لە ژیانی ڤاریاو یان لەوەی کە گونجارنکو چی دەربارە دەڵێ، نەدەکردەوە. تەنانەت تاقەتی ئەوەشی نەمابوو کە خەفەت لە مەرگی دوبوف بخوات. گەرچی دوبوف وەکو ئەوانی دی لەویش نزیك بوو.

ماروسکا تەنیا بیری لەوە دەکردەوە کە جارێکی دی زێدی خۆی ببینێتەوەو سەری ماندوو و پەرێشانی بحەسێنێتەوە، ئەم زێدە، لە خەیاڵیا گوندێکی گەورەی ئارام بەخش بوو، لە باوەشی تیشکی هەتاودا مات بوو بوو. پڕ بوو لە خەڵکانی چاك، پڕ بوو لە مانگای تێرو بۆنی پاوانو گیاو رانە مەڕ، لەو دەمەدا کە پانتۆڵەکەی لە ژێریا گرمۆڵە بوو بوو و سەری بەسەر شانیا خوار بوو بوو، بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەسپەکەی دەبەستێتەوەو پاشان جامێ شیر بە کولێرەیەکی گەورەی بۆن خۆشەوە دەخوات، چۆن دەچێتە کادێنێکەوەو بە دڵنیاییەوە لێی دەخەوێ.

وەختێ لە پڕا چاوی بە تیلماسکی زەردی کڵاوی قوزاقەکان کەوتو یەهودا رەوییەوەو دایە ناو دارستانەکە، ئەو دارستانەی کە گەڵا سوور باوەکانی لەبەر چاویا وەکو دڵۆپە خوێن دەلەرزین، ئیدی خەونی شیرینی گوندە گەورەو هەتاو گیرەکەی، دەرك کردنی خیانەتی بێ وێنەی ئێستای هاوڕێکەی لەسەر شاشەی خەیاڵی ون بوو.

ماروسکا لە کاتێکدا زۆر بە وردی چاوانی رۆشنو نەفرەت وروژێنی متچیکی بەرجەستە دەکرد، بە خۆی گوت: هەی نامەرد! رای کرد، دەست بەجێ هەستێکی ئازار وروژێن دڵی گوشی، هەستێك سەبارەت بە خۆیو بەو پیاوانەی لە دوایەوە بە سواری ئەسپ دەهاتن.

ماروسکا چ باکی بەوە نەبوو کە هەر ئێستا بمرێ و لەم هەستە تالو رەنجە بێ بەرە رزگار ببێ. لە هەموو ژیانیا، لەو رۆژەوە کە لە دایك بوو بوو، گەورە بوو بوو، لەگەڵ رەنجا هەڵی کرد بوو، هەرگیز ئەم وەزعە سەیرو باوەڕنەکراوەی بە خەیاڵ نەهاتبوو. بەڵام لای روون بوو کە جارێکی دی هەرگیز گوندە گەورەو هەتاوگیرەکەی خەیاڵی، ئەو هاوڕێ ئازیزانە، ئەو برایانەی کە لە دوایەوە بە سواری دەهاتن، نابینێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشا ئەو پیاوە ماندوو ئاسوودانەی کە خۆیان بەو سپارد بوو، ئەوەندە خۆش دەویست و بە نزیکی خۆی دەزانین، توانای نەما بوو بیر لە خۆی بکاتەوە، هەر ئەوەندەی لە دەست دەهات بیر لەمە بکاتەوە کە تا ئەو دەمەی زیندووە لە خەتەریان بپارێزێو ئاگاداریان بکاتەوە... دەمانچەکەی دەرهێنا، بەجۆرێ بەرزی کردەوە کە دەنگی باشتر ببسترێ، بە پێی ئەو قەرارەی کە پێشتر لە بەینیانا بوو، سێ گوللەی لەسەر یەك بە حەوادا تەقاند.

دەست بەجێ بڵاچەیەك لە ئاسمان هەستا، پاشان گرمەیەکی بێ ڕەزا هات، دەتگوت جیهان لەبەر چاوی بوو بە دوو لەتەوە. ماروسکاو یەهودا پەرت بوونە نێو دەوەنەکانو سەری بە پشتا شکایەوە.

وەختێ لڤنسون دەنگی تەقەکانی بیست– کە بە وەزعی ئێستایەوە گەلەك چاوەڕوان نەکراوو باوەڕ نەکراو دەهاتە بەرچاو –هەوەڵ جار لە مانای تەقەکان تێ نەگەیشت، وەختی حاڵی بوو کە دەنگی دەستڕێژی دواتری بیست، ئەو دەستڕێژەی کە لە ماروسکا کرا. ئەسپەکان بە دەم سەرقوت کردنەوەو گوێ قوڵاخ کردنەوە لە جێی خۆیان چەقین.

لڤنسون بە نائومێدییەوە تەماشایەکی دواوەی کرد، بۆ یەکەم جار داوای کۆمەکی لە پارتیزانەکان دەکرد. بەڵام ترسو نائومێدی خۆی لە روخساری لاوازو بێ دەنگی پارتیزانەکاندا خوێندەوە. دەتگوت هەموو روخسارەکان بووە بە یەك روخساری لاڵو پرسیار ئامێزو ترساو. لڤنسون بە دەست حەرەکەتێکی دەکرد کە دەتگوت شتێکی تێدا شاردۆتەوەو بۆی دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە. لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: بۆ، ئەوەندە دەترسم؟

لە پڕ سیمای سادەو منداڵانەی باکلانوڤ بەرچاو کەوت. ئەو سیما سادەیەی کە لە دوو کەڵی باروتو گەردو تۆزا رەش و شپرزە بوو بوو. باکلانوف دەمانچەکەی بە دەستێکییەوە بوو، بە دەستەکەی تری توند یاڵی ئەسپەکەی گرتبوو، شوێن پەنجە قەڵەوەکانی لەسەر لا ملی ئەسپەکە نەخشا بوون. بە هەڵچوونەوە چاوی بڕی بووە ئەو شوێنەی کە دەنگی تەقەکانی لێوە دەهات، دەموچاوە سادەو بێ ریاکەیو گۆنا لاوازو رەقەکانی بە هەڵچونێکی بێ ئەندازەوە بۆ ئەو ئامانجە دەسووتا کە باشترین دۆستەکانی لە پێناویا مردبوون، خۆی بە پێشا بردبوو و بەبێ ئۆقرەییەوە چاوەڕێی فەرمانی: "بۆ پێشەوە" بوو.

لڤنسون راپەڕی، خۆی لەسەر زینەکە بەرز کردەوە، هەستی بەزەیی و دڵسۆزی لە ناخیا هاتە جۆش، لە پڕ شمشێرەکەی هەڵکێشا، چاوەکانی بریقانەوەو خۆی بە پێشا برد.

بە ئەسپایی لە باکلانوف–ی پرسی: دەتوانین بازنەی گەمارۆکە بشکێنین؟ ئەوجا بە جۆرێکی چاوەڕوان نەکراو شمشێرەکەی بەرز کردەوەو لەبەر تیشکی خۆرەکەدا بریقایەوە. بەم جۆرە پارتیزانەکان راپەڕین و لەسەر ئاوزەنگییەکانەوە هەستانە سەر پێ.

باکلانوف تەماشایەکی شمشێرەکەی کردو گەڕایەوە بۆلای پارتیزانەکان، بە دەنگی بەرز شتێکی گوت کە لڤنسون لێی حاڵی نەبوو، چونکە لڤنسون لەو کاتەدا بەزیوی دەستی هەمان هێزی دەروونی بوو کە باکلانوفی ناچار کرد بوو شمشێرەکی هەڵکێشێت.

بەسەر جادەکەدا تێی تەقاند و باوەڕی وا بوو کە تەواوی هێزەکە دەست بەجێ بەرەو پێش تاو دەدەن.

دوای تۆزێ کە ئاوڕی دایەوە، سەیری کرد هەموو پارتیزانەکان بەسەر ئەسپەکانەوە خۆیان گرمۆڵە کرد بوو و بەچارنارە تاویان دەدا. هەمان رقی ئەستور کە لە چاوانی باکلانوف دا پەنگی خواردبۆوە لە نیگایاندا گڕی دەسەند. ئەمە دوا بیرەوەری رۆشنی باکلانوف بوو. چونکە هەر دوای تۆزێك شتێك بە سەر سەریەوە تەقییەوە، کەڕو کاسی کرد و بەر چاوی تاریك کرد و

لەعاردەکەدا لوولی داو هەر فریای ئەوە کەوت کە بە ئاستەم هەست بکات هێشتا زیندووە. پاشان پەرت بووە ناو کەندێکی سوورکەڵانەوە.

متچیك بە هیچ جۆرێ ئاوڕی نەدەدایەوە، هەرچەندە چ ئاسەوارێك لەوانەوە نەبوو کە راویان دەنا، بەڵام وای بیردەکردەوە کە هێشتا بە دوایەوەن. وەختێ سێ گوللە بە سەر یەکەوە تەقێنراو دوا بە دوای ئەوە دەسڕێژێك کرا، ئیدی دڵنیا بوو کە هەر هەموویان ئەویان کردووە–بە هەدەف، بۆیە خێراتر رای دەکرد. لەپڕ دۆڵەکە چووە سەر شیوێکی چکۆڵەی پڕ دارو درەخت. متچیك ئەوەندەی راست و چەپ کرد تا هەمدیس لە شیوەکەوە غل بۆوە. لەم دەمەدا قرمژنی دەستڕێژێکی دی کە لە یەکەم دەستڕێژ خەست ترو بەرز تر بوو، پاشان یەکێکی دی و دوا بە دوای ئەمە دەست ڕێژێکی دی دەنگی دایەوە.

متچیك بەردەوام خۆی دەلاواند: ئاه، خوایە!... لەگەڵ بیستنی هەر هاڕەو هەر گرمەیەکی تازەی تۆپدا، ناڵەیەکی دەکردو دەموچاوی بە جۆرێکی بەزەیی وروژێن وەکو مندالانێ کە دەیانەوێ بگرین، دەدا بە یەکا. چاوەکانی بە جۆرێکی نەفرەت وروژێن و ئابڕو بەرانە وشك بوون، بەردەوام و تا تینی تێدا بوو هەڵدەهات.

متچیك چەند جارێك ئاوڕی دایەوەو کەسی بە دواوە نەبوو، چ شتێك نەدەبووە مایەی شڵەقاندنی ئەو بێدەنگییەی کە ئێستا باڵی بەسەرا کێشا بوو، بە دەم هەناسە بڕکێوە خۆی دایە پەنای نزیکترین دەوەن، دڵی بە توندی لێی دەدا. دەستی خستە ژێر چەنەگەی و چاوی بڕییە ئاسمانەکەی بەرانبەری، چەند لەحزەیەك بە ماتی و بێدەنگی لە جێی خۆی وێستا.

دە هەنگاوێك لەو لای متچیکەوە، درەختێکی باریکی بەرز، قەدی بەرەو زەوی شۆڕ بوو بووەو لە باوەشی تیشکی هەتاودا وەنەوزی دەدا. کە دیقەتی دا، سەیری کرد سمۆرەیەکی بچووکی بەسەرەوەیەو چاوە زەردو سادەکانی بڕیوەتە ئەو. متچیك لەپڕ لە جێی خۆی هەستا. سەری خستە نێو هەردوو دەستی و بە دەنگی بەرز ناڵاندی. سمۆرەکە لە ترساندا زیقاندی و لە نێو پوشەکاندا ون بوو، بروسکەیەکی شێتانە لە چاوی متچیك هەستا. پەنجەکانی خستە نێو قژەکەی و لە داخ و کەسەردا ناڵەیەکی کردو کەوتە سەر زەوی. پەیتا پەیتا دووبارەی دەکردەوە: چ کارێکم کرد؟ ئاه، چیم کرد؟ لە کاتێکا خۆی دەخستە سەردەم و سەر ئانیشکەکانی بە شێوەیەکی ئاشکراترو بە شەرمەزارییەکی قوڵترەوە مانای هەڵاتنەکەی ئەو سێ گوللەیەی بان و بان یەك تەقێنران، و گوللە بارانەکەی دوایی تری دەرك دەکرد: من چیم کرد؟ چۆن توانیم ئەم کارە بکەم! من! ئەو پیاوە باش و ئابڕومەندەی کە نیازی ئازاردانی چ کەسێکی لەدڵدا نەبوو–ئاه، ئاه، چۆن توانیم من؟.....

رەفتارەکانی گەلەك نەفرەت وروژێن و حەیا بەرە بوو. هەستی دەکرد بەر لە ئەنجامدانی ئەم کارە، بە ئابڕوترو چاکترو لەبارتر بوو. ئەم بیرە ئازاری دەدا، هەڵبەتە نەك لەبەر ئەمەی ئەو پیاوانەی خۆیان بەو سپارد بوو، لە ئەنجامی کارەکەی ئەودا مردبوون، بەڵکو پتر لەبەر ئەمە بوو کە ئەم عەیبە نەنگ و کرێت و نەفرەت وروژێنەی کە هەرگیز پاك نەدەبۆوە، هەموو ئەو چاکی و پاکییانەی دەخستە درۆوە کە متچیك دەیدانە پاڵ خۆی.

هەر لە خۆوەو بێ مەبەستێکی دیاریکراو دەمانچەکەی دەرهێنا، بە ترسەوە لێی راما، بەڵام دڵنیا بوو کە هەرگیز خۆی ناکوژێت، توانای خۆکوشتنی نەبوو، چونکە لە دنیادا چ شتێکی لە خۆی —لە دەستە سپی و بێ هێزەکانی، لە دەنگدانەوەی ناڵەکانی، لە رەنج و کردارەکانی و تەنانەت لە نزمترین کاری خۆی، پتر خۆش نەدەویست. تەنانەت دەترسا بە دزیشەوە دەست بە سەر زەیتی دەمانچەکەیا بێنێ، هەوڵی دەدا وا بنوێنێ کە نازانێ بۆ لێرەیە، بە پەلە دەمانچەکەی خستە گیرفانەکەی پشتەوەی.

هەنووکە نە دەگریاو نە دەکوڕزایەوە، دەموچاوی خستبووە نێو هەردوو دەستی و بە دەما راکشا بوو، هەموو ئەو رووداوانەی کە لەم چەند مانگەی دواییەدا، لە دەمی بەجێهێشتنی شارەوە بە سەریا بوری بوون، بە یەکجارو بە شێوەیەکی خەمناك و بێزارکەر هێنایە بەرچاوی خۆی: خەیاڵە منداڵانەکانی کە هەنووکە شەرمی لێ دەکردن، خەمی یەکەمین تەعامولی و برینداربوونی، ماروسکا، نەخۆشخانە، پیکای پیر بەو چەپکە قژە زیوینەیەوە، فرولوڤی مردوو، ڤاریا بە چاوە درشت و خەم لێ نیشتووەکانییەوە کە لە گەڵ هەموو ئەو چاوانەی تا ئێستا دیبوونی و یان دوایی دەیانبینێ فەرقی هەبوو، ئەنجام دوا پەڕینەوەی سامناك لە رێبازەکەی گۆماوەکە —کە هەموو شتێك بە بەراوورد لەگەڵیا، کەم بایەخ و هیچ دەهاتە بەرچاو.

متچیك لە کاتێکدا بەزیوی دەستی بەزەیی بە خۆ هاتنەوە بوو، بە راشکاوی و هێمنییەکی پترەوە بیری کردەوە: من چیدی بەم جۆرە هەڵناکەم، ناتوانم بەم جۆرە نزم و نا ئینسانییە و بەم ترسەوە بژیم.

هەمدیس درێژەی بەسەرزەنشت کردنی خۆیداو خەمباری ئەو کارە بوو کە کردبووی، بەڵام ئیدی توانیا ئەوەی لە دەست دا بوو کە جڵەوی ئەو ئارەزووە شەخسی و خۆ خۆشویستنە لە رادەبەدەرە بگرێ کە هێنابوویانە جۆش، ئەم ئارەزووە لەم بیرانەدا خەست دەبۆوە کە: ئەو ئێستا ئازادەو دەتوانێ روو بکاتە هەر شوێنێ کە ژیان تێیدا بێ ترسەو چ کەسێك لە چۆنیەتی کارەکانی ناپرسێتەوە، بڕیاریدا: من ئێستا دەگەڕێمەوەو دەچم بۆ شار، لەوێش ئیدی کاری نەماوە کە من ئەنجامی بدەم.... متچیك لە کاتێکا هەوڵی دەدا تاکید لەسەر نیازەکەی بکات، بەڵام بە زەحمەت توانای ئەوەی هەبوو کە گری ئەو هەستە ئاڵۆزەی، ئەو هەستەی لە ناخی ئایندەوە لە وەدی نەهاتنی خەونە زێڕینەکانی رابردوویەوە هەڵدەقوڵا، لە خۆیدا دابمرکێنێتەوە.

هەتاو سوڕا بۆوە ئەو بەری دارغانە لق و پۆپ شۆڕەو بووەکان و ئێستا بە تەواوی کەوتبووە بەر سێبەر. متچیك دەمانچەکەی لە گیرفانی دەرهێناو فڕێی دایە نێو دەوەنەکانەوە. پاشان لە کانییەکی چکۆلەی ئەو ناوەدا خۆی شۆردو لە پاڵیا دانیشت، هێشتا دەترسا بچێتە سەر جادەکە، بە ترسەوە بیری دەکردەوە: ئەگەر گاردی سپی لەوێ بێ چ بکەم؟ گوێی بۆ شووڕە شوڕی ئاوی کانییەکە رادێرا کە بە نێو گیاو پوشەکاندا دەڕۆیی لە پڕ بیری کردەوە: زۆر چاکە، چ فەرقێ دەکات؟ هەنووکە بەوپەڕی راشکاوی و هێورییەوە دەیزانی چۆن لە ژێر پەردەی ئەستووری هەست و بیری پەشێودا، بە چاکی و بە ویستی خۆی ئەو رێگایە هەڵبژێری.

لـه نـاخی دڵـەوە ئـاهێکی هەڵکێشـا، دوگمـەی کراسـەکەی داخسـتو یاپشـە یاپشـە بـەرەو شـا ڕێگای ناوچەی تودو ڤاکو، کەوتە ڕێ.
لڤنسون نەیدەزانی کە ئەم حاڵەتی نیوە ئاگاییەی چەندی خایاند گەرچی لە دەققەیەك پتری نەخایاند، بەڵام بەلای خۆیەوە زۆر درێژ بوو، کە هاتـەوە سـەرخۆو خـۆی بـە زینـدوێتی بەسـەر زینەکـەوە بینییـەوە سەرسـام بـوو، بـەڵام چ شمشـێرێکی بـە دەسـتەوە نـەما بـوو، کەللـەی ئەسپەکەی بە یاڵە ڕەشەکەیەوە لە کاتێکا گوێیەکی خڵتانی خوێن بوو، لەبەردەمیا دەجولا.
تـەنیا لـەم کاتـەدا زانـی تومـەز هـەموو گوللـەکان لـەو دەگـیران. گوللـەکان بـە خەسـتی بەسـەر سەریانەوە گیزەی دەکرد. بەڵام بۆی دەرکەوت کە گوللەکان لەپشتیانەوە دەهاتن. هەروەها دڵنیا بوو کە خەتەرترین ساتیان بەڕێ کردووە، پاشان دوو سوار لەتەنیشتییەوە گیرسانەوە — ڤاریـاو گونجـارنکو بـوون— ڕوومەتـەکانی گونجـارنکو خڵتـانی خـوێن بـوون. لڤنسـون هـەموو هێزەکەی بیرکەوتەوەو ئاوڕێکی دایەوە. چ هـەواڵێك لـە هێزەکـەوە نـەبوو، هـەموو جادەکـە یـەك پارچـە جەسـتەی پیـاوان و کـەلاکی ئەسـپان بـوو. چـەند سـوارێك بـە سـەرکردایەتی کـوبراك نـا ئومێدانە هەوڵیان دەدا خۆیان بگەیەننە ئەو، لە دوورتر دەستەیەکی بچووك لە حەرەکەتا بوو و سات بە سات کەمتر دەبۆوە، زەلامێك بە سـواری ئەسـپێکی لـەنگو بـە دەم دەسـت هەڵتەکانـدن و هـاوار کردنـەوە بـە دوایا دەهـات. زەلامەکە لەلایـەن کۆمـەڵێك زەلامـی کـڵاو زەردەوە گـەمارۆ درا بـوو ، و بـە قۆنـاغـە تفـەنگ لێیـان دەدا، زەلامەکـە لـە ئەسـپەکەی گل بـۆوەو کەوتـە سـەر زەوی.
لڤنسون بە نیگەرانییەوە چارەی بە یەکا داو ڕووی وەرگێڕا.
لەم کاتەدا لڤنسون و ڤاریاو گونجارنکو گەیشتنە سەر پێچی جادەکە، دەنگی تەقە کـەم بـۆوە. گیـزەی ئـەو گوللانـەی بـە بنـا گوێیانـدا ڕەت دەبـوو، کـز بـوو. لڤنسـون هـەر لـە خـۆوە جڵـەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا، ئەو پارتیزانانـەی کـە بازنـەی گەمارۆکـەیان شـکاند بـوو یـەك لـە دوای یـەك دەگەیشتنەوە ئەوان. گونجارنکو ژمـاردنی. بـە خـۆی و لڤنسـونەوە نـۆزدە کـەس بـوون. لـە نێـو بێدەنگییەکی تـەواو داو بـە چـاوی هێشـتا تـەژی ترسـەوە کـە وردە وردە دەڕەوەییـەوە چاویان بڕی بووە تولە ڕێگایەکی زەرد باوی کپ، کە تانجی ئاسا هەر دەڕۆیی. ماوەیـەکی زۆر بـە چـوار ناڵە بە بنارەکەدا داگەڕان. ئەسپەکان وردە وردە کەوتنـە لۆقـە. ئێسـتا دەیـانتوانی کۆتـەرە دارە سوتاوەکان، دەوەنەکان، کیلۆمەتر ژمێرەکان و ئەو ئاسمانە روناکەی کـە بەسـەر ئـەو دارسـتانە دوورەوە بوو، ببینن. پاشان ئەسپەکان هێدی هێدی ملی ڕێگایان گرتە بەر.
لڤنسون سەری داخستبوو، لە دەریای بیرکردنەوەدا نقووم بوو، تۆزێ لە پێش ئەوانی ترەوە بە سواری ئەسپەکەی دەڕۆیی، هەندێ جار ئاوڕێکی دەدایـەوەو سـەیری دواوەی دەکـرد. نیگـای غەریب و خـەمناك بوو، لـە پـڕ جڵـەوی ئەسپەکەی ڕاکێشـاو گەڕایـەوە بـۆ لای پارتیزانـەکان، بـۆ یەکـەمین جـار نیگایـەکی هۆشـیارانە لـە چـاوە درشـت و قـوڵ و سـپی واژەکانییـەوە دەرکـەوت. هـەژدە پـارتیزان وەکـو یـەك جەسـتە لەبـەردەمیا چـەقین. بێدەنگییـەکی تـەواو بـاڵی بەسـەرا کێشابوون.
لڤنسون پرسی: باکلانۆف لە کوێیە؟

هەژدە نەفەر بە بێدەنگی و سەرسامی تەماشایان دەکرد. سەرەنجام گونجارنکو گوتی:
باکلانوف–یان کوشت، ئەمجا بە روخساری پەستەوە چاوی بڕییە دەستە لیرو زبرەکانی کە جڵەوی ئەسپەکەی گرتبوو.
ڤاریا کە بە پشتی چەماوەوە لە سەر زینەکە دانیشت بوو و لە تەنیشت لڤنسونەوە ئەسپەکەی لیٚ دەخوڕی، لەپڕ بەسەر ملی ئەسپەکەدا کەوت و بە دەنگی تووڕەو بەرز کەوتە گریان و شین، پرچە لوولەکەی دەگەییە نزیکی زەوی و دەتگوت لە ئاسماندا لوول دەخوا. ئەسپەکەی لە پڕ بە تەمەڵییەوە گوێیەکانی بۆ دواوە بردو لمۆزی گرژ کردەوە. سیسکین لە ژێرەوە تەماشای ڤاریای کرد، تفەکەی دەمی قوت داو بە پەلە رووی وەرگێڕا.
چاوە ئەبڵەقەکانی لڤنسون، ماوەیەك لەسەر پارتیزانەکان گیرسایەوە پاشان وەك بڵێی سیمای تێك شکاوو بچووکتر بۆوە، پارتیزانەکان بۆیان دەرکەوت کە لاوازترو بە تەمەنتر بووە، بەڵام لڤنسون ئیدی چ شەرمێکی لە بیٚ توانایی و بیٚ باشاری خۆی نەبوو، چ هەوڵێکی بۆ شاردنەوەی نەدەدا، بە چاوانی خەمبارەوە لەسەر زینەکە دانیشتبوو، بە ئارامی برژانگە درێژو تەڕەکانی پێکا دەداو دانەی فرمێسك دەرژانە بنچی ردێنییەوە، پارتی زانەکان روویان لیٚ وەرگێڕا تا نەبادا ئەوانیش جڵەوی خۆ لە دەست بدەن، لڤنسون رووی ئەسپەکەی وەرگێڕاو بە ئەسپایی لە پێشیانەوە کەوتە ریٚ.
هێزەکە دوای کەوتن.
گونجارنکو کە دەستی لاواندنەوەو دڵدانەوی بە شانی ڤاریادا دەهێنا، بە شەرمەوە گوتی:
مەگری، ئەمە کارێکی باش نییە.
لڤنسون جار جاریٚ کە خۆی فەرامۆش دەکرد، بە دوو دڵییەوە سەیری دواوەی دەکرد، کە بیری دەکەوتەوە باکلانوف نەماوە سەر لە نویٚ دەستی بە گریان دەکردەوە، بەم جۆرە تەنیا نۆزدەکەسیان لە دارستانەکەدا دەرچوون.
کوت و پڕ دارستانەکە کۆتایی هات، پارتیزانەکان قوببەی شین و روناکی ئاسمان، کێڵگە خەنەییە دوورەکانیان کە لەم لاو لەولای جادەکەوە لەبەر تیشکی هەتاودا پان بوو بوونەوە، بە دی کرد. لە دووری میلێکەوە قامیشەڵانێك دیار بوو کە بریقەی چۆمێکی شینی پڕ ئاوی گرتبووە باوەش. خەرمان جاڕێکی لە تەنیشتەوە بوو خۆی بە تاجی کۆمەڵە خەرمانێکی گەورەی بە شکۆوە با دەدا، لێرەدا جۆرە ژیانێکی دی لە گەڕدا بوو، ژیانێکی پڕ کۆشش و شادی بەخش، خەڵکی بە جل و بەرگی رەنگاو رەنگەوە، وەکو مارو مێروی رەنگاو رەنگ خڕ بوو بوونەوە، سواڵەی گەنم لە حەوادا لوولی دەخوارد، کومپاین بە دەنگی وشك و سافەوە خشەخشی دەکرد، حیلکەی پێکەنینی کیژان لە نێو تۆزو گەردو کای بریقەدارەوە دەبیسترا.
لە پشت چۆمەکەوە زنجیرە چیایەکی شین باو دیار بوو، لەلایەکەوە ئاسمانی شینی خستبووە سەر شانی و لەلایەکی دییەوە دارستانی پرچ زەردی گرتبووە باوەش.

له نێو قوته پیرۆزەکانی کوێستانەوە، پەڵە هەوری تەنك و سووری کاڵ، کە لە دەریاوە باری هەڵگرتبوو، چەشنی شیرێکی هەڵچووی پڕ کەف کە لە گوانی چێڵانەوە بێتە دۆشین، دەرژایە ناخی دۆڵەکەوە.

لڤنسون بە بێدەنگی و بە چاوانی تەڕەوە روانییە ئاسمانی بەرین، ئەو ئاسمانەی کە مژدەی نان و ئیسراحەتی دەدانێ، روانییە خەڵکانی غەریبی خەرمان جاڕەکە، ئەو خەڵکەی دەبوو بە زوویی وەکو ئەو هەژدە کەسەی بە دوایەوە بوون، بە دڵ و بە گیان خۆشی بووێن.

ئەوجا لە گریان کەوت.

ئینسان دەبێ بژی و ئەرکی خۆی ئەنجام بدات.

١٩٢٥ -١٩٢٦

تەواو

٦/١٩٨٦- یاخسەمەر

حەمە کەریم عارف

پەراوێزو رونکردنەوە:

- مینەر: کەسێك پیشەی مین نانەوە بێ.
- بالآرۆ: مصعد کهربائی
- ماکزیمالست: ئەندامی پەرگیری توریستی و نیمچە فاشستی حزبی سوسیال شۆڕشگێڕەکان بوو.
- ئەفرا: دارێکە لە بابەتی چنار، پڕ گەڵاو لق و پۆپە، بەرزییەکەی دەگاتە بیست میترێك
- غان: جۆرە دارێکی زۆر زەلامە.
- چامیزا: جۆرە دانەوێڵەیەکە دەکرێتە ئارد
- ئۆزیب ئابرامیچ: نازناوی لڤنسون-ە.
- اسکیتسل: جۆرە گەمەیەکە، هەندێ دار وەکو نیشانە لە عاردی دەچەقێننو بە گۆ لێی دەدەن.
- سوخاری: جۆرە نانێکی شیرنو وشكو سوکە.
- قوزاق: بە سەربازی سەردەمی تزار دەگوترا.
- یەهودا: یەکێك بوو لە حوارییەکانی پێغەمبەر عیسا، کە سەرەنجام خیانەتی لێ کردو بووە مایەی کوشتنی ئەو پێغەمبەرەو بە خۆیشی لە سوێی پەشیمانی ویژدانو عەزابی رۆحیدا خۆی کوشت. ناوی یەهودا رەمزی خیانەتو دوو روویە.
- گاردی سپی: دەستەیەکی دژ بە شۆڕش بوو، لە جەنگە ناوخۆییەکاندا دژ بە شۆڕشگێڕان دەجەنگین.

حەمە کەریم عارف

- کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٧٣ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٦ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٠٠٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.
- جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.
- جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی، پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.
- لە هەشتاکانەوە تا ئێستا راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانە لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاو بوونەتەوە، لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٣- بەیداخ، چیرۆك، ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك، چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٢

٨- ناموّ، روّمان، ئەلبیر کاموّ، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٣ دەزگای ئاراس
٩- ریّبەر، روّمان، مەهدی حسین، یەك چاپ (شاخ)
١٠-شکست، روّمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)
١١ – هاومالّەکان، روّمان، ئەحمەد مەحمود، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٠ گولاّن
١٢- بیّناسنامەکان، روّمان، عەزیز نەسین، ٣ چاپ شاخ، شار ٢٠٠٣
١٣- قوربانی، روّمان، هیرب میدوّ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دووره ولاّت، روّمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گولاّن
١٥- ئازادی یا مەرگ، روّمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتیّبخانەی سوّران
١٦- چیروّکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٤ کتیّبخانەی سوّران هەولیّر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گوّرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- دلیّریی خوّراگرتن، ئەشرەڤ دەهڤانی، چاپی شاخ
١٩- مەسەلەی کورد لە عیّراقدا، عزیز شەریف
٢٠- میّژووی رەگ و رەچەلّەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا، یەك چاپ
٢١- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە، چاپی شاخ
٢٢- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لیّکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی شیّیەم ٢٠٠٤ دەزگای ئاراس
٢٣- لە مەهابادی خویّناوییەوە بوّ کەناریّن ئاراس، نەجەف قولی پسییان
٢٤- گوزارشتی موّسیقا، د. فوّاد زەکەریا.
٢٥- دەربارەی شیعر و شاعیری، رەزا بەراهەنی.
٢٦- ڤنسنت ڤان گوگ، شانوّنامە، باول ئایز لەر
٢٧- بە دوعا شاعیرەکان، شانوّنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٢٨- جولەکەکەی مالّتا، شانوّنامە، مالروّ.
٢٩- دادپەروەران، شانوّنامە، ئەلبیر کاموّ.
٣٠-بەد حالّی بوون، شانوّنامە، ئەلبیر کاموّ.
٣١- چاو بە چاو، شانوّنامە، گەوهەر مراد (غولاّم حسەینی ساعیدی)
٣٢- ریچاردی سیّیەم، شانوّنامە، شەکسپیر.
٣٣- گەمەی پاشا و وەزیر، شانوّنامە، عەبدولّلاّئەلبوسیّری.
٣٤- کورد لە ئەنسکلوّپیدیای ئیسلام دا، چاپی یەکەم ١٩٩٨ وەزارەتی روّشنبیری.
٣٥- هونەر و ژیانی کوّمەلاّیەتی، پلیخانوّڤ، چاپی یەکەم ٢٠٠٥ دەزگای موکریانی
٣٦- پیّکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، ئیڤلین ریید.
٣٧- لیّکدانەوەیەك لە مەڕ ناموّ، لویس ریی.
٣٨- مندالّە دارینە، چیروّکی دریّژ بوّ مندالاّن.
٣٩- فاشیزم چییە؟ کوّمەلّە چیروّك بوّ مندالاّن، یەلماز گونای

٤٠- شوانه بچكۆلەكە، چیرۆكێكی درێژی چینی یه بۆ منداڵان

٤١- زارۆكستان (چوار شانۆنامه بۆ منالان)

٤٢- له گەنجینەی حیكایەتی توركمانییەوە.

٤٣- كۆمەڵێك ئەفسانەی جیهانی (٢٣ ئەفسانه)

٤٤- زنده خەون، كۆمەڵە چیرۆكی چیخوف، چاپی یەكەم (٢٠٠١) دەزگای موكریانی

٤٥- ئەفسانەێن گریكی و رۆمانی، چاپی یەكەم (٢٠٠٤) كتێبخانەی سۆران، هەولێر

٤٦- جیٚ پیٚ، كۆمەڵێك چیرۆكی فارسی چیرۆكنووسان:(سادقی هیدایەت، جەلال ئال ئەحمەد، بوزرگی عەلەوی، سادقی چوبەك، مەنسوری یاقوتی)

٤٧- چیرۆكستان، كۆمەڵێك دەق و رەخنه، چاپی یەكەم ٢٠٠٥ نووسەرانی كەركووك

٤٨- چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی، چاپی یەكەم (٢٠٠٠) حەمه كەریم عارف

٤٩- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – كوردی) حەمه كەریم عارف

٥٠- پەلكه رەنگینه، حەمه كەریم عارف، چاپی یەكەم (٢٠٠٤) وەزارەتی رۆشنبیری

٥١- كۆمەڵێك چیرۆكی بێگانه

٥٢- چزیشفسكی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٣- چایكۆ فسكی، ژیان و بەرهەمی.

٥٤- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٦- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٧- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٨- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٥٩- خافرو غ له شیعر دەدویٚ، ژیان و بەرهەمی

٦٠- رێبازه هونەرییەكانی جیهان

٦١- ریالیزم و دژه ریالیزم له ئەدەبیات دا، چاپی یەكەم (٢٠٠٤) دەزگای سپیرێز

٦٢- راگەیاندن له پەراوێزی دەسەڵاتدا (به شەریكی) چاپی یەكەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٣- راگەیاندن له نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمه كەریم عارف

٦٤- دیدار و دەق و رەخنه.

٦٥- دیداری چیرۆكڤانی.

٦٦- قوتابخانه ئەدەبییەكان، رەزا سەید حسەینی.

٦٧- ناودارانی ئەدەب، حەمه كەریم عارف

٦٨- هەزار تۆپی شیعری نوێخوازی و چەند باسێكی دی، حەمه كەریم عارف.

٦٩- كورد له سەدەی نۆزده و بیست دا، كریس كۆچرا، چاپی یەكەم ٢٠٠٣ كتێبخانەی سۆران

٧٠- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان(له كۆنەوه تا سەدەكانی ناڤین)

٧١- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان(له رێنیسانسەوه تا سەدەی بیستەم)

٧٢- مێـژووی ئـەدەبیاتی جیهـان(ئـەدەبیاتی ئـەمریکا و ئینگلیسـتان لـە سـەرەتاوە تـا سـەدەی بیستەم)چاپی یەکەم٢٠٠٨،ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاوێر.

٧٣- چینی کۆن

٧٤- دەربارەی رۆمان و چیرۆك

٧٥- پەیڤستانی من

٧٦- ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ،چاپی یەکەم٢٠٠٨،نووسەرانی کەرکووك

* لـە راپەڕینـەوە تـا نهـوو چـالاکانە بەشـداری بزاڤـی ئـەدەبی و رۆشـنبیریی کـوردی دەکـات و بەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاو دەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هـەر کـەس و گـروپ و لایـەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەتوانێ پەیوەندی بە نووسەرەوە بکات.